
دیوانی غوربەت
غەریب خۆرخۆرەیی
ناسراوبەمەلا عبدالله
خۆرخۆرەیی
١٤٤٨ کۆچی
٢٠٢٦ زاینی

دیـــوانـــی غـــوربـــەت

نوسینی :غەریب خۆرخۆرەیی

ناسراو بە مەلا عبدالله خۆرخۆرەیی



لەم دیوانەدا :

- **دەنگێک لە قووڵایی زەمان و لەناوناخی مەینەتیەکانی میللەتێکی ستەمدیدەوە .**
- **"دیوانی غوربەت"، گەشتێکی شیعرییە بەناو ٣٥ ساڵ تەمەنی شاعیر و زانای پایەبەرز، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خۆرخۆرەیی.**
- **لەم بەرهەمەدا، خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەستی تێکەڵ دەبێت؛ لە نزا و وێردی شەوانەوە تا دەگاتە ئازاری نیشتمان و غوربەتی مرۆڤ.**
- **ئەم دیوانە، مێژووی نووسراوی دڵێکی پڕ لە ئیمان و هەستە کە لە ئاگر و ئاو و خاکەوە تێپەڕیوە.**
- **غەریب خۆرخۆرەیی، بە زمانێکی پاراو و ناوەڕۆکێکی پڕ لە ئەزموون، دەیەوێت بەشێک لەو غوربەتە قوڵەی ناخی خۆی لەگەڵ خوێنەردا بەش بکات.**
- **دیوانی غوربەت؛ تەنیا شیعر نییە، بەڵکو دەفتەری ژیانێکی پڕ لە ڕێز و ڕەنجە.**

(بەشێک لە هەڵسەنگاندنی موحەممەد عەزیز لۆتەری بۆ دیوانی غوربەت)

ناوی کتێب:دیوانی غوربەت .

بابەت :شیعر

نوسەر:مەلاعبدالله خۆرخۆرەی

نازناوی شیعری:غەریب خۆرخۆرەیی

دیزاینی بەرگ و مونتاژ:موحەممەد عەزیز لۆتەری

ساڵی چاپ:٢٠٢٦ز- ١٤٤٨ک

چاپی یەکەم

چاپخانەی ئەستێرە .

ناوی بابەت	لاپەڕە
پێڕستی بابەتەکانی دیوانەکە پێشکەش سوپاس و پێزانین پێشەکی بە پێنوسی : ماموّستا ئارام محەمەد تۆفیق ***سەرگوزەشتەی دیوانی غوربەت وڕێبوارێکی خاکی.*** ***بە پێنوسی :موحەمەد عەزیز لۆتەری*** ***پێشەکی غەریبی شاعیر*** ***من وشیعر*** بەشێک لە ژیاننامەی خۆم: قۆناغەکانی خوێندن هەندێک لە ماموّستا بەڕێزەکانم:	

ئاشنابوون بە حوجرە و مزگەوت: **ئاوارەیی و ژیان لە ئێران :** **گەڕانەوە بۆ کوردستان :** **پێڕستی شیعرەکان :وو** **١-ڕێبازەکەم (یەکەم هۆنراوەم لە ژیانمدا)** **قەندیل ـــ قەڵاتووکان، ١٩٨٨** **٢-مەبەستم (دووەم هۆنراوەم)** **قەندیل ـــ قەڵاتووکان، ١٩٨٩** **٣شیعرەکانم/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ٩-٨-١٩٩٦** **٤ئیسلام هەر ئەمێنێت/سەردەشت، ١٩٩٦** **٥-ئیسلام دادگەڕی و یەکسانییە سەردەشت، ١٩٩٥** **٦-بۆ قورئانی پیرۆز سەردەشت، ١٩٩٥** **٧-بەرنامە و سەرکردەی ڕاستەقینە** **گوندی بەڵاو ـــ سەردەشت، ١٩٩٥** **٨-ئەگەر ئیسلام حوکم نەکات** **گوندی بەڵاو ـــ سەردەشت، ١٩٩٥** **٩-مزگەوت/ڕانیە، ٨-٨-٢٠١٥** **١٠ئیسلامی بەرزو مرۆڤی سەرلێشێواو سەردەشت، ١٩٩٥** **١١ڕاستی ئیسلام و درۆی کوفر** **هاوینە هەوای پیرمام، ٢٥-٤-١٩٩٧** **١٢دەنگ و ڕەنگ/شەقڵاوە، ١٣-٨-١٩٩٧** **١٣-پێشکەشە بە گیانی پاکی مامۆستای شەهید (ئە-م-ز) (کۆتری سپی ئاشتی)** **سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ٣-٧-١٩٩٦** **١٤-زۆر لەمێژە (ئیسلام و کورد)** **ڕانیە، ٢٠-٧-٢٠١٩** **١٥-چارەنووسم لای کێیە** **سەرمەیدان /شەقڵاوە، ١٦-٨-١٩٩٧** **١٦-نان پەیداکردن لەئیسلامدا** **سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٥** **١٧-شوێن و باوەڕم** **بانە ـــ گوندی دارساوێن، ١٩٩٤** **١٨-هۆ هەڵەبجە** **کۆڕێ، ١٩٩٩** **١٩-بۆ هاوباوەڕم (لەبەروار ٩-٤-١٩٩٧)**	

گوندی نەبیاوا ـــ میراوەی سەردەشت، ٩-٤-١٩٩٧ ٢٠-دەردی غەریبی سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٥ ٢١-ئۆمێد/چوارقوڕنە، ١١-١١-٢٠٠٥ ٢٢-هیوایەتم/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٦ ٢٣-ئەی پێغەمبەر/ڕانیە، ٢٨-١٠-٢٠١٨ ٢٤-زیندانی ناڕەوا/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٥ ٢٥-بۆ شەهید (حەسەن بەننا)/سەردەشت، ١٩٩٥ ٢٦-بۆ شەهید سەید قوتب/سەردەشت، ١٩٩٥ ٢٧-هەندێک لە ژنان/ڕانیە، ٥-٥-٢٠١٩ ٢٨-سوپاسی تۆ/ڕانیە، ٢٥-١٠-٢٠١٩ ٢٩-نەورۆز/ڕانیە، ١٢-٣-٢٠١٩ ٣٠پەنامان بەتۆ /ڕانیە، ١٧-٧-٢٠١٧ ٣١-شەهیدی لاو/هاوینە هەواری پیرمام، ٢٨-٤-١٩٩٨ ٣٢-گەشت و گوزار/ڕانیە، ١١-٣-٢٠١٩ ٣٣-داواکاری منالێک/ڕانیە، ٢٠١٩ ٣٤-سەنگی مەحەک/شەقڵاوە، ٩-٢-١٩٩٦ ٣٥-عیلمی ڕاستەقینە/سەردەشت، ١٩٩٦ ٣٦-ئەنفال یانی چی؟/ڕانیە، ١٩-٤-٢٠١٩ ٣٧-نیعمەتی باران و ئاو/ڕانیە، ٨-٣-٢٠١٩ ٣٨-بۆ شەهید خەبات هەڵشۆیی/هاوینە هەواری پیرمام ـــ مصیف، ١٥-٥-١٩٩٧ ٣٩-کۆچ/ڕانیە، ١٩-٩-٢٠١٩ ٤٠-بیرو هۆش/ڕانیە، ٩-٩-٢٠١٩ ٤١-کورتە نامەیەک بۆ سەروەرم ڕانیە، ٦-٩-٢٠١٩ ٤٢-هەر لەتۆ جوانە-ڕانیە، ٧-٩-٢٠١٩ ٤٣-ڕووناکی چاوەکانم/سەردەشت، ١٩٩٦ ٤٤-زەکاتی بدە-٢٥-٥-٢٠١٩ ٤٥-بەزمی نەوت/ڕانیە، ٦-١-٢٠١٩ ٤٦-بەشانازیەوە من موسوڵمانم ڕانیە، ٢٠-٣-٢٠١٩ ٤٧-ئاوارەیی و غەریبی-سەردەشت، ١٩٩٥ ٤٨-بەخششی تۆ/٢٨-٤-٢٠١٩ ورمێ ـــ ڕەزایە	

٤٩-دەوڵەمەندی و هەژارسەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٥ ٥٠-گفتوگۆ/ڕانیە، ١٦-٦-٢٠١٦ ٥١-خەڵات/ڕانیە، ٧-٧-٢٠١٩ ٥٢-شۆڕش کردن/شەقڵاوە، ٢٥-٣-١٩٩٩ ٥٣-ژن گەوهەرە/ڕانیە، ٦-٦-٢٠١٩ ٥٤-تەجروبە/ڕانیە، ٢٠٠٩ و ٢٠١١ ٥٥-دوو ئەنجام/ڕانیە، ١٢-١٢-٢٠١٢ ٥٦-جادوگەر/ڕانیە، ١١-٤-٢٠١٩ ٥٧-خۆت ئامادەبکە/ڕانیە، ٢٣-٣-٢٠١٩ ٥٨-سۆزی دایک/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٥ ٥٩-من چیم/ڕانیە، ٤-٤-٢٠١٧ ٦٠-خەمبارم/شاری سەردەشت، ٤-٦-١٩٩٦ ٦١-میراتگر (یەکەم)/ڕانیە، ١٩-٤-٢٠١٩ ٦٢-سەردان/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٦ ٦٣-سێ پرسیار/ڕانیە، ٧-١-٢٠١٩ ٦٤-پەند/ڕانیە، ٢٠٠٧ ٦٥کۆچی باوکم ـ ٦٦-پاکی/ڕانیە، ٢٠٠٦ ٦٧-نیەتی گڵاویان/ڕانیە، ١٦-٦-٢٠١٩ ٦٨-نیعمەتی کارەبا/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٦ ٦٩-هەڵەکان/ڕانیە، ٤-٥-٢٠١٩ ٧٠-بەرد لەجێی خۆی سەنگینە (بۆ شوانێکی کوردستانی باشوور) سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٦ ٧١-موژدە/ڕانیە، ١٢-٨-٢٠١٩ ٧٢-دوور لەکەسانم/سەردەشت، ١٩٩٥ ٧٣-گەورەتر بووی (بۆ دکتۆر مورسی) ڕانیە، ١٦-٦-٢٠١٩ ٧٤-ئاخێک بۆ سەیارە/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، هاوینی ١٩٩٥ ٧٥-لەبەر دەرگات/ڕانیە، ٢٠-٢-٢٠١٩ ٧٦-ئامۆژگاری هاوڕێیەکم دەکەم چوارقوڕنە، ١١-١١-٢٠٠٥	

٧٧-چۆن هاتی/ڕانیە، ١٣-٤-٢٠١٩ ٧٨-بۆ کورد ژیام (لەسەر زمانی باوکم) شەقڵاوە، ١٩٩٩ ٧٩-لەشی ساغ/ڕانیە، ٣-١٠-٢٠١٩ ٨٠-دۆستێکم دەوێ/بەغدا، ٢٤-٤-٢٠٠٤ ٨١-ڕاستی و دروستی/ڕانیە، ١٤-٧-٢٠١٩ ٨٢-سۆزێک بۆ دکتۆر مورسی/ڕانیە، ١٨-٦-٢٠١٩ ٨٣-خودایە هاوار/ڕانیە، ٤-٤-٢٠١٩ ٨٤-جیابوونەوەی ئازیزێک/ڕانیە، ٢٠٠٩ ٨٥-نیەتی باش/ڕانیە، ١١-٤-٢٠١٩ ٨٦-ڕازو گڵەیی/سەردەشت ـــ گوندی بەڵاو، ١٩٩٦ ٨٧-خێزان و منداڵ/ڕانیە، ٢٤-١٢-٢٠١٨ ٨٨-بۆ کاک حسن سلێمانی ئامۆزام ڕانیە، ٢٠٠٨ ٨٩-ئارام گرتن/ڕانیە، ١١-١١-٢٠١١ ٩٠-بۆچی/ڕانیە، ٥-١٢-٢٠١٨ ٩١-پەند وەرگرتن/ڕانیە، ١٢-٩-٢٠١١ ٩٢-بۆ شەهید دکتۆر مورسی/ڕانیە، ٢٣-٦-٢٠١٩ ٩٣-داخوازی/ڕانیە، ٢٣-٧-٢٠١٩ ٩٤-ئەنفال و کورد/ڕانیە، ٢٠١٣ ٩٥-تەرازووی خەڵک/ڕانیە، ٢٠١٤ ٩٦-کۆتایی ساڵ/ڕانیە، ٣١-١٢-٢٠١٨ ٩٧-خۆزگەو هیوا/ڕانیە، ٢٠٠٦ ٩٨-گفتوگۆ ڕانیە - ١٤-٥-٢٠١٩) ٩٩-کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ڕانیە - ٧-٧-٢٠١٩) ١٠٠-داوێن پاکی ڕانیە - ١٧-٧-٢٠١٧) ١٠١-حەوت تاوانی ماڵ وێرانکەر (ڕانیە - ١١-٤-٢٠١٩) ١٠٢- گفتوگۆ (نامەی عەلی غەفووری دارساوێنی سەردەشت بۆ غەریب خورخورەیی) دارساوێن - ١٩٩٦) ١٠٣-بۆ خاتوون زەینەبی نیقاب پۆش	

ڕانیە، ٢٤-٦-٢٠١٩ ١٠٤--دۆست و تەنگانە/ڕانیە، ٩-٩-٢٠١١ ١٠٥. تاقیکردنەوە - ڕانیە - ٢٣-٦-٢٠١٩ ١٠٦. وەسیەتی شەهیدێک بۆ ڕۆڵەکەی - ڕانیە - ١٦-٦-٢٠١٩ ١٠٧. سزای خوا - ڕانیە - ١-٣-٢٠١٩ ١٠٨. قەزا و قەدەر - ڕانیە - ١٣-٩-٢٠١٩ ١٠٩. ڕۆژی پۆشاکی کوردی - ڕانیە - ١٦-٣- ١١٠-. گەنج و ڕەنج - ڕانیە - ٢-١١-٢٠١٩ ١١١-. پەرلەمانتار - ڕانیە - ٣-١١-٢٠١٨ ١١٢. هەوڵ و تەقەڵا - ڕانیە - ١٣-٥-٢٠١٩ ١١٣. سۆزێک بۆ نیوزلەندا - ڕانیە ــ ٢٠١٩ ١١٤. کوڕی خراپ - ڕانیە - ٦-١٢-٢٠١٦ ١١٥. دوو ڕووەکان - ڕانیە - ٢٨-٣-٢٠١٩ ١١٦. جیاکاری - (دیارینەکراوە) - (دیارینەکراوە) ١١٧-بۆ مەلا عومەر خورخورەیی سلێمانی ــ قلێسان - ١٦-٨-٢٠١٠ ١١٨. دەوری زەمانە - ڕانیە - ١٦-٦-٢٠١٦ ١١٩. گاوانی ئاوارە - سەردەشت - گوندی بەڵاو - ١٩٩٦ ١٢٠. دونیا زۆر تارە - ڕانیە - ٢٥-٣-٢٠١٩ ١٢١. بۆ دارساوێنی خۆشەویست - سەردەشت - گوندی دارساوێن - ١٩٩٥ ١٢٢. پێکەوە ژیان - ڕانیە - ٥-٥-٢٠١٨ ١٢٣. سەر ئێشانی دائرە - (دیارینەکراوە) - (دیارینەکراوە) ١٢٤. خەیاڵ خاوەن - ڕانیە - ٢٤-٣-٢٠١٩	

١٢٥. چوونه ئێرانم - شەقڵاوە - ١٦-٨-١٩٩٧	
١٢٦. ڕانیە - ئێران - شاری ورمێ - ٣٠-٤-٢٠١٩	
١٢٧. لێدانی دڵ - ڕانیە - ٢٥-١٠-٢٠١٨	
١٢٨. زۆر لە مێژە - ڕانیە - ١١-٨-٢٠١٩	
١٢٩. سووڕەتی ئیخڵاس - ڕانیە - ٢٥-٧-٢٠١٩	
١٣٠. بێ وەفایی - ڕانیە - ٢٤-٧-٢٠١٩	
١٣١. تا خۆت نەیبینی - ڕانیە - ٣٠-١٠-٢٠١٨	
١٣٢. بۆ وامان بەسەر هات - ڕانیە - ١٥-٦-٢٠١٩	
١٣٣. تەمەن - ڕانیە - ٨-٨-٢٠١٩	
١٣٤. زانایان - ڕانیە - ١٣-٣-٢٠١٩	
١٣٥. کورە خانە - سەردەشت - گوندی بەڵاو - ١٨-٨-١٩٩٦	
١٣٦. تەمەن هەورە - ڕانیە - ١١-١١-٢٠١٩	
١٣٧. میراتگر - ڕانیە - ١٩-٧-٢٠١٩	
١٣٨. بابە گیان - ڕانیە - ٢٩-١٠-٢٠١٨	
١٣٩. تۆشەی ڕێ - ڕانیە - ١٤-٤-٢٠١٩	
١٤٠. لە یادی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی باشووردا - (دیارینەکراوە) - ٥-٣-٢٠١٩	

١٤١. پیاوی دین فرۆش - ڕانیە - ٧-١٢-٢٠١٨	
١٤٢. بێ پلانی - ڕانیە - ٢٠-٤-٢٠١٩	
١٤٣. پەنامان بە تۆ - ڕانیە - ١٨-٢-٢٠١٩	
١٤٤. پیاوانی ڕۆژی سەخت - شەقڵاوە - ١٩٩٦	
١٤٥. میوانی ئازیز - (دیارینەکراوە) - (دیارینەکراوە)	
١٤٦. هۆ پێشەوا - ڕانیە - ٣١-٣-٢٠١٩	
١٤٧. فیراق - ڕانیە - ٥-١١-٢٠١٨	
١٤٨. لاپەڕەکانی تەمەن - ڕانیە - ٧-٧-٢٠١٨	
١٤٩. ڕەبەی شر - (دیارینەکراوە) - ١٠-٦-٢٠١٩	
١٥٠. پێش ٣٠ ساڵ - ڕانیە - ٢٥-١٢-٢٠١٨	
١٥١. وەسێت نامە - ڕانیە - ٢٥-١٢-٢٠١٨	
١٥٢. پێناسەیەک بۆ ڕەمەزان - ڕانیە - ٦-٥-٢٠١٩	
١٥٣. هاوڕێ و برادەر - ڕانیە - ٢٣-٢-٢٠١٩	
١٥٤. ئیمان و زانست - ڕانیە - ٢٧-١٠-٢٠١٨	
١٥٥. بەخشین - (دیارینەکراوە) - ١١-١٠-٢٠١٨	
١٥٦. سەدەقە - ڕانیە - ٢٥-١٠-٢٠١٨	
١٥٧. تەمەنم ٤٦ ساڵە - ڕانیە - ٢٨-١٢-٢٠١٨	

١٥٨. وا سەدەیەکە - ڕانیە - ١١-١٠-٢٠١٩	
١٥٩. سەفەرێک بۆ کۆیە - کۆیە - ٢٣-٣-٢٠١٩	
١٦٠. بەزمی شاجوان - ڕانیە - ٢٣-١٢-٢٠١٨	
١٦١. سۆزی تۆ - ڕانیە - ٢٦-١٠-٢٠١٨	
١٦٢. تیرۆر لە نیوزلەندا - ڕانیە - ١٦-٣-٢٠١٩	
١٦٣. ناتەبایی - ڕانیە - ٢١-٤-٢٠١٩	
١٦٤. سوپاس بۆ خوا - ڕانیە - ٢٧-١٠-٢٠١٨	
١٦٥. دەور و زەمان - ڕانیە - ٧-٧-٢٠١٨	
١٦٦. خوو خدە - ڕانیە - ١٤-٤-٢٠١٩	
١٦٧. هۆ خوشکەکەم - ڕانیە - ٢٤-١١-٢٠١٩	
١٦٨. شێری ئیسلام - ڕانیە - ٢٣-١١-٢٠١٩	
١٦٩. بۆ کۆچی دوایی مامۆستای قورئان خوێن - ئەستەنبوڵ - تورکیا - ٢٠-٨-٢٠١٩	
١٧٠. جلی کوردی - ڕانیە - ٢٠١٩/٣/١٠	
١٧١. دوور لە ئێستا - ڕانیە - ٢٠١٨/١٢/١٧	
١٧٢. تاریکی کاتی - ڕانیە - ٢٠١٨/١٠/٢٧	
١٧٣. بەڵێ کوردم - ڕانیە	
١٧٤. بەرپرسیاری - ڕانیە - ٢٠١٩/٣/١٠	

١٧٥. سەرقاڵی - هەولێر - ٢٠١٩/٣/١٢ ١٧٦. ژانی گەل - ڕانیە - ٢٠١٩/٣/٩ ١٧٧. برادەر - ڕانیە - ٢٠١٨/١١/١ ١٧٨. پارەی بەهەدەر دراو - فەرمانگەی پاسپۆرتی سلێمانی - ٢٠١٩/١/٣ ١٧٩. بۆ برایانی پاک کەرەوەی شار - ڕانیە - ٢٠١٩/١٢/٢ ١٨٠. بۆ قورئان خوێنێکی ڕەش پێست - ڕانیە - ٢٠١٩/١٢/١ ١٨١. ٢٧ ساڵە - ڕانیە - ٢٠١٩/١٠/١٠ ١٨٢. دەستی ئاژاوە - ڕانیە - ٢٠١٩/١٢/١ ١٨٣. لە بیرم نانچی - ڕانیە - ٢٠١٩/٨/٣٠ ١٨٤. لە خزمەت گۆڕی پێغەمبەر - سعودیە، مەدینە - ٢٠١٩/١١ ١٨٥. سنووری دەستکرد - ڕانیە - ٢٠١٩/٥/٢٠ ١٨٦. من ویڵی تۆم - شاری مەدینە - ٢٠١٩/١٠ ١٨٧. گەر بۆ من نەبێ - ڕانیە - ٢٠١٩/١٢/١٤ ١٨٨. پیاوی سووک - ڕانیە - ٢٠١٩/٥/١٨ ١٨٩-بۆ سەفا - سعودیە، مەککە - ٢٠١٩/١٠/٥ ١٩٠. هەدار و نەدار - ڕانیە - ٢٠١٨/١٢/٢٩	

١٩١. هیوام خوێندنه - ڕانیه - ٢٠٢٠/٢/٢ ١٩٢. کوێت بێشێ لەوێ دەدەن - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/١٢ ١٩٣. مانەوەی زاڵم - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/٧ ١٩٤. ناگونجێ و نابێ - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/٢٢ ١٩٥. تۆ هەتوانی - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/٢٢ ١٩٦. ئێمشەو - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/٢٣ ١٩٧. درەختی تەمەن - ڕانیه - ٢٠١٩/١٢/٢٩ ١٩٨. چاوەڕوانی - ڕانیه - ٢٠٢٠/٢/٨ ١٩٩. بەس تۆبە - ڕانیه - ٢٠٢٠/٣/١٣ ٢٠٠. کۆتایی ساڵ - ڕانیه - ٢٠١٩/٢/٢٨ ٢٠١. گەنجانی خنکاو - ڕانیه - ٢٠٢٠/١/١٥ ٢٠٢. زۆر لەمێژە (ئیسلام و کورد) - ڕانیه - ٢٠١٩/٧/٢٠ ٢٠٣. دەردی غەریبی - سەردەشت (گوندی بەڵاو) - ١٩٩٥ ٢٠٤. مزگەوت - ڕانیه - ٢٠١٥/٨/٨ ٢٠٥. هاوڕێ و برادەر - ڕانیه - ٢٠١٩/٢/٢٣	

٢٠٦. کۆتایی ساڵ - ڕانیە - ٢٠١٨/١٢/٣١ ٢٠٧. سۆزی دایک - سەردەشت (گوندی بەڵاو) - ١٩٩٥ ٢٠٨. داواکاری منالێک - ڕانیە - ٢٠١٩ ٢٠٩. تەمەن هەورە - ڕانیە - ٢٠١٩/١١/١١ ٢١٠. وەسیەتم بۆ ڕۆڵەکانم - ڕانیە - ٢٠٢١/٩/٩ ٢١١. ڕۆژی بەرێز - ٢٠٢٣/٩/٣ ٢١٢-فەرمان بەچاکە/٢٤-١-٢٠٢٠ ٢١٣-خودا ببینە/ڕانیە، ٢-٢-٢٠٢٠ ٢١٤-چارەسەری چی یە/ڕانیە، ٩-٣-٢٠٢٠ ٢١٥-موویی سپی/ڕانیە، ١٣-٣-٢٠٢٠ ئەم نزایەم کردە شیعر/ڕانیە، ١٥-٣-٢٠٢٠ ٢١٦-بۆ بەرپرسانی کورد لە بەغدا/ڕانیە، مانگی ٩/٢٠١٨ ٢١٧-مەندیل/ڕانیە، ١٧-٩-٢٠١٨ ٢١٨-دوو وێنە ٣٠ ساڵی بەینە/ڕانیە، ٣١-٧-٢٠١٨ ٢١٩-جگەرە کێشان/ڕانیە، ٢٠-١-٢٠٢٠ ٢٢٠-بۆ مامۆستاکەم بۆ مامۆستای شەهیدم مامۆستا مەلا عوسمان یاخیانی کە ساڵی ١٩٨٦ بە دەستی ڕژێمی بەعس شەهید کرا، ڕەحمەتی خوای لێ بێ. ٢٢١-خوایە هاوار	

٢٢٢-کێ دڵسۆزە؟ ٢٢٣-بەرەو ژیان/تورکیا ـــ ئەستەنبوڵ، ٢٠-٨-٢٠١٩ ٢٢٤-پەیامێک بۆ ڕەسول اللە/ڕانیە، ٢-٩-٢٠٢١ ٢٢٥-پێشەوا بووخاری/تورکیا ـــ ئەستەنبوڵ، ١٧-٨-٢٠١٩ ٢٢٦-پۆشاکی کوردی/تورکیا ـــ ئەستەنبوڵ، ٢٣-٨-٢٠١٩ ٢٢٧-بۆ کۆچی دوایی مامۆستا ملا عبدالکریم مدرس/تورکیا ـــ ئەستەنبوڵ، ٣٠-٨-٢٠١٩ ٢٢٨-زینوی وەرتێ لە ڕانیە/ڕانیە، ١٦-٤-٢٠٢٠ ٢٢٩-دەمانچە ٢٣٠-مزگەوت ٢٣١- ٢٩ساڵە ٢٣٢-شەوی بەڕێز ٢٣٣-سوژدە ٢٣٤-سووچی خۆمانە ٢٣٥-خەونی شیرین ٢٣٦-پشتی چەماوە ٢٣٧-خوڕ خوڕەی ئازیز/ڕانیە، ٩-٩-٢٠٢١ ٢٣٨-بۆ ڕەشپێستێک ٢٣٩-بانێکەودووهەوا ٢٤٠-پەیامێک بۆ دایک ٢٤١-ئاو: ٢٤٢-خاجەڵەتی مافی مرۆڤ ٢٤٣-جەرگم بۆت دەیشێ ٢٤٤-جەللاد ٢٤٥-ئەوەیە یەکسانی ٢٤٦-ئیسلام و ئافرەت و ئەوروپا ٢٤٧- ڕۆڵە بێنازی ٢٤٨-حەق وعەدالەت ٢٤٩-بۆوێنەیەکی خۆم ٢٥٠-سکاڵا	

٢٥١-بەرزی و بڵندی ٢٥٢-خۆزگە ٢٥٣-چاولێکەری ٢٥٤-کرم و هۆرە ٢٥٥-پێنەزانین ٢٥٦-من دار بەڕووم ٢٥٧-تامەزرۆی ماڵی خوام ٢٥٨-تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزەکان ٢٥٩-دین ژیرییە ٢٦٠-زانایان/ڕانیە، ١٣-٣-٢٠١٩ ٢٦١-نەگبەتیەکانی ئەورووپا ٢٦٢-چەند ئامۆژگارییەک ٢٦٣-هاتنی نوری وەحی ٢٦٤-دارێک لەناو بەردێک ڕوابوو ٢٦٥-عاشورا ٢٦٦-کوێربێ بۆتان ٢٦٧-بۆ پیرێکی دەست گێڕ ٢٦٨-ژن چرای ماڵە ٢٦٩-بۆ یووسف پێغەمبەر (سڵاوی خوای لەسەر) ٢٧٠-پیاوکوژی ٢٧١-منداڵ ٢٧٢-دوای ٣ ڕۆژ ٢٧٣-بۆ سووتانی دوو پەپوولە ٢٧٤-خەطیب و مینبەر/ڕانیە، ٢٠-١١-٢٠٢٠ ٢٧٥-قورئان دەستورە ١٦-١١-٢٠٢٠ ٢٧٦-بۆ دەمکوژی؟/ڕانیە، ١٠-١٢-٢٠٢٠ ٢٧٧-پێلاوەکەت داکەنە/ڕانیە، ١٥-١٢-٢٠٢٠ ٢٧٨-لەسەر زمانی ماما ڕیشە/ڕانیە، ١٢-١٢-٢٠٢٠ ٢٧٩-بۆ وەفادارەکان/ڕانیە، ١٣-١٢-٢٠٢٠ ٢٨٠-کاتی بینینی بولبوڵێک/ڕانیە، ١٣-١٢-٢٠٢٠ ٢٨١-لەسەر زمانی دایکێک/ڕانیە، ١-١٢-٢٠٢٠ ٢٨٢-بۆ ڕەوزەی شەریف ٢٨٣-بۆ پشتیوان خورخورەیی کە گەنجێک بوو لە	

لوبنان مرد ٢٨٤-سەردانی گۆڕ ٢٨٥-بۆ فرۆشیاری سەر شەقام ٢٨٦-هەلویستإرانیە، ١-٢-٢٠٢١ ٢٨٧-بۆ ڕووحی تۆإرانیە، ٣١-١-٢٠٢١ ٢٨٨-گەندەڵیإرانیە، ٢٥-١-٢٠٢١ ٢٨٩-درۆ دەکەنإرانیە، ٢٢-١-٢٠٢١ ٢٩٠-خۆزگەإرانیە، ١٤-٢-٢٠٢١ ٢٩١-داواکاریإرانیە، ١٥-٢-٢٠٢١ ٢٩٢-گەشامەوەإرانیە، ١٢-٢-٢٠٢١ ٢٩٣-بەرگری لەژنی کوردإرانیە، ١٢-٢-٢٠٢١ ٢٩٤-خودا تەماشای ناوەڕۆک دەکا نەک ناوإرانیە، ١٩-٢-٢٠٢١ ٢٩٥-بۆ کاری خێرخوازیإرانیە، ١٢-٢-٢٠٢١ ٢٩٦-دەرگای تۆ دانەخرێإرانیە، ٨-٢-٢٠٢١ ٢٩٧-عەرەق خواردنەوەإرانیە، ٦-٢-٢٠٢١ ٢٩٨-زیندانی ناڕەوا إرانیە، ١٣-٣-٢٠٢١ ٢٩٩-زانای خەراپإرانیە، ١٣-٣-٢٠٢١ ٣٠٠-گەشبینیإرانیە، ١٠-٣-٢٠٢١ ٣٠١-کە ناتوانن؟إرانیە، ٩-٣-٢٠٢١ ٣٠٢-بۆ ڕەمەزان ٣٠٣-بۆ مامۆستاکەم ملا حسێن سۆفیانیإرانیە، ١٥-٥-٢٠٢١ ٣٠٤-دابڕانی باوکێک و چوار کچ	

٣٠٥-خوات لەگەڵ ٣٠٦-نابەزم ٣٠٧-کۆچی گەنجان ٣٠٨-ڕۆژانی برسێتی؟/ڕانیە، ١٧-٥-٢٠٢٣ ٣٠٩-بۆ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەلی مەرگەیی ٣١٠-بگرەفریام : ٣١١-بۆ غەزەی فەلەستین ٣١٢-سەرەنجامی مردن ٣١٣-بۆمامۆستاملاعوسمان ٣١٤-خوایەگیان ٣١٥-بۆ کاک ئەحمەد سەردی هاوڕێی باوکم ٣١٦-کاتی دیتنی باڵندەیەک کە هێلانەیەکی ڕەنگین و سەرنج ڕاکێشی دروست کردبوو ٣١٧-پەند ٣١٨-وڵامێک بۆ دژانی حجاب ٣١٩-پێشوازی ٣٢٠-گەنجی ٣٢١-ڕانیە ٣٢٢-چاوەزار/ڕانیە، ٤-٧-٢٠٢١ ٣٢٣-گەورەیەک/ڕانیە، ١-٧-٢٠٢١ ٣٢٤-شەڕیان پێ مەکەن/ڕانیە، ١٨-٢-٢٠٢٢ ٣٢٥-قوربانی ٣٢٦-زانست ٣٢٧-تاکەی ڕەنج کێشان ٣٢٨-بێوەفا ٣٢٩-لادێ ٣٣٠-بۆ پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب ڕانیە، ١٦-٨-٢٠٢١ ٣٣١-توخوا بابەس بێ/ڕانیە، ٢٥-٨-٢٠٢١ ٣٣٢-بۆ ڕەسول الله (گوربانت بم)/ڕانیە، ٢٤-٢-٢٠٢٣ ٣٣٣-ژن و ژیان و ژان/ڕانیە، ٢-٩-٢٠٢١ ٣٣٤-بۆ خوڕخوڕە ٣٣٥-وەسیەتم بۆ ڕۆڵەکانم/ڕانیە، ٩-٩-٢٠٢١	

٣٣٦-عیشقی ڕاستەقینە/ڕانیە، ١٢-٩-٢٠٢١ ٣٣٧-دەنگ دان و هەڵبژاردن/ڕانیە، ١١-٩-٢٠٢١ ٣٣٨-ئەمن زانام ٣٣٩-ئاوا ماندووە کاتێک بەری دەستی کرێکارێکم دیت بریندار بوو بوو پێستەکەی دامالابوو نووسیم: ٣٤٠-گەلێک لەمێژە ٣٤١-لەسەر سندوق بۆ ناو سندوق لە کاتی بینینی وێنەیەک نووسیم کە قەبرێک و سندوقی هەڵبژاردن بەیەکەوە دانرابوون کە هەردووکیان سندوقن. ٣٤٢-هەڵبژاردن وکورسی ٣٤٣-بۆ دڵەکەم ڕەسول اللە ٣٤٤-وەڵامێک بۆ فەرەنسا ٣٤٥-پێرێژنی کۆڵبەر ٣٤٦-بۆ محەمەدی کوڕم لە بەریتانیا ٣٤٧-بۆ کورد و کوردستان ٤٤٨-منداڵ و مزگەوت/حاجیاوا، ٢٩-١٠-٢٠٢١ ٣٤٩-لەسەر زمانی ڕێکخراوی پەیوەندی خێرخوازی وتراوە: ٣٥٠-زۆر لەمێژە ٣٥١-بۆ پێغەمبەری خوا ٣٥٢-بۆ کێوە ڕەشی ڕانیە بۆ کێوەڕەشی ڕانیە/ڕانیە، ٢٠-١-٢٠٢٢ ٣٥٣-ڕۆیی بەبادا؟!!/ڕانیە، ٢٧-١-٢٠٢٢ ٣٥٤-وەفاداری/ڕانیە، ٢٢-١-٢٠٢٢ ٣٥٥-دایکەو لانکە/ڕانیە، ٨-٥-٢٠٢٢ ٣٥٦-قوربانی/ڕانیە، ١٣-٧-٢٠٢٢ ٣٥٧-بۆ چرایەک (بۆ ملا خدر خوڕخوڕەیی)ڕانیە، ٧-٧-٢٠٢٢	

٣٥٨-چاوەڕوانی باوکم/ڕانیە، ١٥-٧-٢٠٢٢ ٣٥٩-بۆ مامۆستا ملا سەید برایم نێڵۆچکەییڕانیە، ٢٠١٢-٢٠٢٠ ٣٦٠-پەڕلەمانتار /ڕانیە، ٣-١١-٢٠١٨ ٣٦١دەرەختی تەمەن/ڕانیە، ٢٩-١٢-٢٠١٩ ٣٦٢-وەفاداری بەبۆنەی سەردانی دایە سەبیحە)ڕانیە، ١٤-٧-٢٠٢٢ ٣٦٣-بەیادی باوکم/ڕانیە، ٢٢-٧-٢٠٢٢ ٣٦٤-دوو ڕووی گوڕگ و لەپێستی مەڕە ڕانیە، ١-٨-٢٠٢٢ ٣٦٥-کورد خۆی نییە/ڕانیە، ٢٨-٧-٢٠٢٢ ٣٦٦-فیدانت بم/ڕانیە، ٢١-٨-٢٠٢٢ ٣٦٧-وەرگێڕانی شیعری عەرەبی ٣٦٨-تەمەن ٣٦٩-شعریەک لەسەر زاری خوشکێکی حیجاب لەبەر... ٣٧٠-مزگەوت ٣٧١-محەمەدی جەرگم ٣٧٢-بێوەفایی ٣٧٣-بانێکە و دوو هەوا ٣٧٤-بەو حاڵە خوێندم ٣٧٥-هەتاکەی؟ ٣٧٦-خۆشەویستم ٣٧٧-دایکە گیان ٣٧٨-شانازی دەکەم ٣٧٩-من لادێم/ڕانیە، ١١-٦-٢٠٢٣ ٣٨٠-ئەمە مێهادە بەڵام لە شێوەی میعاد	

٣٨١-یەک دڵ/ڕانیە، ٣٠-١٠-٢٠٢٢ ٣٨٢-ئاخێک بۆ گەنجان/ڕانیە، ٣-١١-٢٠٢٢ ٣٨٣-وەفاداریەک بۆ خێزانم/نەخۆشخانەی شار سلێمانی، ٤-١١-٢٠٢٢ ٣٨٤-نیشتیمانی من/ڕانیە، ١٣-١١-٢٠٢٢ ٣٨٥-وڵاتی وێران/ڕانیە، ١٧-١١-٢٠٢٢ ٣٨٦-بۆ وەفدی کوردی/ڕانیە، مانگی ٢٠١٨/٩ ٨٧-ڕەسەن و نارەسەن ٣٨٨-کوژانەوەی چرای ژیانم ٣٨٩-بۆ دۆستەکەی باوکم مام سەید جەباری زەردە خودات لەگەڵ ئازیزەکەم ٣٩٠-ڕانیە شایانە/ڕانیە، ٢٠-٨-٢٠٢١ ٣٩١-بە ئازار بوو/ڕانیە، ٢١-١١-٢٠٢٢ ٣٩٢-لەڕانیەوە تا مەدینە/ڕانیە، ٣١-١-٢٠٢١ ٣٩٣-مۆدێرن/ڕانیە، ٤-١٢-٢٠٢٢ ٣٩٤-دڵسۆزی باوک/ڕانیە، ٣١-١١-٢٠٢٢ ٣٩٥-خۆزگە ٣٩٦-پەتی سێدارە ٣٩٧-قورسی لا الە الا اللە ٣٩٨-گفتوگۆی نێوان من و نەمامێک/ڕانیە ٣٩٩-ڕانیەی قارەمان ٤٠٠-دەوا دوای مردن/ڕانیە، ٢٢-١٢-٢٠٢٢ ٤٠١-داخوازی/ڕانیە، ٢٣-٧-٢٠١٩ ٤٠٢-شکۆی ئافرەت ٤٠٣-خەزانە ٤٠٤-خەیاڵ ٤٠٥-تەمەن ٤٠٦-سوتاندنی قورئان/ سوتاندنی قورئان/شاری مەککە، ٢٤-١-٢٠٢٣ ٤٠٧-هەوڵێکی نەزۆک/شاری مەککە، ٢٥-١-	

٢٠٢٣ ٤٠٨-موژدە پێدراوەکان ـــ العشرة المبشرة ٤٠٩-گەڕانەوە لە عومرە/ناو فڕۆکە، ٢٩-١-٢٠٢٣ ٤١٠-بۆ کاک سلێمان عبدالله (کاک ئاشنا)/ڕانیە، ١٨-٢-٢٠٢٣ ٤١١-هەر بەندەی تۆم/ڕانیە، ٢٠-٢-٢٠٢٣ ٤١٢-شەڕیان پێ مەکە ٤١٣-ڕاپەڕین ٤١٤-بۆ پێغەمبەری خوا (قوربانت بم) ٤١٥-هاتەوە بەهار/ڕانیە، ٢٨-٢-٢٠٢٣ ٤١٦-کامتان ڕاستین؟ (بەسە راجیایی)/ڕانیە، ٢٠-٦-٢٠٢٣ ٤١٧-ڕۆژی ٨ی مارس/ڕانیە، ٨-٣-٢٠٢٣ ٤١٨-ڕێگا چارە/ڕانیە، ٣-٣-٢٠٢٣ ٤١٩-هاتمە ماڵەکەت/ڕانیە، ٣١-٣-٢٠٢٣ ٤٢٠-بەرەو مینبەر/ڕانیە، ١٠-٣-٢٠٢٣ ٤٢١-بەرد ودڵ ٤٢٢-جوانی بەهار ٤٢٣-ناخ ٤٢٤-ڕەمەزان ٤٢٥-پێوەر ٤٢٦-شەونوێژ ٤٢٧-ڕەزیل مەبە ٤٢٨-بۆ دوو پایەکەی مزگەوتی خێرخوازان (ڕزگار	

و دڵدار) ٤٢٩-دایەگیان ٤٣٠-من مزگەوتم (کاتی هێرش کردنە سەر مزگەوتێک لە شەنگال نووسراوە) ٤٣١-شێواوە ٤٣٢-بۆ دوعا خان(ئەو خانمەی یەزیدییەکان کە موسڵمان بوو، بەڵام بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بە بەرد و بلۆک سەری پان کرایەوە و شەهید بوو). ٤٣٣-بۆ پێشەوا قازی/ ٤٣٤-دەردی کورد/ڕانیە، ٥-٥-٢٠٢٣ ٤٣٥-ڕۆژانی برسیەتی ٤٣٦-لە ناخمدا ٤٣٧-بۆ عەشقی رسول الله/ڕانیە، ١٤-٥-٢٠٢٣ ٤٣٨-تەوحید ئەساسە ٤٣٩-جیاوازی نێوان سەفەری پێغەمبەر و سەفەری ئێمە/ڕانیە، ٢٠-٥-٢٠٢٣ ٤٤٠-بەهەشت و دۆزەخ/ڕانیە، ٢٤-٥-٢٠٢٣ ٤٤١-گفتوگۆی نێوان گوڵ و دڵ/ڕانیە، ٢٥-٥-٢٠٢٣ ٤٤٢-من و دار/ڕانیە، ٢٨-٥-٢٠٢٣ ٤٤٣-کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو (بەرەو پەرلەمان)/ڕانیە، ٣-٦-٢٠٢٣ ٤٤٤-ژن و ژیان و ژان /ڕانیە، ٥-٦-٢٠٢٣ ٤٤٥-کورسی و دەسەڵات/ڕانیە، ـــ ٤٤٦-من لادێم	

٤٤٧-گەنجی و تەمەنی تواویم/ڕانیە، ١٦-٦-٢٠٢٣ ٤٤٨-فیکر/ڕانیە، ١٦-٦-٢٠٢٣ ٤٤٩-جووتیار/ڕانیە، ١٨-٦-٢٠٢٣ ٤٥٠-بەس ڕاجیایی ٤٥١-دۆستی ناپاک/ڕانیە، ٢٥-٦-٢٠٢٣ ٤٥٢-ئەی حەجی پیرۆز من بە هیواتم ٤٥٣-جەژن و ئارامی ٤٥٤-قورئان سوتاندن (ئەم شیعرەم بەرامبەر ئەو گەنجە عێراقییە نووسی کە لە ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزدا لە وڵاتی سوید قورئانی سوتاند لە بەرواری 2023/6/28). ٤٥٥-بۆ پێغەمبەر ٤٥٦-ئاوا پێگەیشتم: ٤٥٧-پەند و ئامۆژگاری ٤٥٨-ئێرە ئوحودە ٤٥٩-بەڵێ ماندووم ٤٦٠-محەممەد بۆ هەمووانە ٤٦١-شێری پیر ٤٦٢-خوای گەورە سێ شتی بۆ ئێوە پێ ناخۆشە ٤٦٤-با بۆت بە پەڕۆش بن ٤٦٥-ستەم لێکراوم ٦٥-خودا چی دەوێت ٤٦٦-کوا ڕابردوو؟ ٤٦٧-فیشەک و جگەرە/ڕانیە، ٣١-٧-٢٠٢٣ ٤٦٨-نعمەتەکانی خوا ٤٦٩-بۆ ئازادبوونی مامۆستا (عەلی باثیر) ڕانیە، ٣٠-٤-٢٠٠٥ ٤٧٠-پەروەردەی منداڵ/ڕانیە، ٢٩-٧-٢٠٢٣ ٤٧١-سەرەتاو کۆتایی مرۆڤ/ڕانیە، ٢٦-٧-٢٠٢٣ ٤٧٢-تاوان و تەوبە/ڕانیە، ٢٧-٧-٢٠٢٣	

٤٧٣ئامانجی ڕون/ڕانیە، ٦-٨-٢٠٢٣ ٤٧٤-لاواندنەوەیەک بۆ کاکە محمد عەلی جوامێر —— چنارنەیی/ڕانیە، ٨-٨-٢٠٢٣ ٤٧٥-تەڵە ٤٧٦-تافی لاوی ٤٧٧-وای لە مردن ٤٧٨-پێشکەشە بە شاپەری خان شاگوڵی قورئان ٤٧٩--لە یادی ١٩ ساڵەی کۆچی باوکمدا.	

پێشکەش

ئەم دیوانە پێشکەشە بە:

١. بە گیانی پاکی (حیسانی کوری سابیت) کە بە شیعرەکانی بەرگری لە پێغەمبەری خوا (دروود لەسەر بێت) دەکرد.

٢. بە گیانی بەرزی باوکی بەریزم، کە هەمیشە ئەیوت: گۆرەویەکانم بفرۆشم پەکت ناخەم.

٣. بە گیانی دایکی ئازیزم، کە هەموو هەوڵێکی لەگەڵمدا تا پێبگەم و تێبگەم.

٤. بە هەردوو هاوسەرەکانم، کە لە سەرماو گەرما لەگەڵم بوون.

٥. بە منالە نازدارەکانم، کە پێیانەوە سەربەرزم و لەکەداریان نەکردووم.

٦. بە مامۆستایانم لە قوتابخانەو لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی، کە دانەری بناغەی ژینم بوون.

٧. بە مامۆستایانی ئاینیم لە مزگەوتەکان کە چرای بیرو باوەڕو دینم بوون.

٨. بە هەموو دۆستان و ئازیزان و خۆشەویستانم کە هاوکارم بوون.

٩. بە تاقە براکەم و بە چوار خوشکەکانم.

١٠. بە هەموو ئەو کەسانەی کە شیعرەکانم دەخوێنەوەو سوودیان لێ ئەبینن و بڵاویان ئەکەنەوە.

سوپاس و پێزانین:

١. بۆ بەریز مامۆستا ئارام محمد تۆفیق کە پێشەکیو هەڵسەنگاندنی بۆ شیعرەکانم نووسی و لە کاتی خۆیدا بە وان بەخشی و زۆر سوپاسی ئەکەم و داواکارم لە پەروەردگار کە باشترین پاداشتی بداتەوەو بە بەهەشت قەرەبووی کاتەوەو بە ئاواتەکانی شاد کاتەوە.

٢. بۆ بەریز مامۆستا محمد عەزیز لۆتەری خەزێنەی شاراوەو هەگبەی فەرهەنگ و وشەی جوانو رازاوەو داواکارم خوای پەروەردگاری پاداشتی خێری بداتەوەو لە هەموو بەلاو ناخۆشیەکی دونیاو قیامەت بپاریزێت.

٣. بۆ بەریز مامۆستا ڕەسوڵ وەرتی کە ڕێنیشاندەرم بوو بۆ تایپ کردنی شیعرەکانم.

پێشەکی مامۆستا ئارام محەمەد تۆفیق

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان :

شیعر و هۆزان بەهرەیەکە هەموو کەس ناتوانێ ببێتە خاوەنی، تەنانەت ئەوانەیشی کە ئەم بەهرەیەیان پێ دراوە، پلە پلەن، هەشە زۆر باش پێی هەڵچوون و لە کاتی خوێندنەوەی شیعر و هۆزانەکانیان هەست بە تیژی فیکر و هێزی بەهرەیان دەکەیت، هەشیانە کەمتر و... هتد.

ئەگەرچی شیعر و هۆزان بەهۆی کۆمەڵێ هۆکاری خودی وەک کانیەک لە ناکاودا دەتەقێتەوە و ڕەچە دەبەستێ و دەروونی هۆزانوان خاڵی دەکاتەوە و بە شێوەی کاتی ئاهی ناخی دادەمرکێنێتەوە، وەلی هەر خودی ئەم شیعرانە زۆرجار بوونەتە هۆکاری کڵپەسەندنی شۆڕش و یان بەهێزبوونی بیروباوەڕێکی ئاینی یان فکری، هۆزانوانان بە هۆی کۆمەڵێ هۆکاری وەک عیشقی ئیلاهی، یان عیشق و ئەڤینی ڕەگەزی بەرانبەر یان خۆشەویستی نیشتمان، یان جەور و ستەمی دوژمن بڵێسەی سەندوە و جار لە دوای جاریش بە تینتر بووە... لە بەرانبەریشدا شاعیر هەبووە ماستاوکردن و کلکەلەقە بۆ سوڵتان و کاربەدەستان هۆکاری بە شاعیربوونی بووە و ئەم بەهرەیەی خستۆتە خزمەتی ئەستووركردنی پایەی نەگریسی ستەمکاری و زەریفکردنی ئاخوڕی بەردەمی...

سوپاس بۆ خوای گەورە و، جێگەی پێزانینیشە کە شیعرەکانی برای بەڕێز و خۆشەویستم (مامۆستا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی) بە هۆی دووری لە نیشتمان و شۆڕشی نەتەوەیی و بەر بەرەکانی ستەمکاری تاوی سەندوە جار لە دوای جاریش بەهێزتر بوون، لە سەرەتاوە بە خۆشەویستی ئیسلام و ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی نائیسلامی وەک (مارکسیزم و سیکۆلاریزم) دەستی پێکردوە، دواتر خەمی نیشتمان و ئاوارەیی دەبێتە هەوێنێکی دیکەی شیعرەکانی، وێڕای ئەوەی هەندێ جار بواری کۆمەڵایەتی و هەژاری و ڕەخنە لە دەسەڵات و خراپی بیرکردنەوەی خەڵکیشی گرتۆتەوە...

دەکرێ هەندێ لەم شیعرانە لە مەنهەجی خوێندندا بۆ هۆشیاری ئاینی یان سیاسی و کۆمەڵایەتی سوودیان لێ وەربگیرێ، هەروەک هەندێکیشیان گونجاون تەنها لەسەر پەڕەی کاغەز نەمێننەوە بچنە جیهانی دەنگ و، سروود و ئاوازیان لێ بسازێنرێ...

لێرەوە داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی جەنابی مامۆستا بداتەوە و بیکاتە توێشوی قیامەتی...

ئارام محەمەد تۆفیق

ڕانیە

٧ - ٩ - ٢٠٢٣

وێنەی شاعیر لەگەڵ مامۆستا ئارام .

سەرگوزەشتەی دیوانی غوربەت وڕێبوارێکی خاکی.

بە پێنوسی :موحەمەد عەزیز لۆتەری

١٤٤٥-٢-١٦/ ٢٠٢٣-٩-١

مامۆستا مەلا عبدالله عبدالکریم خوڕخوڕەیی.

شاعیرێکی پڕ لەخۆشەویستی میللەت ونیشتمان

قەڵەمێکی نەچەماوە ی سونبولی خەبات وتێکۆشان.

پێنج و سێ دەیەیە غەریب لەگەڵ وشە و وێنەکاندا دەژیت. ئەم دیوانە، تەنیا کۆکردنەوەی چەند دێرە شیعرێک نییە، بەڵکو مێژووی ڕۆحی مرۆڤێکە کە لەنێوان دووریی جوگرافی و نزیکیی هەستدا گیرساوەتەوە. کاتێک دەڵێین "غوربەت"، مەبەستمان تەنیا دووری لە نیشتمان نییە، بەڵکو غوربەتی مرۆڤە لە ئاست زەمانە، لە ئاست تێپەڕبوونی ساتەکان.

ئەم کۆبەرهەمە کە بەرهەمی نێوان ساڵانی ١٩٨٨ بۆ ٢٠٢٣یە، ئاوێنەی ژیان، ئەزموون، ئایین، خۆشەویستی و ئەو ڕووداوانەیە کە مامۆستا عەبدوڵڵای خوڕخوڕەیی وەک شایەدحاڵێک تۆماریکردوون.

لێرەدا، وشەکان بەهای ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن، چونکە لە دڵێکەوە هەڵقوڵاون کە "غەریب"ە، نەک تەنیا بە ناو، بەڵکو بە هەست و نەستیش.

لەم دیوانەدا :

دەنگێک لە قووڵایی زەمان و لەناوناخی مەینەتیەکانی میللەتێکی ستەمدیدەوە .

"دیوانی غوربەت"، گەشتێکی شیعرییە بەناو ٣٥ ساڵ تەمەنی شاعیر و زانای پایەبەرز، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خوڕخوڕەیی. لەم بەرهەمەدا، خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەستی تێکەڵ دەبێت؛ لە نزا و وێردی شەوانەوە تا دەگاتە ئازاری نیشتمان و غوربەتی مرۆڤ.

ئەم دیوانە، مێژووی نووسراوی دڵێکی پڕ لە ئیمان و هەستە کە لە ئاگر و ئاو و خاکەوە تێپەڕیوە. غەریب خوڕخوڕەیی، بە زمانێکی پاراو و ناوەڕۆکێکی پڕ لە ئەزموون، دەیەوێت بەشێک لەو غوربەتە قوڵەی ناخی خۆی لەگەڵ خوێنەردا بەش بکات.

دیوانی غوربەت؛ تەنیا شیعر نییە، بەڵکو دەفتەری ژیانێکی پڕ لە ڕێز و ڕەنجە.

شیعری میللی بەتایبەتی وئەدەبی میللی بەگشتی ئاوێنەو وڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی کۆمەڵگای خاکی وساکارو ڕەش وڕووتە.

سەرگوزەشتەی ژیاننامەی ئەوهەستەی ئەو ئەدەبەدەنەخشێنێ وئەوئەزمونانەی لەژیانیدا دەیانبینێ وئەومەینەتیانەی تەونی تەمەنی هەمەڕەنگ دەکەن کاریگەریەکی زۆرقوڵی لەسەر ئەو ئەدەبە هەیە .

هەروەها ئەو مەینەتی وبارودۆخەی میللەت ونەتەوەی ئەو شاعیرەتیایدادەژی کاریگەری وڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەرهەست وسۆزودەربڕینەکانی ئەوجۆرە ئەدەبەداهەیە.

چونکە لەوکۆمەڵگا ساکارەدا شاعیرانی میللی ویژدان وهەست وسۆزی کۆمەڵگان ،ئەو بەچاوی تاکەکانی کۆمەڵگاولەناخی هەموویانەوە هەست بەکێشەو ئاریشەکان دەکاو بەجیهانە سادەوخاکیەکەی خۆی خەمی هەمووان لەکۆڵ دەنێ وهەوڵی چارەسەرکردنیشی دەدا.

ئەدەبی میللی وەک کەلەپورو فۆلکلۆر ڕەسەنترین ئەزمون وڕاستگۆترین ئاوێنەیە بە پێچەوانەی شیعری ویژدانی وخودی کە زیادەڕەوی و هاش وهوشی دڵداری وبوونە قەقنەس و ڕەنگ زەردی وڕووت وڕەجاڵی وبەکێوان کەوتن وشێت وشەیدایی زۆرباس دەکا ، کەچی لەواقیعدا هەمووی درۆیە وهیچی وانیە، هەربۆیە کاتێ قورئان ئاماژە زەشاعیران دەکا دەفەرموێ:

وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ (224)

سەرگەردان و سەرلێشێواوەکانیش شوێنی شاعیران دەکەون.

أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ (225)

ئەی نابینیت کە ئەوانە لە هەموو ئاشێک دا باراش لێدەکەن و لە هەموو شتێک دەدوێن.

وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ (226)

بەڕاستی ئەوانە شتێک دەڵێن و بەکردەوە نایکەن (کردارو گوفتاریان دووڕە لە یەکەوە).

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ (227)

جگە لەوانەیان کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و یادی خوایان زۆر کردووە، (بەو تواناییەی کە هەیانە) پشتیوانیان کردووە لەو ئیماندارانەی کە ستەمیان لێکراوە، سەرئەنجام ئەوانەی ستەمیان کردووە دەزانن کە بەچۆن تێکشکاوێک دەگەڕێنەوە بۆ لای خواو چۆن ژێرەو ژوور دەبن و تیادەچن.

ئەم ئاماژەی قورئان بۆ زۆربەی شاعیران بەڕاست دەگەڕێ،چونکە زۆربەی شاعیران لە چین وتوێژە خواپێداوەکان هەڵکەوتوون وزۆرکات وەک وەزیرەکان هاودەمی پاشاکان بوون ولەچینە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگا هەژمارکرون.

بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی نووسیویانە زۆربەیان خۆش خۆر و قەڵەوو تێرو گوزەران خۆش بوون وکێشەی سۆزداری وکۆمەڵایەتیشیان بەوشێوە نەبووە کەلەشیعرەکان باسی دەکەن، هەتا شاعیرانی عیرفانیش مەرج نیە گەیشتبنە ئەوپلەو مقامە بەرزانەی کەشیعری زۆرجوانیان لەبارەوە نوسیوە.

شاعیری میللی ڕاستگۆترینی ،شاعیرانن، چونکە لەگەڵ هەموو گەورەوبچوکێکی مەینەت وناخۆشیەکانی میللەت وکۆمەڵگاکەیان بەشدارن، زۆر جار شاعیرانی میللی لەومەینەت وزەحمەتیانە پشکی شێریان بەردەکەوێ.

مامۆستای بوێرو ماندوونەناس مامۆستا عبدالله غەریبی خوڕخوڕەیی یەکێکە لەوقەڵەمە ڕاستگۆیانە، بگرە ئەوەی لەژیانیدا بەهەڵوێست وبارودۆخەکان وئەزمونی ژیانی کردویەتی زۆربەی هەرەزۆری هەرنەنوسیوە،چونکە مەینەت وزەحمەتیەکانی ئەم پیاوە زۆرلەوەزیاترن کەلەشیعرەکانی ئاماژەی پێکردوون.

فەقێ عبدالله ی ئاوارەو غەریب هەرکەچاوی دەکرێتەوەو وەک خەونێکی خۆش خۆی بۆچەندساتێکی کەم لەدامێنی چیای ئاسۆس ولەناولێرەواری خوڕخوڕەی سەرکەش وبەشکۆ لە بنەماڵەیەکی خاکی ولەگوندێکی کەم دەرامەت لەساڵی ١٩٧٤چاوبەدنیا هەڵدێنێ، هەژاری وکەم دەرامەتی دەکاتە نیعمەتێک وچێژی لە دەبینێ ودەروونی سەرسام وچاوی دڵ وڕوحی بەدیمەنە جوانەکانی سروشت تێرئاودەکا.

ڕۆژانە دیمەنی شۆڕش وبەرخودان وهەڵشاخان بەڕووی ستەم وزۆرداریدا لە ناوچەکەی وگوندەکەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەبن وچووی زیاردەکەنەوەو باوک وکەس وکارنکانی دەبنە نمونە لای وفێری ڕازی نەبوون بەستەم وزوڵمی دەکەن.

کەچی هەرزوو ئەم شانۆیە دەگۆڕێ ودوژمن دێ هەموو تابلۆ سادەوساکارەکانی ژیانی گوندێیان لێ دەشێنێ ودەیانگوازێتەوە بۆئۆردوگای زۆرەملێ لە بنگرد لەساڵی ١٩٧٨.

دوژمن بەوهیوایە بوو کە بوێری ونیشتمان پەروەری دینداری وئیمانی ڕاستەقینە لەدڵ ودەروون وچاوەکان بفڕێنێ، کەچی ئەم ئۆردوگا زۆرە ملێیە بۆ دڵ ودەروونە ناسک وپڕ هەستەکەی فەقێ عبدالله دەبێتە قوتابخانەیەکی تر و هەر زووکارلێک لەگەڵ ئەم ژینگەش دەکا.

مامۆستا لەم ئۆردوگایە دەچێتە قوتابخانە و حوجرەوقوتابخانە بەیەکەوەکۆدەکاتەوە.

بەندە شەرەف ئەوەم پێ بڕا کەلەم ئۆردوگایە ولەسەرەتای یەکی ناوەندی فەقێ عبدالله بناسم .

دیمەنی فەقێ عبدالله واتەبەرگێکی کوردی، جامەدانەیەکی جوان وڕێک ،کەسێکی چوست وچالاک، هەرلەمنالیەوە گەورەبوو، وەک مناڵ هەڵس وکەوتی نەدەکرد، خەم ومەینەت وئەزمونەکانی ڕوژگار وایان لێ کردبوو کە کاتی نیە بۆگاڵتەوگەپی منداڵی، بۆیە هەمیشە وەک گەورەیەک ڕەفتاری دەکرد.

لەم هێلانەش دا نەیان هێشت زۆر بمێنێتەوەو دستی ستەم ،ئەم تۆزە ئۆقرەگرتنەشی لەگەڵ قورئان وئیمان پێ ڕەوانەبینی ودووبارە مامۆستاوئاوەڵ قەفێ وحوجرەی لێک دابڕین وبەنوکی شۆفڵ وبلدۆزەر ئەم تابلۆ جوانەشی تێک وپێک شکاند.

هەرلە ١٦ساڵی ئەم شاعیرە هەست ناسکە ئەویندارەی دین و نیشتمان ومیللەت چەک وقەڵەم وحوجرەو گوتاری مینبەر وخەباتی سەنگەر کۆدەکاتەوەو پێشەمەرگەیەکی فەقێ و بارەگاو حوجرە وسەنگەر کۆدەکاتەوە .

پێشەکی غەریبی شاعیر :

بەناوی خوای بەبەزەیی و بەخشندە

سوپاس و ستایشی بێ پرانەوە بۆ زاتی خوای پەروەردگاری بوونەوەر، دروود و سڵاو و ڕەحمەتی خوای گەورە بڕژێتە سەر گیانی پاک و بێگەردی پێغەمبەر، وە بۆ سەر گیانی هەموو هاوەڵان و یاوەران و کەسوکار و خێزان و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی مەحشەر.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت: {نحنُ قَسَمنا بَيْنَهُم مَعِيشتهُم في الحيوةِ الدّنيا ورَفَعنا بَعْضهُم فوقَ بعْضٍ} واتە: ئێمە ژیانی دنیامان لە نێوان ئێوەدا دابەشکردووەو هەندێکتان لە هەندێکتان بەرزترن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ناز و نیعمەتەکان بەسەر مرۆڤەکاندا دابەش کراون و هەر مرۆڤە و پشکێکی بەرکەوتووە. هەی وا هەیە ئیسلام و ئیمانی پێ بڕاوە، هەی وا هەیە دەوڵەمەند و سامانداراە، هەی وا هەیە عاقڵ و ژیرە، هەی وا هەیە لەشساغ و تەندروستە، هەی وا هەیە ئازا و بەجەرگە، هەی وا هەیە بێژەرە، هەی وا هەیە نووسەرە، هەی وا هەیە وەرگێڕە... هتد.

بەندەش خوای گەورە دەرگایەکی لێ کردمەوە و لە نووسینی شیعر و پەخشاندا بەهرەیەکی پێ داوم و منەتباری کردووم و سوپاسگوزارم. چونکە شیعریش ئیلهامی خوایە و بە چاک و خراپ بەکاردێت، بەڵام

ئەوانەی بۆ چاک و چاکەکاری بەکاری دێنن سەرفرازو براوەن و لە دوو دونیا حەساون. وە ئەو کەسانەی بۆ خراپە و خراپەکاری بەکاری دێنن، سەرگەردان و ماڵوێران و پەشیمانن و لەسەری قەرزبار دەبنەوە.

من و شیعر

هەر لەکاتی چوونم بۆ قوتابخانەو قۆناغی سەرەتاییم، کاتێک وانەیەکمان هەبوو بەناوی (ڕێزمان و ئەدەبی کوردی) کە شیعرو پەخشانی تێدابوو، وە ئەرکی ڕۆژانەمان بوو لە قوتابخانەو شیعرەکانم لەبەر دەکردن و زۆر حەزم بە شیعرو سرود دەهات و ئیمان و وڕەم پێیان بەرز دەبووە.

هەر ئەوە هانـدەرم بـوو کە دەستم کـردە شـیعرە خوێندنەوەو لەبەرکـردن و شـەیدای شـیعر بـووم. ئەگەر پەرتوکێکم بخوێنبایەوەو شیعرێکی تێدابووایتە لەبەرم ئەکردو زۆر ئەموتەوە.

تـا ئەوە بـوو لە سـاڵی (١٩٨٨) بـۆ یەکەمـین جـارو یەکەم شـیعرم نووسـی و خـوای گەورە دەرووی خێـری لێکردمەوە، کە بەناوی (کە لە تەمەنی ١٦ ساڵی بوو) خۆم گەنج بووم:

ئەڵێم بە نووکی خامەکەم

بنووسە بۆ ئیسلامەکەم

بەزایە ناچێ فیدایی

بۆ ڕێبازی قورئانەکەم

ئەو قورئانەی کەوا پڕە

لە فەرمانی یەزدانەکەم

شیعرەکانم تێکەڵاون و هەمەڕەنگن: (ئایینی، کۆمەڵایەتی، خێزانـی، سیاسـی، نیشـتیمانی، کـوردایەتی، ...)یـن. چونکە شیعر ئیلهامەو شەپۆلّەو غەمەو غـوربەتەو دیتنـی نـاحەقی و زوڵـمەو دڵسـۆزی و بەزەییـەو دابڕان و خۆشەویستیە.

هەر بۆیە ناوی دیوان و شیعرەکانم بە (غەریـب و غـوربەت) دانـاوە چـونکە لە ژیـانی خۆمدا (غەریبیم) زۆر دیتووەو (غوربەتم) زۆر چێشتووە.

لە ژیانی تاکە کەسیم دا زۆر (غەریب) بووم و دوور بووم لە هاوەڵانم و ماوەی ١٠ ساڵ لە ئێران ژیاوم.

ناوی دیوانەکەشم ناوە (دیوانی غوربەت) چونکە زۆر لەمێژە هەستم کردووە کە ئەم نیشتیمانە لە غوربەتدایە بەدەستی دوژمنانی دەرەکی و ناپاکی ناوەکی.

بۆیە لەوە زیاتر باسـی شـیعرەکانم نـاکەم، چـونکە ئەو بەڕێـزانەی کە پێشـەکییان بـۆ نووسـیوە، حەقـی خۆیـان پێداوە.

وە کۆتا شیعرێشم بۆ کاکە سەرەوەری خوشکەزامە، کە لە بەرواری (٢٠٢٣/٩/٣) گەشـتی عەمـرەی کـرد بـۆ ماڵی خوای گەورە لە تەمەنی (٢٢ ساڵی)دا ئەم سەفەرەی کرد، جا من ئەو شیعرەم بۆ نووسـی لەسـەر زمـانی خۆی:

لە تەمەنی گەنجێتیدا

هاتمە بەر دەرگای ماڵەکەت

دێم و بۆت دەچەمێمەوە

لە سوجدەو لە بەرماڵەکەت

تا بزانن لاوەکانمان

بە گەنجی خۆشە دینداری

پایزو زستان بەرێوە

لە دەستی نەدەی بەهاری.

٢٠٢٣/٩/٣

بە گەنجی دەستم پێکردو بۆ گەنجێ کۆتاییم پێ هێنا.

والسلام علیکم ورحمة الله

بەشێک لە ژیاننامەی خۆم:

ناوی تەواوم (عبدالله عبدالکریم محمود)ە، ناسراوم بە (مەلا عبدالله خورخورەیی). لە بەرواری ١٩٧٢/٧/١ لە گوندی خورخورەی ناوچەی جافایەتی بەری مەرگەی سەر بە ناحیەی بنگردو قەزای دوکان لە دایک بووم.

ناوی بنەماڵەکەمان تائیفەی دەشتەیەو گوایە لە گوندی تەپکە قەڵی نزیک گوندی سەرسیانی دەربەندی ڕانیەوە هاتوونەتە خورخورە. باپیری باوکم ناوی (کوێخا کەریم) بووەو کوێخا بووە لە گوندی خورخورەو لە بێگانانم بیستووە پیاوێکی ئازاو بە بڕشت بووەو کۆتایی بە حوکمی دەرەبەگایەتی هێناوە لە گوندەکە.

باوکم هەر بەناوی باپیریەوە ناونراوەو ناوی (کەریم خورخورەیی) بوو، لە ساڵی ١٩٦٧ لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا خۆی داوای کردووە بکرێتە پێشمەرگەو تا ساڵی ١٩٧٤ بۆ ماوەی ٧ ساڵ پێشمەرگە بووەو لە گرتنی ڕەبیەی شاخی بەلاڵۆک لە چیای ئاسۆسی پشت گوندی بەردەکۆز لەشدار بووە لە ئەنجامی تەقینی شەبەکەی ئەلغام لە دەوری ڕەبیەکە ١٣ کەس شەهید دەبن و ٣٩ کەسیش بریندار دەبن.سەرپەلەکەیان مامی باوکم بوو بەناوی (قادرە سووری خورخورە) لە شۆڕشی ئەیلوولدا. دواتر بەهۆی ئەوەی باوکم خولیای کوردایەتی بوو، شەیدای خەبات و شۆڕش و مەردایەتی بوو، لە بەرواری ٢٥-٦-١٩٧٦ دکتۆر کەمال کەرکوکی لەسەر نەخێنیی پێشتری ئەیلوول دێتە گوندی خورخورە و دەگاتە لای باوکم لە ماڵی خۆمان و پەیوەندی بە باوکمەوە دەکات، وەک خۆی لە ڕۆژنامەی برایەتی لە ژمارە (١٦٥٥)دا لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم ڕاستییە دەڵێت. هەر لەو بەرواڕە باوکم بوو بە میوانی ماڵی خۆمان و شار بە شار و شاخ بە شاخ هاوەڵی کەمال کەرکوکی بوو. من بە بیرم دێت و تامەزرۆبووم کە وەک منداڵی خەڵکی و هاوڕێکانم، باوکم نیوەڕۆیان و ئێواران بێتەوە و دڵم لەناو باوەشیدا بحەسێتەوە، بەڵام هەمیشە لە جەولە و لە گەڕان و شۆڕشدا بوو، من و دایکیشم لە چاوەڕوانیدا شەومان دەکردەوە بە ڕۆژ.

هەر لەو کاتەشدا دایکم بەدرێژایی ساڵ شەوانە جلوبەرگی بۆ دەشۆردن و هەر ئەو شەوەش بە سۆبای داران لە جیاتی جلشۆر بۆی وشک دەکردینەوە، ڕۆژانەش نان و پێخۆری بۆ دەبردن بۆ ناو ئەشکەوت و چیاکان، بەتایبەتی ئەشکەوتی ڕژەکەی گوندی یاخیان. بەڵام دوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هیچ وەفایەک نەبوو بۆ باوکم و دایکم و هاوێنەکانیان، و ئەوانەی سەرمایان نەدیبوو هاتنە سەر حازری!

بە کورتی ببیرمەوە، بەهۆی ئەوەی باوکم بەردەوام بوو و دانەبڕا، ژیانی ئێمە زۆر تێکچوو و زۆر ئاڵۆز بوو؛ چونکە پێمان دەوترا «خێزانی پێشمەرگە»، ئەگەر هێرشی حکوومەت بهاتایە بۆ ناوچەکەمان، خەڵک لەسەر

ماڵ و حاڵی خۆی دادەنیشت و من و دایکم و خوشکم دەبراین بۆ گوندی کانیتوو، بۆ ماڵی مامە ڕەشەی ڕەحمەتی.

باوکی ڕەحمەتیم بڕیاری دابوو بنێرم بۆ ماڵی دۆستان و برادەران لە کانیتوو بۆ ئەوەی فێری خوێندن و زانست ببم و لە خوێندەواری بێبەش نەبم، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ ماڵمان چوو بۆ گوندی شارەستێن لە نزیک گوندەکەی خۆمان، و دوای ساڵێک گوندەکەمان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووخا و گواستراینەوە بۆ کۆمەڵگەی ناحیەی بنەجۆت، واتە لە ساڵی ١٩٧٩ بوو.

قۆناغەکانی خوێندن

لە ساڵی ١٩٨٠ چوومە قوتابخانەی بنەجۆتی تێکەڵاو، بوومە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، دواتر هاتمە قوتابخانەی بنەجۆتی کوڕان بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی. دواتر گواستراموە بۆ قوتابخانەی ڕێژینی سەرەتایی تێکەڵاو و تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم لەوێ تەواو کرد. سوپاس بۆ خوای گەورە قۆناغەکانی سەرەتاییم باش بڕی و پۆلی یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەمی سەرەتایی لە نیوەی ساڵ و لە سەری ساڵدا یەکەم بووم. لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی (١٠٢٤) نمرەم هێنا و دووەم بووم، لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی کە بەکالۆری بوو (١٠٧٠) نمرەم هێنا و سێیەم بووم.

دواتر بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی چوومە قوتابخانەی ناوەندی بنەجۆت و لە هەموو وانەکان بڕاو (مەعفو) بووم، لە پۆلی دووەمی ناوەندی لە ساڵی (١٩٨٦) لە نۆ دەرسان بڕاو و مەعفو بووم. لە بەرواری ١٩٨٦/١٠/١٦ کۆمەڵگەکەمان بەدەستی ڕژێمی بەعس وێرانکرا و ڕووخانی خانووەکانمان ڕزگارمان نەبوو، بەڵکو (١٨) نەفەرمان لێ گیران؛ ٩ کەسیان لە سێدارە دران، کە بەڕێز مامۆستا مەلا عوسمانی یاخیانی لە ناویاندا بوو، کە یەکێک بوو لە مامۆستاکانی خۆم و پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی کۆمەڵگەی بنەجۆت بوو. (٩) کەسەکەی تریش بە خۆیان و خێزان و منداڵەکانیانەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە عەمارە زیندانی کران.

هەندێک لە مامۆستا بەڕێزەکانم:

١. مامۆستا جەمال حەمە عەلی - بەڕێوەبەر (قەڵادزێ)

٢. مامۆستا جەلال ڕەبیعی

٣. مامۆستا بەکر کەرکوکی

٤. مامۆستا نوری هەولێری

٥. مامۆستا عەبدولڕەحمان خانەقینی

٦. مامۆستا سەباح ئەحمەد

٧. مامۆستا سەرگووڵ بابا عەلی - بەڕێوەبەر (سلێمانی)

٨. مامۆستا سەمیرە محەممەد (سلێمانی)

٩. مامۆستا نەرمین ئەحمەد (سلێمانی)

١٠. مامۆستا شەوبۆ ئیبراهیم (سلێمانی)

١١. مامۆستا کەژاڵ ئەحمەد (سلێمانی)

١٢. مامۆستا شوکریە عەبدوڵڵا (سلێمانی - خوا لێی خۆش بێت)

١٣. مامۆستا سەعادەت ساڵح فەتاح کەرکوکی

١٤. مامۆستا ئاواز ڕەمەزان عومەر (هەولێر)

١٥. مامۆستا ڕەسوڵ ئەحمەد بنەجۆتی

١٦. مامۆستا مەحموود سلێمانی

١٧. مامۆستا زەهاو سلێمانی.

ئاشنابوون بە حوجرە و مزگەوت:

لە ساڵانی هەشتاکان کە گوندەکان دەگوازرانەوە، هێشتا هەندێک باوەڕ لەناو خەڵکدا کاریگەری مابوو. ساڵی ١٩٨٣ بوو کە ئەو کات من تەمەنم ١١ ساڵان بوو، شەوێکیان نەنکم (دایکی باوکم) لەهۆش خۆی چوو، ئەو کات باوەڕیان وابوو کە پێویستە سوورەتی (یاسین) لەسەر بێهۆشان بخوێندرێت. لەبەر ئەوەی سەرەتای دابەزینمان بوو بۆ ئەو ناحیەیە و جادەکانمان قیرتاو نەکرابوون و سەیارەش زۆر کەم بوو، ماڵی مامۆستا ئاینییەکانمان زۆر دوور بوو بە پیادە نەدەگەیشتن، هەر ئەو شەوە باوکم بڕیاری دا و وتی: دەبێت بەیانی بچیتە مزگەوت تا سوورەتی یاسین بخوێنیت.

منیش ناچار گەردنم کەچ کرد. خوێندنی مەکتب ئەو کاتەش وەک ئێستا ٣ ڕۆژ بەیانیان و ٣ ڕۆژ پاش نیوەڕۆیان بووین. ئەو ڕۆژەی بەیانیان بوایە دوای نوێژی عەسران قورئانم دەخوێند، و ئەو ڕۆژەی پاش نیوەڕۆیان بوایە، بەیانییەکەی قورئانم دەخوێند. لە خزمەتی ئەم مامۆستا بەڕێزانە بەهرەمەند بووم:

١. مەلا ئیبراهیم خوڕخوڕەیی (یەکەم مامۆستام بوو لە سوورەتی الناس تا «ئەقرە»)

٢. مەلا ئیسماعیلی خەبات

٣. مەلا ڕەسوڵ بەردەکۆژی

٤. مەلا محەممەدی یاخیانی (مامۆستای گەورە)

٥. مەلا عوسمانی یاخیانی (شەهید)

٦. مەلا ئیسماعیل دۆڵەکۆمی

٧. مەلا حسێن سۆفیانی

٨. مەلا سەید محەممەد نیەڵۆچکەیی

٩. مەلا سەید ئیبراهیم نیەڵۆچکەیی

لە خزمەتی ئەم زاتانە قورئان، ئەحمەدی، دوورشتە، فەتحی قەریب و تەفسیری قورئانم خوێند.


بانگخوازوپەروەردەکار
ی بەتواناماموّستا سید
ئیبراهیم مستەفاعیسا
نوّلّەچکەیی ١٩٥٥-٢٠١٤

شەهید/ماموّستا ملا عثمان باخبار

ئاوارەیی و ژیان لە ئێران :

دوای ساڵی ١٩٨٦ و ئاوارەبوونمان ماڵمان چوو بۆ ڕکاوا لە قەزای دوکان. لە ساڵی ١٩٨٧ لە دوکان چوومەوە قوتابخانەی ناوەندی و لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەستم بە خوێندن کردەوە، بەڵام چونکە باوکم سەربازی هەڵاتوو بوو، لە ترسی دامودەزگاکانی بەعس دەستبەرداری خوێندن بووم. پاشان چووینە گوندی مەمەندواوە، دێلێژە و قەرەتەپە. لە گوندی دێلێژە بە دیداری مامۆستا مەلا مستەفا مەلا قادر شاد بووم.

لە ساڵی ١٩٨٨ مامۆستا عەلی باپیر و هاوڕێکانی بە جەولەیەک هاتنە دەقەری مەرگە تا سەرگەڵوو، لە گەڕانەوەیاندا هاتنە گوندی خورخورە و شەوێک مانەوە، بەیانی منیش لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتم بۆ قەڵاتووکان و قەندیل، بۆ خوێندن و پێشمەرگایەتی. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هێرش کرایە سەرمان، زۆربەی سنووورەکان داگیر کران و گوندەکان سووتێنران، لە زستانی سەختی ١٩٨٨ لە گوندی مەرگەوە تا سەرگەڵوو وێران کرا. ماڵی باوکم بە ڕێگای سەفرە و زەرونە و دۆڵی شێخ محەممەدەوە ئاوارەی ئێران بوون.

لە ساڵی ١٩٨٩ خەڵکی گوندی پێشاسپ داوایان لێ کردم بۆ مانگی ڕەمەزان ببمە پێشنوێژ و وتارخوێنیان، کە تەمەنم ١٧ ساڵان بوو. دواتر لە سەردەشت و شێوە برایمەر و بێزیلە درێژەم بە خوێندن دا. لە ساڵی ١٩٩٣ لە گوندی زوران بوومە پێشنوێژ و وتارخوێن. لەوێ بوومە خاوەن هاوسەر. لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ لە دارسەوین و بەڵاو مامەوە.

Osman Sktary
شاعیر بەجلی
پێشمەرگایەتی
لەقەڵاتوکان
١٩٨٨لەتەمەنی١٥ساڵیدا

گەڕانەوە بۆ کوردستان :

دوای ئەوەی لەلایەن حکـوومەتی هەرێـمەوە ئاگـادار کـراینەوە کە هەر خێزانێـک بگەڕێـتەوە کوردسـتان پارچەیەک زەوی و کەلوپەلی خانووی پـێ دەدرێت، گەڕاینـەوە کوردسـتان. بەڵام بەداخەوە بەهـۆی سیاسـەتی حیزبایەتییەوە مافمان پێ نەدرا و وەک هاوواڵاتییەک سەیر نەکراین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووم.

لە ساڵی ١٩٩٦ لە خەلیفان نیشتەجێ بـووم، دواتـر چـوومە شـەقڵاوە و دوای ١٠ سـاڵ دابـڕان گەڕامەوە بەر خوێندن. لە ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ لە کۆڕێ، پیرمام و بنەسڵاوە بـووم. لە سـاڵی ٢٠٠٣ بـوومە پێشـنوێژ و وتـارخوێنی مزگەوتـی ئەحمەدی نـانەکەلی. لە سـاڵی ٢٠٠٤ بەهـۆی نەخۆشـیی بـاوکمەوە گەڕاینـەوە ڕانـیە و باوکم لەوێ کۆچی دوایی کرد.

لە سـاڵی ٢٠٠٥ بـوومە پێشـنوێژ و وتـارخوێنی مزگەوتـی حاجیـا خەجـاو لە ڕانـیە، لە ٢٠٠٧ تـاقیکردنەوەی «تەعـدیل شـەهادە»م لە وەزارەتـی ئەوقـاف بە سـەرکەوتوویی تێپەڕانـد. لە ٢٠١٠ پەیمانگـای زانسـتە ئیسـلامییەکانم لە ڕانـیە تەواو کـرد. ئێسـتا لە شـاری ڕانـیە نیشـتەجێم، خـاوەنی دوو خێـزان و شـەش منـداڵم، پێشـنوێژ و وتـارخوێنی مزگەوتـی خێرخـوازانم لە ڕانـیە و بەرپرسـی نـاوچەی ڕانـیەی یەکێتـی زانایـانی ئـاینی ئیسلامی کوردستانم.

تێبینی: تا ئێستا ٩ جار خانووم دروست کردووە و ٢٢ جار مـاڵم بـار کـردووە. ئەم ژیاننـامەیەم بـۆیە نووسـیوە چونکە یەکەم بەرهەممە لە ژیانمدا و پێویستە نووسەر ناسراو بێت.

براتان

مەلا عەبدوڵڵای خوڕخوڕەیی

ڕانیە - ٢٠٢٣/٩/٣

سردشت

شیعرەکانی دیوانی غوربەت :

١-ڕێبازەکەم :

(یەکەم هۆنراوەم لە ژیانمدا)

ئەڵێم بەنووکی خامەکەم

بنووسە بۆ ئیسلامەکەم

بەزایە ناچێ فیدایی

بۆ ڕێبازی قورئانەکەم

ئەو قورئانەی کەوا پڕە

لەفەرمانی یەزدانەکەم.

قەندیل – قەلاتووکان

١٩٨٨

٢-مەبەستم:

(دووەم هۆنراوەم لە ژیانمدا)

ئەی ئەو کەسەی ئەتپەرستم

تۆی خوام و لێم ناداری

بەرنامەکەم قورئانە

کەبۆت ناردووم بەدیاری

لەهەر شوێنێکی دونیابم

تۆ بەسەرما ئاگاداری

بە نەهێنی و بەئاشکرا

هەموو کاتێک خەبەرداری

قەندیل - قەلاتووکان

١٩٨٩

٣-شیعرەکانم :

شیعرەکانم زۆر ناڕێک و نەشیاو و نالەبارن
ڕێبواری ڕێگایەکی زۆر درێژو بێ ڕێبوارن
شیعرەکانم ئاوارەو لانە لێتێکچوو حەیرانن
دڵی بریندارێ دایکێکی کوڕ کوژراو ومالە وێرانن
شیعرەکانم بێڵی دەستی قلیشاوی کرێکارن
زۆر ماندوون و بریندارن و شەوو ڕۆژان بەئازارن
شیعرەکانم خامەی دەستی ڕۆشنبیری بەویژدانن
کۆڵنەدەرن تا دوا تەمەن خزمەت ئەکەن تا دەتوانن
شیعرەکانم هەستی دڵی پزیشکێکی وەفادارن
بۆ ژانی گەل هەموو کاتێ ئامادەن و فیداکارن
شیعرەکانم مامۆستایەکی زیرەک و بڕوادارن
چاو ساغێکی شارەزان و لەترسی ڕێ ئاگادارن
شیعرەکانم سۆزی دڵێ بولبولێکی سەرگەردانن
لەبازاڕی گرانیدا زۆر دەست کورتن و زۆر هەژارن

سەردەشت – گوندی بەڵاو
١٩٩٦-٨-٩

٤-ئیسلام هەر ئەمێنێت:

ئەی موسوڵمانان ڕۆژمان هاتەوە
جیهان بۆ ئیسلام بانگەداتەوە
هیواو ئاواتمان بەرنامەی خوایە
گیانی بۆ دانێین زۆر زۆر ڕەوایە
وایان ئەزانی دوژمنانی دین
قورئان نامێنێ لەسەر ڕووی زەمین

پیلانیان زۆر کرد بۆ نەهێشتنی
بەڵام خوا فەرموویە هەر ئەیپارێزن
براێ موسوڵمان هەستە ڕاپەڕە
خودا ئەفەرموێ تواند هەڵمەت بەرە
هەتا حوکم بکات بەرنامەی ئیسلام
ئەگەر ئیسلام نەبێت حاڵت زۆر شڕە
پێغەمبەری تۆ هەر شۆڕشی کرد
هەتاکو سەندی مافی درشت و وورد
پێویستە کەتۆش ڕێگای ئەو بگری
تا بەزەلیلی و کەساسی نەمری
گەنج و لاوەکان، ئەی خوا پەرستان
ئەی ئیسلام دۆستان، ئەی خۆنەویستان
بەخوێنی ئاڵو گەشی پیرۆزتان
ئاسکرای بکەن ڕازو مەبەستان

سەردەشت گوندی بەڵاو
١٩٩٦

٥-ئیسلام دادگەری و یەکسانییە:

لەکاتێک کە ئیسلام هات ئاغاو ڕەعیەت ڕۆژگاری بوو
بێ دادگەری و ستەم کردن مۆدێل کاری و بەهاری بوو
بەندایەتی و ژێر دەستەیی زۆر بەگەرمی بازاڕی بوو
لەسایەی خوێنی هەژاردا سەرمایەدار تەلاری بوو
ئەو ئافرەتەی کەپێکهاتەی نیوەی کۆمەڵی ئینسان بوو
بۆ داهاتی وەچەی مرۆڤ زۆر بەرەحم و دڵۆژان بوو
بەڵام لەبەر نەفامیەتی بێ بەش لەخۆشی ژیان بوو
بەڵکو لەجیاتی ڕێزگرتن جێگاو ڕێگەی ناو چاڵان بوو

ئیسلام فەرموویە لەهەر کوێ بێت، خەڵکی هەر هەمووی یەکسانە
ڕەش بێ یا سپی بێ یەک ڕێزە، هەر بەوێنەی دەنکی شانە
پێوەرو تەرازووی خوا بۆ مرۆژایەتی قورئانە
لەناو ئەویش سەنگی مەحەک تەقوایەو لەخوا ترسانە

سەردەشت گوندی بەڵاو
١٩٩٥

٦-بۆ قورئانی پیرۆز:

لەو ڕۆژەوە کە خوای گەورە مرۆژی دانا لەسەر زەوی
هیچ کات لێی بێ ئاگا نەبوو تا لەبڵندان نەبێ نەوی
وەکو دەرسی قوتابخانە بەرنامەی جوانی بۆ دانا
ئەگەر ڕێنموونی خوا نەبێ مرۆژایەتی سەرگەردانا
ئادەم پۆڵی یەکەمی خوێند بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی
ئینجا باقی پێغەمبەران پۆڵ لەدوای پۆڵ دائەنرا بۆی
هەتا جیهان بەرەوپێش چوو بەرنامەی خوا تەواوتربوو
یاسای کۆتایش قورئان بوو لەهەموو کاملّتر بوو

سەردەشت گوندی بەڵاو
١٩٩٥

٧-بەرنامە و سەرکردەی ڕاستەقینە:

چاوم گێڕا لە دونیادا زۆر سەرکردەم هاتە بەرچاو
ویستم یەکێک لەوانە بۆم ببێتە جەرگ و هەناو
هەر کامیان هاتە مەیدان بانگی ئازادی دەرپڕی
بە قسە و گوفتارەکانیان یەکجار دوور بوون لە قۆڵ بڕی
هەر هەموویان هاواریان کرد پشتیوانی چەوساوانین
ئێمە کاتێک خەبات ئەکەین دژی لێقەوماوانین
یەکێک لەوان فیرعەون بوو کە داوای خوایەتیی ئەکرد
بە هێزی ئاگر و ئاسن خەڵکی بەندایەتیی ئەکرد

لە بەرامبەری ئەویشدا موسای بەڕێز خۆی نیشان دا
وتی: منیش خەڵکم دەوێت بە بێ ترس و بە بێ ماددە
یەکێکی تر نەمرودێک بوو کابرایەکی زۆر بێ ویژدان
لە بەرامبەری ئەویشدا ئیبراهیم بۆی هاتە مەیدان
هەموو نێردراوانی خودا بەڕێز هاتن بۆ سەر جیهان
دوژمنی زۆریان پەیدا بوون، مرۆڤانی سیفەت شەیتان
هەتا ڕابەری کۆتایی گەیشتە چلەپۆپەی ژیان
بەڵام ناحەزی پەیدا بوون بە سەدان و بە هەزاران
ئینجا لە دوای محەممەدیش زۆر پیاوی تر خۆیان ناساند
مارکس و لینین و ئەنگڵس سنگی خۆیان لێ دەرپەڕاند
لەگەڵ ڕێبازی ئیسلامیش، ڕێبازی تر زۆر پەیدا بوون
تەرازوویان لە دەست دابوو، بەڵام هەموو پەتیان پسابوون
ئەم دوو ڕێگایەی باسمان کرد سەرچاوەیان لە خواوە بوو
بەڵام چونکە شێواندیانن بۆیە وەک بەفری تواوە بوو
ئینجا بەرنامە داهاتن بە زۆر ڕەنگ و بە زۆر شێوە
بە ڕواڵەت و بە دەرەکی سەدان دروشمی جوانیان پێوە
یەکێک لەوان کۆمۆنیست بوو کە حەفتا ساڵی حوکمی کرد
بۆ یەکەسانی ژیانی خەڵکی بە گەرمی دەست و بردی کرد
لە دوایدا ئاشکرا بوو، بابە درۆیە و خەڵەتانە
هەر کەس بۆ خۆی هەوڵ ئەدا شۆڕشی گیرفان و نانە
ووتیان: نەخێر دیموکراسی بەکەڵک دێت و ڕادەربڕینە
هەرچی بە دڵت پێی خۆشە بە کەیفی خۆت بیدرکێنە
ئینجا کاتێک لە پەراوێز و شوێنەواریان وورد بووینەوە
بە ڕابردوو بە خەبات و بە مێژوویان داچووینەوە
بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆوە ئەو بەرنامە و سەرکردانە
مادام دوورن و لایان داوە لە ڕێبازی ئەم قورئانە
تەنها یەک مەبەستیان هەیە ئەویش کە خۆیان تێر ئەکەن

هەرچی خەڵکی تریش هەیە هەمووان برسی و زەبوون ئەکەن
ئەبێ بڵێین: لە مێژوودا تەنها «محەممەد» ڕاستگۆیە
مرۆڤێکە دۆستی ڕاستی و دژی دەڵەسە و درۆیە
وەهەروەها ئەو بەرنامە و یاسایانەش کە دانراون
ڕێگای خوارن، گومڕاکەرن، هەموو قوڕاو و چلپاوان
بۆ هەموو جیهان سەلمێندراوە هەر ئیسلام ئەمینێتەوە
کە بەڕاستی لە دەستی دێت خەڵکی بحەسێنێتەوە
ئیسلام باوەشی زۆر گەرمە خەڵکی ئەحەسێنێتەوە
شوێنکەوتووی ڕێگاکانی تر دەست بەتاڵ ئەمینێتەوە
(گوندی بەڵاو – سەردەشت، ١٩٩٥)

٨-ئەگەر ئیسلام حوکم نەکات:

ئەگەر بەهاری ژیانم پڕ گوڵ و لالە و نەسرین بێت
ئەگەر هاوینی ژیانم کار و کاسبیم بەرین بێت
ئەگەر پایزی ژیانم پاشەکەوتم بە پێی ژین بێت
ئەگەر زستانی ژیانم ماڵم زۆر گەرم و بەتین بێت
مادام ئیسلام حوکم نەکات بەهارم نارازاوەیە
ئەگەر پلە و پایە و ڕێزم لەناو دەستەی وەزیران بێت
ئەگەر ناو و ناوبانگی من وردی سەر هەموو زاران بێت
ئەگەر خزم و کەس و کارم بە سەدان و هەزاران بێت
ئەگەر هێز و دەسەڵاتم وەک پاشایانی جیهان بێت
مادام ئیسلام حوکم نەکات من هەر خۆم پێی چەوساوەیە
ئەگەر سەر و سیما و جوانیم وەک یوسفی ناو زیندان بێت
ئەگەر قەد و باڵا و لەشم وەک چناران لە ئاسمان بێت
ئەگەر خێزان و هاوسەرم وەک حۆریی بەهەشتان بێت
ئەگەر منداڵ و ئەولادم هەروەکو عیلمانی جوان بێت
مادام ئیسلام حوکم نەکات عومرم وەک بەفڕی تواوەیە

ئەگەر عیلم و زانیاری من وەک دەریایان فراوان بێت
ئەگەر سەروەت و سامانم وەک لێزمەی بەهاران بێت
ئەگەر جێ و کۆشک و تەلارم وەک «تاق وەستانی» یاران بێت
ئەگەر خواردنی ساڵانەم وەک هەنگوینی شاران بێت
مادام ئیسلام حوکم نەکات چرای ژینم کوژاوەیە.

(گوندی بەڵاو – سەردەشت، ١٩٩٥)

٩-مزگەوت:

مزگەوت چەند شیرینە
جێگەی ئارامی و ژینە
دەڵێی نان و هەنگوینە
جێگەی دینداری و دینە
مزگەوت ماڵی خوایە
جێگەی دین و تەقوایە
ئاشتی و ئارامی تیایە
جێگەی هەوڵ و تەقەڵلایە
جێگەی نوێژ و جەماعەتە
جێگەی دین و سیاسەتە
دووڕە لە بەڵا و موسیبەتە
زانستگای عەدالەتە
جێگەی دەرس و تەفسیرە
شوێنی حەدید و سیرە
جێگەی فیکر و تەدبیرە
دژی درۆ و تەزویرە
جێگەی ژن مارەکردنە
جێگەی شەکر و ئاو خواردنە

جێگەی هەژار دیتنە
دژی سستی و خەوتنە
(ڕانیە، ٨-٨-٢٠١٥)

١٠-ئیسلامی بەرز و مرۆڤی سەرلێشێواو:

کێیە دەڵێ چاخی ئیسلام بەسەر چووە زۆر نەزانە
بە بەڵگەی زانست و مەنتق بێ شعوورە وەک حەیوانە
حاڵ و وەزعی زۆر تێکچووە سەرگەردان و پەریشانە
بێ بەشە لە بەهرەمەندی نە ئیسلامە و نە ئینسانە
ئاو و هەوای لێ گۆڕاوە زۆر نەخۆش و بێ دەرمانە
نەخۆشییەکەی بێ باوەڕییە دەیکوژێت وەک شێرپەنجەیە
ڕۆژی ڕووناکی لا تارە لە بەرچاوی وەک شەوانە
ئاوی شیرینی لە زار تاڵە زۆر بێ تامە وەک سندانە
لە لای خۆی ڕۆشنبیرە و لە ڕیزی فەیلەسووفانە
خەڵکی پێی کۆنەپەرست و بەجێماو و هیچ نەزانە
زۆر بەرز بۆ خۆی دەڕوانێت وا دەزانێت لە ئاسمانە
بەڵام بیری زۆر قرتۆکە و وەک گوێز پوچەڵانە
مێژوو چاک سەلماندوویەتی کە ئیسلام شێری مەیدانە
سەدان بەرنامەی بەزاندووە و وتی: جێتان زبڵدانە
ئەگەر کوفر شەوگەزەنگە، ئیسلام سپێدەی بەیانە
ئەگەر کوفر زوڵم و زۆرە، ئیسلام دادگەری و یەکەسانە
ئێستاش کاکی سەرلێشێواو وەرە بۆ لای ئەم قورئانە
هەردوو دونیات مسۆگەرە، چونکە ڕێگای تەخت و جوانە

(سەردەشت، گوندی بەڵاو، ١٩٩٥)

١١-ڕاستی ئیسلام و درۆی کوفر:

بەناوی خوای خۆشەویست

خاوەنی ئیرادە و ویست

پێغەمبەری هەڵبژارد

تا بێنێت ئازادی و داد

ئیسلامی ڕەوانە کرد

تا خۆشی بێت دەست و بـرد

تا هەموو کەس بزانێت

قەد و ڕێزی ئینسانێ

ئەگەر حەق و ماف هەبێت

ئیسلام زامنی دەبێت

دەنا برای وشیارم

ڕۆشنبیر تا جووتیارم

کاکی سیاسی و ڕامیاری

دیلی دەستی زۆرداری

چی ڕێگای غەیری خوایە

وەکو ژەهری مار وایە

سەرەتا شیرین و جوانە

دوا ڕۆژی لێ قەومانە

هەر هەمووی تەفرەدانییە

دوور لە واقیعی ژیانە

هەتا خوێنت ئەڕێژن

لەناو خاکا ئەتنێژن

ڕەنجەڕۆی هەردوو دنیای

لێ قەوماو و بەتەنهای

دەست بەتاڵی دواڕۆژی

دەبێ فرمێسک بڕێژی

ماڵ و منداڵت بێ ناز

کەوتوونە ڕێگای هەوراز

هیچ کەسێک لێی ناپرسێت

نە خزم و کەس نە دراوسێت

چونکە ئەم قۆڵ بڕانە

مەبەستیان پارە و نانە

بۆ گەیشتن بەم ئاواتە

خوێنی تۆیە خەڵاتە

کورسی و مەقامی ئەوان

بە خوێن دەچێتە ئاسمان

ئێستاش برام بابەس بێت

تەنها ئیسلام مەبەست بێت

یاسای دین و دنیایە

تەنها ئەوەش ڕەوایە

بۆیەش حەق و ڕاستییە

چونکە خواپەرستییە

(هاوینە هەوای پیرمام، ٢٥-٤-١٩٩٧)

١٢-دەنگ و ڕەنگ:

پرسی لە دەنگ

چییە لە ڕەنگ؟

وتی: وێڵم

بۆ قسەی جەفەنگ

من عەوداڵم

بۆ هەموو ڕەنگ

وتم: گیانە

زرێنگ و بریقە

فریوت نەدات

ڕۆژت لێ بکا بە شەوی زەنگ

چونکە زۆر جۆری ڕەنگیش هەیە

سنگت ئەدڕێت وەک تفەنگ

ئەوەی کە تۆ ڕزگارت ئەکا

بیر و هۆشت بەکار ئەخا

بیرە، زانستە، حیکمەتە

زوو پەیدای کە مەکە دوا و درەنگ

ئەم بەهرانەش بەهەوێنن

هەوێنی ڕاستەقینەشیان

بەسی ئیسلامە دوورە لە جەنگ

بەختەوەری هەموو دنیای

لەناو سینەیدا داناوە

پێت ئەڵێت: وەرە لای من

نەک لای مرۆڤی پیس و دڵ تەنگ

ئیسلام ئەڵێت: ئەری دەنگە

بە چاوان دیت چەندین ڕەنگە

کاتێک سوڵتەیان کەوتە دەست

بە دیاری بۆ خەڵکیان هێنا

هەرچی سووکایەتی و نەنگە

خوێنی چەندین ڕەش و ڕووتیان

لە کاسە کرد

لە ناکاو قرتیان کردەوە و

وتیان: کێ ئێوەی ئەناسێت؟

بە باسی ئێوە مێژوومان

تەرازوومان پێی لاسەنگە

(شەقڵاوە، ١٣-٨-١٩٩٧)

١٣-کۆتری سپی ئاشتی

(پێشکەشە بە گیانی پاکی مامۆستای شەهید (ئ.م.ز) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

بە چاو دیتم

لەناو جەرگەی شاری سنە

کۆتری سپی ئاشتی فڕی

کە بەڕاستی

ئاشتیخواز بوو

تینووی حەق و عەدالەت بوو

یەکجار دوور بوو لە قۆڵ بڕی

بە دوای کەوتم

وتم: بۆ کوێ؟

بۆ کوێ دەچیت؟

هاتوومە لات

من میوانم

چاوەڕوانم

بە قوربانم

وتی و دەیووت:

دانیشە

تۆ لێم گەڕێ

چاوەڕوان بە

من دێمەوە

چونکە ئێستا وا گوێم لێیە

نالەی هەزاران لە هەژار

بە شوێنمەوە

تۆ دانیشە

دڵ سارد مەبە

کاروانی درێژی باوەڕم و

ناپسێمەوە

وتی: چونکە

من هەڵگری پەیامێکم

تایبەت نییە

بە وڵاتێک

یا بە شوێنێک

یا بە شارێک

دەرمانی هەموو دەردێکە و

بارانێکە لە گشت جێیەک

دا ئەبارێت

وتم: گیانە

خۆ ئەزانم

تۆ حەکیمیت

تۆ ڕەنگی جوانی بەهار و

شنەبای خۆشی نەسیمیت

تۆ پچڕێنەری کۆتی

دەستی هەزاران بێ نەوای

تۆ لایە لایەی دڵی

هەزاران منداڵی ساوای

تۆ بنیاتنەری

جیهانێکی

ویستی خوای

تۆ هەڵگری مەشخەڵی ڕووناکی و

ئاڵای دەستی

پێغەمبەری پێشەوای

بەڵام ئەو تاریکبینانەی

کە دوو باڵی

تۆیان قرتاند

کە گیانی بێگەردی تۆیان

بەرەو بارەگای خوا فراند

با ئەوانە دڵنیابن

تۆ سەرچاوەی

بە هەزاران دەشتی بێ ڕووین

وشک نابێت و دانانەوێت

تۆ تووفانی

بە هەزاران بەربەستی زل

نانیشێتەوە و قەت ناسرەوێت

تۆ وەک شاخی

بە هەزاران بۆمب و ئەتۆم

نەرم نابێت و داناکەوێت

تۆ وەک باخی

بە هەزاران گێژەڵووکە

بێ بەر نابێت و قەت ناخەوێت

ئێستاش شەرتت

لەگەڵ ئەکەین

کاروانی پڕ بەرەکەتت

هەردەم

درێژە پێ ئەدەین

یان ئاواتی

بەرزی جوانت

لە سەر ئەم ژینە

سەر ئەخەین

یان وەک تۆی مامۆستامان

خۆمان بەرەو

زیندان ئەبەین

(سەردەشت - گوندی بەڵاو، ٣-٧-١٩٩٦)

١٤-زۆر لەمێژە (ئیسلام و کورد)

زۆر لەمێژە ئیسلام و کورد دەستەملانن

زۆر لەمێژە ڕۆح و لەش و خوێنی دڵانن

زۆر لەمێژە نان و ئاوی کانیی سازن

زۆر لەمێژە بێچوو باڵندە و هێڵانن

زۆر لەمێژە مزگەوت و دێ هاوتەمەنن

زۆر لەمێژە لە کەنیسەی پەشیمانن

زۆر لەمێژە حوجرە و ئەدەب هاوتەریبن

زۆر لەمێژە قەد و باڵا و سیمای جوانن

زۆر لەمێژە مێژوو و قورئانمان ئاوێتەن

زۆر لەمێژە گوڵ و میوە و سفرەی خوانن

زۆر لەمێژە گۆڕ و تینی گەنج و لاون

زۆر لەمێژە پشتی پیر و حەیزەرانن

زۆر لەمێژە دەرمانی دەرد و سارێژن

زۆر لەمێژە پزیشکی بەویژدانن

زۆر لەمێژە وەکو مامۆستا و شاگردێک

هەردوو دیوی دراوێکی قەدەر گرانن

زۆر لەمێژە باوک و ڕۆڵەی خۆشەویستن

زۆر لەمێژە خاک و خەڵکی نیشتمانن

زۆر لەمێژە بولبولێکی ئاوازخۆش و
گوڵ و گەڵا و دیمەنێکی بەهارانن
زۆر لەمێژە مێژووی چەندین ساڵەی کورد و
کەلەپوور و کەلتوورەکەی کوردستانن
زۆر لەمێژە وەکو دوو هاودەمی بەڕێز
بێ یەک ناژین، نرخی یەکتر دەزانن
ئەگەر ئەمڕۆش کەسێک بێت و لێکیان بکات
هەردوو دەڵێن: بابە ئێوە سەرگەردانن
کەی دەگونجێت ئاو و ماسی بێ یەک بژین
ئەوکات ئێوە براوەن و شادومانن
کەی دەگونجێت مرۆڤ بژیت بێ ئۆکسجین
ئەوکات ئێوە، خاوەن پڕۆژەی جوانن
کەی سەوز بوو دارخورمایەک لە چیای قەندیل
ئەوکات ئێوە، سەرکەوتوون و تاکتیک زانن
بۆیە هەتا دونیا مابێت دڵنیابن
ئیسلام و کورد ئەستێرە و مانگ و ئاسمانن
(ڕانیە، ٢٠-٧-٢٠١٩)

١٥-چارەنووسم لای کێیە؟

لە ژێر چیای بەرزی سەفین
کەوتووم بەر ڕاگەیاندە ماوم
بەهۆی دەردی ئاوارەیی
لەناو ناخی خۆم سوتاوم
چاک ئەزانم گرفتارییم
نەخشەی دەستی دوژمنانە
ئەگینا ئەم حاڵە تا کەی
چەندین ساڵە پڕوزاوم

خۆ لەو کاتەی عەدلی عومەر
خوات حافیزی کرد لە جیهان
ڕۆژ بە ڕۆژ چارە ڕەشییە و
لە ژێر بەناو مافی مرۆڤدا
خەڵەتێنراو و کەپ کراوم
تاقە ڕێبازێکیش کەوا
بە بەڵگە سەلماندبێتی
تاکو ئەمڕۆی منیش هاتووە
بە تاقی تەنها ئیسلامە
کەوا ڕێزی بۆ داناوم
چونکە پێغەمبەری ئازیز
کاتێک ڕابرد کرێکاری دی
دەستی بەرز کرد ماچی کرد
فەرمووی: ئەتۆیی هەردوو چاوم
ئێستاش جیهان چاوەڕێیە
کە ئیسلام بگەڕێتەوە و
عومەرێکی تر بێتە گۆڕ
دەست بەرز کات و بڵێت ماوم
چونکە بەرنامەی دەستکردی
هێندە هاتن و تەزاندیانین
سەدان جار چاو بەستیان کردین
مرۆڤ هاوار ئەکاو ئەڵێت:
ئەرێ من بۆچی خولقاوم؟
(سەرمەیدان – شەقڵاوە، ١٦-٨-١٩٩٧)

(کاتی شەڕی ناوخۆ و کوردکوژی)
نان پەیداکردن لە ئیسلامدا

ئارەق ڕشتن کاسبییە

یعنێ خوداپەرستییە

نان پەیدا کردن پیرۆزە

خزمەتە بە گەل و هۆزە

لە فەرموودەی پێغەمبەرە

مرۆڤی تەمەڵ بەدفەڕە

خودا ئەو کەسەی خۆش دەوێت

بە دوای ڕزق و ڕۆزی کەوێت

لە فەرموودەی ڕابەرماندا

پیاوی چاکمان نیشان دەدا

پیاوی مەرد و ڕاستەقینە

شوێنکەوتووی ئیسلام و دینە

هەروەها پیاوی دنیایە

چونکە جێگەی تاقیگایە

کەواتە لە یاسای خوادا

دین و دنیا یەک بەرنادە

هەم خواپەرستی و خوا ناسین

هەم دنیا و بەڕێوەچوونی ژین

نەک وەکو مەسیحییەت دەڵێت:

دین بگرە و لە دنیا هەڵێ

وە نەکو وەکو مارکس دەڵێت:

هەر بۆ ماددە بڵێ بەڵێ

کەواتە ڕێی میانەڕەو

کە بە ژیان ئەدا بڕەو

تەنها یەک ڕێبازە و بیگرە

ئیسلامە و دەستی پێ بگرە

چونکە تەنها خوا دەزانێت

بۆ هەر دەردێک دەنێت دەرمانێک
(سەردەشت – گوندی بەڵاو، ١٩٩٥)

١٧-شوێن و باوەڕم

لە کوردستانم و ئیسلام ڕێبازمە
هەر ووشەی «اللە» سۆز و ئاوازمە
محەممەد چرا و چاوساغی ڕێمە
دروشمی ژینە و تا مردن پێمە
قورئان پەیرەو پرۆگرامی ژینمە
گەڕنا ڕەنجەڕۆی دونیا و دینمە
موسڵمان گلێنەی چاوی شیرینمە
بڕبڕەی پشت و توانا و تینمە
(بانە – گوندی دارسەوین، ١٩٩٤)

١٨-هۆ هەڵەبجە:

ئازیزەکەم
هۆ هەڵەبجە
دوای شەهیدیت
بۆمان دەرکەوت
چەند پێویستی و چەند نازداری
تۆ دەنگی چەوساوەی خەڵکی
کوردستانی بریندار ی
تۆ نیشانەی ئاوەدانی و
ڕەنگی ڕازاوەی بەهاری
تۆ دیمەنی دڵفڕێنی
گەشاوەی گوڵ و گوڵزاری
تۆ ڕێبواری ڕێگای خوداو

پێغەمبەری پێشەوا و

هەر چوار یاری

تۆ چریکەی لارتەزێن و

فەوتێنەری ئەژدیهایت و

ڕووخێنەری کۆشک و قەڵای

ستەمکاری

بۆ سەندنی

مافی خوراوەی هەژاران

بە پەڕۆش و دەردەداری

تۆ خوشک و برای

هێرۆشیما و نازاکی

بێ قەراری

بەڵام خوێنڕێژان بزانن

خوێنی سوورت

لەبیر ناچێت

کە هەژاری

حەتمەن ڕۆژێک

دەچریکێنێت و

دەڵێت و

منم

لێتان ئەدەم

ڕەنگ و مۆری شەرمەزاری

(کۆری، ١٩٩٩)

١٩-بۆ هاوباوەڕم

(لە بەرواری ٩-٤-١٩٩٧ چوومە سەردانی بەڕێز / مامۆستا مەلا خدری عەبدوڵڵایی لە گوندی نەبیاوای میراوای سەردەشت، کە لە ماڵەوە نەبوو بەداخەوە.)

خۆشەویستەکەم هاتمە دیدارت

بەڵام تۆ چوو بووی بۆ ئیش و کارت

ئاواتەخواز بووم چاوت ببینم

تا سارێژ ببن دەرد و برینم

بەڵام گیانەکەم هەر چاوەڕوانم بووم

من شەو و ڕۆژێک هەر سەرگەردان بووم

لە کۆتاییدا بە نائومێدی

من گەڕامەوە و گیانە تۆم نەدی

(گوندی نەبیاوا - میراوەی سەردەشت، ٩-٤-١٩٩٧)

٢٠-دەردی غەریبی

دەردی غەریبیم دیتووە، بۆیە دەردی غەریبان دەزانم
تاڵی و ترشیم زۆر چەشتووە، بۆیە هاوار ئەکەم پڕ بە زمانم
ژیانی گەنجیم بەڕێ کرد خۆشیم نەدی بە چاوانم
تەمەنی لاویم بەسەرچوو دوور لە خاک و نیشتمانم
بەڵام ناخۆشی و ئێش و ژان هەتا زۆر بێت بە ئیمانم
بێ باکم لە دەردەسەری چونکە خوایە پشتیوانم
چاک ئەزانم کە پێغەمبەر غەریبیی دی بۆ قورئانم
بۆیە ئەگەر ڕێی ئەو بگرم ئەزانم ئەهلی ئیمانم
بەڵێن تازە ئەکەمەوە تا هەبم بەندەی ڕەحمانم
ڕاستە کەوا من غەریبم دوورم لە خۆشەویستانم
خوایە لێت ئەپارێمەوە غەریبی ڕێگای قورئان بم
نەوەکو ڕەنجەڕۆی دونیا و بەدبەختی ڕۆژی پەسڵان بم
(سەردەشت – گوندی بەڵاو، ١٩٩٥)

٢١-ئومێد

هەرکەسێک خاوەن هەستە - خاوەن دڵ و مەبەستە
ئیسلام بەرنامەی ژیانە - پشتت بە خوا ببەستە
لە دوای دەوڵەتی قورئان - کە کوفر هاتە مەیدان
خێر و خۆشی باری کرد - ژیان تاریک بوو وەک زیندان
نەبووە وەکو محەممەد - لەمەوپێش و تا ئەبەد
هێندە خەڵکی مەبەست بێت - دوور بێت لە کاری بەد
ئەم هەموو فاک و فیکە - هێشتا کوفر فەریکە

لە دیوی دەرێ دیکۆر - لە ناوەوە تاریکە
کۆنفرانس زۆر دەگێڕێت - زۆر دەکرێت ڕاو تەدبیرێت
هەتا چارەسەر هەبێت - بۆ داماو و هەژارێت
چونکە لە دڵەوە نایە - بەردەوام هەر هەڵایە
گەر بەرژەوەندی نەبێت - وەک با و ڕەشەبایە
هەمووی خزم خزمێنە - دەڵێت دیاریم بۆ بێنە
قەت ئیش ناکەن بۆ خوا - مافی خەڵک سوتێنە
چونکە لە خوا ناترسن - لە هەژاران ناپرسن
بە ئارەزوو ئیش دەکەن - خەڵکی چ تێر چ برسن
لە وەتەی دونیا هەیە - ئینسان لەناو کێشەیە
قەت نەحەساوەتەوە - کوفر هەر ئەمەی پێیە
بەڵام بە چاو بڕوانە - مێژوو چەند ڕوون و جوانە
لە سەردەمی پێغەمبەر - ژیان بەمانایە ژیانە
چونکە لە لای خواوە بوو - سیفەتی ڕازاوە بوو
بەڕاستی دڵسۆزیی وی - سێبەری چەوساوە بوو
(چوارقوڕنە، ١١-١١-٢٠٠٥)

٢٢-هیوایەتم:
لێم مەپرسە بۆ وا وێڵم بۆچی ئەمن وا غەمبارم
سەرگەردانم لە تاریکی بۆچی وا لە ژین بێزارم
ڕەنگە بڵێی لە چیت کەمە، خاوەنی چەندین نیعمەتی
وەزعت باشە لە دونیادا، بەڵام تۆ هەر بێ هیممەتی
ئەڵێم: ئازیز چاک ئەزانم پایتەختی ژین تەنها دڵە
لە هەموو خۆشی ئەم ژیانە دڵەکەی من هەر غافڵە
لە لایەک کەوا ئەبینم ئیسلام لە خەڵک دوور خراوە

هێز و شەوکەتی جارانی بە ئاسانی لە دەست داوە
ئەمەش هەمووی کەمتەرخەمی و نەزانی موسڵمانانە
چونکە زۆر دووركەوتووەتەوە لە پەیرەوی ئەم قورئانە
لە لایەکی تریشەوە دڵم زۆر ئازار دراوە
ئاواتێکی بەرزەم هەبوو ئەوەش گەڕاوەتە دواوە
بەڵام با هەر خۆم بزانم ئەمەیان چییە و چەند گرانە
چونکە گیانی منی کێشا سەختتر لە شێرپەنجەیە
(سەردەشت – گوندی بەڵاو، ١٩٩٦)

٢٣-ئەی پێغەمبەر
پیاوی ناو میحراب و سەنگەر
ئەی ئاواڕە، ئەی دەربەدەر
پێش کۆچکردنت لە مەککە
خەڵکت لە ترس دەخستە دەر
خۆت لە ترسدا مایەوە
ژیانی خۆت خستبووە خەتەر
کاتێک گەیشتیتە مەدینە
ژیانی خۆشت نەبردە سەر
وەکو هاوەڵانت دەژیای
ڕێی قیامەتت دەگرتە بەر
بەڵام بەرپرسانی ئەمڕۆ
بۆیان نیشتووە هێلی کۆپتەر
کاتێک مەترسییان نزیک بوو
بە ئاسمان ڕێ دەگرنە بەر
بە زووبی خۆ ڕزگار دەکەن

تێشت لە خەڵکی قوڕیان بەسەر

کاتێکیش دەچنە وڵاتان

سەرۆک لە کۆشک بۆی دێتە دەر

بە کام یاسا، ئەتۆ و ئەوان وەک یەکن؟

بە کام دەستوور، بە کام پێوەر؟

نێوان ئاسمان و ڕێسمانە

کەسێک عەقڵی هەبێت لە سەر

(ڕانیە، ٢٨ــ١٠ــ٢٠١٨)

٢٤-زیندانی نارەوا

(ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە گیانی بیداری هەموو ئەو کەسانەی کە لە زیندانیدا ژیان دەبەنە سەر لە پێناوی ئیسلامدا و چوونەتە ناو قەفەزی زیندانی ڕژێمە زۆردارەکان و بەتایبەتی مەلا حەمە سوری ئامۆزام کە حەوت ساڵ لە زیندانی بەعسییەکاندا بوو)

پێم سەیرە خونچەیەکی ساوا هێشتا دوو پەڵکە نەبووبێت

دونیای ڕووناکی ساوایی تێر نەخواردبێت و نەدیبێت

بەهۆی حوکمی بێ باوەڕی و لادان لە ڕێبازی خوایی

بخریتە زیندانی تاریک بە بێ کەسی و بە تەنیایی

تەنها ئاواتی ئەوە بێت، مۆمێک بێت و بگەشێتەوە

بەردەمی خەڵکی ڕووناک کات و بۆ خاتری وان بتوێتەوە

مرۆڤێک بێت موسڵمان و داواکاری دادگەری بێت

لە پێناوی هەژاراندا لە گیانی خۆی بێ بەری بێت

لەو لاشەوە خراپەکار بێت و بچێتە مەیدانی

خەڵکی هەموو لا خراپ بێت و تەنها خۆی بە حەق بزانێت

ئەمەش شیعری شاعیرێکە وەرە گوێ بگرە لە ئەوی

تا لە ژینا بەختەوەر بێت و شوێن ڕێبازی ڕاستی کەوێت

لە جێی شێران لە مەیدانییە ڕێوی

گورگ ئەمڕۆ حەق و ناحەق دەپێوێت

بڵێ گەر بە هیوان حوکمی خودا کەن

دەبێت شێر بێنە پێشێ و خۆ گیان فیدا کەن

(تێبینی: ئەم چوار دێڕەی کۆتایی هی شاعیر شەریف وەرزێوە و هی خۆم نییە، لەبەر گونجان ئاوێتەم کردن.)

(سەردەشت – گوندی بەڵاو، ١٩٩٥)

٢٥-بۆ شەهید (حەسەن بەننا)

ئیمام بەننا تۆ گیان و جولێنەری موسڵمانانی

ئیمام بەننا تۆ سەرچاوەی سازگاری قورئانی

ئیمام بەننا تۆ بێدارکەرەوەی بێ خەبەرانی

ئیمام بەننا تۆ بزوێنەری ڕوادارانی

ئیمام بەننا تۆ ڕووخێنەری جیهانخۆرانی

ئیمام بەننا تۆ یادگاری پێغەمبەرانی

٢٦-بۆ شەهید سەید قوتب

سەید قوتب مەلەوانی دەریای زانیاری قورئان بووی

سەید قوتب تۆ مەشخەڵی ڕێڕەوی باوەڕ و ئیمان بووی

سەید قوتب تۆی تۆقێنەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

سەید قوتب بە نەمانت جیهانی ئیسلام شڵەقاوا

سەید قوتب ڕێبازەکەت هەر درێژەی پێ دراوە

سەید قوتب هەزاران نەمانت لە دووا جێماوە

(سەردەشت، ١٩٩٥)

٢٧-هەندێک لە ژنان

هەندێک لە ژنان

جار جار دەبینم دەڵێن: قەیرانە

واتە پارە نییە و ئەشیا گرانە

ئەگەر دوای عەسر بچی بۆ بازار

لە لای ژن هەروا گەشت و سەیرانە

لەوڵاتی ئێمە نان پەیدا کردن

لە ئەستۆی پیاوە و لای ژن ئاسانە

پیاو دەزانێ نان چۆن پەیدا دەبێ

بە تکەی ئارەق و بەرەنجی شانە

بە حەماڵیی و بە میوە فرۆشتن

بە بلۆک بارکردن چەندە گرانە

بە بازرگانی و ئیشی قاچاغی

بە کۆڵ بردن و دەرچوونی گیانە

بە شەڕە سوێند و دڵ عاجز کردن

چ لە ئێواران یان لە بەیانە

خانمی بەڕێزیش کە دێ بۆ بازار

دەڵێ: بەڕاستی ئەشیا هەرزانە

بۆ کرینی دەستێک لە جلی کوردی

حەو سەد هەزارە لە بەهارانە

پیاو هەڵدەپێچی بۆ کەوەنتەرێک

بە پەنجا گەڵا، دەڵێ: زۆر جوانە

لە دوای ساڵێک دەیفرۆشێتەوە

بە پێنج گەڵایان، چارەی گرانە

دایکم، خوشکەکەم، خۆ دەست بڵاوی
زیادەڕەوی و کاری شەیتانە
لەسەر هەموو شتێک یەک پرسیار دەکرێ
بەسی پرسی ماڵی بە دوو لقانە
چۆنت پەیدا کرد؟ لە کوێت سەرف کرد
جا خۆت هەڵگرە، بۆم پرسیارانە
هەموو ئەو پارەی بەهەدەر دەدرێ
گەر بکرێ بە خێر قورس و گرانە
خوا بۆت هەڵدەگرێ لە خزمەت خۆیدا
ڕۆژێک دێتە ڕێت، دڵ شادومانە
توخوا با بەس بێ، ماڵ بەهەدەر دان
جێگای هیچ ناگرێ و هەر ئێش و ژانە
(ڕانیە - ٥-٥-٢٠١٩)

٢٨-سوپاسی تۆ
سوپاست دەکەم خوای پەروەردگار
ڕێنموونت کردم تا ببم ڕزگار
لە ناو چەند خوادا من تۆم هەڵبژارد
دین و دنیای خۆم هەر بە تۆ سپارد
لە چەند سەرکردان کە دەهاتنە پێش
پاڵم پێوەنان کردمن ڕیشە کێش
هەر بە محەممەد دڵم کرایەوە
شادی و خۆشی من بەو بووژایەوە
لە ناو هەزاران ڕێگا و بەرنامان
ئیسلامم هەڵبژارد بۆ دەرد و زامان

کتێبی کۆن و تازە دەرکەوتن
بەرهەمی زانکۆ و شاخ و ئەشکەوتن
لە ناو ئەوانیش بە تەنها قورئان
کە هەست و سۆزی منی ئەجوڵان
سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستاکان
ئێمەیان فێرکرد سااڵی هەشتاکان
دوای خودا قەرزاری ئەوانم
هەتا بمێنم لە ناو ژیانم
گەر خودا و ڕەنجی ئەوان نەبوایە
من ڕێگای ڕاستم چۆن وەدی هێنایە
ئەم کتێبەی لە پشت سەرم دامناون
بۆ من هەناسەن، هەم نان و ئاون
(ڕانیە - ٢٥-١٠-٢٠١٩)

٢٩-نەورۆز
لە مانگی سێدا دەڵێن: نەورۆزە
ئاهەنگ و شادی بۆ گەل و هۆزە
بەاڵم گەلی من توخوا با بەس بێ
با ڕەزامەندی خودا مەبەست بێ
چەندەها ساڵە ئەم بەزمە دەکەین
خۆمان لە گوناە و تاوان وەرئەدەین
ڕێگات پێدراوە بۆ گەشت و سەیران
ئایەت هاتووە لە سووڕەی قورئان
پێت دەڵێ: بڕۆ بەسەر زەیدا
بە پەند و عیبرەت نەک ڕێڕەویدا

سەرنجێک بدە لە خەڵکی خودا
ئەوانەی مردن و لە دنیا جودا
سەرنجێک بدە لەو گڕ و گیایە
لەو هەموو گوڵەی دەستکردی خوایە
خۆت ڕووت مەکە و نوێژت مەشوێنە
ووتاری جومعەت قەت مەفەوتێنە
لەسەر فەرشی خوا مەخۆوە شەراب
نزیک مەبەوە لە پیاوی خراپ
ژینگە پیس مەکە و شت جێ مەهێڵە
با ئاوی ڕوونیش نەبێتە لێڵە
ئەم ساڵیش دەڕوا نەورۆز و بەهار
ووریابە لای خوا نەبی شەرمەزار
(ڕانیە – ١٢-٣-٢٠١٩)
٣٠-پەنامان بە تۆ
پەنامان بە تۆ پەروەردگارە
خۆ هەموو خەڵکی بە تۆ قەرزارە
تۆ خۆت فەرموویتە من میهرەبانم
بەس بەندە بڵێ: من پەشیمانم
هەبوون و نەبوون بە دەستی تۆیە
هەر تۆ دەبەخشێ تاکە یا کۆیە
هەر لە منداڵدان تا هاتنە دنیا
بەس تۆ خاوەنی بە تاقی تەنیا
کەسێک منداڵی دەبێ بلووری
لە دوای چەندین ساڵ، چاوەڕێی دووری
چەند دەفتەر دۆلار دەدا لە دەستی

تاکو دەگاتە ڕاز و مەبەستی

بەس تۆ دەبەخشێ بە ڕێگای ئاسان

لەسەر دەستوور و ڕێبازی قورئان

داواکاریشت هەر شوکرانەیە

لەگەڵ دوعایان بۆ تەنگانەیە

کە گەورەش دەبێ با موسڵمان بێ

ڕێگای ڕاست بگری، نەک سەرگەردان بێ

قازانج و سوودیش بۆ خۆی دێتەوە

لە دنیا و قیامەت دەحەسێتەوە

مرۆڤ کە زانی خودا خاوەنە

بۆ ژیانی قیامەت بەهەشت مەوتەنە

گرنگی دەدا بە بوون و ژینی

دەکاتە هەوەن بۆ دونیا و دینی

چونکە ژین بێ دین، خواردنی بێ خوێیە

دینیش بە بێ ژین، مرۆڤی بێ جێیە

کەواتە هەر کەس وێڵ و عەوداڵە

هەر دووکیان نەگری، دەستی بەتاڵە

(ڕانیە – ١٧-٧-٢٠١٧)

٣١-شەهیدی لاو

(پێشکەشە بە هاوڕێی منداڵی و مزگەوت و قوتابخانەم کاک نەبەز مەرگەیی، کە پێنج مانگ دوای هاوسەرگیری شەهید بوو)

هۆ نەبەز گیان، لە نەبەزینت، سەری نەبەزان سۆڕماوە

دەشتی کۆیە، تینووی ئیسلام، بە خوێنی پاکت ئاودراوە

من نەمزانی تۆی هاوڕێم، کە تۆی جوانە مەرگ و لاو

چقڵی چاوی بێ باوەڕان، بە گوڵڵەی دوژمنان تڵاو
وا بە زوویی چرۆی ناسکت هەڵوەری و بێتە سەر خاک
بۆ بیری ئینسانی دووەم زۆر ئاسانە بۆ خودای تاک
خۆ گیانەکەم قازانجت کرد لە بازرگانی لەگەڵ خوا
شەهیدی ڕێگای ئیسلامی و سەرفرازی ڕۆژی جەزا
تۆ لە ڕیزی حەوت کەسانی کە پێغەمبەر مژدەی داوە
تۆ گەنجێکی خوا پەرست بووی کە لە سوننەتدا وتراوە
لە دنیادا خوێنی گەشت درەختی ئیسلامی دامەزراند
پیلانی چینی ئیلحادی وەک گەڵاڕێزان وەراند
لە قیامەتدا خۆزگەم بە خۆت لە ڕیزی پێغەمبەرانی
کە لە ژیانتا موسڵمان بووی شەهیدی ڕێگای قورئانی
خەیاڵیان خاوە دوژمنان، چەندین نەبەزت دروست کرد
بە خوێنی گەش و پیرۆزت، لاپەڕەی قورئانت سۆر کرد
تا بسەلمێ بۆ ناحەزان گەنجی موسڵمان هەر ماوە
ئەوەی ویستیان بیشارنەوە، حەیفێ گیرفانیان دراوە
(هاوینە هەواری پیرمام - ٢٨-٤-١٩٩٨)

٣٢-گەشت و گوزار

كە سەفەرت كرد بۆ حەج و عومرە

دەچیتە ئاسمان بۆ سەر ئەو هەورە

لە ناو فڕۆكە كە لە سەر كورسی

دڵە كوتەتە و زۆریش دەترسی

جا ئەگەر لە لای پەنجەرەدا بی
بیر بکەیتەوە و مەردی خودابی
چاوێک نزم بکە بۆ لای خوارەوە
وەکو سێوێک وای تۆ بە دارەوە
ببینە زەوی کوردی و عەرەبی
هەتا بۆ خوا بکەی ئەدەبی
بەشی عەرەبی دەڵێی برژاوە
بەشە کوردییەکەش چەندە ڕازاوە
بە تایبەت وەرزی نەورۆز و بەهار
دەڕازێتەوە بە گوڵ و گوڵزار
ئەم فەرشە جوانە بۆ تۆ ڕاخراوە
لە ئاسمانەوە ئاویش دراوە
چاوێک بە دەور و بەرت بگێڕە
ئەم گژ و گیایە کە دەڵێی زێڕە
لە کاتی سەفەر نرخی بزانە
چەند ساڵ بوو دیل بوو بە دەست بێگانە
کاری بێ شەرعی نەکەی لە سەری
بەرگی ناپەسەند نەکەی لە بەری
ئارەق و شەراب مەبە لەگەڵ خۆت
لە ناو قەبردا عەزابە لە بۆت
سەرەنجێک بگرە کە ئەمڕۆ سەوزە
لە وەرزی هاوین وشکە ئەم ئەرزە
ئەمە بەڵگەیە لە سەر ژیانی تۆ
هەتا لە قیامەت نەبی ڕەنجەڕۆ
تا پیسی نەکەەی شوێنی بارگە و بار

قەت نەیشێوێنی دیمەنی نازدار
چونکە لە دوای تۆ کەسێکی تر دێت
کە دادەنیشێ لە شوێن و لە جێت
چیا و دەشت و دەر بۆ تۆ دانراوە
گەر پیسی بکەی کاری نەشیاوە
(ڕانیە - ١١-٣-٢٠١٩)

٣٣-داواکاری منداڵێک
بە گچکەیی دەپێم بێژن
قورئان لە دڵمدا بنێژن
تا دوژمنان نەیان دزیوم
تا بە باڵی وان نەفڕیوم
تا ڕێگام لێ نەگۆڕاوە
تا باوەڕم نەدۆڕاوە
هەتا وەکو کاغەز پاکم
با بناسم خودای تاکم
با بناسم پێغەمبەرەم
بۆ من بۆتە تاجی سەرم
با قیبلەی ڕاستم بزانم
هەتا نەڵێم سەرگەردانم
بۆیە دەڵێم: باوکە، دایە
توخوا کام ڕێگا ڕەوایە
نیشانم دەین، دەستم بگرن
هەتا لە دڵمدا نەمرن
ئۆباڵ بە ئەستۆی ئێوەیە

کام ڕێگا خێری پێوەیە
با لە سەری بژیم بمرم
نەوەک ڕێگای خراپ بگرم
(ڕانیە - ٢٠١٩)

٣٤-سەنگی مەحەک
پلە و مەقامی دنیایی
ئەتۆ ناکەنە خودایی
ئەوەی کەوا ڕێزی هەبێ
تەقوا و دینی هێزی هەبێ
ئەوەی کەوا حەساوەیە
دین و دنیا و ڕازاوەیە
(شەقڵاوە - ٩-٢-١٩٩٦)
٣٥-عیلمی ڕاستەقینە
عیلم وەک شیرە، ئیمان هەوێنە
عیلمی بێ ئیمان، دڵی بێ خوێنە
(سەردەشت - ١٩٩٦)
٣٦-ئەنفال یانی چی؟
سوورەتێک هەیە لە ناو قورئانا
زۆر پڕ مانا یە و شیرین و جوانە
ناوی پیرۆزی سوورەی ئەنفالە
دژی کافر و زالم و دەججالە
کاتێک پێغەمبەر دەرکرا لە شار
خۆی و یارانی دیتیان ئازار
بیری کردەوە لە حەق و مافی

تا وەرەی گرێ هەمووی بە سافی
سوپای ڕێکخست و ڕۆی بەرەو بەدر
ڕۆژێکی سەخت لە وێنەی حەشر
بە ویستی خوا ئیسلام سەرکەوت
چوارده سەحابە لاشەیان کەوت
لە هێزی قوڕەیش حەفتا کەس کوژران
حەفتا کەسیشیان لێ بە دیل گیران
چونکە ئەمانیش ماڵیان داگیر کرد
ماڵی ئیسلامیان هەموو بۆ خۆ برد
بۆیە حەڵاڵە و ڕاست و ڕەوایە
قورئان ڕێگای دا و فەرمانی خوایە
بەڵام خۆ ئەنفال هات بۆ کافران
نەک بۆ میللەتی گەرمیان و بارزان
نەوەک بۆ کوڕ و کچی تازە پێگەیشتووی
قادر کەرەم، مەنتقەی جافان
ئەنفال بۆ کەڵ و پەلی مەیدانە
نەک بۆ کوشتن و ڕۆح و لاشە و گیان
بەڵام ئەم ناوەی بۆیە لێی نابوو
تا دین ڕەش ببێ لای قەومی کوردان
خۆیان ئەوەندە ساڵح و چاک بوون
تا ناوی بنێن بە سوورەتی قورئان
هەزاران ژن و پیاوی گەنج و پیر
کرانە ژێر خاک لە نوگرە سەلمان
هەزاران منداڵ دابڕان لە دایک
دەست درێژیان کردە سەر ئافرەتی جوان

بۆیە زەلیل بوون لە دادگا و قەفەس
یا خوا کەس نەبێ بە حاڵی ئەوان
سیاسەتی بەعسیش زیندە بە چاڵ بوو
وەکو سیاسەتی قوڕەیشی نەزان
لە هەر وڵاتێک شۆڕش سەرکەوێ
دەبێ خائینان بخرێنە زیندان
دەبێ لاشەیان بکرێ بە دارا
تا دڵیان خۆش بێ دایکی شەهیدان

(ڕانیە - ١٩-٤-٢٠١٩)

٣٧-نیعمەتی باران و ئاو

ئەرێ دەبینی باران و ئاوە
کە دایپۆشیوە خۆر و هەتاوە
بە ملیار لیتر باران دێتە خوار
ئاسمان دەگری و زەویش پۆراوە
کە لە دوای نانی ئاو زۆر گرینگە
ئەگەر ئاو نەبێ مرۆڤ خنکاوە
ئەو هەموو ئاوە کە خوا دەنێرێ
بە شەو و بە ڕۆژ وا لە بەرچاوە
ئەگەر ساڵێکیش باران نەباری
گەنم و جۆ و گیا، هەمووی فەوتاوە
بەڵام کەم وایە سوپاسی بکەین
نیعمەت بێ سوپاس لە کورتی داوە

ڕۆژێکی کە تۆ دەچی بۆ سەفەر
گەرووت وشک بووە و قورگت نووساوە
گەلێک خۆشحاڵی کەوا دەبینی
خەڵک دابەزی و پاشیش وەستاوە
دەچیە دوکانێک، یاخود مارکێتێک
بتڵی ئاو لە ناو بەڕاد دانراوە
بەڵام پێت نادا هەروا بە مفتە
دەبینێ باخەڵ زاری کراوە
جا بتڵە ئاوێک لە ناو نایلۆندا
بۆگەنی کردووە و ژەنگی هێناوە
چەندە پێت خۆشە کە نۆشی دەکەێ
وەها دەزانی دۆیە و ماستاوە
گەر پارە نەدەێ هیچ کەس ناتداتێ
تۆند پاڵت دەدا و، بڕۆ بەو لاوە
ئەمە کە نرخی دوو قومە ئاوە
ئەم هەموو ڕێزەت لە بۆ دانراوە
تۆ سەرنجت دا ئەم هەموو ئاوەی
کە خوا وەک خەڵات بە ئێمەی داوە
نە دینار بدە، نە دۆلار بدە
هەر شوکرانەی بکە و، هەر ئەو تەواوە
(ڕانیە - ٨-٣-٢٠١٩)

٣٨-بۆ شەهید خەبات هەڵشۆیی
هۆ خەبات گیان، خەباتی تۆ خەباتی ڕێی پێغەمبەرە
جیهادی بەدر و ئوحود و جەنگی تەبووک و خەیبەرە

دڵۆپە خوێنی گەشی تۆ، بۆ دڵی کوفر خەتەرە
ڕۆحی پاک و بێ گەردی تۆ لە ناو بەهەشت و کەوسەرە
کاروانی بەڕێزی ئێوە، بۆمە قەڵغان و سوپەرە
تاجی پیرۆزتان لە سەرە، تاجی شانازی و سەروەرە
ڕێگاتان پڕ لە ڕێبوارە، مەنزلیش دەشتی مەحشەرە
دنیاش تاقی کردنەوەیە، تەنها ئیسلامیش ڕابەرە
خوێنی ئێوە ئاشکرای کرد کوفر زۆر چەوت و لادەرە
ئاژاوەی ئەم دنیایەیە، دژی ئازادی بەشەرە
هەرچی خۆشی و چاکە هەیە لە لای ئیسلام مسۆگەرە
بەرنامەی خوا زۆر پێویستە وەکو لاشە و مێشکی سەرە
(هاوینە هەواری پیرمام - ١٥-٥-١٩٩٧)

٣٩-کۆچ
تۆ کۆچت کرد لە مەککە بەرەو مەدینە
بۆ شانازی، بۆ سەرکەوتنی ئەم دینە
ڕازی نەبووی لات و عوزا ببن بە خوات
ڕازی نەبووی ئەبو جەهل ببڕێ باڵات
تۆ کۆچت کرد لە بێ باوەڕی و نەفامی
کۆچ کردنت لە کوفر بەرەو ئیسلامی
تۆ دەوت فەرموو نابێ هەژار هەڵوەدا بن
ڕەش و سپی دەبێ هەموو بەندەی خوا بن
تۆ دەوت فەرموو ڕێی تێناچێ کۆیلایەتی
بەڵێ بۆ ژیان، بەڵێ ئاشتی و برایەتی
داتنا عەلی لە شوێنی خۆت لە ناو جێگا
تۆ خۆت دەرچووی کافر خەوتوون زۆر بێ ئاگا

تا نەفەوتی ماڵی سپاردە و ئەمانەت
چونکە حەققە بۆ ڕۆژی دوایی و قیامەت
لە خۆت جوانە دەستی پاک و وەفاداری
لە بەر ئەوەی تۆ لە سەر بەرنامەی باری
ماوەی دە ڕۆژ خۆت و ئەبو بەکری سدیق
لەگەڵت بوو لە ناو ئەشکەوت لە تەریق
کاتی ڕۆشتن لە ڕۆژێکدا پێشت کەوت
لە شەویشدا لە دوای تۆ ئەو دەخەوت
هاوڕێت بوو، پاسەوان بوو، زۆر گیان فیدا
قبووڵی بوو ئێش و ئازار لە ڕێی خودا
(ڕانیە - ١٩-٩-٢٠١٩)

٤٠-بیر و هۆش
ناکرێ بە بێ بیر ژیان بەر مەسەر
بە بێ چاو ساغێک ڕێ بگرمە بەر
عەقڵ و بیر و هۆش داینەمۆی ژیانن
هەڵسوڕێنەر و ئارامی گیانن
باشترین دیاری کە خوا داییباراند
لە دوای ئەو دینەی کە خۆی داییەزاند
ژیر و هۆشێکە لە کەڵەی بەشەر
هەتا بناسی خودا و پێغەمبەر
زۆرن کەسانێک دەبینین شێتن
جێگای بەزەیین، میوانی جێشن
سوپاسی خوا بکە، کە تۆ تەواوی
خاوەنی عەقڵ و هەم نان و ئاوی

کەچی کەسانێک گێژ و نەفامن
دوژمنی خودا و دینی ئیسلامن
بە دەستی خۆیان، خۆ دەکەن سەرخۆش
ڕۆژان سەرگەردان، شەوانیش بێ هۆش
(ڕانیە - ٩-٩-٢٠١٩)

٤١-کورتە نامەیەک بۆ سەروەرم
ئەگەر خەڵکی دەکەن یادی مارکس و لینین
یان خوێن ڕێژێکی وەکو ستالین
هەڵ دەپەڕن بۆ عەفڵەق و بۆ هیتلەر
کە وێرانەیان کرد کۆمەڵگای بەشەر
من زمانم بە یادی تۆ پاراوە
کە بەرنامەی تۆ هەمووی ڕاست و تەواوە
بە شەوی هەینی نامەت بۆ دەنێرم
کە خۆم دوورم و بە فریشتانی دەسپێرم
قبوولّی بکە و من موریدی ڕێگاتم
بە شەو و بە ڕۆژ پاسەوانی دەرگاتم
گەر تۆ نەتهێنایە ئەم تیشکی خۆرە
تێدا دەچووم لە ناو ئەم ڕێگا زۆرە
کە خۆم دوورم وەر بگرە کورتە نامەم
سەڵاواتی جەوهەری ئەم پەیامەم
(ڕانیە - ٦-٩-٢٠١٩)

٤٢-هەر لە تۆ جوانە
خوایە مەمنوونم جوانت دروست کردم

کاتی گوناهان ئاپڕووت نەبردم
جوانترین سەنعەت، سەنعەتی تۆیە
سەر تۆپپەی ژیان، تەنها مرۆیە
پەیکەرێکی جوان، بەرز و ڕێک و پێک
بە تام و شیرین، وەک هەنگوین و کێک
سەر لە ئاسمان و قاچ لە سەر زەوی
تا سەر بەرز بی قەت نەبی نەوی
کە ئیسلام دەڵێ: خوا دروستی کردی
بۆ فیرعەونەکان نەبی بە پردی
خەڵکی تر دەڵێ: مرۆڤ مەیموونە
سەرچاوەی بوونی نەدیار نە ڕوونە
لە خۆڕا هاتووە بۆ سەر ئەم ژینە
کە ڕێی کەوتووەتە سەر ئەم زەمینە
قورئانیش دەڵێ: نەخێر جێگرە
بۆ زانکۆی ژیان هەمیشە ڕاگرە
(ڕانیە - ٧-٩-٢٠١٩)

٤٣-ڕووناکی چاوەکانم
باوکە، دایە، ئێوە گڵپەن، ئێوە وەک شاخی قەندیلن
ئێوە پیرەمەگروون و کێوی سەربەرزی سەفینن
ئێوە هاوینە هەوارن وەک مەسێف سەلاحەدینن
بۆ ئارامی و هەوای دڵم وەک شاخی بەرزی بێستونن
بۆ گەشتی دڵ و دەروونم دەریاچەی خۆشی دوکانن
بۆ ڕەواندنی خەمی من دیمەنی جوانی کوێستانن

بۆ خۆشی مێشک و دەماغم خەوی خۆشی بەیانیانن
بۆ پشوودانی لەشەی من وەک بێشکەی منداڵی جوانن
بۆ سەفەری دوور و درێژم لە جیاتی تۆیشو و ئاو و نانن
بۆ سووک بوونی گرفتاریم لە جیاتی سەروەت و سامانن
بۆ لابردنی ناخۆشیم لە جیاتی شمشێر و قەڵغانن
لە کاتی نەخۆش بوونمدا هەتوان و دەرزی و دەرمانن
شانازیتان پێوە ئەکەم، لام بەرزن وەکو ئاسمانن
سوپاسی خوا و ئێوە ئەکەم چونکە بۆ من میهرەبانن
ئەگەر من ئەستێرەی کزم، ئێوە خۆری گەش و جوانن
ئەگەر من تاریکە شەوم، ئێوە وەک مانگی تابانن
ئەگەر من تازە نەمام، ئێوە زەوین بنکەی ژیانن
بەڵێ خوا منی دروست کرد، بەڵام ئێوە هۆی ڕوانن
داواکارم لێم ڕازی بن، چونکە وێردی ناو قورئانن
پێم خۆشە لە خزمەتتان بم، ئێوەن گڵێنەی چاوانم
(سەردەشت - ١٩٩٦)

٤٤-زەکاتی بدە

زەکاتی بدە، زەکاتی ماڵت
زەکات هاوشانە، لەگەڵ بەڕماڵت
کە هاتیە دنیا، بە تاقی تەنیا
کە دەچیە ناو گۆڕ هەر خۆت و خودا
هەرچی کەناردت لە پێش مردنا
لە کاری چاکە و خزمەت کردنا
بە تایبەتی ماڵ کە خۆشت دەوێ
پێت خۆشە بەڵای کە لە خۆت کەوێ
دڵی هەژار و ژنی پیاو مردوو
منداڵی بێ باوک، نازی با بردوو
کەسی دەردەدار، لە سەر جێگایە
دەرزی و دەرمان و چارەی پێ نایە
کە تۆ ببیتە هاودەرد و ژانی
کەمێک سووک بکەی باری سەر شانی
کە تۆ بەزەییت پێیدا بێتەوە
ڕەحم و سۆزی تۆ بخووسێتەوە
دڵنیابە خودا، دێ بە هاوارت
ڕزگارت دەکا، لە گشت ئازارت
زەکات، سەدەقە، هاوکاری کردن
فریات دەکەون، لە کاتی مردن
(٢٠١٩-٥-٢٥)

٤٥-بەزمی نەوت
گەر گەرما هات و بە سەر چوو سەرما

پاڵتۆم لابرد و نەما لە بەرما
گەر تری تۆ گەێ و پێگەیشتن هەنجیر
ئەو کاتە نەوتم نامێنێ لە بیر
گەر ماڵی هەژار لە سەرما لەرزێ
دەست و قاچەکەی بە جارێک تەزی
گورچیلەی ئێشاو بۆی نەخۆش کەوت
لە سەرما ماڵی بووبووە ئەشکەوت
ئەگەر بە پارەی زۆر کڕی بەرمیلێک
بۆ خاوەن قەرز بوو بوو بە دیلێک
دە با زیاد نەبێ نەوتی هاوینە
کاتێک پێ دەگا کەنگر و پەپێنە
کە دەڵێن: شەدەمم دەوێ بۆ دەربەند
بۆ سەفەر جوان بم، نەک ببم بە پەند
(ڕانیە - ٦-١-٢٠١٩)

٤٦-بە شانازییەوە من موسڵمانم
سوپاس بۆ خودا کە موسڵمانم
کە لە سەر ڕێگای پاکی قورئانم
ڕۆژم نەپەرست بە ئاسمانەوە
مانگم نەپەرست بە شەوانەوە
کە سوژدەم نەبرد بۆ ئەستێرەکان
نەبوومە بەندەی ورگ تێرەکان
چۆکم دانەدا بۆ بت و سەنەم
دڵم پڕ نەکرد لە دەرد و ئەڵەم
بە خوام نەزانین بتانی قەدیم

نەهاتە پێشم گومڕایی و نەدیم
زەمانی پێشوو بتیان دروست کرد
بۆ ڕەق و تەقێ سوژدەیان دەبرد
یان دروستەیان کرد لە خورمای نەرم
دایان دەپۆشی لە جێگای گەرم
کە برسیان دەبوو خودایان دەخوارد
بە کاریان دەهێنا لە جیاتی نان و ئارد
ئێستاکەش هەیە چەند بت و سەنەم
بوونە نەهامەت بۆ عەرەب و عەجەم
هەروەکو خەڵکی مرۆڤن و بەشەر
تێکەڵاو دەکەن هەموو خێر و شەڕ
حەڵاڵ و حەرام دەکەن تێکەڵاو
ژەهریت پێ دەکەن لە جیاتی گوڵاو
لە وڵاتێکی وەکو هیندستان
سەریان قاڵ بووە بە گا پەرستان
سوڕانی دەوری مەرقەدی مردوو
زۆر بەربڵاوە و بۆتە پیشە و خو
کەسی ئیماندار کە لە سەر دینە
دەڵێ: محەممەد پاک و ئەمینە
کە دەمرێ گۆشتی پاک و حەڵاڵە
وەک ئەو ئاژەڵەی لای خاوەن ماڵە
خۆ ئەو ئاژەڵەی دەمرێ بە چەقوو
گۆشتی حەڵاڵە هەم پێست و هەم موو
بەڵام ئەو کەسەی کافر و بێ دینە
هیچ باوەڕی نییە بە خوای ئەم ژینە

ئەوە ئاژەڵی مرداره بوویە
نا شەرعی مردووە و دوور لە چەقۆیە
نە گۆشتی دەخورێ، نە موو، نە کەوڵی
چونکە نەیداوە تاقەت و هەوڵی
خودایە سوپاس کە تۆم ناسیوە
پێغەمبەریشم بە چاو نەدیوە
(ڕانیە - ٢٠-٣-٢٠١٩)

٤٧-ئاوارەیی و غەریبی
نازانم بۆ غەریبم، بۆ دوور لە نیشتمانم
بۆچی هێندە بێ نازم، خوایە چییە تاوانم
بۆ بە درێژایی تەمەن دوورم لە دایک و باوکم
بۆ ئەبێ هەمیشە من دوور بم لە خوشک و کاکم
بۆ دوور لە کەس و کار بم، بۆچی هێندە بنالّم
بۆ لە ژیانی دنیایی خاوەنی ژینی تالّم
خۆ منیش زۆر حەز ئەکەم خۆشەویستان ببینم
ئاخرین نەما ممی ژین لە سەر خاکم بڕوێنم
(سەردەشت - گوندی دارسەوین - هاوینی ١٩٩٥)



٤٨-بەخششی تۆ

خودای میهرەبان، تۆ پایە بەرزی
بەخششت زۆرە، لە ئاسمان، ئەرزی
ئەگەر بژمێرین نیعمەت و نازت
قەت تەواو ناکەین ڕاز و ئاوازت
نیعمەتی گەورە نیعمەتی چاوە
کە لە پشتی ڕووی سەردا داتناوە
ئەو چاوەی کە تۆ داوتە بە بەشەر
دەبینی دنیای و هەم حەوزی کەوسەر
چاوێک پڕیەتی لە خانە و دەمار
نەوەک بە سەدان، بەڵکو بە هەزار
دوو چاوی بەهێز خوا دەیدا بە تۆ
کە بەخشیویەتی بە ئاژەڵ، مرۆ
بەڵام خوا بەخشی مفت و خۆڕایی
بە کاری بێنە بۆ ڕەزای خوایی
لە نەشتەرگەری تا قەترە و مەڵحەم
لە نەخۆشخانە، خواردنی یەک ژەم
کرینی عەینەک هەتاکو لەیزەر
بێ دانی پارە، پێت نادەن خەبەر
بۆ چەند ساڵێکی کەم و دیاری کراو
لەگەڵێ نێیە، زامنی تەواو
بەڵام ئەوەی خوا بۆ چەند ساڵی زۆر
پوخت و نەختەیە، نەوەک زۆر و بۆر
کاتی نووسینی ئەم پارچە شێعرە
لە ڕەزایە بووم لە ناو ئەم دووڕە
بۆ نەشتەرگەری چاوی دایکم چووم

که لە ئەم دایکە من بە وەلەد بووم

وتم: بە دکتۆر ئەگەر گونجاوە

چاوم بۆ چاوی دایکم داناوە

با ئەو ببینێ و من نابینا بم

هەتا ڕوو سووری بارەگای خوا بم

(٢٨-٤-٢٠١٩ - ورمێ - ڕەزایە - ئێران - نەخۆشخانەی ئافتاب)

٤٩-دەوڵەمەندی و هەژار

ڕۆژێک کرێکاریم ئەکرد، ئارەق لێم ئەچۆڕایەوە

بیری قووڵم کردەوە کە ویژدانم لە ڕایەوە

وتم: خوای تاک و کار بەجێ ژیانی دنیا بۆ ئاوا یە

دەستێک برسی و مام ناوەند و دەستێک لە ناو نیعمەتدا یە

دەستێک قڕ و بێ ڕووناکایی و پەنا یە

دەستێک پڕە و دێت و دەچێ سەرگەرمی کەیفی دنیایە

بەڵام کاری خودای گەورە زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوایە

چونکە ئەم دوو جۆرە حاڵە، یەعنی دنیا تاقیگایە

دەستەی دەوڵەمەند و هەژار هەر بووە و یاسای خودایە

چونکە گەڕانی گۆی زەوین لە ئەستۆی هەردووکیان دایە

(سەردەشت - گوندی بەڵاو - ١٩٩٥)

Osman Sktany

٥٠-گفتوگۆ

سامان و زانین و شەرەف

کەوتنە گفتوگۆ بێ تەرەف

سامان کەوتی: کاتێک بزر بووم

زۆر مەگەڕێن و زۆر مەیەین لە دووم

لای دەوڵەمەندان حەشاردراوم

لە گیرفانی وان تاقەت کرام

زانستیش وتی: جێگاو مەکانم

لای زانایانە شوێنی ژیانم

شەرەفیش وتی: کاتێک دیار نەمام

خۆ ماندوو مەکەین ناگەنە فریام

(ڕانیە - ١٦-٦-٢٠١٦)

٥١-خەڵات

دواین بەرنامە، بۆ دوا یین ئۆمەت

ئیسلام و قورئان، بە قەدرو قیمەت

لە هەموو لاوە تێر و تەواوە

چونکە لە خواوە ڕەوانە کراوە

تێیدا ئاهەنگ و دڵخۆشی و جەژن

کاڵا بڕراوە بە باڵاو بە ژن

ئێمەی موسڵمان، ڕێزمان گیراوە

خوا جەژن و خۆشی بۆمە داناوە

لە ڕۆژی جەژن، نوێژ بە جەماعەت

چوونە مزگەوت و هەم بانگ و قامەت

جەژنە پیرۆزە و دڵ پاک بوونەوە

نەمانی ڕق و هەم چاک بوونەوە

لە پێش هەموو کەس باوک و دایکەکەت

لە دوای ئەوانیش خوشک و کاکەکەت

خزم و کەس و کار، جا دراوسییەکانت

ئاشتیان کەروە تا ماوە ژیانت

چەندە بە تامە گەردن ئازایی

نەک هەڵ بگری بۆ دادگای خوایی

جەژنە پیرۆزە، ڕەزای خودایە

ئەجرو پاداشتی، زۆری لە دوایە

(ڕانیە - ٧-٧-٢٠١٩)

٥٢-شۆڕش کردن

لە دنیادا

شۆڕش بکرێ

بۆ بەرزی موقەددەساتە

نەک بۆ ڕژانی

خوێنی زانا و

ئاپڕوو تکان و

خەیاڵاتە

بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا

هەوڵ و خەبات

ئێش و ئازار

بۆ دەست کەوتنی دەسەڵاتە

ئاوارەیی و

دەر بە دەری و

زۆڵم و زۆری

بۆ گەلی ئێمە خەڵاتە

فێڵت لێ بکەن

خوێنت بخۆن

پێت دەڵێن:

بۆت بەرەکاتە

لە ژێر سایەی تاک ڕەویدا

حەسانەوە و شادومانی

هەمووی خۆزگەیە و ئاواتە

(شەقڵاوە - گەرمەی شەڕی ناوخۆ - ٢٥-٣-١٩٩٩)

٥٣-ژن گەوهەرە

ژن باخە و پیاو پەژینە

ژنی بێ پیاو بێ سەرینە

پیاوی بێ ژن دەربەدەرە

بەردەوام لە سەر سەفەرە

ژن و پیاو وەک دوو باڵن

گەر چاک بن بۆ یەک عەوداڵن

فەرموودەی پێغەمبەرانە

ژنی چاک نیوەی ئیمانە

پێشینانیش وتوویانە

ژن یان ژانە یان ژیانە

ژن بە بێ پیاو زوو هار دەبێ

پیاویش بێ ژن هەژار دەبێ

فارسەکانیش وتوویانە

لە ئەدەبیات نووسیویانە

(لذت دنیا زن و دندان است

بێ زن و دندان دنیا زندان تست)

مانای ئەم شێعرە زۆر جوانە

بە ڕاستی لە بەر دڵانە

خۆشی دنیایە ژن و ددانە

بێ ژن و ددان دنیا زیندانە

(ڕانیە - ٦-٦-٢٠١٩)

٥٤-تەجروبە

هەتا کۆستت نەکەوێ

کەست بۆ دەرناکەوێ

(٢٠٠٩ - ڕانیە)

٥٥-هەتا نەکەویە چاڵان

نازانی قەدری ماڵان

(٢٠١١ - ڕانیە)

٥٦-دوا ئەنجام

سەد ساڵ بژی لە دنیا

جێگات هەر گۆڕستانە

ڕێگای چاکە و خراپە

هەر دووک بۆت ئاسانە

مرۆڤی عاقڵ و ژیر

ڕێگای یەکەم دەوێ

چونکە دەزانێ دووەم

سەراپا ماڵ وێرانە

(ڕانیە - ١٢-١٢-٢٠١٢)

٥٧-جادووگەر

خودا دەفەرموێ مەچنە لای ساحیر

چونکە جادووگەر فاجیرە و تاجیر

ئەو کەسەی سیحر دەکا بۆ خەڵکی

پیاوی چاک نییە و نامێنێ کەڵکی

پێغەمبەر فەرمووی کێ بچێتە لایان

پرسیاریان لێ بکاو بکا داوایان

باوەڕی نییە، بە ئەم قورئانە

کە دابەزیوە بۆ ئەم زەمانە

وەهەتا چل شەو قەبوڵ نییە نوێژی

با زۆریش بڵێ و زۆریش ببیژی

لەهەموو شاران کۆمەڵێک فێڵباز

ئەم کارە دەکەن، بوونەتە جانباز

بەخەڵکی دەڵێن: بەختت بەسراوە

رِزقت سوار بووە و هاتۆتە دواوە

یان دەڵێن ئەتۆ سیحرت لێ کراوە

تۆیان بەستووە هۆ کاکی زاوا

نیشانەی یەکەم کە دەکەن پرسیار

لەناوی دایک(ت)، ئینجا دێنە خوار

یان دەڵێن مەکە، نوێژ و جەماعات

خۆ جاری زۆری ماوە بۆ قیامەت

یان دەڵێن: برِۆ بەخوێنی زەیسان

لەسەر پەڕۆیەک بنوسە قورئان

باشە ئەوانە کە ڕزق زانن

بۆچی بۆ خۆیان ئیحتییاجی نانن

کە مادام کونی ڕزق دەزانن

بۆ چاو لەدەستی ژن و پیاوانن

ئافرەت بەتەنیا دەچێتە لایان

کەس ئاگای لێ نییە خۆیان و خوایان

چەند گەلا دۆلار وەردەگرن حەق دەست

بۆ ئەوەی کابرا بگاتە مەبەست

جاری وا هەیە لەبووک و خەسوو

پارە وەردەگرن وەک و ڕیبا و سوو

هەردووکیان توش بوون، نیانە چارە

کە لەهەردووکیان وەرگیرا پارە

پیاو هەتا پارە بەدەست دەهێنێ

کوێرایی دادێ و هێزی نامێنێ

ژنیش بەئاسان دەیدەن بەهەدەر

دونیای و قیامەتیان دەکەنە خەتەر

بەڵام پێشینان زوو ووتوویانە

تا نەزان نەبێت ناژیات زانا

سەڵاو لەو کەسەی بچێتە لایان

پێیان بنوسێ نوشتە و دوعایان

ڕانیە ٢٠١٩-٤-١١

٥٨-خۆت ئامادەبکە

ڕۆژێکی با و باران و سەرما و قوڕ بوو

گەر لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا

مردن بۆت بێت و دەرگات بەرنەدا

گەر بفەرموێ تۆ ئەمڕۆکە بمڕە

دەبێ مل کەچ بی و ئەو ڕێگە بگرە
خانووەکەت دوو سەد مەتری تەواوە
قەبر قەرەبووە و بۆ تۆ دانراوە
جێگاو مەکانت ناو قوڕ و گۆڕە
تۆ وەکو ماسی و ئەو وەکو تۆڕە
فەرشی ماڵەکەت لەژێر دەردێنن
بەبلۆک و بەرد دەوورت دەچێنن
دوو مەتر خۆڵیش دەکەنە سەرت
کەفنی بێ گیرفان دەکەنە بەر(ت)
بەگانی و سۆبە دەوری نامێنێ
خۆ پیاوم دەوێ لێو بجوڵێنێ
پانکە و تەبرید و سبلیت و سەهۆڵ
زوڕنا و مۆسیقا و گۆرانی و دەهۆڵ
بەرگ و پۆشاک و کەڵاشەو هەوری
گشت لێ دەکەون نامێنێ دەوری
سەیارە و خانوو باخ و قەیسەری
لەدوای خۆت دەبن بەدەردەسەری
هەر لەحەوت ساڵی تا حەفتا ساڵی
تەمەنی گەنجی لەدوای منالی
کاتی کامل بوون هەتاکو پیری
کاتی هەبوونی پێشی فەقیری
لەوورد و درشت لێت دەکەن پرسیار
هیچی وون نابێ لای پەروەردگار
خوایە ــغەریبیش- زۆر تاوانبارە
هەتاکو مردن بەتۆ قەرزارە

لەڕۆژێکی باراناوی دا نوسرا - ڕانیە ٢٣-٣-٢٠١٩

٥٩-سۆزی دایک

بەبۆنەی دوور بوونم لەدایکم نوسیم./

هۆ دایە گیان چاک ئەزانم کە سۆزی تۆ لەبن نایە
لەڕێگەیەکی وشکانی بۆ تینوێتم وەک دەریا یە
لەوەختی سەرمای و سۆڵەدا وەکو تیشکی ڕۆژی وا یە
لەکاتی شەوی تاریکدا ڕوناکاییە وەک چرا یە
لەوڵاتی غەریبایەتی بۆمن کەس و پەناگایە
لەگەرمەی خەم و خەفەتدا هاوڕێیەکی بەوەفایە
لەبازاری گرانیدا وەکو زێڕ و گەوهەر وایە
لەڕێگای نەشارەزایی بۆمن چاوساغی ڕێگایە
بەڵام چی بکەم؟ لەتاوی تۆ خەریکە کوێڕایم دایە
دەستی قەدەر داییڕیوم بۆمن وەکو ئەژدیهایە
لە هەر لایەکی دونیابم بێ تۆ قەناعەتیم نایە
زۆر کەم نرخەم لەڕاستی تۆ ئەو پێڵاوەم لەپێتایە
گەر ئەپرسی لەحالی من دڵەم وەکو مۆمێک وایە
ئەتوێتەوە لەتاوی تۆ بەهیچ جۆر کۆتایی نایە
جا سوێند ئەخۆم بەخوای گەورە ئەوەندەی لەتوانام دایە
تەنها خزمەتی تۆ بکەم، چونکە بەهەشت لەوەیدایە
سەردەشت ــ گوندی بەڵاو ١٩٩٥

٦٠-من چیم

خودایه من گەردیلە بووم

لەچەند خانەی پەڕش و بڵاو

كه تۆ منت كۆكردەوە

لەناو لاشەی تێر و تەواو

بەخشیت بەمن ئەم ژیانە

نیعمەتێكی بێ كۆتایە

سەرم بۆ تۆ نزم دەكەم

هەر زاتی تۆ بێ هاوتایە

كەسێک كەمێک هۆشی هەبێ و

لەدەورو بەر ڕامێنێ

ئەزانێ كۆچی لەپێشە و

كوا دەسەڵاتەكەی دوێنێ؟

ڕانیە ٤-٤-٢٠١٧

٦١-خەمبارم

لەدونیای فیكر و خەیاڵدا بەتەنها من سەرگەردانم

لەدونیای كار و كاسبی دەست بەتاڵ و ماڵ وێرانم

لەدەریای عیلم و زانیاری زۆر بێ هۆش و هیچ نەزانم

چی بكەم لەژین ئاوارە بووم بۆیە ئاوا بڕامەوە

لەوكاتەی عومرم بەبیر دێ لەناو ژینا خۆشیم نەدی

عیراق و ئێران زۆر گەڕام بوونە زیندانی ئەبەدی

بەشی ڕەفیقان شادی بوو، بەشی من هەر ستەم دیدی

لەوڵاتی خۆم ئاوارە بووم بۆیە قەت نەحەسایەوە

لەوكاتەی دوو گوێچكەم ڕوا بەشم هەر بارە باری بوو

خانوو ڕوخانە تاڵان كردن بەسەدان و هەزاری بوو

بەڵام بۆیە دڵەم خۆشە لەژێر چاودێری باری بوو

لەوڵاتی غەریبیدا بووم، بۆیە قەت نەبووژامەوە.

شاری سەردەشت ٤-٦-١٩٩٦

٦٢-میراتگر

دەمەوێ ببم بەمیراتگر بۆت
تا ڕزگارم بێ لەبەند و لەکۆت
نابێنم کەسێک هەبێ وەکو تۆ
بۆ بەرەی مرۆڤ دڵسۆز و ڕاستگۆ
ژیانت لەریزی خەڵکی هەژار بوو
وتەت دەرمانی دەردی بیمار بوو
کەسێک دەهاتە شاری مەدینە
دەیزانی ئەوە پەروەردەی دینە
نەبوو لەناویان فەرق و جیاوازی
هەموو بۆ و دینە مل کەچ و ڕازی
دەمەوێ ببمە باخەوانی تۆ
بۆ هێزی ئیسلام ببمە دینەمۆ
هەر ئەوە نییە جبەت لەبەر بێ
مەندیلی گەورە و سپیت لەسەر بێ
خۆ ڕانوێنێ لەکۆڕ و مەجلیس
خۆت وانیشاندەی کەبووی بەرەئیس
کە پێغەمبەر چوو بۆ ئیسراو میعراج
بینی کە خەڵکی کرابوون هەر ڕاج
لەناو دۆزەخدا جۆرێک دەیبینن
لەخۆیان دابوو بۆیاغی ئایین
لەسەر مینبەری ڕەسولی ئەکرەم
خۆیان ڕاکێشا بەرەو جەهەننەم
حەق و ناحەقیان تێکەڵاو دەکرد
دەمیان بۆ کاری نارەوا دەبرد

پێغەمبەر فەرمووی دیتمن بەچاوان

ئاگرەیان بەربووە جەرگ و هەناوان

زمانیان دەبڕین بەمەقەستی سوور

کە سوور بووبوەوە وەک ئاگری تەنوور

ووتم: ئەمانە بۆ وایدەکرێن

تاوانیان چییە بەم حالە دەبڕێن

وتیان: ئەمانە وتار بێژی تۆن

ناحەقیان ووتوە بۆیە ڕەنجەڕۆن

خودایە (غەریب) نەبێ لەوانە

ئەگەر لەوان بێ مالی وێرانە.

ڕانیە ١٩-٤-٢٠١٩

٦٣-سەردان

بەبۆنەی هاتنی کاک عەلی غەفوری دارسوێنی کە هاتە سەردانم و لەماڵ نەبووم و بڕێک پارەی لەژێر فەرشەکەمان جێهێشتبوو و نوسیبووی:

هەموو کەسێک عەبدی باری

قەبوڵی کە لەبڕی دیاری

منیش بۆم نوسی ووتم:

ڕاستە هەموو عەبدی باری – بەڵام خۆ تۆ بۆخۆت دیاری

نامەت سەر چاو و سەر سەرم – تابزانی تۆی سەروەرم

کە هاتی من لەماڵ نەبووم – گڵەیی مەکە بێ خەبەرم

سەردەشت – گوندی بەڵاو ١٩٩٦

٦٤-سێ پرسیار

لەهەر کامیان دەکری سێ پرسیار

ئەگەر هەژار بی یا پاشای غەددار

لەکوێوە هاتی بۆ سەر ئەم ژینە

وه بۆچی هاتی بۆ ئەم زەمینە
جا بۆ کوێ دەچی لەدوای مردنت
لەدوای شۆردن و کەفن کردن(ت)
دەبێ وەڵاممان هەبێ بۆ هەموو
کە هیچی وون نابێ کێوێک بێ یامووو
وەڵامی یەکەم خوا منی هانی
من مەیموون نەبووم لەبیابانی
لەدڵۆپێک ئاو ئەو خەلقی کردم
گەر ئەو نەبوایە هەر زوو دەمردم
باوەڕم وایە خوای زانا و دانا
پەروەردگاری هەردوو جیهانا
وەڵامی دووەم کە بۆچی هاتم
کێ ئەم ژیانەی کردە خەڵاتم
دەڵێم: خودایە مردن و ژیانی
بەخشی بەمرۆڤ هەتا بزانێ
دونیا یە شوێنی تاقیکردنەوە
شوێنی دۆڕان و گرەو بردنەوە
وەڵامی سێیەم ڕێبواری ڕێگام
لەدونیای ئەودیوی خاوەنی جێگام
خەڵک دوو دەستە و دوو پێوانەیە
بەندەی خودایە و بەندەی عانەیە
ئەوەی بۆ خودا ژیابێ و مردبێ
بۆ ڕۆژی قیامەت کاری کردبێ
دەستی ڕاستەیە و بەرەو بەهەشتە
بەهەشت بەهەشتە، نەوک سەردەشتە

ئەوەش بۆ شەیتان مردبێ و ژیابێ

ڕێگای ئیسلام و دینی بەردابێ

جێگای دۆزەخە و زۆر پەشیمانە

شوێنی دوو ڕوان و کافرو شەیتانە

خودایە –غەریب- زۆر ماڵ وێرانە

مل کەچی تۆیە، بەندەی ڕەحمانە

ڕانیە ٧-١-٢٠١٩

٦٥-پەند

١- هەتا نەبینی زیندان – نازانی قەدری ژیان

٢- هەتا کۆستت نەکەوێ – کەست بۆ دەرناکەوێ

٣- هەتا نەکەویی چاڵان – نازانی قەدری ماڵان

٤- هەتاکو نەبی بەباب – جەرگت نابێتە کەباب

٥- هەتا نەبی دەردەدار – نازانی مانای ئازار

ڕانیە ٢٠٠٧

٦٦-کۆچی باوکم

لەتاران من لێم قەوماوە

هاواری خۆم بۆ کوێ بەرەم

لەخەوتندا باوکم مردووە

کاتی: کەمن بێ خەبەرم

بەتاقی تەنیا لێم قەوما

دوور لەکەس و کار و ماڵەم

دەنگم ناتگاتە هیچ کەسێک

کەس ئاگای نییە لەحاڵەم

لەوڵاتی غەریبی دام من

بۆ حاڵی خۆم پەرێشانم

چونکه باوکم کۆچی کردووه

بۆ ئەو دەردە نییە دەرمانم

لەبەر ماندوو بوونی ڕێگا

ئاگام لەدونیا نەما بوو

کە بەیانی لەخەو هەڵسام

باوکم گیانی لەدەست دابوو

لەشارێکا من لێم قەوما

دین و بەزەیی و پیاوەتی

بەجارێک باری کردبوو

نەمابوو بەتەواوەتی

پاکی

بەپاکی بژی، بەپاکی بمڕە

بەپاکی بڕۆ، بۆ ناو ئەم قەبرە

بەپاکی دەرچێ با گیان لەلاشەت

قەت گوناهـ مەکە بگرە ئەم سەبرە

ڕانیە ٢٠٠٦

٦٧-نییەتی گڵاویان

زۆر لەمێژە دەیانەوێ کە شاخەکان بتەپێنن

زۆر لەمێژە دەیانەوێ دارەکان بزوڕێنن

زۆر لەمێژە دەیانەوێ ڕووبارەکان بخنکێنن

زۆر لەمێژە دەیانەوێ زانستەکان وەکوژێنن

سوننەت دەڵێ خائین لەجێگای پیاو چاکە

ڕەش و سپی تێکەڵاوە و بەپیسانیش دەڵێن پاکە

بەئەمینی دەڵێن، خائین، بەخائینیش دەڵێن کاکە

شێر لەزیندانێدا دەمرێ و بەڕێویەکەش دەڵێن ڕاکە

بەفیتی ناحەزی دوور و بەکرێ گیراوانی ناوخۆ

ڕاستی بۆتە شەرم کردن و بازاری زۆر گەرمە درۆ

لەناو ئۆمەتی ئیسلامی شەڕ و ئاژاوەیە و ڕۆ ڕۆ

بەدەست پیاوی بودەڵەوە گەشە ناکات گوڵ و چرۆ

زۆر پیاوی عەلم و زانا وەفات دەکا لەزیندانا
دز و درۆزن و ناپاک یاری دەکا لەمەیدانا
خۆداناسی وەکو مورسی وەفات دەکا لەڕێی ژیانا
ناپاکێکی وەکو سیسی دەڵێی فس فس پاڵەوانە.
ڕانیە ١٦-٦-٢٠١٩

٦٨-نیعمەتی کارەبا

داهێنەری ئەم نیعمەتە ئەدیسۆنێکی زانایە
ئەدیسۆنیش زانایە کەخەڵکی وڵاتی ئەمریکایە
خزمەتی زۆر بەخەڵکی کرد بەڕاستی لەحساب نایە
لە تاریکی دەری هێنان خستنییە بەردەم ئەم چرایە
شەو و ڕۆژان ئەکا بەیەک تاریک ئەڕەوێنێتەوە
ساردی و گەرمی دروست ئەکا دوو وەرزان ئەهێنێتەوە
هێز و قووەتی هێند زۆرە ئاسنیش ئەتوێنێتەوە
ناخۆشیان ئەکا بەخۆشی، خەڵکی ئەحەسێنێتەوە
ئەگەر ڕۆژ ڕۆژی ڕۆژانە، کارەبا ڕۆژی شەوانە
گەورەترینی بەرهەم و دەستکەوتی عەقڵی ئینسانە
ئامێرێکی بێ وێنەیە هەڵسووڕێنەری ژیانە
بۆ پێویستی ئادەمزاد وەکو گلێنەی چاوانە
سەردەشت – گوندی بەڵاو ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٦

٦٩-هەڵەکان

لەناو فەرموودەی پێغەمبەرایە
پێنج شت لەدونیا نیعمەتی خوایە
دەفەرموێ پێنج شت بەهەڵ بژانی
ڕێزیان لێ بگرێ پێش لەدەست دانی
چونکە ئەوانە کەدێن و دەڕۆن

لەبەرچاو دیارن وەکو نیوەڕۆن
گەر لەدەستت دان لەدونیای فانی
نایەنەوە دەست مرۆڤ و ئینسانی
یەکەمیان: ژیانە لەپێشی مردن
چاکەت لەدەست دی هەتا کۆچکردن
بەڵام کە مردی و کەوتیە ناو چاڵێ
کەس لێت ناپرسی باس و هەواڵێ
دووەمیان: ماڵ و سامان و پارە
خانوو دوکان و شۆفڵ و سەیارە
تا دەوڵەمەنی خێرت لەدەس دی
نەوەک لێکەوی و بکەویە سەرجی
ئەو کاتە دەبێ خەڵک بۆت بێنن
یارمەتیت دەن و جار جار بتدوێنن
سێیەمیان: لەشی ساغ و دڵنیایی
کەوتوویانە: یەعنی پاشایی
هەتا نەبینی حاڵی دەردەدار
نازانی چییە نەخۆشی و ئازار
چوارەمەیان: کات و دەستی بەتاڵی
پێش ئەوەی توش بی بەسەری قاڵی
چاکە و پیاوەتی لەکاتدا دەکرێ
مردووش لەکاتدا بۆ قەبر دەبرێ
تا دەست بەتاڵی دەگەی بەخەڵکی
ئەگەر سەرقاڵ بووی نامێنێ کەڵکی
پێنجەم: تەمەنی گەنجی و جوانی
لەدەستی نەدەی وا بەهەرزانی

خۆدا و شەیتانیش کاریان بەگەنجە

گەنج لەدەستی دی ئەم هەموو ڕەنجە

گەنج بوون لەدەوری ڕەسول و قورئان

ئیسلامیان گەیاند بەهەموو جیهان

بوونە قوربانی بۆ ئەم ئایینە

بوونە دینەمۆ، بۆ ئائەم دینە

بۆیە تا گەنجی نەکەوتیە پیری

تا لەدەست نەچووە زیرەکی و ژیری

لەدەستیان نەدەی ئەم نیعمەتانە

چونکە بەخششی خوای میهرەبانە

(غەریب) لەپێشا بەنەفست بڵێ

قسەی بێ کردار بەهیچ کەس مەڵێ.

ڕانیە ٤-٥-٢٠١٩

٧٠-بەرد لەجێی خۆی سەنگینە

بۆ شوانێکی کوردستانی باشوور نووسراوە کە لەگوندێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو بوو بەشوان، کە ناوی (محمد) بوو

جارێکیان یەکەم ڕۆژی بەهاری

کاتێک کە باران توند تۆند دەباری

پیاوێکی هەژار بەقەراغ چۆمدا

وورد وورد دەگەڕا بۆ ڕێگای بواری

دەگەڕا بەدوای کار و کاسبی

تا پەیدا بکا نان و پێخواری

بەقوڕ و چڵپاو بەڕێدا ڕۆیشتن

تاگەیشتنە گوندێک نزیک ئێواری

ئینجا لەم گوندە دامەزرا بەشوان

بەدەستیەوە گرت گۆچانە خواری
بەبێ نان و ئاو زۆر بەدەست کورتی
چوونە گەل مەڕی لەبەر ڕۆژداری
ئەم پیاوە ناوی حەمەی فەقیر بوو
خاوەن شەش منال ڕووت و ڕەجالی
لەبەر نەبوونی ئەم ئیشەی دەکرد
ئەو عەقڵەی هەیبوو ڕۆیی بەجاری
ماوەی شەش مانگان زۆر ناخۆشیان دی
خەویان لێ تاڵ بوو وەک ژەهر ماری
کوڕێکی بچکۆلە، ڕەفیقی باوکی
شەو و ڕۆژ ئەڕۆیشت بەناو سیخواری
خۆ ئەم میللەتەش هێندە بێ ڕەحمن
جارێک نەیانت ووت: ماست و خەیاری
قەیناکا ئەویان خاتری ئەوان بێ
بانەیان دایە توانج و پەڵاری
سەردەشت – گوندی بەڵاو ١٩٩٦
٧١-موژدە
کە ڕۆژووی عەرەفە، دەسڕێ و دەماڵی
گوناهی دوو ساڵان، لاچێ لەسەرت
کە تۆبەی و نزای، پاکت کاتەوە
ڕەزامەندی خوا بکرێتە بەرت
دەبا لەڕۆژی جەژنی پیرۆزدا
دڵێکی خاوێن بێتە گەوهەرت
دەخۆت دامالّە، لە ژەنگ و ژاری
ماری ناو زار و، خواروویی کەمرت

خەل و خەرمانە، مانگ و ڕۆژ و ساڵ
دەکرێ ببێتە ڕێگا و مەمەرت
قەت فریو نەخۆی بەخەون و خەیاڵ
بەچاکە لادە، درک و لەمپەرت
وای چەندە خۆشە، ڕەزامەندی خوا
ئەو باشترە، نەک زێڕ و زەبەرت
ئەگەر بگەیەتە خزمەت پێغەمبەر
پێت بدا ئاوی حەوزی کەوسەرت
قەت تینوت نابێ لەناو بەهەشتا
خۆزگەم بەو کەسەی بووە هاوسەفەرت.
ڕانیە ١٢-٨-٢٠١٩
٧٢-دوور لەکەسانم
لەکاتێکا بیری ئەکەم لە ئەندامانی خێزانم
ڕۆژی ڕووناک تاریک ئەبێ وەک شەو لەبەر چاوانم
لەبەر ئەوەی کە لێم دوورن لێک دابڕاین لەیەکتر بووین
سەدان ئێش و ژانمان هەیە بەلەش زیندوو بەدڵ مردووین
لەبەر دەست کورتی و هەژاری بۆیان دڵ تەنگ و خەمبارم
سەدان دەرد و ژانم هەیە منیش مات و گرفتارم
کوڕەی دڵەم بڵێسەی دێ، بەڵام زۆر گەرم و بەتینە
ئەوینی من زۆرە بەهێزە، وەکو هەنگوینی شیرینە
هەر بۆیە ئاسمانی ژینم پر لەهەور و گرژ و مۆنە
چاوەڕوانی هەواڵێکی ئازادییە و ئاسۆی ڕوونە.
سەردەشت ١٩٩٥

٧٣-بۆ ڕۆژانی سەختی گەمارۆی ئابووری سەر عێراق و کوردستان نوسراوە کە من دوور بووم لەکەس و کارم.

گەورەتر بووی

شێخی گەورە دکتۆر مورسی

تۆ نموونەی تەقوا و ترسی

لەزیندان کردیانی برسی

مافی مرۆڤ لێتی نەپرسی

ئەی سەرکردەی غەدر لێکراو

مامۆستای بەناحەق گیراو

خیانەت و فێڵ لێکراو

بەدەست خائین و گێلە پیاو

کەڵە پیاوی قورئان لەبەر

پیاوی ناو مەیدان و مینبەر

شۆین کەوتووی ڕێگای پێغەمبەر

سەرۆک و پێشەواو دادوەر

پیاوێکیان دەوێ نۆکەر بێ

دوژمنی دین و بەشەر بێ

چڵکاو خۆر و بێ پادەر بێ

لەدین و ژین بێ خەبەر بێ

ڕانیە ١٦-٦-٢٠١٩

٧٤-ئاخێک بۆ سەیارە

پێم خۆشە و ئاواتە خوازم ئەگەر بۆم بکرێ و بۆم بلوێ

بۆ گەڕان و گەشت و گوزار هۆیەیەکی هاتووچۆم ببێ

بەڵام ئەگەر دەستم نەڕۆێ خەیاڵەم جێ بەجێ نەکرا
لەبەر نەبوونی و دەست کورتی نەمتوانی و بۆم دابین نەکرا
ئەو هیوایەی کەوا هەم بوو بەداخەوە لەدەستم چوو
لەگەڵ کەفنی سپی و ئاڵدا بیخەنە ناو گۆڕی مردوو
چونکە زۆرجار لەڕێگایان ڕاوەستاوم لەسەر جادان
دەستم بۆ سەیارە هەڵبڕی بەنامەردی لوتەیان بادان
جا ئەم جۆرە شۆفێرانە کە لەخۆیان هەڵ ئەڕوانن
خۆیان زۆر لەلا گەورەیە و خەڵکی تر بەسووک ئەزانن
بۆیە زۆر ئاواتە خوازم کە سەیارەم بۆ پەیدا ببێ
تا بێ منەت بم لەنامەردان پیاوەتیم لەباران ڕابێ.
سەردەشت – گوندی بەڵاو هاوینی ١٩٩٥
٧٥-لەبەر دەرگات
لە وڵاتی سعودیە لە سەفەری عومرە.
لەپەنای کەعبەدا
وامن کەوتووم لەبەر دەرگات
چاوەڕوانم بۆ یەک نیگات
بەکولێک گوناە و تاوان
فرمێسک دەڕێژم لەچاوان
زۆر وڵاتم پەڕاندووە
چەند سنوورم بەزاندووە
ڕێبوارم و ڕێگاشم دوورە
بەڵام سۆزت بێ سنوورە
خۆم غەرق بووم لەناو تاوان
ناشۆڕێمەوە بەئاوان
دەرگای پاشایان دادەخرێ

بۆ دەرگای تۆ پەنا دەبرێ

لەلای پاشایان زۆرداران

جێگا نییە بۆ هەژاران

بەڵام ماڵی تۆ چەند جوانە

کەوا هاتن بۆ هەمووانە

بەشەو و ڕۆژ کراوەیە

هەردەم وەڵام دراوەیە

ڕەنگ و ڕەگەز ناخرێتە کار

بەڵکو هەر کردار و گوفتار

نییەتی باش و تەقوای بەهێز

بۆ مرۆڤی دادەنێن ڕێز

دەوڵەمەندە یا هەژارە

پاشایە یاخود نەدارە

سپی یە، ڕەشە، یاخود شینە

خوێنی تاڵە، یا هەنگوینە

ئەگەر سەرۆکی وڵاتە

یاخود زۆر بێ دەسەڵاتە

هەر بەچاوێک سەیری دەکرێ

کێش و سەنگی بۆ دادەنرێ

دەبێ سوژدە بەرن بۆ تۆ

دەستان دانێن لەسەر ئەژنۆ

داوات لێ دەکەم بەناوان

بەقوڵایی ناو هەناوان

بابیەم و ببمە میوانت

بکەوم لەبەر قاپی جوان(ت)

غەریب- زۆر دڵی شکاوە

تەنها لەلای تۆ تێر ئاوە

ڕانیە ٢٠-٢-٢٠١٩

٧٦-ئامۆژگاری هاوڕێیەکم دەکەم

گەر ژنت هێناو بووی بەخاوەن ماڵ

دەورەیان لێ دای گریانی منال

لەبیرت نەچێ خزم و کوڕ و کاڵ

هەتا لەژیانا نەبی دەست بەتاڵ

چوارقوڕنە ١١-١١-٢٠٠٥

٧٧-چۆن هاتی

بۆ هاتنە دونیا، لەدوای ڕەحمی خوا

دایک و باوکت بوون، کە بوونە ڕێگا

ئادەم کە دروست بوو بێ باوک و دایک

عیساش بەدایک، بەڵام بێ باوک

وشترەکەی بەردی ساڵح پێغەمبەر

کە موعجیزە بوو لەبەرد هاتە دەر

بەبێ ویستی خوا کەس نایە بۆ ژیان

ناژی لە زەوی و نابینێ ئاسمان

نیعمەتی وجود شوکرانەی دەوێ

بەڕۆژی بیکە و نەیخەیتە شەوی

لەنینۆکی پێت، تاتۆقی سەرت

کە ناز و نیعمەت کراوەتە بەرت

دوو چاوی جوان کەدراوە بەتۆ

کە هەڵیان دێنی، وورد و لەسەرخۆ

هەزاران وێنە دەگری و دەبینی

بۆت دەبنە ئەرشیف لەجیاتی دوێنێ
دو چاوی عەینەک دەکرێ لەدکتۆر
کە خۆ ناگرن بەرامبەر بەخۆر
دوو گوێچکەی بەهێز لەچەپ و لەڕاست
کە کەڵەی سەرت کەوتە ناوەڕاست
بەملێۆن وتە دەبی و دەبیسی
هەڵی دەگرێ و دەیخاتە کیسێ
بەڵام کە کەڕ بووی سەماعاتی دکتۆر
هات و هاوارە و دەڵێ زۆر و بۆر
دەبێ ووریابی ژێرت نەکەوی
هەتا وورد نەبی لەکاتی خەوی
کەچی خوای گەورە دە پەنجە و دوو دەست
داویەتی بەتۆ، هەر بەیەک مەبەست
دەستی دەستکردت بۆ دروست دەکەن
ماڵێکی زۆریش بەحەق دەست دەبەن
کە پێا ناگیری بەردێ یاداری
ناتوانی بیگری دەنگە بزماری
دوو قاچی گەورە و چاک و دامەزراو
دەچی بۆ سەر شاخ بەگەرمای هەتاو
بەڵام دوو قاچی پلاستیک و نایلۆن
کە بۆنی دەکەن وەکو جلی کۆن
خۆ تەواو نابێ نیعمەتی باری
یاخوا بەزیاد بێ سەد هەزار جاری
ئەم نیعمەتانەی خوای پەروەردگار
ئەگەر بیانکرین لەخەڵکی بازار

هەرچی هەمانە دەڕوا لەدەسمان

هەتا دەگەینە ڕاز و مەبەسمان

هەر ئەوە ماوە بڵێین: خوای گەورە

پەروەردگاری ئەم دونیا و دەورە

سوپاست دەکەین خاوەنی نیعمەت

بە تۆ قەرزارین نەیکەی بە نیقمەت

ڕانیە ١٣-٤-٢٠١٩

٧٨-بۆ کورد ژیام

لەسەر زمانی باوکم نوسیومە کە دوو شۆڕشی تەواو کردن بەڵام شۆڕشی کورد لەکاتی نەخۆشیەکەیدا وەفای بۆی نەبوو

بۆ کورد ژیام، بۆ کورد مردم

گەرضی کورد قەدری نەگرتم

گەرضی کورد لەمنی نەپرسی

ئەگەر بێ جێ بووم یا برسی

لەگەرمەی ئازار و جانا

چارەم دەویست لەتارانا

بەڵام جوابم نەدرایەوە

کتابم نەگەڕایەوە

هەتاکو لەجێدا کەوتم

نەمابوو جوڵان و ڕەوتم

بە نائومێدی و کەساسی

ڕێم گرت و کەسم نەناسی

گەیشتمە تاران لەئێوارە

لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئازارا

هەر ئەو شەو گیانم لەدەستدا

خەبات و ڕێنجم بەبادا
کوانی وەفاو کوردایەتی
کوا ڕەوشت و مەردایەتی
ئەگەر هونەرمەند نەخۆش بێ
دەبێ سەرۆک بۆی پەڕۆش بێ
زوو بەزوو خەمی لێ دەخوری
یارمەتی بۆ سەیری دەکرێ
زوو دەینێرن بۆ هەندەران
لەگەڵی دەخەن نوێنەران
چونکە هونەرمەند پێویستە
بەبێ هونەر ئیشمان سستە
لەبیریان چوو ئەم دیوارە
لەسەر شانی چەند هەژارە
سی و نۆ ساڵ بەبێ پسانەوە
من گەڕام بەشاخانەوە
بەڵام کاتێک کۆستم کەوت
حیزب لەڕاستی من خەوت
ئێستاش بێ منەتن لەم گەلە
بۆیان هەڵکەوتووە ئەم هەڵە
وامزانی خەبات و ژانمان
تێکۆشان و بەرخۆدانمان
دێتەوە ڕێی ئێمە و مانان
دەمان خەنە سەر مل و شانان
نەمزانی کە ناکەس بەچە
ئافرەتی ڕووت و بێ پەچە

دەبنە دەم ڕاست و سەرۆکمان

وتە بێژ و تاجی سەرمان

بەڵام وەسیەت بێ بۆ ڕۆڵە

نەخۆن دووبارە ئەم گۆڵە

چونکە هەمووی تەفرەدانە

شۆڕشی گیرفان و نانە

پێشمەرگەی ئەیلول و گوڵان

شەقڵاوە ١٩٩٩

٧٩-لەشی ساغ

ئەم شەو چەند سەعات لەنەخۆشخانە
ئای کە لەش ساغی نیعمەتە و ژیانە
جگەر گۆشەکەم کەمێک بێ هۆش بوو
خوایە شیفا بدەی بەو بیمارانە
هەتا نەچی شوێنی تەواری
نازانی مرۆڤ سڵە و نەزانە
گەر تەنگە نەفەس بۆی دێ ئۆکسجین
چەندە دڵ خۆشە و چەند شادومانە
بەڵام ئەم هەموو هەناسەی خودا
دەیبەخشێ بەمە چەندە هەرزانە
بۆیە وتراوە ساغی و پاشایی
سوپاس بۆ خودا لەدوای ئیمانە
با هەتبێ هەموو سامانی دونیا
گەر دەردەدار بی ژەهری مارانە
چەند دەوڵەمەند و سەرۆک نەخۆش بوون
پارەیان زۆر بوو، شیفا گرانە
چونکە زۆر جاران سەروەت و سامان
دەرمانی پێ دی، شیفا قەیرانە
خۆ دەردەداریش خەڵاتی خوایە
پاکبوونەوەیە و هەما ئیمتیحانە
تەنها مەبەستم سوپاسی خوایە

شوکرانە بەژیری مەرجی ئیمانە

ڕانیە ٣-١٠-٢٠١٩

لەگەڵ بیلال-ی کوڕم لەنەخۆشخانەی گشتی ڕانیە

٨٠-دۆستێکم دەوێ

دۆستێکم دەوێ دۆستی گیانی بێ

کاتی بڕسیەتیم لەجێی نانی بێ

بۆ نەخۆشی من ئێش و ژانی بێ

سەد خزمێ خراپ بەقوربانی بێ

دۆستێکم دەوێ بەڕاست دۆستم بێ

ماڵ و سەروەتی لەبەر دەستم بێ

کەپێویستم بوو گوێ لەمستم بێ

لە ئازارەکان لەسەر هەستم بێ

دۆستێکم ناوێ دۆستی نانی بێ

کاتی پشوودان قسەی جوانی بێ

لەکاتی خۆشی زۆر سەردانی بێ

بەڵام بۆ پارە دڵی ژانی بێ

دۆستێکم ناوێ نیوەی ڕێگا بێ

کاتی لێقەومان زۆر بێ جێگا بێ

لەئێش و دەردم زۆر بێ ئاگابێ

زمانی دۆست و دڵی دادگا بێ

بەغدا ٢٤-٤-٢٠٠٤ کاتی نەخۆشی باوکم

٨١-ڕاستی و دروستی

کاسبی حەڵاڵ نیعمەتی خوایە

چونکە ڕێگایەک ڕاست و ڕەوایە

پێغەمبەر فەرمووی ئەو پاروە نانە

که پەیدا دەکەی بەرەنجی شانە

کە دەیبێتەوە بۆ ماڵ و منال

کاتێک دەیبینن زۆر دەبن خۆشحاڵ

بۆ باب دەنووسرێ بەخێر و چاکە

کە لێی تێر دەخۆن هەم خوشک و کاکە

چونکە گەر نەبێ نانی حەڵاڵی

دەبێتە حەرام هەم دەست بەتاڵی

زۆر بەداخەوە زۆر کەس دەبینی

کە ماندوو دەبێ بۆ دونیا و ژینی

لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە

ڕەنجی دەکێشی و لەم لادێ و شارە

بەڵام بەدرۆ فێڵ و غەش کردن

بەچاو و ڕاو و هێنان و بردن

سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ ماندوو

هیلاک و شەپۆر و نەیماوە پشوو

بەس نانەکەشی دەکاتن حەرام

تەنها بۆ ئەوەی بگاتە مەرام

ڕۆژێک لەبازار لەشاری ڕانیە

چووم بۆ میوە کرین لەو کات و آنیە

گەیشتمە بازاری میوە فرۆشان

هاواری دەکرد گەنجێکی زۆر جوان

دەیگوت خەیاری خۆر خۆرە لێرە

چەندە ناسکە وەک کڵکی شێرە

وەرە بۆ مۆزی لای بەردە کۆزی

ئێستا مۆزی بخۆ، نەوک تەڕۆزی

لێی چوومە پێشێ ووتم: برا گیان
بۆچی ماڵی خۆت وادەکەی وێران
وتی: لەبەرچی چیم ئەنجام داوە
من واوەستاوم بەتەمای خواوە
وتم: براکەم خەڵکی خۆر خۆرەم
لەڕیکلامەکەت ئاوا دڵ پڕەم
ئێمە ئاومان نییە تێر بیخۆینەوە
خەیارمان کوانێ تابیۆشینەوە
لەبەردە کۆزیش بەس چقڵە زەردە
بچێ بەپێتا بەئیش و دەردە
مۆزی لەکوێ بوو ئەو دەشت و دەرە
گەنم و جۆی زۆرە خواردنی بەشەرە
تکات لێدەکەم مادام وەستاوی
خوای گەورە دەست و قاچی پێداوی
ڕاست و دروست بە بێ پێچ و پەنا
لەدین لامەد، تا نەبی فەنا
گەنجە پێکەنی بەقاقا و خەنین
بۆ خاتری من دایە پێکەنین
ڕانیە ١٤-٧-٢٠١٩
٨٢-سۆزێک بۆ دکتۆر مورسی
تاکە سەرۆکی هەڵبژێردراوی شەرعی لەمێژووی میسردا و کودەتا لێکراو ستەملێکراو
بەڵێ مورسی
لەخوا ترسی
لێت هات کورسی
بەڵام

گەندەڵ و خۆ سەپێنن
مێشوولە و ڤایرۆسی خوێنن
چۆن دەهێڵن ئاورێک بدەی
لە فەڵەستین.
بیست و دوو پیرە ژنی عەرەب
نۆکەر و کۆیلە و بێ دین.
چاویان بەتۆ هەڵنەدەمات
کە تۆیان دین.
شەرمەزار بن
خۆراکی دوو پشک و مار بن
هەر کۆیلەی کۆشک و تەلار بن.
بۆ گاوڕ و بۆ جوولەکە
هەر حەمماڵ و لەژێر بار بن.
ڕوو ڕەشی دونیا و قیامەت بن
لە لای خوداش بێ حورمەت بن
هەروا ڕەزیل و زیللەت بن
لەبەر چاوان بێ قیمەت بن.
هەر کۆیلەی گەدە و گیتال بن
هەتا ماون دەست بەتاڵ بن
سووک و چرووک و فەقیر حاڵ بن.
دەچنەوە بەر دادگای خودا
پەت دەکرێن و سووک و ریسوا
حەقی بزنە شاخ کۆڵەکەی
دەسەنری لەوەی تیای هەڵدا.
ڕانیە ١٨-٦-٢٠١٩

٨٣-خودایە هاوار

زۆریان ڕەخنە گرت لە زۆری باران

هیچ کەس ناپرسی لەزۆری تاوان

خۆ قەومی عاد و فیرعەون و سەمووود

هەر بەگوناهان بوون ریسوا و نابوود

هەرچی دابەزیوە لەلای خوداوە

هەمووی حیکمەت و ڕاست و تەواوە

هەرچی کە خۆشییە، ئەوە جەزایە

هەرچی ناخۆشییە، ئەویش سزایە

لەدەورو بەرمان هەستاوە لافاو

ژێرەوە نەوتە و سەرەوەمان ئاو

یاخوا هەڵنەستی توڕەبوونی خوا

یاخوا کز نەبێ ئیمان و بڕوا

هەتا خۆشییە سەرخۆش و بێ هۆش

کاتی ناخۆشیان هاوار و پەڕۆش

بۆیە هەر کەسێک لەکاتی خۆشی

خودا نەناسی و نەیەتە جۆشی

کاتی تەنگانان نایەتە فریای

جێ بەجێ ناکا هاوار و داوای

ڕانیە ٤-٤-٢٠١٩

٨٤-جیابوونەوەی ئازیزێک

وا هەواڵێک دێ بۆ لای من ڕاستە یان ئەفسانەیە

کۆچ کردنی خۆشەویستێک بەرەو خانوو لانەیە

وا تۆ دەڕۆی ئازیزەکەم بەرەو ماڵ و لانەکەت

ئەی نازانی ئەو دڵەی من شێتی ئەو کێوانەیە

یەکتر ناسین زۆر ئاسانە لەسەرەتای ئیش و کار
بەڵام لەیەک دووركەوتنەوە كونجی بەندی خانەیە
خۆ دەبێ من هەموو ڕۆژێک بێمە سەیری هەوارت
هەواری خاڵی دەبینم تاریکی شەوانەیە
من نەمزانی وا بەزووبی فیراق کاری خۆی دەکا
ئازاری دڵ و دەروونم بەرنامەی ڕۆژانەیە
ڕانیە ٢٠٠٩
بەبۆنەی دووركەوتنەوەی ئازیزێکم نوسیومە.
٨٥-نییەتی باش
چیرۆکێک هەیە لەسورەی قەڵەم
بەڕاستی پڕە لەدەرد و ئەلەم
پیاو چاکێک هەبوو لەسەنعای یەمەن
بەساڵا چوو بوو بەعومر و تەمەن
پیاوێکی خوا ناس، باش و چاکەکەر
ماڵی دەبەخشی بەسەد و هەزار
باخێکی هەبوو، هەم کوڕەکانی
جێ مابوو لەدوای ماڵ و سامانی
بەڵام دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد
کوڕ وەکو باوکیان نەبوون دەست و برد
خوا فەرمووی: ئەمن دەیکەم ئیمتیحان
لەسەر باخەکە و هەم ماڵ و سامان
هەموو سوێندیان خوارد لەبەری بەیان
کە دەڕۆن دەچنن میوەی دارەکان
کۆی دەکەنەوە بۆ ماڵ و منال
هیچی لێ نادەن بەپیاوی بێحاڵ

بەڕێگا کەوتن بەچرپە چرپە
لە دەرگایان دا بە دڵە خورپە
هەستن بەیانە باپڕۆین بۆ باخ
زوو میوە بچنین نەڵێین ئاخ و داخ
بڕۆین بیفرۆشین میوە بەهەزار
باپی ن نەزانن نەدار و هەژار
کە چوونە لای باخ، گەیشتنە لای پەژین
چاویان ئەبلەق بوون، ئەژنۆیان لەرزین
وتیان: خۆ ئێمە بێ بەش کراوین
یان بەسزای خوا لەدار دراوین
زانیان کە ئەوە عەزابی خوا بوو
باخ هەڵوەری بوو، هەر گەڵا مابوو
ئەو کوڕەی کەوا ژیر و دانا بوو
لەخوا دەترسا و ڕووی لە خوا بوو
وتی: من نەمووت لەخوا بترسن
حاڵی فەقیر و هەژار بپرسن
هەموویان ووتیان: پەروەردگارمان
ئێمە زاڵم بووین بکەی ڕزگارمان
هەندێکیان لۆمەی هەندێکیان دەکرد
بەچاو دەیاندان سەرنجی زۆر و وورد
هەتا نەیدان هەموو لەتەبەق
بۆ خێر و چاکە نەییان ووت: سەدەق
هەموو بەجارێک کردیان زار و شین
هاواریان کردە ڕەب العالمین
ووتیان: خۆ ئێمە کردمان تۆ نەکەی

دین و دونیامان بەفیرۆ نەدەی

ئومێدمان وایە هەر لەو دنیایە

شتی باشترمان بۆ بێنێ کایە

ئەوە سزابوو تا نەبن غەفلەت

سزای گەورەتر هەیە لەقیامەت

بۆیە پیرەمێرد شاعیر و نوسەر

دەدا بەگوێچکەی پیاوی قەلەندەر

{نییەتت باش بێ ئیش دەبەیەتە سەر

درەخت زوڕ نەبێ هەر بۆت دێتە بەر}

ڕانیە ١١-٤-٢٠١٩

٨٦-ڕاز و گڵەیی

بەبۆنەی ژن خواستنەوەی برایەکی نزیکم نوسیومە کە دەعوەتی منی نەکرد، ئەویش کاک مستەفای دارسوێنی.

برای بەڕێز و خۆشەویستم – جێی متمانە و سۆز و هەستم

لەکاتێکا کەوا بیستم – ژنت هێناو من بێ هەستم

تۆ منت ئاگادار نەکرد – هیوای منت بەهەدەر برد

بەڵام وەک مەلا نەسرەدین – پیاوەتی ئەکەم لەناو ژین

من لەگەڵ تۆ بەردەوامم – مستەفا ئارامی گیانم

بەڵام حەیفی جێگام خاڵی – بەشم خوورا بەبەتاڵی

تۆ و مەلا خدری برادەر – ژنتان هێنان و بۆی چوونە دەر

بەس پێشینان وتوویانە – خۆشی دی لەدوای تەنگانە

حەتمەن من ڕۆژم دێتەوە – چرای ماڵەم دایسێتەوە

جا بانگ هێشتنی ئێوە دەکەم – پلاو گۆشتتان دەرخوارد دەدەم

سەردەشت – گوندی بەڵاو ١٩٩٦

مەلا نەسرەدین

مەلا نەسرەدین: مەلای مەشهوور کە برادەرێکی بۆ ژن خواستنەوە دەعوەتی ناکات و بەڵام ئەم خۆی دەچێت و بە زاوا دەڵێت: «تۆ پیاوەتیت نەکرد، من پیاوەتی دەکەم».

٨٧-خێزان و منداڵ

خێزان و منداڵ ڕاسپاردەی خوایە

کە خودای گەورە لای تۆ داینایە

تۆ بەرپرسیاری لە دنیای و قیامەت

لێپرسینەوەی سەختت لە دوایە

ئەگەر سەیارەی قەشەنگت هەبێ

لەناو گەراجدا قفلت لێ داینایە

دینار و دۆلار هەبێ لەماڵت

لەناو قاسەدا حەشارت داینایە

شەهادەی بەرزت بەدەست هێنابێ

لەناو شووشەدا جوان هەڵگیراینە

کوشتنی ژن و منداڵی بچووک

کاتی نەفامی هاتە ئارایە

سەرکوتی ئافرەت کاتی جاهیلی

گەلی قوڕەیشی هێنایە دوایە

کوشتنی کچی بچووک و منداڵ

دڕندەیی بوو لەناو دنیایە

کاتێک ئیسلام هات هەمووی ڕامالّی

فەرمووی کارێکی زۆر نارەوایە

قورئانی پیرۆز زوو قەدەغەی کرد

پێغەمبەری خواش دژی وەستایە

ئێستاش کە دەکرێ لە هەر وڵاتێک

زۆر پێچەوانەی یاسای خودایە

گەردی کەسانی ناحەز بە ئیسلام
دەڵێن دینەکە بۆ خۆی ئاوایە
بەڵام با سەریان بدەن لە بەردی
کە ڕق و قینیان لەناو دڵ دایە
کوشتنی ناحەق دژی ئایەتە
دژی ڕێڕەوی ڕەسووڵەڵایە
ئەمە ئیسلامە ژن دەپارێزێ
ڕێ نادا ڕەنجی بچێ بە زایە
خەڵکی موسوڵمان ڕێزی ژن دەگرن
زۆڵمی لێ ناکاو لە دەستی نایە
ئەوە بەرهەمی خوا نەناسینە
کە ژن لای ئەوان وەک ئاژەڵ وایە
مایەی شانازییە کە موسوڵمانم
ڕێی سەرفرازی هەر لێرە دایە
(ڕانیە - ٢٤-١٢-٢٠١٨)

٨٨-بۆ کاک حەسەن سولەیمانی ئامۆزام
کە دێیت بۆ ڕانیە ماڵان بزانە
خزمی نزیک بێ یانخود بێگانە
ساڵانی گرانی هەموو بەسەر چوون
خۆ برنج و مریشک ئێستا هەرزانە
(ڕانیە - ٢٠٠٨)

٨٩٩-ئارام گرتن
کە ئارامت بێ نەکەوی زەوی
دێتە بەردەستت بڵند و نەوی
گەر خۆ ڕاگری لەبەر زەمانە

تەنگ و چەڵەمە سووک و ئاسانە

دڵ دامەزراوی، کە گوڕ و تینە

هێز و توانا و مەکینەی ژینە

زۆر کەس دەبینی لەم چەرخ و گەردە

ووڕە و غیرەتی هەر وەک بەردە

زۆری تریش هەن هێندە ڕووخاون

ناوک کەوتوون و دۆخین پساون

خۆیان ڕاناگرن بۆ هیچ ئازارێ

دەکەونە دەم با وەک پەڵەدارێ

بەڵام ئارام و پشوو درێژن

ڕوویان کردە خوا و ئیمان و نوێژن

تۆشەی ڕێگان و ڕوونکی دڵن

هەم بۆ سەر زەوی و هەم بۆ ژێر گڵن

بۆیە براکەم، خوشکی شیرینم

زۆرم بینیوە، من لەناو ژینم

بوون و نەبوونی، ئاوارەیی زۆر

دۆستی زۆر باش و برادەری بۆر

بێ جێگا و ڕێگا، بێ پارە و سامان

بێ خانووبەرە، بێ بوونی ئامان

بێ ماڵ و ناو ماڵ، بێ کەس و هاوەم

بێ خزم و خوێش و دڵی پڕ لە خەم

بەڵام نەمدیوە لە دونیای فانی

لە ئارام باشتر لە دوای ئیمانی

بۆیە ئارامی و دڵ دامەزراوی

لە بیری نەکەی هەتاکو ماوی

پێغەمبەرانی پایەبەرز و ژیر
دڵ دامەزراو و خاوەن عەقڵ و بیر
لە دوای ئەوانیش پێشینانی چاک
خاوەنی تەقوا و وەرع و دڵی پاک
بە سەبر گرتن ژیانیان بردە سەر
چۆکیان دانەدا بەرامبەر خەتەر
ترس و برسیەتی و کوشتن و مردن
نەیان ڕووخاندن تا بۆ گۆڕ بردن
بۆیە ناوبانگ و ناو و نیشانیان
هەر بەردەوامە پاشی نەمانیان
ئەگەر دەتەوی بژی بە مەردی
بە موسوڵمانی و زمانی کوردی
خۆت وەرەزێنە بە خەسڵەتی جوان
ئارام و دین و ئەخلاق و ویژدان
تا بۆت بنێرن ڕەحمەت و چاکە
کە ناو گۆڕەکەتی بەوە ڕووناگە
(ڕانیە - ١١-١١-٢٠١١)

٩٠-بۆچی

تۆ نازانی لەبەر چی یە خەمبارم
تۆ نازانی چییە دەرد و ئازارم
تۆ نازانی بۆ چی مەلوول و ماتم
تۆ نازانی بۆ چی دووڕە وڵاتم
تۆ نازانی بۆ چی لە وڵات دوورم
تۆ نازانی بۆ چی عەشق سنورم
تۆ نازانی بۆ چی دوژمن بە خاکم

تۆ نازانی بۆ چی بەتەنیا و تاکم

تۆ نازانی بۆ چی دوژمن بە شارم

تۆ نازانی بۆ چی لە خاک بێزارم

تۆ نازانی بۆ چی خەڵکم بێزراوە

تۆ نازانی بۆ چی دژی هەتاوە

با پێت بڵێم وەڵامم هەستە نەیستەم

لەبەر چی یە وا لەم وڵاتە پەستم

لەبەر ئەوەیە چونکە وڵاتم دیلە

گرفتاری نەخۆشی و دەرد و سیلە

لەبەر ئەوەیە گورگ لە پێستی مەڕە

بۆ بیستنی ووتەی حەق گوێچکەی کەڕە

چونکە ڕێوی تەرازوویەکی داناوە

هەرچی کە ئەو بیڵێ ئەوە ڕاست و تەواوە!؟؟

(ڕانیە - ٥-١٢-٢٠١٨)

٩١-پەند وەرگرتن

لەو ڕۆژەوە تۆ کە پانزە ساڵی

تێت پەڕاندووە کاتی منداڵی

کە پێت ناوەتە کاتی باڵغ بوون

هێشتا نزیکی لە گڕوگاڵی

دوای کە دەبی بە خاوەنی هاوسەر

دەبی بە پیاو و خاوەنی ماڵی

دواتر کە دەبی بە بابە گەورە

خاوەن دیوەخان چەند کرووکاڵی

کە بوونت هەبوو سفرەت چەور بوو

ئەتۆ بەڕێزی خاوەن کەماڵی

گەر ئیشیان پێت بوو زۆر دەورت دەدەن
قسە ڕۆیشتووی و خاوەنی حاڵی
خەو و پشوودان ماناى نامێنێ
چونکە تۆ پیاوی و خاوەن جەمالی
وەخت و ناوەخت هەر وەک یەکە
لای پیاوی نەزان تۆ دەست بەتاڵی
ئەگەر ڕۆژێکی دەرفەتت نەبوو
ئەوا تۆ حەتمەن زالم و زەوالی
هەرچی کە بیکەی بۆ خودای گەورە
دێتەوە ڕێگات بێ کرچ و کاڵی
ئەوەی کە من زۆر خەفەتی دەخۆم
خەڵکی بێ وەفا کە بۆی عەوداڵی
ئەگەر ڕۆژێکی ئیشی پێت نەما
لەبەر چاوانی ڕووت و ڕەجاڵی
نەتۆی ناسیوە نە قەتت دیوە
ئەو بێ سەودایە و تۆ بێ هەواڵی
بۆیە پێشینان ڕاستیان فەرمووە
نان بدە بە سەگ مەیدە بە داڵی
داڵیش لە ئاسمان وەک سڵوە وایە
نانەکە ئەخوات و جێگاکەی خاڵی
بۆیە هەر عەقڵە و لە خەسارێکی
بۆ کەسێ بمرە نەدڕێ جەواڵی
(ڕانیە - ١٢-٩-٢٠١١)
٩٢-بۆ شەهید دکتۆر مورسی
ویستیان مورسی بدەن لە دار

لەناو دادگا بدا قەرار

دوور لە ویستی پەروەردگار

خودا یەکە و بەندەش هەزار

بەڵام جولەکەی تازە و نوێ

وەک جاسوسان هاتنە سەر سوێ

کە مەرگی عیسایان دەوێ

لە هەر شوێنێک دەستیان کەوێ

زیندانی ملهوڕ و ستەمکار

پڕیەتی لە پیاوی نازدار

خەڵکی موسوڵمان و دیندار

نەک بە سەدان بەڵکو بە هەزار

بەڵام وەک شەمشەمەکوێر

لە ڕووناکی نابینێ خێر

خۆشی نایە لە تیشکی زێڕ

شەیدای شەو و ڕێگای هەڵدێر

بە هەمان شێوە قاڵۆچە

کە هەموو لەشەی پڕ لۆچە

بە بۆنی خۆش قاچی گۆچە

ڕەنگ و ڕووخساریشی مۆچە

ئەم فیرعەون و نەمرودانە

کە پەیدا بوون لەم زەمانە

کاریان ئەشکەنجە و زیندانە

هەزار دین فرۆش پاسەوانە

ئەمان وەک پیاوی نەخۆش

بە شەرای دونیا سەرخۆش

ڕۆژێ زالم، شەوێ بێ هۆش
بە ئاوی ساز دەڵێن: ناخۆش
بەری ڕۆژێ قەت ناگیرێ
بە هیچ پیلان و تەدبیرێ
بە هیچ سەرۆک و وەزیرێ
وەک یووسفی بنی بیرێ
(ڕانیە - ٢٣-٦-٢٠١٩)
٩٣-داخوازی
گەر چوویتە ماڵێک لەبۆ داخوازی
کە باوک و دایک و بووکیش بوون ڕازی
مادام کە دایکی کەوتە گفتوگۆ
باوکیشی تەنها بە هەیکەل مرۆ
دوای کە چات خوارد وەرە دەر لەو ماڵ
نەکۆ لە ژێندا ببی دەست بەتاڵ
جا بچووڕەوە بەڕەو ماڵی تر
بابارت نەکەن هەروەکو وشتر
بڕۆ بۆ ماڵێک هەیبێ سەرو بەر
تا داماو نەبی لە دونیا و مەحشەر
(ڕانیە - ٢٣-٧-٢٠١٩)
٩٤-ئەنفال و کورد
سووڕەتی ئەنفال، سووڕەی قورئانە
دایان نا بۆ کورد، کورد بێ تاوانە
کورد بڕوادارە، ئەهلی ئیسلامە
کورد گوێڕایەڵی خوای مێهرەبانە
بۆ ڕەوا بوون و چەواشەکاری

وایان نیشاندا کورد بێ ئیمانە

چوار هەزار مزگەوت لەناو گوندەکان

سەلماندوومانە کورد موسوڵمانە

کە هەور هەبوو خۆر بزر دەبێ

مەیدانی درۆیە کورت و وێرانە

کە خۆر هاتە دەر پرشنگ دەهاوێ

ڕووناککەرەوەی زەوی و ئاسمانە

نوێنەرمان هەبوو لەلای پێغەمبەر

گاوانی کوردی بەڵگە و بورهانە

هەزاران زانا و دانا مان هەبوو

کە خزمەتیان کرد بەم دینە جوانە

باپیرە گەورە سەلاحەدینە

لە کاتی حەجێ ناو و نیشانە

جیهانی ئیسلام قەرزدارمانە

بە (ئیبن خەلدوون) ئیبن خەلەکانە

(ڕانیە - ٢٠١٣)

٩٥-تەرازووی خەڵک

ئەگەر فەقیری، بێ خێرو بێرێ

ئەگەر دەوڵەمەندی وەک نەڕە شێرێ

ئەگەر فەقیری دەنگت لاوازە

ئەگەر دەوڵەمەندی شیعرو ئاوازە

ئەگەر فەقیری بێ مام و کاکی

ئەگەر دەوڵەمەندی جوان و سوارچاکی

ئەگەر فەقیری هەر تاوانباری

ئەگەر دەوڵەمەندی گەورە و سەرداری

دیارە لای خەڵکی بەم شێوە باوە
تەرازووەکەیان پەتی پساوە
(ڕانیە - ٢٠١٤)
٩٦-کۆتایی ساڵ
لە عومرمان ڕۆیشت یەک ساڵی تەواو
سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژی هەتاو
چل و هەشت هەفتە گەڵا هەڵوەری
هەروەکو باران تەمەن دەوەری
شەوانی تاریک دەپێچرایەوە
ڕۆژانی ڕووناک نەگەڕایەوە
هەرچی کە کردمان لەم دوانزە مانگە
لە کاری ماڵێ یان لە فەرمانگە
هەمووی نووسراوە بووە بە مەلەف
تۆ دوات خستبێ یان بووبێ سەلەف
لە کۆمپیوتەری خوادا نووسراوە
تا ڕۆژی قیامەت بۆت هەڵگیراوە
لە نوێژ و ڕۆژوو هەرچی کرابێ
یان بە بێ خەمی لە دەست درابێ
لە خێر و چاکە هەرچیت کردبێ
خراپەکاریش هەرچی ڕوویدابێ
لە شوێنێک سنووری خودا بەزێبێ
هەرچی هەمانە لە ماڵ و سامان
ئەگەر بیکەنە سەدەقە و ئیحسان
ناگەڕێتەوە چرکەیەک لە ساڵ
ئەگەر باخەڵمان بکەینە بەتاڵ

بەڵام بە دوو شت چارە دەکرێ
پەندی لێ وەردەگرین تا لە دەست نەدرێ
دووەم بە تۆبە و بە پەشیمانی
لە هەر تاوانێک بە باشمان زانی
گەیشتین بە کۆتا و بە سەری ساڵی
بە دەستی پڕ و بە دەست بەتاڵی
بەڵام جێی داخە کەسانێک زۆرن
زۆر بێ ئاگان و زۆر مشەخۆرن
کۆتایی ساڵەیان بە بێ فەرمانی
دەبەنە سەرو لێیان نەزانی
پڕتری ئەکەن لە گوناە و تاوان
لە جیاتی ئەوەی ببن پەشیمان
خودایە وەک خۆم دەپاڕێمەوە
لە بەر دەرگای تۆ دەلاڵێمەوە
هەرچی کە کردم لە بێ فەرمانی
لە کاری بەد و ئیشی نووقسانی
تۆ لێم خۆش ببە و بە بەخشینی خۆت
ئازادم بکە نەبم بەند و کۆت
خودایە (غەریب) زۆر تاوانبارە
لە دونیا و قیامەت بە تۆ قەرزارە
(ڕانیە - ٣١-١٢-٢٠١٨)
٩٧-خۆزگە و هیوا
زۆر خۆشحاڵ بووین بە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی
بەڵام زۆر حەیف و مخابن، بۆ ئێمە بوو بە قەلەقی
باوکم زۆر ئازار درابوو لە زیندانی ئەم ڕژێمە

بۆیە وامان حیساب دەکرد ڕووخاوە بۆ خاتری ئێمە
بەڵام لەگەڵ ئەو ئاواتە دێرینەمان کەوا دیتمان
نەخۆشی باوکم بۆمان هات هەموو خۆشی برد لە بیرمان
لە پێش نەخۆشی باوکمدا دۆست و برادەر هەزار بوو
خزمی زۆرو دۆست و ناسیاو بە بێ حیساب و ژمار بوو
بەڵام کاتێک لێمان قەوما هیچ کەس بۆمان نەمایەوە
وەکو بەفری بەرهەتاوان هەمووی لە حیَی خۆی توایەوە
تەنها چەند کەسانێک مابوون بە پەنجەی دەستان دەژمێران
خاتری ئەوان لەسەر سەرمان لێمان دیاربوون وەک ئەستێران
چونکە خەڵکی ئەم ڕۆژگارە زۆربەی لەگەڵ پارە دایە
ئەگەر پارەت بۆ نەڕێشتن بازاڕی تۆ بێ سەودایە
بە داخەوە کە نەماوە دین و بەزەیی و پیاوەتی
بە جارێک باری کردووە شەهامەت بە تەواوەتی
پەندی پێشینان کە دەڵێ: بانیەکە و بە دوو هەوایە
واتە ئەم خەڵکەی ئەبینی، بێ پەیمان و بێ وەفایە
(ڕانیە - ٢٠٠٦)

٩٨-گفتوگۆ

سووردەی - موددەسیر - جوزئی بیست و نۆ
لە چەند ئایەتان هاتووە گفتوگۆ
کاتێک کە خەڵکی دەبنە دوو دەستە
دەستێک شەرمەزار، دەستێک سەربەستە
دەستەیەک دەچنە بەهەشتی بەرین
دەستەیەک دەچنە دۆزەخی بەتین
ئینجا دەکەونە قسە و گفتوگۆ
ڕاست و ڕەوان و بێ پیچ و درۆ

بەهەشتی دەڵێن: بە دۆزەخیەکان
بۆ چوونە دۆزەخ ئێوەی ماڵ وێران
وتیان: یەکەم شت نوێژمان نەدەکرد
سوجدە و ڕکووعمان بۆ خوا نەدەبرد
دووەم: نەدەچووین بە هانای هەژار
دڵمان ڕەق بوو بوو، وەک بەرد و دار
سێ یەم: ڕۆچوبووین لە گوناە و تاوان
نەمان دەپاراست زمان و چاوان
چوارەم: نەمان بوو ئیمان و باوەڕ
بە ڕۆژی دوایی و بە قەزا و قەدەڕ
هەتا گەیشتینە ئەم ڕۆژە سەختە
چارە نووسمانە ئەم سیا بەختە
جا سوودی نییە، تکای تکاکار
نە بۆ دەوڵەمەند، نە پیاوی هەژار
سوودمان وەرنەگرت لە قورئانی خوا
هەتا گەیشتینە ناو ڕۆژی جەزا
(ڕانیە - ١٤-٥-٢٠١٩)

٩٩-کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم
وا لە کوردستان کابینەی نۆیەیە
لە دەست گەندەڵی شین و ڕۆڕۆیە
ساڵێک تێپەڕی بەسەر هەڵبژاردن
وەفد و نوێنەریان بۆ لای یەک ناردن
لە دوو وڵاتان ئەم دەردە باوە

دەنگی جەماوەر زۆری سووتاوە
یەکەم کوردستان، دووەم لە لوبنان
هەڵبژاردن دەکرێ، بە بێ ئەنجامدان
سەیرە ئەوەیە بۆ ماوەی چەند ساڵ
یەک دەم و چاون و هەر کوڕی یەک ماڵ
باشە گەر کەسێک نەبووبێ پەریێز
بۆچی دووبارە لێی بگیرێ ڕێز
لە وڵاتانی ئازا و پێشکەوتوو
نایکەن بە وەزیر پیاوی پەککەوتوو
بۆ دوو وەزارەت، پیاوێک دانراوە
بۆ لەم وڵاتە قەیرانی پیاوە؟
وەزیر دادەنرێ بۆ خاتری باوکی
تەنها تۆێکڵە و نییەتی ناوکی
بە چوار ساڵ کەسێک نەدرێ بە دادگا
دەست بە سەر نەبێ لەناو بارەگا
گەر نەبڕێ دەستی پیاوی دزیکار
لە جیاتی ئەوەی بێتە بریکار
کۆتایی نایە گەندەڵی و فەساد
هەتا چەند کەسێک نەدرێن لە داد
سەیر سەرۆکی کۆریای باکوور
وەزیری دزی خستە ناو تەنوور
لە مێژە دەڵێن: مەزهەب چوارن
کوتەک پاڵپشتی خەڵکی هەژارن
ئەگەر ببینین چەند دەستی بڕاو
دزو درۆزن زوو دەبێ بە پیاو

ئەگەر نەمێنێ دوو دەست و پەنجە
چۆن وافیز دەکا بە لار و لەنجە
دەبێتە عیبرەت بۆ گشت دەوروبەر
لە کوتەک دەترسێ کۆمەڵگای بەشەر
(ڕانیە - ٧-٧-٢٠١٩)

١٠٠-داوێن پاکی

داوێن پیس مەبە، ووریابە گیانە
ڕێگای قەبرستان زۆر ئاوەدانە
چەندت بەڕێکرد لە خزم و دۆستان
نەیان دەزانی زینا تاوانە؟
کردنی تاوان سووک و ئاسانە
ئێستا کەوتوونە ناو چاڵی تاریک
ماڵ و خانوویان گۆڕێکی باریک
تاوانیان کرد و تامی نەماوە
بەڵام لای خودا خەزن کراوە
زۆر پەشیمانن لەو هەڵەی کردەیان
بە کۆڵیان دادا و بۆ قەبر بردیان
ئەوان دەزانن ئەم کۆڵە قورسە
ئەگەر مۆبایلیان لە باخەڵ بوایە
هەواڵیان دەدا بە ئەم دونیایە
دەیانووت ئێمە زۆر پەشیمانین
لە دەستمان دەرچوو ئێستا دەیزانین
بەڵام بۆ ئێوە هەلی زۆر ماوە
زۆر زۆر ووریابن تا نەفەوتاوە
(ڕانیە - ١٧-٧-٢٠١٧)

١٠١-حەوت تاوانی ماڵ وێرانکەر

لە فەرموودە دەکرێ سەیدی سەروەر

کە حەوت کەس نیشان دەدا پێغەمبەر

کە باسی حەوت جۆر دەکا لە تاوان

کە خاوەنەکەی دەکەن ماڵ وێران

هاوبەش بۆ خوا و سیحر و جادووگەڕ

کوشتنی مرۆڤ، بێ ئاگا و خەبەر

خواردنی ماڵی بە سوود و ڕیبا

خواردنی ماڵی هەتیوو، بێ نەوا

هەڵاتن ڕۆژی جەنگ و جیهادێ

کە لەگەڵ دوژمن ترس و بیم دادێ

یان بوختان کردن بە ئافرەتی پاک

کە بێ تاوانە و بێ ئاگایە و چاک

(ڕانیە - ١١-٤-٢٠١٩)

١٠٢- گفتوگۆ (نامەی عەلی غەفووری دارساوێنی سەردەشت بۆ غەریب خورخورەیی)

دڵ نزیکە و ڕێگە دوورە

ناگونجێ بێم و بمبوورە

لە مێژە وایە وا باوە

وڵاتمان بە دوو تابلۆ ڕازاوە

تابلۆی سروشتی کە چاوبزوێنە

تابلۆی هەژاری کە دڵ تەزێنە

کوردەواری دابەش کراو

ڕانی بێ ڕاع بەرشوان نەکراو

(وەڵامی غەریب بۆ کاک عەلی غەفووری)

ئازیزەکەم کە لێت دوورم

چاک دەزانم لە سنوورم

بە دڵم سەرسەرای ژیانم

قەدر و ڕێزی تۆ دەزانم

بەڵام چی بکەم هەژارییە

غەریبی و دەردەداری یە

ئەم ڕۆژگارە ئەملەرزێنێ

خەوی خۆشیم ئەزرێنێ

دۆستی چاکم لێ دائەبڕێ

دەرگای نامەردم پێ ئەگرێ

(دارساوێن - ١٩٩٦)

١٠٣-بۆ خاتوون زەینەبی نیقاب پۆش

(لە ساڵی ٢٠١٩ دا یەکەمی زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان خەڵات کران بەڵام بە ئەنقەست یان بە هەڵە ئەم خاتوونە لە ڕیزەکانی پێشەوە کرایە ڕیزەکانی دواوە)

هەر لەبەر ئەوەی کردت حیجاب

خۆت داپۆشی بوو بە نیقاب

گرتبوونت بە ڕێگای ئەسحاب

بۆیە وتیان: بڕۆ دواوە

نازانن تۆ بەرزتر بووی

لە بەر چاوان شیرینتر بووی

لە لای خوداش گەورەتر بووی

ئەوان عەقڵیان لە دەست داوە

وا هەزار و چوارسەد ساڵە

دەدرێ ئەم هەوڵ و هەواڵە

بەڵام مێشکیان زۆر بەتاڵە

ئیسلام هەروەکو خۆی ماوە

سەرپۆشەکەی سەری سەرت
حیجابەکەی وا لە بەرگت
ڕێگای سوننەتی سەروەرت
چۆکی بە ئەوان داداوە
ڕێزیان گرت لە کابۆی تەسک
لایان جوان بوو کوڵم و بسک
تا بۆیان بین بە گەسک
دووڕە لە تۆ ئەم ژەهراوە
(ڕانیە - ٢٤-٦-٢٠١٩)
١٠٤دۆست و تەنگانە
لە م دنیایەدا هەوراز و نشێو
دێتە بەردەمت لە سەر شاخ و کێو
ئەوەی هەورازی بڕی هۆ کاکە
بۆ نشێوەکەش چوست و چاڵاکە
تا لە ژیاندا بی خۆشی و ناخۆشی
دێنە سەر ڕێگات دەبێ بینۆشی
تا لە ژیاندا کوستت نەکەوێ
دۆست و دوژمنت بۆ دەر ناکەوێ
تا لە خۆشیدایی خزم و دۆستی زۆر
دەورت لێ دەدەن وەک گورگی بۆر
بەڵام کە قەوما زۆریان دەگۆڕێن
بەجێت دەهێڵن و زۆر زوو دەدۆڕێن
خۆ پێشینانمان زوو وتویانە
خۆشی دێنە پێش لە دوای تەنگانە
دوو جاریش هاتووە لە ناو قورئانە

لە دوای تەنگانان خۆشی و ئاسانە
دۆست و دوژمنیش کاتی مەعلوومە
کە مرۆڤ بە دەست کەسێ مەزلوومە
کە کێشەم نەما و کەوتمە ئاسوودە
ئەتۆم بۆ چییە بینایی و دیدە
هێندە زۆر دەبن دۆست و هاودەمم
هاوڕێی سەر سفرە بۆ کاتی ژەمم
لە برا باشتر برادەری چاک
شەوی تاریکت بۆ بکا ڕووناک
بۆت بتوێتەوە وەک مۆمی باش
ئەو ببێ بە دان تۆش ببی بە ئاش
(ڕانیە - ٩-٩-٢٠١١)

١٠٥تاقیکردنەوە
لە دوای نۆ مانگی خوێندن و دەوام
بە هێوای گەنج و گەیشتن بە مەرام
خوێندن و نووسین، بێ خەوی شەوێ
لەبەر ماندووبوون، بێ جێ دەخەوێ
کرینی دەفتەر، کەرەستە و قەڵەم
وەک بچیە دەریا بە سواری بەلەم
دابین کردنی پێڵاو، جل و بەرگ
لە کاتی ئاشتی، هەم لە کاتی جەنگ
خەو لێ تێکچوونی دایک بەیانیان
تا پێیان بدا، پێخور و نانیان
ئەمە هەر هەمووی بۆ ئیمتیحانە

بۆ سەری ساڵ و ئەنجامەکانە
مژدەی دەدا بە کەس و کاری
کە لەم ڕێ سەختە بووە ڕزگاری
بە دەستی ڕاستە دەگرێ شەهادە
دەڕوا بەرەو ماڵ، دڵی زۆر شادە
بەڵام ئەوانەی ساقیت و کەوتوون
دڵیان سارد بووە و لاواز و خەوتوون
چونکە ئیمتیحان لێڵ و ئاڵۆزە
بۆ منداڵی هەژار، وشک و بێ سۆزە
پرسیارەکانیش وورد و شاراوەن
جار جار بە دۆلار دزی و دۆزراون
کە لە قیامەتیش بە هەمان جۆرە
مەیدانی مەحشەر خەڵکێکی زۆرە
ئەوەی وەریگرێ نامە بە ڕاستە
ئەنجامی دیارە، وەک مووی ناو ماستە
بەڵام ئەوانەی وەردەگرن بە چەپ
دەچنە شوێنەکەی مام ئەبو لەهەب
پرسیاری قیامەت ئاشکرا و دیارن
دیاری کراوی خودای جەبارن
(ڕانیە - ٢٣-٦-٢٠١٩)
١٠٦-وەسیەتی شەهیدێک بۆ ڕۆڵەکەی
ڕۆڵەکەم منیش وەکۆ میللەتان
دەمویست بژین دوور لە زیلەتان
ئێمەش خاوەنی خەڵکین و خاکین
بۆ یەکتر باوک و براین و کاکین

که بینیم خەڵکان خاوەن دەوڵەتن

لە شار دەژین و دوور لە ئەشکەوتن

منیش کە هەستام بە هەمان باوەڕ

لێم دا نەعرەتی شۆڕش، جەنگ و شەڕ

داپرام لە گشت خۆش ژیانم

گرتمەبەر ڕێگای مان و نەمانم

بە چەکی سادە و پێڵاوی دڕاو

بە زگی برسی و هەناوی سووتاو

بە نانی ڕەق و ئاوی مە تارە

لە زرمەی تانک و تۆپ و تەیارە

بە بێ دۆشەک و لەفە و بەتانی

بە شەو و ڕۆژان لەبەر بارانی

چەند بریندار بووم لە شاخ و کێوان

نەمدی خێزان و بزەی سەر لێوان

هەتا شەهید بووم لە لووتکەی شاخان

نەمدی ئازادی و سەوزایی باخان

بەڵام بۆ ئێوە بوومە قوربانی

هەتا نەبینن دیلی و زیندانی

هەتاکو ئێمەش بژین وەک خەڵکی

نیشتمان هەبێ قازانج و کەڵکی

دیسان داخەکەم بۆ یەمان نەکرد

کورد بۆ دوژمنی خۆی ببێ بە پرد

من و هەزاران کەسی وەکۆ من

مێشکم پڕا بە گوولەی دوژمن

دەبوو دوای شۆڕش لە دوای ڕاپەڕین

ساریژ بکرابان ئازار و برین
کەچی زۆر کەسی خائین و ناپاک
بوونە براگەورە و بوونە پیاوی چاک
خەڵکێکی زۆر داماو و ماندوو
پشت گوێ خراون و بوونە دەستی دوو
چونکە ئەوانە زۆر نەفس بەرزن
خۆ حیساب دەکەن پاشای سەر ئەرزن
کەسانێکیش هەن پووش و پەڵاشن
هەموو زەمانێک داش و مەقاشن
لە هەموو ئاشێک دەکەن باراشێک
بۆ هەموو ئاگرێک دەبنە مەقاشێک
(ڕانیە - ١٦-٦-٢٠١٩)
١٠٧-سزای خوا
خودایە ئەی دروستکەری بوونەوەر
ئەی خاوەن توانای ڕێگا نیشاندەر
پەروەردگاری قدیم و تازە
هەر بە یادی تۆ دەروونم سازە
هەر لەو ڕۆژەوە دنیات داناوە
بەشێکی وشکی و بەشێکی ئاوە
پشت گوێت نەخستووە ئەم بوونەوەرە
بەردەوام ناردت ئەم پێغەمبەرە
تا کەس لە دونیا عوزری نەمێنێ
وە لە قیامەتیش دەم نەجوڵێنێ
هەر کەس گوێی گرت بێ لە خودا و پەیام
چێژی کردووە، چێژێکی بەتام

هەر کەس لای دابێ، لە ڕێگای خودا
نەیگرتبێ بە بەر، ڕێگای ئیهتیدا
هەر کەس بە جۆرێک تەفروتوونا بوون
هەندێک بە لافاو لە ئاو خنکابوون
هەندێکیان بە با و، هەندێک بەردباران
تەخت بوو ماڵیان لە لادێ و شاران
هەمووی ئەنجامی سەرپێچی و تاوان
دژی خوا بوون و ئیتاعەی شەیتان
ئێستاش بێ شەرعی تینی هێناوە
کوفر و لاریێ بوون بە ئاشکرا باوە
کاتی بوومەلەرزە دەڵێن: یا ئەڵڵا
لە کاتی خۆشیش دەچنە لای عەولا
ئەمسااڵیش باران زۆر و فراوانە
فەزڵ و بەخششی خوای مێهرەبانە
کە وشکەساڵیە دڵمان لەرزاوە
ئێستاش بە باران دەورەمان دراوە
زۆر کەس دەترسێ ڕووبدا لافاو
لێکی باڵێنێ پیاو و ناپیاو
بەڵام خودایە گیان، تۆ بە سۆزی خۆت
بمان پارێزی و نەبین بەند و کۆت
بە کردەی خۆمان، بۆمان بپێوی
هیچ کەس نامێنێ لە دەشت و کێوی
بە سبە بە بەزەیی پان و فراوانت
بە ناوی جوان و پاکی قورئانت
غەزەب مە نێرە بۆ دین و ژینمان

خاپووری مەکە توانا و تینمان

چونکە هەر ئەتۆی- غەفوور و ڕەحیم

هەر سزای تۆشە- عەزابی ئەلیم

(ڕانیە - ١-٣-٢٠١٩)

١٠٨-قەزا و قەدەڕ

کە قەزا و قەدەڕ پێشدا دانرا

بۆ من و بۆ تۆ وەکۆ یەک برا

بەشی من زۆر و بەشی تۆ کەمە

دونیا پڕیەتی لەم ئێش و خەمە

کە من دەردەدار بە شاخانەوە

کە تۆش ئاسوودەی بە باخانەوە

نە بۆ دوا ڕۆژێک نە بۆ دونیایە

لە من باشترنی خوا بە ئاگایە

خراپە نییە بەڵا و موسیبەت

پیاو چاکیش نییە ژیانی پڕ نیعمەت

پێغەمبەرانی هەڵبژێراوی خوا

زۆر بە ئازار بوون تامان لە دنیا

هاوکات خەڵکانی خوار و خێچ و لار

ژیان بۆ ئەوان بوو بوو بە گوڵزار

خۆ پێغەمبەران پاڵفتە و چاک بوون

پێشەوای خەڵک و مرۆڤی پاک بوون

ئەی بۆچی ئەوان پڕ بوون لە بەڵا

کوێرەوەریان دی لە پێناو- ئەڵڵا

ئەمە نیشانەی ڕەسەنی وانە

کە بە بێ گومان پیاوی خودانە

نزیکترین کەس کە دەردەدار بێ
بە ئێشی و ئازار زۆر گرفتار بێ
خەڵکی دیندار و ڕوو لە خوایە
چونکە سروشتی ئەم دینە وایە
تا زێڕ نەچێتە ئاگر دانەوە
قاڵ نەبێتەوە بە دەستانەوە
کریاری نابێ هەرچەند وەڵا بێ
با ڕەنگی زەرد و بەرزە باڵا بێ
ئەوەی ئەیبینین قەزا و قەدەڕە
لە لای خواوەیە خێرە یا شەڕە
(ڕانیە - ١٣-٩-٢٠١٩)

١٠٩-ڕۆژی پۆشاکی کوردی
پەیمانگات خوێند و دیپلۆمت هانی
چوویەتە بەکالۆریۆس بۆ سلێمانی
بۆ ماجستێریش چووی بۆ هیندستان
بۆ دکتۆراکەش گەیشتیتە یابان
پڕۆفیسۆریت بە دەست هێنابێ
شەهادەی دنیات بە کۆڵ دابێ
بە جلی کوردی بچیە سەردانی
لە لای ئەو وایە تۆ هیچ نازانی
چەندین شەهادە بخەیتە گیرفانت
وەک داڵ و نەجمە بچنە سەر شانت
بە س جلی کوردی بکەیتە بەرت
کڵاو و مێزەر بخەیتە سەرت

پێت دەڵێ خاڵە و نەخوێندەواری

جەواب دەداتەوە بە سەری زاری

خەڵک وا دەزانن عیلم و زانیاری

بە کابۆی تەسک و تەنورەی شاری

(ڕانیە - ١٦-٣-٢٠١٨)

١١٠-گەنج و ڕەنج

بەڵێ گەنج

بە بێ بەرهەم و ڕەنج

گەنجی نیعمەتی خودایە

گەرچی ئەمڕۆ هەڵوە دایە

یارانی ئەشکەوت گەنج بوون

کۆمەڵێک لە لاوی ڕەند بوون

ڕۆیشتن لە پێناوی ڕاستی

دایان نا بۆ پاشا ئاستی

وتیان: پاشا تۆش بەشەری

خوا پەرست بە، نەک سەرسەری

لە فەرموودەی پێغەمبەرە

ژیانی حەوت کەس مسۆگەرە

لە سێبەری عەرشی خوادان

ڕزگاری وان لە ئازادان

یەکێک لەوان ئەو گەنجەیە

کە دڵی بۆ خوا بەندەیە

زۆر بوون لە ڕێزی ئەسحابان

لە گەنجانی دەست بە قورئان

لە نێوان خودا و شەیتاندا

وا جەنگە لە سەر گەنجانا
خوا دەوێ بۆ خۆی بەرێ
شەیتانیش کەوتۆتە سەرێ
بەڵام لە دونیای عەولەمە
بە گەنجەکان دەکەن گەمە
بە گۆرانی و شانۆ و تەمسیل
گەنجەکانمان دەکەن بە دیل
بە ناوی زانست و هونەر
دەبن ئاوارە و دەر بە دەر
بە فلیم و تلیاک و عەشییش
مێشکی گەنجان دەکەن بە شیش
بە تێکەڵی و ڕەقس و سەما
بە دانیشتنی ناو سینەما
بە جلی کورت و ڕووت وقووت
شەرمیان کردە سەڵکە بزووت
بە تێکەڵی ناو دەریان
بووتە شوێنی یە ڕەلایان
بە داوێن پیسی و لەشفرۆشی
گەنج و لاو نەماوە هۆشی
ئەمە ش پیلانی شەیتانە
وە بەرنامەی جولەکەکانە
گەر ویستیان میللەتێ ببرێن
پێشدا گەنجەکانی دەکرێن
چونکە گەنجە تێکۆشەرە
گەنجە ڕابەری بەشەرە

گەنجە کە بەرگریکارە

ڕزگار کەری گشت هەژارە

بەس دەبێ دەست بە قورئان بێ

تا ڕزگار کەری جیهان بێ

(ڕانیە - ٢-١١-٢٠١٩)

١١١-پەرلەمانتار

چل و هەشت ملیۆن پارەی شارێکە

بۆ کار کردنی ناو بازاڕێکە

بۆ پەرلەمانش هەر بڕیارێکە

بۆ خەڵکی هەژار ژەهری مارێکە

بۆ باغی گشتی گوڵ عوزارێکە

بۆ قوتابی زانکۆ هاریکارێکە

بۆ نەخۆشانیش هەر ئازارێکە

بۆ بابای کرێچی ڕێگا چارێکە

بۆ توانا سازی کرێی ساڵێکە

بۆ دایکی شەهید وەفادارێکە

بۆ گەنم و جۆمان قەندە هاریکە

بۆ خەڵکی ماندوو، هەر هاوارێکە

بۆ مامۆستایان شەقی هارێکە

بۆ مەلای مزگەوت قیژەی زارێکە

بۆ ڕۆژنامەنووس هی غەددادێکە

بۆ وڵاتی وێران، کۆڵ و بارێکە

(ڕانیە - ٣-١١-٢٠١٨)

(تێبینی: ئەو کاتەی دوای چوار ساڵ کۆتایی خولەکە پەرلەمانتار ٤٨ ملیۆن دینار وەردەگرێ)

١١٢-هەوڵ و تەقەڵا

هەشتی ڕەمەزان، من لە ڕەزام
عەودالّ و وێڵەی ڕەزای ئەو خوایەم
دەگەڕێم بە دوای هەتوان و دەرمان
تا چاوی دایکم لێی دەر بچێ ژان
شیفا و چارەسەر بە دەستی خوایە
هەرچی ئەو بکا ڕاست و ڕەوایە
لە تۆ جووڵان و هەوڵ و حەرەکەت
لە خواش چارەسەر شیفا و بەرەکەت
دەڵێن: ئیبراهیم کە خرایە ئاگر
دەورەیان دا بوو لە شکری کافەر
پەڕەسێلکەیەک بە دەنووکی خۆی
ئای هەڵدەگرت، دەیهێنا لە بۆی
وتیان: ئەم ئاگرە پڕ قار و قینە
کە گڕی گرتووە و ئاوا بە تینە
بە دڵۆپە ئاوەی دەنووکەکەی تۆ
ناکوژێتەوە و نابێتە پەموو
وتی: من هەڵسام بە ئیش و کارم
بڕیاریش دەدا پەروەردگارم
خۆ من گەیاندم ئەرکی سەرشانم
لە قیامەت نەڵێم من پەشیمانم
(ڕانیە، ڕەمەزانی - ١٣-٥-٢٠١٩)
١١٣-سۆزێک بۆ نیوزلەندا
با دڵنیا بن قەت ناگیرێ
بە بێژنگێ بەری خۆرێ
لەبەر خاتری شەمشەمەکوێر

سێبەر بە هەتاو ناوێرێ
چونکە زاری نەخۆش تاڵە
هەنگوین نادا تامی سوێرێ
زۆر لە مێژە ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب
بە ئەم دینە دەدەن ناسۆرێ
بەڵام تا شوان بە خەبەر بێ
فورسەت نییە بۆ گورگە بۆرێ
لە مێژووی ژیانی سەحابە
ئارەق و خوێن دادەچۆرێ
لە ژیاننامەی تا بەیعیشان
ژووری زیندان دێتە گۆڕێ
یەکەم کەسیش کە عومەر بوو
شەهید کرا بە تیرۆرێ
عوسمانی کوڕی عەفانیش
لە ماڵی خۆی کەوتە گۆڕێ
عەلی کوڕی ئەبی تالیب
کوژرا بە دەستی گەڵلۆرێ
(ڕانیە - ٢٠١٩)
١١٤-کوڕی خراپ
کوڕێک کە بۆ من نەبێ سێبەری
بۆ من نەبێتە داری بە بەری
تا گەورە دەبێ بم بە مەیتەری
خزمەتی بکەم بە دەرد و سەرسەری
بۆ وی ببینم سەد کوێدەوەری
گەر هەڵکەوتوو بێ و لە بەر چاوان بێ

یاخوا ئەو کوڕە بەشی نەمان بێ
کوڕێک هەڵگرم بە زگ و پشم
ئازاری لادەم بە دەست و مشتم
پەروەردەی بکەم بە بیری خشتەم
خانووی بۆ بکەم لە شاخ و دەشتم
ڕێگای نیشان دەم بەرەو بەهەشتەم
منی بیر نەبێ و خاوەن سامان بێ
یاخوا ئەو کوڕە بەشی فەوتان بێ
کوڕێک گەورەی کەم بە زەبری شانی
کە نەخۆش کەوت بم بە قوربانی
کۆڵی هەڵگرم گەر خۆی نەیتوانی
لە بەر خاتری وی لێم دا بارانی
ئەویش سڵوە بێ و هیچ پێ نەزانی
گەر خوێندەوار و ناو و نیشان بێ
یاخوا ئەو کوڕە هەر سەرگەردان بێ
کوڕێک گەورە بێ و ماڵ دامەزرێنێ
ڕاست و چەپی خۆی چاک هەڵسەنگێنێ
باوکی دەرکات و دایکی نەدوێنێ
بە قسەی خێزانی دڵ بتوێرێنێ
خزم و کەس و کار گشت بڕەنجێنێ
گەر زیرەک بێ و دڵان بدوێنێ
یاخوا ئەو کوڕە عەمری نەمێنێ
کوڕێک نەزانێ ڕێگای ئەم دینە
هەنگاوێک نەنێ بەرەو ئەم ژینە
بە ژەهر و تاڵان بڵێ شیرینە

نەزانێ کە چاو هەر بۆ بینینە
گەر بڕوانامەی هی ئەندەران بێ
یاخوا ئەم کوڕە هەر هەراسان بێ
(ڕانیە - ٦-١٢-٢٠١٦)
١١٥-دوو ڕووەکان
کاتی هاتنی پێغەمبەری خوا
سێ جۆرە خەڵک هەبوون لە ئارا
ئاشکرا دیار بوون کافر و موسوڵمان
دوو ڕووی ناپاکیش خۆیان حەشار دان
سوورەی بەقەرە کە دەست پێدەکا
سەرەتا ناوی موسوڵمان دەبا
دوو ئایەتی دواش باسی کافرانە
هەر چیان پێ بڵێی لای وان یەکسانە
سێزدە ئایەتی دوای بێ باوەڕان
دێتە سەر باسی دوو ڕوو چەپەڵان
جێگای سەرنجە کە باسی ئەوان
بە درێژی هاتووە لە سوورەی قورئان
کاتێک دەگەیشتە خزمەت پێغەمبەر
خۆیان دەکردە مەڕی بێ خەتەر
کە دەچوونە لای خودا نەناسان
زمانی درێژیان دەبوو بە هەسان
چونکە گورگ بوون لە پێستی مەڕا
خۆیان شاردەوە لە ژێر بەڕا
هەرچەند فێڵ ئەکەن لە بەندە و عەولا
بەڵام فێڵ ناکرێ لە زاتی- ئەڵڵا

بۆیە مونافیق سزای بەتینە
لەناو جەهەننەم لە ژێر زەمینە
چونکە ناپاکە و دوو ڕووی ئاکارە
ڕوو ڕەشی دادگای پەروەردگارە
(ڕانیە - ٢٨-٣-٢٠١٩)

١١٦-جیاکاری

شاعیری عەرەب دەڵێ:
(أرى أهل القصور إذا أميتوا
بَنَوْا على المقابر بالصخور
اَبَوْا إلاَّ مباهاةً وفخراً
علىَ الفقراء حتى في القبور)

منیش وەرگێڕاو وتم:
دەبینم خەڵکی دەوڵەمەند کاتێک کە دەمرن
دروست دەکەن لە سەر قەبران دیواران
لە م کارەشدا هەر مەبەستیان ئەوەیە
کە خۆیان هەڵکێشن بە سەر هەژاران
هاودەم
بێ هاوڕێ هەرگیز مەڕۆ بە ڕێدا
با تووشی ئازار نەبێ لە جێدا
پێش کرینی خانو دراوسێ شەرتە
بیر بکەوە پێش ئەوەی بکەوی لە جێدا
(ڕانیە - ٢٠١٥)

١١٧-بۆ مەلا عومەر خورخورەیی

بۆ ئیمتحانم وا لە سلێمانیم
دوعام بۆ بکە برای ئیمانم
مەبەستم زیادی مووچەکەم نییە
خودا دەیزانێ کەوا قورئانیم
(سلێمانی – قلێسان - ١٦-٨-٢٠١٠)

١١٨-دەوری زەمانە
لەگەڵ ژیندا دەستەمۆ بووم
لوولی دام لە گێژاوی خۆی
وێستم ببێ بە بەندە بۆم
نەک من ببم بە بەندە بۆی
ئێش و ئازار و ناخۆشی
زۆر هاتە ڕێم بەڵام زوو ڕۆیی
سوونەتی ژیان وەهایە
پڕ لە ناسۆر و ئۆف و ئۆی
پیاوی دەوێ خۆ ڕابگرێ
کە کۆڵ نەدا لە ڕەنج و ڕۆی
لە ناو چەرخی ئەم گەردوونە
گۆڕانکارییە لە نان و دۆی
دەبینی زۆر نەجیب زادە
کە نەماوە هیچ گفت و گۆی
بەڵام ناکەس بە چەو نەفام
پڕ بە زاری کە دەڵێ: هۆی
چونکە بە کەیفی دەسوڕێ
سەردەمەکە و دەکا درۆی

(ڕانیە - ١٦-٦-٢٠١٦)

١١٩-گاوانی ئاوارە

(بۆ پیاوێکی کوردستانی باشوور دانراوە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شوانی گاڕان بوو. بە ئاوارەیی، کاک ئەحمەدی بابکری بوو.)

هۆ خاڵ ئەحمەدی گاوان

تۆ دووری لە نیشتمان

لشکرێکی لە پێشە

سوور و پەڵەک و قەرشان

کاتێک کە دەڵێی ئۆحە

دەگەڕێتەوە زۆر جوان

هەشت مانگان شوانی ئەکەی

ئەچیە ناو شاخ و بەردان

ئەگەر مانگایەک نایا

بە دوایدای شەو و ڕۆژان

خۆ پێوەژنی سەر سپی

دەست ئەکەن بە جنێو دان

بەڵام دووری لە وڵاتت

دێتە ڕێت ئازار و ژان

ئەبینی تاڵی و سوێری

بۆ دەسکەوتنی ئاو و نان

بەڵام شوانی و سەپانەی

سەر بەرزیە بۆ ئینسان

گاوانی ئەم زەمانە

قسە و لۆمەی پیرەژنان

خۆ گاڕان لێ بخوڕە

گوێ مەدە قسە و پڵاران
بۆ گاڕان تەواو نابێ
بە هاوین و بە زستان
کەچی لەسەر ئەم حاڵەش
لێت کەم ئەکەن پارە و نان
(سەردەشت - گوندی بەڵاو - ١٩٩٦)
١٢٠-دونیا زۆر تارە
لە دوای زستانێ وەرزی بەهارە
وەرزێکی جوان و ناسک و نازدارە
دوای تێپەڕ بوونی باران و بەفر
کاتی هاتنی گیا و گەڵای دارە
کە زۆر دەمێکە دڵ چاوەڕوانی
خونچەی پشکووتوو گوڵ و گوڵزارە
هەرچەن من و تۆ دڵیشمان خۆش بێ
لە چوار دەورەمان زالم و زۆردارە
چ لە عێراقێ، چ لەناو کوردان
کوشتنی هەزاران ژن و منداڕە!
لە نیوزلەندا، یان کەرەتی غەززە
ژیان تاڵ بووە، وەک ژەهری مارە
مافی مرۆڤ و نەتەوەی خەوتوو
پڕخەی خەویارن، وای چەند غەددارە
خەڵکی کوردستان زۆر جاران دەڵێن:
کەس بۆمە نەبوو عیلاج و چارە
ئەم ووتە ڕاستە و لە جێی خۆیەتی
بەڵام ئیشی وان تا بڵێی لارە

لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا
گەر ستەم بکرێ، دڵ بێ قەرارە
خۆ ژن و منداڵ، تاوانی نییە
هی موسوڵمانە، یان هی کوففارە
پێغەمبەری خوا کە سوپای دەنارد
دەیفەرموو ئەمری خودای جەببارە
دیلی نەکۆژن، درەختی نەبڕن
هەر کەسێک بیکا، زۆر گوناهبارە
ژن و منداڵیش تاوانی نییە
بێ دەسەڵاتن و زۆر گرفتارە
خودایە- غەریب- داوات لێ دەکات
دووربین لە زالم وەک سەگی هارە
(١- منار: بە زمان و زاراوەی هەولێر واتە: منداڵ)
(ڕانیە - ٢٥-٣-٢٠١٩)
١٢١-بۆ دارساوێنی خۆشەویست
ئەی دارساوێن لە کاتێکدا کە تۆم ناسی
زۆر خۆشحاڵ و شادومان بووم.
پێش ئەوەی کە بێمە ناو تۆ
بۆ کاسبی مرۆڤێکی زۆر بێهێز و لەشگران بووم.
بەڵام هەروەک جێگایەکی چۆڵەوانی
بە بوونی ئاو دەبێتە دێ و ئاوەدانی
هەر بەو شێوەش ژیانی من
زۆر چاک گۆڕا بەرەو خۆشی و کامەرانی
تۆ گوندێک بوویت هەموو ئاوات و ئارەزووم
لە ناو تۆدا حەشار درابوو.

بە داخەوە هەر لە لای تۆ

بێ ئاگایان زەبری تۆندی یان لە من دابوو.

دوو ساڵ و نیو خۆشی جیهان

لە ناو تۆدا بۆم دابین کرا

بە داخەوە کۆشک و تەلاری

خەیالاتم لێ وێران کرا

ڕاستە توانیان بە لەش من

لە تۆی ئازیز دوور خەنەوە.

بەڵام ئەگەر هێندەی تر بن

ئەوینی تۆ لە بیری من نابەنەوە

(سەردەشت - گۆندی دارساوێن - ١٩٩٥)

١٢٢-پێکەوە ژیان

ئێمە کە هاتوین بۆ سەر ڕووی دونیا

بێ ویستی خۆمان، بە فەرمانی خوا

هەموومان نەوەی باوکە ئادەمین

بەرامبەر یەکتر زۆر کەمتەرخەمین

هەرچی قازانجە بۆ خۆمان دەوێ

بەس بەرامبەرەمان ژێرمان بکەوێ

بەڵام خۆ ئێمە کە موسوڵمانین

خۆ دەبێ قەدری یەکتر بزانین

کە هەمووش خەڵکی یەک کوردستانین

حەتمەن هەموومان پێکەوە جوانین

(ڕانیە - ٥-٥-٢٠١٨)

١٢٣-سەر ئێشانی دائرە

خۆزگە بەوانەی قەرەج و دۆمن

نە خاوەن زەوین، نە خاوەن چۆمن

لەناو خێمەدا ژیان دەبەنە سەر

دێن بۆ ئەم بەر و دەڕۆن بۆ ئەوبەر

ئاو ڕاناکێشێ و کارەبای ناوێ

پاڵ دەداتەوە لە بەر هەتاوێ

زێرابی نییە، بێ دەرگا و دیوار

باج و زەریبەی بۆ نایەتە خوار

حەوشە و حەسار و دەرگای نەماوە

پەنجەرە و تەنکی خستە ئەولاوە

جادە و ڕێگا و بان نایگرێتەوە

لە بەر بەرپرسان ناناپارێتەوە

هەر لە ڕۆژ لە شوێنێک ئەجوڵێتەوە

لە گشت وڵاتان ئەسوڕێتەوە

پاسپۆرتی نییە و، بێ هەویە و شوناس

هیچ باکی نییە لە باس و لە خواس

ڕێگای پێ ناگرن لە بازگە و سنوور

نایگرێتەوە قانوون و دەستوور

شوێنی ژیان و مردنی نییە

دەستگیرکردن و بردن نییە

هیچ خەفەت ناخوا لە بوون و نەبوون

ئەگەر بروخێ سەرتاپای گەردوون

خانوو نارووخێ و بانێ ناکەوێ

لە هەر شوێنێک بێ بۆ خۆی دەخەوێ

پاشەکەوت ناکا بۆ ئەم دونیایە

لە لای ئەو دونیا وەک کاو وایە

بۆ خۆزگە نەخۆم بەم ژیانە سادە

کە ماڵ و سامان هیچ دادم نادا

(تێبینی/ ووشەی (قەرەج و دۆم) ئەو خوشک و برایانە دەگرێتەوە کە خەڵکی هیچ وڵاتێک نین و گرنگی بە خانووبەرە نادەن)

١٢٤-خەیاڵ خاوەن

خەیاڵ خاوەن، قورئانەکان دەسووتێنن

کۆن و تازە مزگەوتەکان دەڕووخێنن

وا دەزانن قورئان ئینجیل و تەوراتە

یان دانراوی مرۆڤەکانە و تر و هاتە

لە سەر دەمی پێغەمبەرە تا کۆ ئەمڕۆ

زۆر کەس قورئانی لە بەرە وەک شیر و دۆ

لە بیری موعەوێنە حەفتا لەوان

لە کەمینی کافران دا، تیرۆر کران

بە هەزاران کچ و کوڕمان لە سەر خەتن

دەست بە دەستنوێژ، قورئان لە بەر، بە هەڵمەتن

دەسووتێنن قورئانەکان، لاپەڕەکان

زۆر لە مێژە نووسیمانە، لە سەر پەڕەی ناو دڵەکان

(ڕانیە - ٢٤-٣-٢٠١٩)

١٢٥-چوونە ئێرانم

مرۆڤ لە ژیندا وەک خۆر وایە

هەردم دەگەڕێ و لە سوڕاندایە

هیچ کەس نازانێ بەرەو کوێ دەڕوا

چارەنووس و ژین لە دەس خوایە

بە ئیرادەی خوا لە هەشتا و حەفتا

چوونە ئێرانم بۆ هاتە ڕایە

بە ڕاستی ماڵ و خوێندن و ژینم

هەموو لە دەست چوو و ڕۆیی بە بایە

بەڵام کاری خوا هەمووی بە سودە

هیچ کەس نازانێ خێر لە چیدایە

کە چووم بۆ ئێران بە تاک و تەنیا

دوور لە کەس و کار لە باب و دایە

سەرەتا کە چووم من زۆر غەریب بووم

چاوم کرایەوە، وەک چرایە

لە م سەفەرەدا دوو قازانجم کرد

کە فارسی فێربووم وەک گەوهەر وایە

دوو چەندین دۆستی چاکم پەیدا بوون

نایانگۆڕمەوە بە گشتی دونیایە

خەڵکی بێ شاسپێ کە زۆر نەجیب بوون

خوا بیان پارێزی لە گشت بەڵایە

لەوێوە ڕۆیشتم بەرەو دێی زوران

باسی چاکەی وان لە حیساب نایە

لەوێش بارم کرد بەرەو دارساوێن

نەمزانی خۆشی هەر لەوێدایە

دوو ساڵ و نیوان لە دارساوێن بووم

دووبارە ڕۆیشتم بووم بە مەلایە

ماڵەکەم بردە گوندی بەڵاوێ

لەوێش برادەرم بۆ هاتنە کایە

لە دێی بەڵاوێ دوویان زۆر چاک بوون

یەکێکیان کاک مەولوود زۆر بە وەفایە

ئەوی دووەمیان خزری کاک حەمەد

که ناوی له ناو گشت پیاوانداید

برایەکی تریش که دڵسۆزم بوو

کاک مەلا خزری ناو نەبیاوەیە

لە دارساوێنێش ئەم سێ برایە

بوون و بەرامیان وەکۆ گوڵ وایە

کاکە تاهیر و کاکە جەلیل گیان

کاکە مستەفا لە خەیاڵمایە

لە دێی هەورازەش کاک مەلا عوسمان

زۆر موسوڵمانە و زۆر بە تەقوایە

لە شاری سەقز عەلی غەفووری

کە ڕۆشنبیرە و وەکۆ چرایە

سەدان دۆستی تر ناویان ناهێنم

ناوی پیرۆزیان لە ناو دڵدایە

مامۆستا سەعید یان عەبدولسەلام

لێیان مەمنوونم هەتا هەتایە

مامۆستا مەلا مستەفای زوران

زۆر بۆم ماندوو بوو وەک باوک وایە

باسی دۆستانم، خۆشەویستانم

ئەجر و پاداشتیان لە مەحشەر دایە

دۆستێکی زۆر باش با لە بیر نەچێ

حەسەنی سوارەی بۆ من قەڵایە

لەگەڵ ئەوانەی کە ناوم هێنان

کۆمان بکەوە ڕۆژی جەزایە

ئەی خودای گەورە و پەروەردگارم

ئارامی لە ژێر ئاڵای تۆ دایە

ئەم بەڕێزانەی کە بۆمان چاک بوون
ڕەنجی هەموویان نەدەی بە زایە
خوای پەروەردگار لێیان ببورە
چونکە بەخشیشت کۆتایی نایە
(شەقڵاوە - ١٦-٨-١٩٩٧)
١٢٦-ڕانیە
ڕانیە شارەکەم جوان و شیرینم
شاری ئارام و مەنزڵگەی ژینم
شارێک پڕاوپڕ لە ڕێز و حورمەت
دانیشتوانەکەی خەڵکی بە قیمەت
شارێک کە غەریب تێیدا ئاسوودە
کە هیچ کەس تێیدا نابێ پەژموودە
شارێک پڕاوپڕ لە سەلام، کەلام
ڕازاوەتەوە بە د ینی ئیسلام
هەتا نە کەوی شار و وڵاتان
نازانی قەدری خاک و خەباتان
هیچ کەس لە هیچ کەس نادا ئاوڕێ
بە بێ دانی
پارە هیچ شت ناکڕێ
نەمدی لە خاک و خەڵکی خۆم باشتر
چەندە بە تینن هەروەکو ئاگر
سڵاو کردن و فەرمووی بەردەوام
لەگەڵتان هەتا دەگەی بە مەرام
شارێک تێیدا نییە فندق و ئۆتێل
دوور لە مۆدێلە و، عەشایەرە و خێل

شارێک کە پڕە لە مەلا و مزگەوت

چەند کەسی چاک و پاکی لێ هەڵکەوت

دەچیە هەر ماڵێ خۆت خاوەن ماڵی

نازانی کە تۆ غەریبی حاڵی

هەتا ئەم شارە ئاوا بمێنێ

ئینشاڵڵە دەرد و بەڵا نایدۆزێنێ

(ئێران - شاری ورمێ - ٣٠-٤-٢٠١٩)

١٢٧-لێدانی دڵ

لێدانی دڵت جەرەس لێ دەدا

ئەگەر مەرگ هات نایەتەوە دوا

لێت ڕاناوەستێ چرکە و سەعاتێ

بڵێی خۆشەویست بێ و بمگاتێ

بڵێی مەوعیدم ئەمڕۆ داناوە

هاوڕێ و ئازیزم وابە ڕێگاوە

پڕۆژە و کارم تەواو نەکراوە

خانووم ئاواڵە و سەر نەگیراوە

ژنم بۆ کوڕم مارە نەبڕاوە

کچی ئازیزم بە شوو نەداوە

خوێندنی بەرزتم تەواو نەکراوە

هێوا و ئاواتم کرچ و کاڵ ماوە

باخ و باخاتم جوان ئاو نەدراوە

نوێژ و ڕۆژووشم زۆری فەوتاوە

حەج و عەمرەشم ئەنجام نەداوە

تۆبەی یەکجاریم بۆ نە ڕەخساوە

(ڕانیە - ٢٥-١٠-٢٠١٨)

١٢٨-زۆر لە مێژە

لە مێژە پێت دەڵێم: مەدە ئازارم
با دڵ نەڕوا بۆ دیدار نامەردێک
لە مێژە پێت دەڵێم: ناچارم مەکە
با پشتم بۆ زالم نەبێتە پردێک
لە مێژە پێت دەڵێم: بێ وەفا مەبە
با ڕەوشت نەبێتە: زیوێک یا زەردێک
لە مێژە پێت دەڵێم: با خەفەت نەخۆم
با پەیدا نەبێ لە جەرگم گەردێک
لە مێژە پێت دەڵێم: هاوڕێی ڕێگام بە
با نەبمە هاوڕێی ئازار و دەردێک
(ڕانیە - ١١-٨-٢٠١٩)

١٢٩-سووڕەتی ئیخڵاس

سووڕەتێک هەیە لە دوو توێی قورئان
کە چوار ئایەتە پوخت و پاک و جوان
ناوی لێ نراوە سووڕەتی ئیخڵاس
دووڕە لە ژەنگ و لە پارچە و پەڵاس
هاتنە خزمەتی کۆمەڵێک کافەر
خەڵکی بێ دین و خراپ و فاجر
وتیان: خودای تۆ چییە و چۆن چۆنە
لە کام ڕەنگەیە و کام تام و بۆنە
خودا پێی فەرموو بە وانە بێژە
تامی ئیسلام و دینیان پێ بچێژە
بڵێ: ئەو خوایە تاک و تەنیایە

لە زەوی و ئاسمان هەر ئەو خوایە
ئەو جێگای ڕاز و نیاز و ئومێدە
چ لە ڕۆژێدا، چ لە شەوێدا
ئیشی بە کەس نییە، بە دەسەڵاتە
هەر بۆ خۆی پاشای هەموو وڵاتە
لە هەموو کاتێک دەگاتە فریات
کە تۆ لاوازی و ئەو بە دەسەڵات
کەسی لێ نەبووە، لە کەسیش نەبووە
هەر ئەو دەمێنێ و هەر ئەویش هەبووە
وەکۆ کەس ناچێ، بە ڕەنگ و شێوە
تەنها ڕێگای ئەو، خێری زۆر پێوە
ئەمەش وەڵام بوو بۆ ئەو کەسانە
کە وتیان: بتیش لای ئێمە جوانە
وە بۆ ئەوانەی هاواریان دەکرد
بۆ غەیری خودا پەنایان دەبرد
یان بۆ ئەوانەی دەیانووت: خودا
منداڵی هەیە و نیشانمان دەدا
لە بت پەرستان لە گاور و جوو
لە کۆن و تازە لە هەرچی هەبوو
جا ئەم سوورەتە جوان و خنجیلە
ئایەتی کورت و پڕ و ووردکەیلە
لە ڕووی خێرەوە قورس و گرانە
سێ جار بیخوێنی خەتمی قورئانە
(ڕانیە - ٢٥-٧-٢٠١٩)
١٣٠-بێ وەفایی

دایکێک گەورەی کرد پێنج کچ و پێنج کوڕ
ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵی نەبوو پڕ
هەموویان کرد بە خاوەنی ماڵ
بە تەنها بۆ خۆی دەرچوو دەست بە تاڵ
پرسیان: لە دایکێک منداڵت چەندە؟
وتی: پێنجەم هەیە زۆر و زەوەندە
وتیان: هەموویان لە ژیاندا ماون؟
وتی: ناوەڵڵا هەموو فەوتاون
وتی: دوو دانە بێ سەر و شوێنن
سێ دانەش زیندوون، بەڵام نامدوێنن
دوو دانە کچن کە بە شووم داون
سێ دانەش کوڕن کەڵبەم تۆراون
(ڕانیە - ٢٤-٧-٢٠١٩)
١٣١-تا خۆت نەبینی
گەر سەرنج بدەی لەناو قورئانا
سوورەتەکانی بە ناوی جوانە
یەکێک لەوانە سوورەی- وەززوحی
سوێندە بە کاتی چێشتەنگاوانە
وە سوێند خواردنێک بە کاتی شەوە
کاتێک کە دادێ، ڕووڕ و عەیانە
دڵدانەوەیەکە بۆ پێغەمبەرە
خوای گەورە ئەتۆی لە بەر چاوانە
دوایی و کۆتاییت زۆر باشتر ئەبێ
لە ئەم دونیایەی ئەرکی گرانە
هێندەت پێ دەدا خوای پەروەردگار

که چاو و دڵت پێی شادومانە

ئەدی تۆ نەبووی بێ باوک و دایک

منداڵ کەوا بوو، زۆر پەریشانە

ئەدی تۆ نەبووی بە سەرگەردانی

خوا یارەمتی دا بۆ و ڕێی ئیمانە

ئەدی تۆ نەبووی دەست کورت و هەژار

زۆری پێت بەخشی ماڵ و سامانە

جا مادام بۆ خۆت بێ نازیت دیوە

قەت تۆڕە مەبە لەو نازدارانە

وە مادەم بۆ خۆت هەژاریت دیوە

قەدری هەژاران زۆر چاک بزانە

وە مادەم کاتێک ڕێت نە دەزانی

نیعمەتی خودا بە گەورە بزانە

لە مێژە فارس کە وتوویانە

دیتن و بیستن زۆریان نێوانە

هەتاکو بۆ خۆت کوستت نەکەوێ

قەت باوەڕ ناکەی بە ئەم قسانە

(ڕانیە - ٣٠-١٠-٢٠١٨)

١٣٢-بۆ وامان بەسەر هات

دڵم دەئێشێ بۆ ئەم وڵاتە

بۆ ئەم قوربانی بۆ ئەم خەباتە

بۆ دایک و باوکی جەرگ داخکراو

بۆ کوڕ و کچی بێ باب بەجێماو

بۆ ژنی گەنجی بێ بەش لە خۆشی

کە هەتا مردن ڕەشی دەپۆشی

بۆ منداڵێ نەیدی ئامێزی باوکی
دایکیان دەرپەڕاند لە سەری ڕاوکی
بۆ جووت کارەبای بیست و حەوت ساڵە
بۆ جادە و تاسە و ئەو هەموو چاڵە
بۆ گەنجی بێبەش لە خۆشی و شادی
بۆ مەلی قەفەس دوور لە ئازادی
بۆ ئەهلی عیلم و دوور لە دامەزران
لە دوای شانزە ساڵ دەگەڕێ بۆ نان
بۆ ژینگەی پیسی بێ دار و دەرەخت
بۆ کچی کوردی بێ بەش و بێ بەخت
بۆ تەندروستی ڕووخاو تەپیوو
بۆ نەخۆشێکی خێر لە خۆ نەدیوو
بۆ چوار سنووری ڕزیوو دەستکرد
بۆ خائینانی بۆ دوژمن بە پرد
بۆ چوار دوژمنی درۆ و دڕندە
بۆ بۆردمانی توند و کوشندە
بۆ ناتەبایی ناو ماڵی کوردی
هەرچی ڕاست بووە لە بۆ خۆی بردی
سەیرە سەد ساڵە ناپاکی و دۆڕان
کە پەیدا نابێ عیبرەت و گۆڕان
خەڵکان نێوەی مە، دایان قوربانی
وەریان گرتەوە بە ڕەنجی شانی
بەڵام خەرمان و بەرو بووی کوردان
ناگاتە ڕێگا و ئەو بەری پردان
(ڕانیە - ١٥-٦-٢٠١٩)

١٣٣-تەمەن

ووریابە تەمەن نەڕوا بە هەدەر
هەتا دەچیتە خزمەت پێغەمبەر
خودا سوێندی خوارد بە سووڕەی- عەسر
واتە سوێند بە کات نەکۆ بە بەدر
چونکە زۆرینەی مرۆڤ و بەشەر
دونیا و دواڕۆژیان کەوتۆتە خەتەر
بێجگە لەوانەی کردەوە باشن
بۆ بەرگری دین، وێنەی قوماشن
هەیانە بڕوا و دین و ئیمانی
خەمی خەڵکیشیان کەوتۆتە سەر شانی
ئارامیش دەگرن لە ئازاری ڕێ
کاروان دەڕوات و سەگیش دەوەڕێ
ئیمان دەکەنە بناغەی دینیان
کردەوەش خەرمان بۆ ژیان و ژینیان
هەر دەست ناگرن بە کڵاوەی خۆیان
بۆ خەڵکی تڕە شین و ڕۆڕۆیان
وەسیەتیش دەکەن، بۆ ئارام گرتن
بەردەوام خەبات، هەرگیز نەسرەوتن
چونکە دەزانن ڕێگای ئەم دینە
پڕ درک و داڵە، نەک گوڵ چنینە
(ڕانیە - ٨-٨-٢٠١٩)

١٣٤-زانایان

پێغەمبەر فەرمووی (إن العلماء)
واتە: جێگر و میراتگر دەبن

بۆ چین و تویژی بەرزی ئەنبیان
دیارە عولەماش دوو جۆرن لە ژیان
یەکیان بۆ دونیا و زانستی سەردەم
دووەم بۆ دین و بۆ ڕێگای ئیمان
عولەمای کوردیش زۆر بە توانا بوو
ڕێبواری راستی ڕێگای خودا بوو
نزیک سەد ساڵە کە مەلای کوردی
تەدریسی دەکرد بە دەست و بردی
کە مەلای کوردی حوجرەی دانا بوو
بیر و زانستی زۆر بە توانا بوو
زانکۆ دیار نەبوو لەم کوردستانە؟
خوێندنگا نەبوو لەم نیشتمانە
لەناو حوجرەدا هەزاران مەلا
ئیجازە دەدران لە ئەملا و ئەولا
شۆڕشگێڕی کورد پیاوی حوجرە بوون
فەقێی مزگەوت و دەرس و دەورە بوون
ئەدەب و هونەر، شیعرو هۆنراوە
لەناو مزگەوت و حوجرە ووتراوە
ئەو شاعیرانەی لەوێ تێگەیشتوون
لە لای مامۆستاو مەلا پێگەیشتوون
هەتا مێژووی کورد دەکوژێتەوە
تا عیلم و زانست دەبڕێتەوە
لە دایک نابن لە سەر شانۆی ژیان
مەگەر پەروەردە و ڕەوشتی قورئان
ئێستاکەش دەڵێن مەلا و وەزارەت

ئیشی مەلایان وا لە قیامەت

چۆن دەبێ مەلا بێتە ناو سیاسەت

خۆ ئەوان پاکن و سیاسەت قەباحەت

پیاوی بە دەست نوێژ ناشێ بۆ دەوڵەت

چونکە ئاڵۆزە و دووربە لەو کۆڵەت

پیاوی ئارەق خۆر، پیاوی داوێن پیس

کە دەڕوا لەسەر بەرنامەی ئیبلیس

پیاوی درۆزن، پیاوی ناپاک

کە دوورە لە ڕێی خودای تەنها و تاک

بە وی دەسپێرن سەرەوەت و سامان

خاک و میللەت و داهات و ویژدان

بە زی بسپێری بە پشیلەی برسی

بە دزی دەیخواو لە کەس ناپرسی

(ڕانیە - ١٣-٣-٢٠١٩)

١٣٥-کورە خانە

(بە بۆنەی ماڵی مامم نووسراوە کە چوونە کورە خانە بۆ شاری ئابیەکی تاران لە ئێران ساڵی ١٩٩٥)

مامی بەڕێزم دەسەری خێزانی

لە دەستت داوە تەمەنی جوانی

کە هەموو ساڵێک ئەچی بۆ کورە

لەبەر نەبوونی و دەرد و گرانی

ماڵ و منداڵت ئەبەی بۆ ئێران

بۆیان دڵسۆزی و زۆر بە ویژدانی

ئەتەوێ بژین زۆر بە سەربەرزی

نەک دەست ڕاگرن لەبەر جیرانی

کاتێک ئەچیتە سەر کورەی خشتە
مانای ماندوو بوون ئەبەد نازانی
کە قاچت هەڵکرد چوویتە قوڕەوە
لە ئێوارەوە تاکو بەیانی
کچ و کوڕیشت زۆر ماندوو ئەبن
دڵت ئەسوتێ وەک فرن و نانی
بۆیە بە هاوین خۆ ماندوو ئەکەن
تا دابنیشن سەرمای زستانی
بەڵام بڵێین چی کۆڵە و هاتووە
دەبێ هەڵبگرین بە زەبری شانی
چونکە عێراقیان وا وێران کردووە
تێیدا نەماوە ژیانی ئینسانی
جا خۆ کاسبیش هەر عیبادەتە
خۆی فەرموویەتی شای جیهانی
ئەو پاروەی ئەیکەی بە دەمی خێزان
مادا حەڵاڵ بێ لە دونیای فانی
وەک کەفارەتە بۆ گوناهەکانت
بۆ تۆی ئەنووسێ خودای ڕەحمانی
پێغەمبەر ڕابرد بە لای کرێکاردا
دەمی خستە سەر بەری دەستانی
فەرمووی ئەم دەستە، دەستێکە کەوا
خۆشی ئەوی خوداو پێغەمبەرانی
لە کۆتاییدا ئیشی خۆت بکە
تا ڕەحم ئەکا خوا بە عەبدانی
کاسبی خۆشی هەردوو دونیایە

موسوڵمان لەناو بەهەشتا ژیانی

(سەردەشت - گوندی بەڵاو - ١٨-٨-١٩٩٦)

١٣٦-تەمەن هەورە

پەندی وەرگرە، کە تەمەن دەڕوا

بە هەموو دونیا، نایەتەوە دوا

تاکە چارەسەر تۆشەی تۆبەیە

چونکە جەهەننەم وەکۆ سۆبەیە

(ڕانیە - ١١-١١-٢٠١٩)

١٣٧-میراتگر

زانا میراتگر بۆ پێغەمبەرە

واتا جێگری خەیرول بەشەرە

مێروو لە کونی و ماسی لە دەریا

نزایان دەکەن بۆ پیاوی زانا

بەڵام زانا بێ بە عیلم و عەمەل

چونکە بە باڵێک قەت نافڕێ مەل

قورئان باس دەکا لە زانای جووەکان

کە دینیان کردبووە بازار و دوکان

دەڵێ وەک بارێ کتێب بکەی بار

داینێ لە پشتی کەرێکی هەژار

دڵت خۆش نەکەی بە مێزەری پان

ئەرکی گرانت کەوتۆتە سەر شان

یان لە بەر بکەی جبەی پان و پۆڕ

دین و ئیمانت بخەیتە ناو گۆڕ

ڕیز بکەی کتێبی ئەستوور و گەورە

ئایەت بگۆڕێ بە گوێرەی دەورە

یان کە دەچیتە سەروی مەجلیسێ

جێت بۆ چۆڵ دەکا پیاوە موخلیسێ

تۆش بۆ خاتری زالم و زۆردار

دۆستی بێ دین و دوژمن بە هەژار

لێک نەکێتەوە چاکە و خراپە

بە ڕەش و سپی هەر بڵێی پاکە

دەبیە عولەمای ئاخیری زەمان

بۆ زالم دەبیە مووسیقا و کەمان

بۆ ئافەرین و بۆ جێگای نەرم

بۆ سەفتە دۆلار، یان پاروی گەرم

برا گرانە ئەرکی ئەم دینە

کە بۆتە چرا بۆ ئەم زەمینە

گەر زۆر پیاو نەبێ و شان نەدەیە بەر

ناگەیتە خزمەت شەخسی پێغەمبەر

(ڕانیە - ١٩-٧-٢٠١٩)

١٣٨-بابە گیان

بابە ڕووناکی ژیانی دونیایەم

بابە تۆ نازی ڕۆژوو لەیڵایەم

بابە قەڵاکەی پتەو و دامەزراو

بابە ئەزیزی ناو جەرگ و هەناو

بابە دڵسۆزی ڕۆژانی سەختم

بابە لە دوای تۆ نەما و کەوتم

بابە خەزینەی نهێنیەکانم

بابە گیان فیدا بۆ خەمەکانم

بابە ئەو کەسەی لە یادم ناچێ

ئەگەر بە دیمەن لە بەر چاو لاچێ

بابە لە ڕێگا پێشم دەکەوتی

شەوانی سەخت دوای من دەخەوتی

بابە ئەو کەسەی ناچێ لە بیرم

بابە بە بێ تۆ خۆ من ئەسیرم

بابە دڵسۆزتر لە گیانی خۆم

بابە نەتدەهێشت بە تەنیا بڕۆم

بابە چیرۆکی شەوی زستانم

بابە لە دوای تۆ کێ بێ میوانم

بابە تۆ منت نارده بەر خوێندن

تۆ فێرت کردم ڕێگای سەرکەوتن

تۆ ووتت ڕۆڵە وەرە بخوێنە

خەرجی خوێندنت لە من بپسێنە

لە بیرم ناچێ ووتت بخوێنە

گۆڕییەوەکانم لە پێ دەربێنە

ئێستاش ئارام بە مەلای مزگەوتم

دوای تۆش بەردەوام هاتم و نەسرەوتم

وە من خزمەتکاری دین و قورئانم

وە لە خزمەتی موسوڵمانانم

پێغەمبەر فەرمووی دوای مەرگ و نەمان

چەند شت قازانجی هەیە بۆ هەموان

یەکێکیان کوڕێک بکا دوعایە

بۆ باوک و دایکی سودی لە دوایە

دەی شەرتە هەتا ئەمن بمێنم

دوای هەموو نوێژێک ناوتان بهێنم

بڵێم خودایە زاتی بەخشندە
تۆ دایک و باوکم بکەی ئاسوودە
(ڕانیە - ٢٩-١٠-٢٠١٨)
١٣٩-تۆشەی ڕێ
ئێمە لە نەبوون، وا هاتینە بوون
خودا پێی بەخشین، ژیان و گەردوون
خەڵک کە دێتە سەر شانۆی ژیان
بەڵام هەموویان دەچنە گۆڕستان
گۆڕێک درێژی دوو مەتری تەخت
پانیەکەی مەترێک بە پارەی نەخت
گۆڕێک کە سارد و قوڕ و قوڕاوە
مار و دووپشکی زۆر تێ خزاوە
دەستت کار ناکاو قاچ لە کار کەوت
بووتە دیوەخان، بۆتە جێی خەوت
بووتە مەڵبەندێک بۆ ئیمتیحانت
تا ڕوون بێتەوە نمرەی ئیمانت
لە دوای ئەم ژیانە قیامەت ڕێمانە
بە قیامەت دەڵێن: ڕۆژی پەسڵانە
بازاڕی دونیا فێڵی تێدایە
ئاشکرا و نهێنی وا لە لای خوایە
کاتێک دەچینە مەیدانی مەحشەر
چاوی ئەبلەقە و دەترسێ بەشەر
پادشای گەورە زاتی ئەڵڵایە
مەحامی مەیدان ڕەسوولەڵڵایە
ئەو خەڵکەی دێنن لە گەنج و پیری

لە دەوڵەمەند و چینی فەقیری
لە زانا و نەزان دێتە بەر دادگا
سێبەری خوایە تاقە ئارامگا
دەوری نامێنێ دینار و دۆلار
هەیبەتی نییە خزم و کەس و کار
سوپا و پاسەوان هێزی عەسکەری
داڵ و نەجمە و تاج دەیدا لە سەری
گشتی کەشخە و فیز خۆ دەرخستنە
زۆڵم کردن و خەڵک کوشتنە
خەڵک کە دەبنە دوو تاخم و دەستە
گوێی هەڵخستوە و زۆر لە سەر هەستە
دەبنە دوو فیرقە خەڵکی سەر جیهان
وامان پێ دەڵێ: ئایەتی قورئان
یەکێک بۆ دۆزەخ، یەکێک بۆ بەهەشت
یەکێک بۆ سووتان، یەکێک بەرەو گەشت
یەک چارە هەیە بۆ ئەو کۆچە گەورە
بۆ ئەو عومرەی دەڕوا کە دەڵێی هەورە
ئامادەبوون و کردنی تۆبە
نەوەک لە قیامەت بتکەن بە سۆبە
خودایە (غەریب) پەنات بۆ دێنێ
دێتە خزمەتت، ئەمڕۆ و سبەینێ
(ڕانیە - ١٤-٤-٢٠١٩)

١٤٠-لە یادی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی باشووردا (٢٠١٩/٣/٥)

خودا کە ژیان و ژینی داناوە
بۆ هەموو گەلێک بەشی پێداوە

خوا دروستکەرە و هەر ئەو ژێنەرە
ئەو ناردوویەتی ئەو پێغەمبەرە
کوردە، عەرەبە، تورکە، عەجەمە
چەندی زۆردار بێ، نرخی هەر کەمە
ئازادی و خۆشی، مافی هەمووانە
لە هەر ڕەنگێ بێ، گرنگ ئینسانە
لە شەریعەی خوادا ماڵمان دونیایە
باوکمان ئادەمە و دایکمان حەوایە
سنوری دەستکرد مرۆڤ داینـاوە
کە سایکس پیکۆ پیاوی ڕۆژئاوا
گەلانیان لە یەک کردووە بە دوژمن
دڵی دایکانی کرد ئەنجن ئەنجن
منداڵی هەژار دەبنە قوربانی
کە بەخێوکران بە ڕەنجی شانی
بە ملیۆن مرۆڤ سەری نایەوە
وڵات کاول بوو، شەڕ بڕایەوە
دەستەملان بوون، سەرکردە و گەورە
چۆن هەڵدەسوڕێ، ئەم دونیا و دەورە
بە ناوی سیاسەت، چەواشەکاری
خوێن هەڵمژینە، جەور و زۆرداری
خودا فەرموویە: لەناو قورئانا
ئەم زەوییە ماڵ و موڵکی هەمووانە
بەڵام کە بووتە زیندان بۆ ئەسیر
کە ژوورێک خانو نەبێ بۆ فەقیر
نەبوونی دادگا و شەریعەی خودایە

که مافی هەموو کەسی تێدایە
خۆ ئەگەر ئیسلام بێتە بەرنامە
سارێژی دەکا چی دەرد و زامە
بۆیە زالمان دژن بەم دینە
هەتا دەس بگرن بە سەر ئەم ژینە
(٥-٣-٢٠١٩)
١٤١-پیاوی دین فرۆش
نیشانەی قیامەت زۆر و زەبەندە
ڕێگای گومڕایی و لادانی بەندە
دەبێ بپرسی کیلۆی بە چەندە؟
مووشتەری زۆرە و شیرینی قەندە
ئازارت دەدا توند و کوشندە
کە پێمان دەڵێن: دەبێ ووریابین
ئامادەی بەردەم دادگای خودابین
هاوڕێی خراپ و عولەمای بێ دین
دەگۆڕن دین و ئاشقن بۆ ژین
لە ئیسرا و میعراج پێغەمبەر بینین
زمانیان دەبڕین مەقەسی ئاگرین
ووتاریان دابوو زۆر بە نەزانین
کە پێمان دەڵێن: دەبێ ووریابین
ڕێگای ڕاست بگرین نەک تەوەڵڵابین
جبەی حازر و ئامادە و درواو
مەندیلی جوان و گەش و بەستراو
لادان لە ڕێگاو دینی فرۆشراو
لە ڕاستی حەقدا زمان بەستراو

ناحەقی گوتن بە ڕۆژی هەتاو

کە پێمان دەڵێن: دەبێ ووریابین

ئامادەی ڕۆژی لیقای خودابین

لە ڕێ لات دەدەن بە شەو و ڕۆژان

دەخەنە سەر ڕێ و ڕێبازی شەیتان

جارێک لە ترسان، جارێک لە برسان

واش نیشان دەدەن دڵسۆزن بۆ گیان

بەڵام وەکو مار دێن بۆ پێوەدان

کە پێمان دەڵێن: دەبێ ووریابین

دژی شەیتان و بەندەی خودابین

(ڕانیە - ٧-١٢-٢٠١٨)

١٤٢-بێ پلانی

ئەگەر وڵاتێک لە دەست دوژمن بێ

دەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ هەر سەرەو بن بێ

چونکە ناحەزی خاک و نیشتمان

دوژمن بە ماڵن و دوژمنن بە گیان

بەڵام خۆ دوژمن، بۆیە دوژمنە

بە ڕق و کینە جەرگی کۆن کۆنە

دوای ئەوەی وڵات کە دەکرێ ئازاد

دوژمن و ناحەز کە دەکرین بەردباد

خۆ نابێ دۆستیش وەکو دوژمن بێ

میللەت بە دەستی ئەنجن ئەنجن بێ

کوردستانی من بیست و حەوت ساڵە

تازە گەنجەکان دەستیان بەتاڵە

کارەبا نییە و جادەی وێرانە

خەریجی زانکۆ زۆر پەریشانە

جادەی یەک ساید کوا لە کوێ ماوە

دەعەم و وەرگەڕان میللەت فەوتاوە

کەسێک دەخوێنێ ماوەی شانزە ساڵ

دوای ژن دێنێ خاوەنی منداڵ

بۆیە خوێندویەتی تا دایمەزرێنن

تا باخی ژیانی بە بەرهەم بێنن

بە هۆی نەبوونی یاسای دامەزراو

خاوەن شەهادە کەووتووە لە هەتاو

کادیری حیزبی بێ توانا و نەزان

دانیشتووە لە سەر کورسی و مێزی جوان

نە خەتی هەیە، نە دەست و پەنجە

چونکە نەیدیتووە، ئارەق و ڕەنجە

ناخوێنرێتەوە خەت و نووسینی

ناشتوانێ کەمێک زیاتر بیدوێنێ

پڕۆژەی سەقەت، جادەی هەڵکەنراو

نەبوونی بەنداو، هەبوونی لافاو

کاتی هەڵبژاردن درۆ بە هەزار

ژیانی خۆش دەکرێ، فەقیر و هەژار

قەرسیل دەهێنن بۆ پشتیێنی پیاو

بۆت تێک وەردەدەن سەهۆڵ و ماستاو

هەتا دەچەسپێ و کورسی دەنیشێ

هەر دەبیننەوە پیاوی بۆ ئیشێ

جوانی فەرمووە: خاڵە پیرەمێرد

خستیوە بە رچاوت هەم شووتی و هەم کێرد

لە وەی بترسێ لە خوای ناترسێ

لە خوای نەترسێ لە کەس ناپرسێ

(ڕانیە - ٢٠-٤-٢٠١٩)

١٤٣-پەنامان بە تۆ

پەنامان بە تۆ پەروەردگارە

خۆ هەموو خەڵکی بە تۆ قەرزارە

خۆ خۆت فەرموویتە من مێهرەبانم

بەس بەندە بڵێ من پەشیمانم

هەبوون و نەبوون بە دەستی تۆیە

هەر تۆ دەیبەخشی تاکە یا کۆیە

هەر لە منداڵدان، تا هاتنە دونیا

بەس تۆ خاوەنی بە تاک و تەنیا

کەسێک منداڵی دەبێ بلووری

لە دوای چەندین ساڵ، چاوەڕێی دووری

چەند دەفتەر دۆلار دەدا لە دەستی

تاکو دەگاتە راز و مەبەستی

بەس تۆ دەیبەخشی بە ڕێگای ئاسان

لە سەر دەستوور و ڕێبازی قورئان

داواکاریشت هەر شوکرانەیە

لەگەڵ دوعایان بۆ تەنگانەیە

کە گەورەش دەبێ با موسوڵمان بێ

ڕێگای ڕاست بگرێ نەک سەرگەردان بێ

قازانج و سوودیش بۆ خۆی دێتەوە

لە دونیا و قیامەت دەحەسێتەوە

مرۆڤ کە زانی خودا خاوەنە

بۆ ژیانی قیامەت، بەهەشت مەوتەنە

گرنگی دەدا بە بوون و ژینی

دەیکاتە هەوێن بۆ دونیا و دینی

چونکە ژین بە بێ دین، خواردنی بێ خوێیە

دینیش بە بێ ژین، مرۆڤی بێ جێیە

کەواتە هەرکەس وێڵ و عەوداڵە

هەردووکیان نەگرێ، دەستی بەتاڵە

(ڕانیە - ١٨-٢-٢٠١٩)

١٤٤-پیاوانی ڕۆژی سەخت

(هۆنراوەیەک لە سەر خەباتی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان – کەریم خورخورەیی باوکم)

دوای شۆڕشی ئەیلوول لە دوای تێکشکان

کاتێک کە تفەنگ نەدەکرایە شان

کاتێک لاوازی و دڵ ساردبوونەوە

ڕووی دەکردە ناو خەڵکی کوردستان

ئەوکات ڕاپەڕین لە بەری بەیان

هەڵسا شۆڕشی بیست و شەشی گوڵان

لەگەڵ هەڤاڵم کەمال کەرکووکی

شۆڕش کەوتە گەڕ بە شەو و ڕۆژان

ئەو کاتە ڕۆژی هات و نەهات بوو

ئێمە ئەژمێراین بە پەنجەی دەستان

کەس نەیەتوانی باسی کورد بکا

ئێمە ئەچووینە ناو شار و گوندان

بنکە و بارەگا گشت نهێنی بوو

جێگاو ڕێگامان بن دار و بەردان

خۆ ئازایەتی ئەوسا مەعلووم بوو

نەک خۆ بادان و پیاسەی شارەکان

چەندین داستان و شەڕمان تۆمار کرد

بە ناوی کورد و شۆڕشی کوردان

چەند شەهیدمان دا، چەند بریندار بووین

چەندمان لە دەست دا لە خزم و کەسان

ناخۆشی زیاتر بۆ سەر ئێمە بوو

ناخۆشی کەوتە ناو دۆڵی جافان

خۆ بە شایەدی دکتۆر کەمالی

من یەکەم کەس بووم کەهاتمە مەیدان

هیچ کەس کەرەستەی شەڕی نەما بوو

کە من تفەنگی خۆم گرتمە ناو دەستان

ماڵ و سەرەوەتم هەموو لە دەست چوو

هەموو تاڵان کرا بە دەست ناحەزان

بەڵام کە ئەمڕۆ وڵات ئازاد بوو

هیچ کەس ناپرسێ لە پیاوی ڕۆژان

بۆیە کەس ئەمڕۆ لێمان ناپرسێ

چونکە هیچ ئیشیان نەماوە پیمان

بەڵام پێویستە زۆر چاک بزانن

دامان مەزراندووە بینای پەرلەمان

خانوومان دروست کرد تا لە ژێرێدا

خۆ بپارێزین لە سەرمای زستان

یان لە سێبەری بحەسێینەوە

کاتێک گەرم بوو تیشکی خۆری جوان

من داواکاریم بەس بۆ خۆم نییە

سکاڵای هەموو تێکۆشەرەکان

خەبات و خوێنمان بۆیە وون بووە

دەستمان ناگاتە پیاوە گەورەکان

چونکە ئەوانە ڕابردوو نەبوون

تا بمان ناسن لە ناو شاخەکان

ئێستاش بە ڕاستی ئێمە مەغدوورین

ئێمە بێ بەشین لە نیعمەتەکان

جا زۆر پێویستە عەدالەت هەبێ

تاکو هەموومان سوودمەند بین لە ژیان

بۆچی هەندێ کەس قڕِ و بێ بەش بێ

بۆچی هەندێ کەس تێر لە ئاو و نان

با ئێمە لەوە زیاتر نەسووتێین

با چاو نەبڕینە دەستی نامەردان

با چاو خشاندنێک هەبێ بۆ خەبات

با پیاو خراپان جیا بن لە چاکان

با ڕابردومان بخوێنرێتەوە

با فەرقەیان هەبێ ماندوو و حەسەوان

(شەقڵاوە - ١٩٩٦ هاوین) ئەمە سەرجەم ئەو شیعرانەی تۆیە کە بە ڕێنووسی ستانداردی کوردیی سۆرانی ئامادەم کردوون:

١٤٥-میوانی ئازیز

ئەوا هاتەوە میوانی شیرین

بۆ دڵ و ماڵمان دەم بەپێکەنین

میوانێک ساڵی جارێک دێتە ڕوو

چەند خوێن شیرین و دەم بەخەندە و خو

میوانێک ئەرکی سوک و ئاسانە

نایەتەوی سفرە و هەنگوینی شانە
ڕوکنی چوارەمی بەرنامەی خوایە
ئەجر و پاداشتی زۆری تێدایە
وەک نوێژ و زەکات، وەک حەج و عومرە
هەروەها ڕۆژوو، پاداشتی نەمری
بەڵگە و نیشانەی دین و ئیمانە
گەر ڕۆژوو نەگری دینت نوقسانە
خەڵە و خەرمانی ڕۆژی قیامەتە
کە دێت و دەڕوا هەلە و فرسەتە
ساڵانی پێشوو چۆن هاتن و ڕۆشتن
خەڵکێک بەجێما و خەڵکێک پێی گەیشتن
خەڵکێک کە کردی لەگەڵ خۆی بردی
بۆ ڕۆژی مەحشەر دەبێتە پردی
بۆ ژیانی دونیا و بۆ ماڵ و منداڵ
ڕۆژوو مەجوێنە و مەبە دەست بەتاڵ
پاداشتی زۆرە ڕۆژووی ڕەمەزان
ئەگەر تێیدابێ خوێندنی قورئان
نابێ تووڕەبی لەخۆت و خەڵکی
گەرنا نایمێنێ قازانج و کەڵکی
ڕۆژوو قەڵغانە، هەم پاسەوانە
هەم فەرز و واجبە و ئەرکی سەرشانە
خوا فەرمووی: ڕۆژوو بۆ منە و هەر خۆم
کەسێک بەڕاستی گرتبێتی بۆم
جەزا و پاداشتی لای من نووسراوە
بۆ ڕۆژی سەخت بۆی هەڵگیراوە

١٤٦-هۆ پێشەوا

(بە بۆنەی حەفتا و دوو ساڵەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدەوە وتراوە لە ساڵی ٢٠١٩)

هۆ پێشەوا

بۆ نالەی کورد و کوردستان

هەتوان و دەرمان و دەوا

چۆن لەخۆشیدا سەرۆک بووی

لەناخۆشیشدا گیان فیدا

بەدەستی تۆ یەکەم کۆمار

لە مەهاباد لە چوار چرا

بەردی بناغەی دانرا

تۆش هەروەکو ڕەسول اللە

خەڵکت لە ترس ڕزگار کرد

بەش خۆت مایەوە بەتەنیا

تۆش دەتوانی

وەک زۆر کەسی

بەناو سەرۆک و سەرکردە

بەدەست بێنی

سەروەت و سامانی دونیا

تۆش دەتوانی

خۆت دەرباز بێ و

جەماوەرەکەت جێ بێڵی

لەناو جێگا و پرخەی خەوا

بەڵام نا، نا

گەر وات کردبا

خەبات و قوربانی دانت

باس نەدەکرا

نە لە مێژووی کوردستان و

نە لەناو کولەکە و تەڕا

هەروە لە جەنگی بەدرا

پاڵەوانان هاتنە مەیدان

سێ موسوڵمانی بەجەرگ و

سێ کەسی کافر و بێ بڕوا

کە لە لای سەخسی پێغەمبەر

دیاری کرا

حەمزەی مامی و

کاک عوبەیدە و

عەلی زاوای

هەم ئامۆزای

لەسەر هەمان

ڕێگا و ڕێباز

خۆت و برات و ئامۆزات

لە مەهاباد لە دار درا

هەزار سلاو

لە قەبرتان

لە خەباتتان

مێژووی پاکتان تۆمار کرا

ڕانیە ٢٠١٩/٣/٣١

١٤٧-فیراق

یاران فیراقە چەند سوێر و تاڵە

فرمێسک ڕشتنە و چڕووی منداڵە

چەند دڵ تەزێنە کۆچی خۆشەویست
جەرگت ژان دەکاو حاڵت بێ حاڵە
لە پێش هەموویان کۆچی پێغەمبەر
بەبێ پێغەمبەر دونیا بەتاڵە
کۆچی یارانی دڵسۆز و بەجەرگ
بۆ کۆڵی ئیسلام هەمووی حەماڵە
کۆچی پیاو چاکان، لە دوای هاوەڵان
کەلێنیان زۆرە و شوێنیان بەتاڵە
تا دێتە کۆچی ماموّستا و مورشد
کە بۆ قوتابی دۆست و دەڵاڵە
وەک کۆچی باوک و دایکی ئازیزت
کە مەرگی ئەوان دەنگ و هەواڵە
کۆچی منداڵان لە کوڕ و کچان
بۆ باوک و دایکان وەک ژەهری تاڵە
کۆچی برایان یاخود هی خوشکان
کە پشتت دەشکێ و وەک خەیاڵە
کە ئازیزێک لەبەر چاو دەڕوا
دەیکەیتە قەبرەکەی دەڵێی چاڵە
لە خزمی باوکت کە ماڵە مامە
لە خزمی دایکت کە ماڵە خاڵە
مەرگی ئازیزان کە ناخ هەژێنە
پێت دەڵێ دونیا ئاوا بەتاڵە
بەڵام کە سەبر بگری لەسەری
پاداشت و خێرت لەناو جەواڵە
ڕانیە ٢٠١٨/١١/٥

١٤٨-لاپەڕەکانی تەمەن

دوێنێ بەهار بوو

چەند سەوز و جوانە

ئەمڕۆ هاوینە

ئاگر بارانە

سبەی پایزە

گەڵا ڕێزانە

دوو سبەی زستانە

بەفر و بارانە

دوایی قیامەتە

کێش و پێوانە

ڕانیە ٢٠١٨/٧/٧ بناری چیای کێوەرەش

١٤٩-ڕەبەی شر

ئەگەر تەماشای ئەم چەرخە دەکەی

خەم و خەفەتی زۆری لێ دەبەی

کێشان و پێوان بە زمانی لووس

دەچێتە پێشێ پیاوی بێ ناموووس

یان وەک و دەڵێن: ژنی بسک لووس

یان پیاوی پیس و ناپاک و جاسووس

خەڵکانیەک هەبوون ڕژیمی پێشوو

لە ترسی ئەوان نەمابوو پشوو

پێشمەرگەیان کوشت، دەیانگرت فیرار

وڵات پڕ بوو بوو لە دوکەڵ و نار

شوانیان دەفرۆشت لە جیاتی پاسدار

کوڕی هەژار و شاخ و بەرد و دار

پێغەمبەر فەرمووی: ساڵانێەک دێن
چاکە و خراپە لە گشت یەک ڕادێن
ناپاک بە پیاو چاک دەدرێتە قەڵەم
پیاو چاک لە ناپاک دەچێژی ئەڵەم
بە درۆزن دەڵێن: ڕاست و ڕاستگۆیە
بە ڕاستیش دەڵێن: شەیضای درۆیە
پیاوی بە حەیا و شەرم و دیندار
لە مەبدەئی خۆی قەت نایەتە خوار
سوێندی پێ ناخورێ درۆش نازانێ
دینی نافرۆشێ بۆ پاروە نانێ
بەڵام ئەو کەسەی سووک و سواوە
لە چەندین پرد و قوڕاوی داوە
هەموو سەردەمێک خۆ دەباتە پێش
سووک و چروک و نیەتی قورس و کێش
بەڵام ئەمانە فێڵی دونیایین
دراوی قەڵبی بازاڕی خواین
هەزار و یەک فێڵ بکەی لە عەولا
مایەپووچ دەبی لە خزمەت اللە
٢٠١٩/٦/١٠
١٥٠-پێش ٣٠ ساڵ
(بۆ وێنەیەکم وتووە کە پێش ٣٠ ساڵ پێشتر گیرابوو)
سی ساڵ پێش ئێستا کە گەنج و لاو بووم
خۆراکی هەوا و نەفسی گڵاو بووم
لاپەڕەی ژینم هەڵدرانەوە
ساڵەکان ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە

ڕانیە ٢٠١٨/١٢/٢٥

١٥١- وەسێیت نامە

گەر ڕۆژێک بیستن کەوا من مردووم
کۆتایی پێ هات ژیانی ڕابردووم
توخوا بۆم بکەن دوعا و نزایە
چونکە هیچ کەسێک بە فریام نایە
بەڵکو دوعاتان بۆم بکە ئاسان
وەڵامی گۆڕ و پرسی فریشتان
چونکە پاشە ملە بۆت پارانەوە
گۆڕت خۆش دەکا بۆ حەسانەوە

ڕانیە ٢٠١٨/١٢/٢٥

١٥٢-پێناسەیەک بۆ ڕەمەزان

موحەممەد گەورەی پێغەمبەرانە
قورئانیش یاسای هەموو جیهانە
گەورەی حەوت ڕۆژەی هەفتە جومعەیە
لە نوێژی جومعە دڵ ئاسودەیە
بۆ دوازدە مانگەی ساڵیش ڕەمەزان
کە لەو مانگەدا هاتە خوار قورئان
لە شەوانیش - لەیلەی قەدر -
لە ڕەمەزاندا ڕووداوی بەدر
ڕۆژی ڕەمەزان بە ڕۆژوو گرتن
شەویش تەراوێح هەتاکو مردن
بە دانی زەکات یاخود سەدەقە
هەر ئەم ڕێگایەش دروست و هەقە
سوننەتێک لەناو مانگی ڕەمەزان

خێری زۆرتره چەند قات و چەندان
خەڵە و خەرمانە کۆی بکەرەوە
بە دەست بەتاڵی مەیە دەرەوە
خەتمی قورئان و کردنی شەو نوێژ
فرسەتی چاکە بە شەوی درێژ
کە برسیت دەبێ ڕۆژ تا ئێوارە
بزانە ئەوە حاڵی هەژارە
یەکێک لە دەرگای بەهەشت ناونراوە
مۆری ڕەییانی لەسەر دراوە
واتە کە لێرە وەرنە ژوورەوە
ڕۆژووگرەکان بە ڕووی سوورەوە.
ڕانیە ٢٠١٩/٥/٦
١٥٣-هاوڕێ و برادەر
ئەوەی لە ژیندا پێی دەڵێن برادەر
بۆ تۆ ئارامی یە یان بڤە و خەتەر
بۆ دین و دونیا کارت تێ دەکات
هەوڵ و تەقەلات بە فیڕۆ دەدات
سێ جۆر برادەر هەیە لە ژیانا
چاکیان بناسە و باشیش بیزانە
جۆری یەکەمیان قەدری گرانە
تۆ بەبێی ناژی هەروەکو نانە
جۆری دووەمیان جار جار پێویستە
کاتی نەخۆشی وەک دەرمانە
جۆری سێیەمیش پیس و نەگبەتە
میکرۆب و دەردە وەک شێرپەنجەتە

زۆر کەس گیراوە حوکمیش دراوە
بڕوا بکەن پاک و زۆر بێ تاوانە
بەش چونکە هەبووە برادەری خراپ
ماڵ و مەنزڵی لەناو زیندانە
زۆر کەس کوژراوە و ژێر خاک کراوە
چونکە نزیک بووە لەو فەسادانە
برادەری چاک وەک عەتر فرۆشە
بە بۆنی خۆشی مێشکت حەیرانە
لە لای ڕاوەستی یان بیبەی بۆ ماڵ
لە خۆتی دەدەی ئەم بۆنە جوانە
برادەری خراپ وەک ئاگرە
کە دەیسووتێنێ بەرگ و جامانە
نانیشت دەخۆ و نان دێنیش دەدڕێ
خیانەت لای ئەو سوک و ئاسانە
دەستم دامینت با هاوڕێت باش بێ
تا سەرکەوتوو بی لەم دونیا پانە.
ڕانیە ٢٠١٩/٢/٢٣

١٥٤-ئیمان و زانست

ئێستا دەزانم کە هیچ نازانم
گەر ئیسلام نەبێ، من سەرگەردانم
عیلم وەک شیرە، ئیمان هەوێنە
عیلمی بێ ئیمان، دڵی بێ خوێنە
زانست سەیارە، ئیمان ئیستۆپە
زانست بێ ئیمان، بێ چڵ و پۆپە
خۆ ئەمڕۆ زانست بەرفراوانە

نەک لەسەر زەوی بەرەو ئاسمانە
جەنگی جیهانی سەد ملیۆن بەشەر
هەندێک کوژراون و هەندێک دەربەدەر
ئەمڕۆش کە زانست لە چڵە پۆپەتە
بۆ خانووی هەژار بۆتە دڵۆپە
بۆتە فرمێسک و خەفەت و گریان
بۆتە بەرنامەی زلهێز و شەیتان
بۆ داگیرکاری و پلان دارشتن
بۆ بۆمبا و ئاگر، بۆ خوێن مژتن
کە زانست بۆتە چەقۆی دوو سەرە
لایەکی ژەهرە و لایک گەوهەرە
زانست کە دڵە و ڕوونکی چاوە
بەش لەگەڵ ئیمان ڕاست و تەواوە
زانست و ئیمان، تەیرێ دوو باڵن
وەک ئاو و ماسی بۆ یەک عەوداڵن.
ڕانیە ٢٠١٨/١٠/٢٧

١٥٥-بەخشین

بە پارە و سامان قیامەتت بکڕە
بەهەشتی بەرین بە باڵات ببڕە
ئەمڕۆ دونیایە و زەوی کێڵانە
سبەی قیامەتە و خەڵە و خەرمانە
ڕانیە ٢٠١٨/١٠/١١

١٥٦-سەدەقە

خێر و سەدەقە دین و دنیایە
چونکە فەرمانی زاتی خودایە

به تەنیا مەبخۆ ماڵی دونیایە
لەبەر وەی بەشی هەژاری تێدایە
بە خێرێک بسڕە فرمێسکی چاوان
با دڵیان خۆش بێ کۆرپەی بێ تاوان
ڕانیە ٢٠١٨/١٠/٢٥
١٥٧-تەمەنم ٤٦ ساڵە
تەمەنم گەیشتە چل و شەش ساڵی
بە خۆم نەزانی کاتی منداڵی
کە ڕۆیشتم بەرەو ڕێی هەرزەکاری
بەش سوپاس بۆ خوا بەرەو دینداری
لە ساڵی هەشتا کە چوومە مەکتەب
قۆناغێکی خۆش پەروەردەکاری
هاوشانی مەکتەب بەرەو مزگەوتیش
لە بەیانیان و هەتا ئێواری
وەکو یەک گرتم مەکتەب و مزگەوت
پێکەوە جوانن لە دێ و شاری
بەرەو هەڵکشان تەمەن تێپەڕی
تا بوومە گەنجێک لەگەڵ ڕۆژگاری
هەروەکو هەورە عومر کە دەڕوا
ناگەڕێتەوە بە هیچ غەدداری
وەکو فلیمە کە سەیری دەکەی
یەک سەر دەکەوێ یەک دێتە خواری
کە شۆڕ بوومەوە بەرەو بیست و سێ
بە خۆم نەزانی هەموو دابارێ
کە نزیک کەوتم لە چلی تەواو

پەندم زۆر وەرگرت لە قسە و کرداری
دووبارە دەبن زۆر شت لە دونیا
بەش عومر و تەمەن نادەن بواری
بۆیە ووریابە و ڕێگای ڕاست بگرە
نەکۆ لە بەرزی بکەویە خواری
سەرابە دونیا بڵقەی سەر ئاوە
هەمووی دادەڕمێ کۆشک و تەلارە
وەک بەفر وایە عومر و تەمەنمان
کە دەتوێتەوە ڕۆژی بەهاری
پەند و عیبرەتی زۆری تێدایە
بۆ کەسێک عەقڵی نەدا خەساری
سەیر ئەوەیە کە تەمەن ڕۆیشت
سودت پێ نادا سەفتەی دۆلاری
هێز و دەسەڵات، خزم و عەشیرەت
دەچێتە ڕیزی خەڵکی هەژاری
بەڵام خۆ مرۆڤ گەلێک دڵ ڕەقە
لە گۆ ناگەوێ زمان و زاری
خودایە (غەریب)یش پەنای بە تۆیە
بێجگە لە لای تۆ نییە تیماری
ڕانیە ٢٠١٨/١٢/٢٨

١٥٨-وا سەدەیەکە

وا سەدەیەکە دڵمان دەخەوێنن
خاک و وڵاتمان چۆن دەسووتێنن
وا سەدەیەکە بۆمبا و ناپاڵەم
بۆمان دەنێرن کافر و زاڵم

وا سەدەیەکە ئەنفال، کیمیایی
بۆمان بوونەتە بەهار و شادی
وا سەدەیەکە دراوسێی خراپ
ژەهر دەنێرن لە جیاتی کەباب
وا سەدەیەکە خانو ڕووخاندن
بەرگ سووتان و کوڕ لە دایک ستاندن
وا سەدەیەکە کە سایکس پیکۆ
ئێمەی فرۆشتووە وەک گەنم و جۆ
وا سەدەیەکە سنووری دەستکرد
بۆمان بووەتە هەم بازگە و هەم پرد
وا سەدەیەکە لە خاکی خۆمان
لێمان دەسێنن، هەم نان و دۆمان
وا سەدەیەکە دوژمن و ناحەز
بۆمان بوونەتە چنگ، ژەهر و گەز
وا سەدەیەکە زلهێزی ڕێی دوور
بۆیان کێشاوین سنوور و سنوور
وا سەدەیەکە جاسووس و ناپاک
ئەمڕۆ خائینن، سبەی کوڕی چاک
بەڵام من دەڵێم: هەروام وتووە
دوژمن بەخەبەر کوردیش خەوتووە
هەتا کورد ئاوا پەرت و بڵاو بێ
دەبێ بێ لانە و هەر بێ کڵاو بێ
گڵەیی ناکەم لە خەڵکی دوژمن
کە ڕقیان لێمە و بەردەوام دژمن
گەلێک کە بۆ خۆی نەبێ هۆش و گۆش

چۆن پەیدا دەبێ، پشوو فەرامۆش
کەسێک کە هەبێ زەرەیەک ناموووس
لەسەر خەڵکی خۆی نابێ بە جاسووس
ڕانیە ٢٠١٩/١٠/١١
١٥٩-سەفەرێک بۆ کۆیە
ئەمڕۆ لە کۆیە لە هەیبەت سوڵتان
لای مەلا گەورە، خادمەی قورئان
شارێک تەبڵێی ڕوح سوک و خاکی
شاری ئەدیب و شاری شاعیران
شارەکەی حاجی و مەسعود محەمەد
لە ماڵی پیاوێک تەبڵێی خانەدان
گەر مرۆڤ دوور بێ لە بەڵا و میحنەت
قەت ماڵ کەمنەکا بە خواردن و میوان
خۆ ڕزق و ڕۆزی لە ئاسمانداید
نەک لە لای پیاوی چروک و نەزان
کۆیە ٢٠١٩/٣/٢٣
١٦٠-بەزمی شاجوان
دەڵێن: کە سەرت ئێشاو بێ محاڵی
بزانە ئەتۆ کە دەست بەتاڵی
دەڵێن بێ ئیشی بەڵای گەورەیە
خۆ تۆ پیاوی نەوەک منداڵی
لە وڵاتی پڕ ئیش کە ئاوەدان بێ
مرۆڤی دەبەن بەرەو سەرقاڵی
لە وڵاتی ئێمەش کە وێرانەییە
گیرفان و باخەڵ بەرەو بەتاڵی

وڵاتی ئێمە وەک بێژینگت
سەریان هەڵگرتووە گشت کوڕ و کاڵێ
هەزار و یەک دەرد لێمان ئاڵاوە
کەچی ببیستە چی یە هەواڵی
خەڵکی ئەوروپا کە کەیف دەکەن
شاریان جوان کردووە وەک بەرماڵی
لە پێش شاجواندا شاریان جوان دەکەن
نەک وێرانە بێ بە کچ و کاڵێ
بەش ئێمە بە لای چەپدا دەسوڕێین
گرنگی نادەین بە ڕوو و جەماڵی!
وڵات پر قەیران خەڵک بەبێ نان
زۆر شار نییەتی ئاوی زوڵاڵی
پیر و کەم ئەندام وا سواڵێ دەکات
تێیدا نەماوە نان لە جەواڵی
گەنجێک دەخوێنی چەند ساڵی زۆر
هەتا وەربگری ڕەنجی چەند ساڵی
ئاو و کارەبا زۆر ناتەواوە
جادە و ڕێگاو بان دەکەویە چاڵی
سنوور و خاک و مێژووی ڕابردوو
پێش خۆیان داوە و ڕایان دەماڵی
سەرت نایەشێ و سێتات بۆ دێنن
شاجوان و پارە و سەروەت و ماڵی
بەڵام ببینە بیرۆکەی کێ یە
ئینجا دەزانی ڕووت و ڕەجاڵی
میللەتێک ئاوا خەواڵووی خەو بێ

توخوا با بڕوا نەمێنێ حاڵی

ڕانیە ٢٠١٨/١٢/٢٣

١٦١-سۆزی تۆ

ئەمڕۆ کە یەکەم ڕۆژی بارانە

ڕۆژی ڕەحمەتی خوای میهرەبانە

خۆ فەرموویەتی لەناو قورئانا

بەرەکەت و ئەوە زۆر و ئاسانا

دوای نا ئومێد بوون لە لایەن زۆر کەس

باران دەنێرێ بۆ ئەم جیهانە

کافر و موسوڵمان کە دەگرێتەوە

عەدالەتی خوا بۆ بەندەکانە

حوکمدارانی بێ دین، خوا نەناس

بۆ لایەنگر و دۆستی خۆیانە

بەڵام بەزەیی و سۆزی خودایی

نالێ ناشیرینە، یان کامە جوانە

نموونەی نزیک هەستی پێ دەکەین

ئەم بارانەیە لەبەر چاوانە

خودا بیگیڕێ بە خۆشی و ڕەحمەت

نەبێتە لافاو قورس و گرانە

زۆر خەڵک و میللەت بە لافاو مردوون

هیچیان پێ ناکرێ لەو سەرجادانە

بە دین و بێ دین کە هاوار دەکا

فریامان کەوە خوا لە تەنگانە

بەڵام خۆ خوداش یاسای خۆی هەیە

کە لە فەرموودەی پێغەمبەرمانە

لە کاتی خۆشی خودا بناسی

دێتە هاوارت لە لێ قەومانە

بەش کاتی خۆشی پشتی لێ بکەی

بەشت خنکان و سزا و فەوتانە

ڕانیە ٢٠١٨/١٠/٢٦

١٦٢-تیرۆر لە نیوزلەندا

هەر لەو ڕۆژەوە هاتووە ئەم دینە

ڕووناکی داوە بەم زەوینە

چینی سەحابە بوونە قوربانی

دینیان هەڵدەگرت بە زەبری شانی

ئەشکەنجە دان و قسەی پێ وتن

دەربەدەر بوون و بوختانیان پێ کردن

لە جەنگی بەدر چواردە شەهید بوون

پێغەمبەر فەرمووی بۆ بەهەشتی چوون

لە جەنگی ئوحود حەفتا سەحابە

سامیان زۆرتر بوو لە دەبابە

بیری موعەونە یان جەنگی تەبووک

بەجێیان دەهێشت شەوی زاوا و بووک

لەناو هاوەڵان هەزاران دڵسۆز

کەوتنە غەریبی دوور لە گەڵ و هۆز

هەر لە فەلەستین، هەتا کوردستان

لە چیچانەوە، تا ئەفغانستان

لە بۆرمای مەزلوم، هەتاکو سوریا

لە موسوڵمانان هەزاران کوژرا

لە ئەهلی سوننە کوژران و گیران

بە سەدان زانا لە سێدارە دران

ئەمڕۆش خوشکان و برایانی دین

لەناو ئەوروپا لێیان تاڵ بوو ژین

لە کاتی جومعە و لە ژووری مزگەوت

وەک گورگی برسی کە بە ناویان کەوت

بەبێ جیاوازی لە پیاو و لە ژن

چونکە ئەوانە بەم دینە دژەن

لەناو مزگەوتا لە پیاو و ژنان

خوێنیان ڕژایە سەر پەڕەی قورئان

لە وڵاتی خۆیان لەبەر دیکتاتۆر

وڵات جێ دەهێڵن بەرەو تیشکی خۆر

نازانن کەوتوونە تاریکە شەوێ

بەر گوللەی پیسی کافر دەکەوێ

بەڵام خۆ خوێنی ئەم ئازیزانە

وەکو ئاو وایە و لەناو گوڵدانە

پێی پەراو دەبێ درەختی ئیسلام

بۆ گشت ئەوروپا دەبێتە پەیام

شەمشەمە کوێرە دژە بە خۆرێ

کاتێک خۆر هەڵدێ ڕەنگی دەگۆڕێ

بەڵێنی خوایە و ئیسلام دەمێنێ

دیارە ئەمڕۆشی باشترە لە دوێنێ.

ڕانیە ٢٠١٩/٣/١٦

١٦٣-ناتەبایی

جارێک دوو مەیموون کاتی بەهاری

پیاسەیان دەکرد لە دەم ڕووباری

سەڵکە پنیرێک کەوتە بەرچاویان
لە دەمی هەردووک ئاو هاتە خواری
مەیموونی پێشوو ووتی: بۆ منە
لە پێشەوە بووم هەتا ئێواری
ئەگەر کەمێنێک هەبووایە لە پێش
من لە پێش تۆدا دەمدی ئازاری
مەیموونی دواوە وتی: خۆ منیش
لە تۆ دانەپرام بۆ تاقە جاری
گەر بهاتایە دوژمن لە دواوە
منیانی دەخستە سەر پەڵە داری
وتیان با بچین بۆ لای دادوەری
بەڵکو بۆمان بکا عیلاج و چاری
بینیان مام ڕێوی وا دانیشتووە
تەرازوی لایە بە پەتی لاری
پنیرەکەی کردە دوو کەرت و تەواو
هەر پارچەی خستە لایەکی لا باری
لایەک قورس بوو لە لایەکەی تر
پارووێەکی لێ گرت خستیە ناو زاری
ئینجا لایەکەی تری قورس بوو
لە ئەویشی خوارد وەک گورگی هاری
هەردوو پارچەکەی بە یەکجاری خوارد
گەدەی پڕ کرد و هەستا لاساری
وتی: ئەوا من گەشتم بە مەرام
وازم لێ بێنن خەوڵیم دەبارێ
دوو مەیموون ڕۆیشتن بە زگی برسی

بە دەست بەتاڵی و ڕەنج بە خەساری
ئەمە ئەنجامی ناکۆکی و تەماع
دوژمن زاڵ دەبێ و دەرووخی شاری
دە بە خوا کوردیش لەمێژە کەوا
دەڵێ: هەر ئەم ساڵ خۆزگە بە پارێ
چونکە هەر کەسێک دوژمن بکا دۆست
دەبێ ببێتە پەندی ڕۆژگاری.
ڕانیە ٢٠١٩/٤/٢١
١٦٤-سوپاس بۆ خوا
(بە بۆنەی دروستکردنی چەند ژوورە خانوێک نووسیومە)
سوپاس بۆ خودا ژوورمان تەواو کرد
بە گورج و گۆڵی و گەرمی و دەست و برد
خودایە هەر کەسێک بێ ماڵ و حاڵە
ڕزگاری بکەی لەم جەنجاڵە
خودایە هەر کەسێک کرێ نشینە
خانووی بدەیتی لەم سەر زەمینە
بەڵام هەر کەسێک کە خاوەن ماڵە
دەبێ بزانێ کرێچی تاڵە
بیگێڕێتەوە بۆ ماڵ و حاڵی
غەریب تر نەبێ ماڵ و منداڵی
سەبری لێ بگری کاتی نەبوونی
دەرگای لێ نەگری و نەیەکا زەبوونی
هەرچەندە ماڵی ڕاستی هەر قەبرە
تۆ ئاوەدانی بکە، جا بمرە
دەکرێ بە کرێ بێ، خانووی دونیایە

بەڵام ئەو قەبرە کۆتایی نایە.

ڕانیە ٢٠١٨/١٠/٢٧

١٦٥- دەور و زەمان

ڕەو ڕەوەی دونیا خەڵکی ڕامالّی

بە خۆشی ژیابی، یا بە ژینی تالّی

کوا وەک یەکن کافر و موسوڵمان

خەڵکی بێ دین و شوێن کەووتووی قورئان

نیشتمان پەروەر، دوور و دەربەدەر

ناپاکیش دەچێ بۆ گەشت و سەفەر

پیاوی دڵسۆز و بە هەڵوێست و چاک

ئازار دەچێژی بە دەستی ناپاک

پیاوی بە ڕەوشت لەناو زیندانە

بەشی ئەشکەنجە و قامچی و لێدانە

ئەو کاتەش کەوا شۆڕش تەواو بوو

خاک و نیشتمان ئازاد کرابوو

چینی خائین و جاش و خۆفرۆش

دووبارە وڵات دێننەوە خرۆش

لە بەر وان قسە بە کەس ناکەوێ

خەباتیان کردووە بە ڕۆژوو شەوێ

لە کوردستانیش هەمان پێوانە

نرخی جاش لە باش زیاتر گرانە

خەڵکی وا هەیە لەم نیشتمانە

ماڵ و سەروەتی بەبێ کێشانە

کە دەکرێ باسی ژیان و چاکسازی

ئەو لە هیچ کەسێ، قەت نابێ ڕازی

بەڵام با بیخۆن، ئا لەم دونیایە
چونکە ئەم دونیا، جێی تاقیگایە
لە قیامەت پرسیار لە چوار شت دایە
لە عومر و عیلم و پارە و گەنج دایە
بەش پرسیاری ماڵ دوو لقی تێدایە
یەکیەکیان ئەلف و ئەوی تر بایە
ئەلفەکەی دەڵێ: چۆنت پەیدا کرد؟
بایەکەش دەڵێ: تۆ بەرەو کوێت برد؟
ڕانیە ٢٠١٨/٧/٧
١٦٦-خوو خدە
ناخورێ گۆشتی مرۆڤی زیندوو
بە کەڵک نایە نە پێستی نە موو
مرۆڤ دوو بەشە، جەستە و دەروونە
لەبەرچاو دیارە و ئاشکرا و ڕوونە
بەشەکەی جەستە خۆراکی دەوێ
دەبێ تێربکری بە ڕۆژوو شەوێ
بەشەکەی دەروون بۆ وی بە سوودە
بە دین و عیلم دەبێ ئاسوودە
مرۆڤ کە دەژی بە شێوەی کۆمەڵ
دەبێ بزانێ تێیدایە مەتەڵ
دەبێ وا بژی لەگەڵ دەوروبەر
تۆیان خۆش بوێ بتخەنە سەر سەر
کاتێک بارت کرد لە کۆچ و کۆڵان
بتخەنە سەر شان، بتکەنە کۆڵان
کاتی خواحافیز، فرمێسک ببارن

بڵێن: کە جێگات چۆڵە و دیارن

نەوەک کە ڕۆشتی بەرد باوون لە دووت

بڵێن: لە دۆزەخ ببێ بە بزووت

بە بیرت بێنە کە لە دایک بوویت

کە تۆ دەگریای وان پێدەکەنین

وا بژی کاتێک کە ئەتۆ مردی

فرمێسکی چاویان بۆت بێتە وەرین

ڕانیە ٢٠١٩/٤/١٤

١٦٧-هۆ خوشکەکەم

(بە بۆنەی ساڵڕۆژی تووندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠١٩دا نووسراوە لە ڕانیە)

هۆ خوشکەکەم، تۆ میوە بووی، تۆ نیوە بووی

بۆ جوڵانی ناو کۆمەڵگا وەک جیوە بووی

تۆ دەتگێڕا کارخانەی بەرهەمی بەشەر

تۆ دایک بووی بۆ ڕۆڵەی وەک پێغەمبەر

تۆ گەورەت کرد منداڵی ناو بێشکەی ساوا

تۆ دەتشۆری و پاکت دەکرد لەناو ئاوا

تۆ پێت گەیاند هەتا بوو بە گەنجێکی جوان

تۆ پێت گەیاند بداتە بەر ژیانی شان

تۆ دایک بووی، تۆ هاوسەر بووی، تۆ خوشک بووی

لە هەڵبژاردنی هاوژینتدا سەرپشک بووی

تۆ لانە بووی، هێلانە بووی، تۆ خانە بووی

بۆ پیاو بەرگ و پەناگا بووی، جامانە بووی

ڕێزت هەبوو، شەرمت هەبوو، زۆر سامدار بووی

بۆ باغی ژیان، هەروەکو گوڵی بەهار بووی

بەڵام هاتن فێڵیان لێت کرد، چاویان بەستی

وتیان: هەستە تۆ ئازاد بە، بۆ سستی
دایان بەزاند کەسایەتیت، شەرم و شکۆت
تۆیان کردە بەندە و کۆیلە، بووی بەند و کۆت
دەریان هێنای لەناو خێزان، تۆ بێ شوانێ
ئێستا بۆ خۆت لە جیاتی پیاو پاسەوانی
کە پێت دەڵێن: دەست بەردار بە باب سالاری
هەتا کەی لەناو ماڵدا کرێکاری
ئەوەی کردیان بەرامبەرەت قەحبە فرۆش بوو
لەشفرۆشی و بێ ڕەوشتی و ژن کرین بوو
ژن نەماوی، نەش بووی بە پیاو، لە دوو دین بووی
قۆڵت بڕی، دایان تاشی، دوور لە ژین بووی
تۆندوتیژی ئەگەر هەبێ لای بێ دینە
بۆ باغی تۆ ئەم ئیسلامە وەک پەرزینە.
ڕانیە ٢٠١٩/١١/٢٤
١٦٨-شێری ئیسلام
شێر ئەوە نییە، لە دارستان بێ
شێر ئائەوەیە، کە قارەمان بێ
هەر نارەسەنێک، هەر نەفس نزمێک
کاری ئەوە بێ دژی قورئان بێ
گەر موسوڵمانێک ئەم کارە بکا
دەبێ شەو و ڕۆژ لەسەر زاران بێ
تەورات و ئینجیل ئەگەر بسووتێن
دەبێ ئەو شوێنە هەمووی وێران بێ
بەڵام بۆ قورئان لە هەر چی بکرێ
دەڵێن: ئازادییە و دەبێ ئاسان بێ

لە کۆن و تازە ئەم کارە کراوە بێ
بێ باوەڕ دەبێ هەر سەرگەردان بێ
یاخوا هەر کەسێک ئەم کارە دەکات
ڕووڕەشی لای خوا و هەردوو جیهان بێ
قورئان چرایە و ناکوژێتەوە
هەرچەندی کافر زۆر هەراسان بێ
لەگەڵ قورئانا کتێب زۆر هەبوون
دەبێ مێژوویان بەرەو نەمان بێ
بەڵام بۆ قورئان بەڵێنی خوایە
دەبێ بمێنێ و لەناو دڵان بێ
ڕانیە ٢٠١٩/١١/٢٣
١٦٩-بۆ کۆچی دوایی مامۆستای قورئان خوێن
(وەلید ئیبراهیم - تورکیا - ئەستەنبوڵ)
بۆ قورئان ژیای، بۆ قورئان مردی
خاوەنی قورئان بۆ لای خۆی بردی
دوو شت شەفاعەت دەکەن بۆ ئینسان
یەکەمیان ڕۆژوو، دووەمیان قورئان
دێنە بەردەمی دادگای خوداوەند
خوا ڕێگای داون و قەت نابن پێوەند
ڕۆژوو کە دەڵێ: خودای میهرەبان
بۆ خاتری من ئازاریدا گیان
قورئانیش دەڵێ: خودای بەتوانا
منی زۆر دەخوێند شەو و ڕۆژانا
کە منی دەخوێند بۆ ڕەزای تۆ بوو
نەوەک بۆ پارە و بۆ نان و دۆ بوو

منی نەکردە کتێبی مردووان
نەی کردەمە دەمی گورگی با بردووان
منی نەکردە گشتەک و نووشتە
بەڵکو بۆم ببووە هاوڕێی فریشتە
منی نەدەفرۆشت بە نرخی هەرزان
منی نەکردە سەودا و بازرگان
بۆیە خودایە داوات لێ دەکەم
تکا و هاوارم بۆ لای تۆ دەبەم
تۆ لێی ڕازی بە و بیبەی بۆ بەهەشت
هەموو ڕۆژێکی بۆ بکەی بە گەشت
ئەستەنبوڵ - تورکیا ٢٠١٩/٨/٢٠

خانەدانی

زۆر لەمێژە لەناو کوردان
هەیە نان و خانەدانی
بەبێ ژووری ماڵ و منداڵ
ژوورێک هەیە بۆ میوانی
دینداری و ڕەسەنایەتی
کاری کردووە لە دەروون
کورد پارە و نانێکی هەبێ
لەگەڵ میوانیدا دەیجوون
لە هەر چوار پارچەی کوردستان
زۆر بەتینە میوانداری
چونکە کورد ماڵی سوتاوە
زۆری دیتوە هەژاری
بەڵام بابەتی نووسینم

بۆ ڕانیە و مەرگە و پشدەرە

هەرچی بەخێرهاتن هەیە

لەو دەڤەرە مسۆگەرە

مەبەستی من هەر شار نییە

گوند و لادێش کاریگەرن

بە بەروبووومی گوندییە

خەڵکی شاری لە سەنگەرن

تا نووسینی ئەم بەرهەمە

ئۆتێل نییە لەناو ڕانیە

بۆ پێشوازی میوانەکان

خەڵک ترسی لە چاودا نییە

چونکە ماڵی بەبێ میوان

کاولە ئاش و وێرانەیە

خانوویەک میوانی تێ نەچێ

باڵندەی بەبێ لانەیە

ماڵ بە میوانی تێک ناچێ

گەر دوور بێ بەڵا و موسیبەت

هەر کەس ڕقی لە میوان بێ

پێی دەڵێن: تونده تەبیعەت

ڕانیە ٢٠١٩/٤/١٣

١٧٠-جلی کوردی

بە جلی کوردی و مێزەری کوردی

مۆدیل لەمێژە، کە بۆ خۆی بردی

دەچییە دائیرە، شەهادەت دکتۆر

تەماشات دەکات، پیاوی جگەرە خۆر

پێت دەڵێ خالە بڕۆ بەو لاوە

چونکە لەمێژە سەرە گیراوە

کابۆیی ئەوروپی و کراسی نیوە قۆڵ

لە دووری خۆشە دەنگی مام دەهۆڵ

خەڵک وادەزانن عیلم و زانیاری

بە کابۆیی تەسک و تەنورەی شاری

ڕانیە ٢٠١٩/٣/١٠

١٧١-دوور لە ئێستا

بە بیرم دێ دوور لە ئێستا

دانیشتبووم لە لای باوکم

کە خەریکی ڕێکخستن بوو

دەیشاردەوە لە من و دایکم

نەکۆ لە شوێنێک باسی کەمم

سەرمان بچێ بەناو قوڕا

بەعس بێتە سەر ماڵمان و

خانوو بسوتێ بە گڕا

وتم: باوکە خەریکی چی؟

وتی: ڕۆڵە تۆ منداڵی

کە گەورە بووی چەند ساڵی تر

ئەو کاتە لێم دەبی حاڵی

جێی دەهێشتین چەندەها مانگ

زۆر درەنگ دەگەڕایەوە

دەیووت: بە شەوانی زستان

کە دەگەڕاین لە گوندەکان

سەگم ددی لە سەر تەنوور

دەم ووت: سەد خۆزگە بە خۆتان
بەش نییە ئێوە ئاسوودەن
کەوتوون لە ماڵی خاوەنتان
سەدانی وەکو باوکی من
شەو و ڕۆژیان لێک گری دەدان
بۆ ئازادی خەڵکی کورد و
بۆ سەربەخۆیی کوردستان
بەڵام ئەمڕۆ ئەوان مردوون
کەس ناپرسی لە هەواڵیان
ڕۆژی جاش و خۆ فرۆشە
بەسەر چووە حاڵ و باڵیان.
ڕانیە ٢٠١٨/١٢/١٧
١٧٢-تاریکی کاتی
تاریکی ژوور و تاریکی ڕوخسار
زۆر گرنگ نییە، زستان یا بەهار
زۆر کاتی وەها دێتە بەردەمت
دونیا دەبێتە ئازار و خەمت
یا کە کارەبا دەکوژێتەوە
دڵت تەنگ دەبێ و نابوژێتەوە
بەڵام ئەمانە هەموویان کاتین
یان خەمی کەسی دوور و وڵاتین
تاریکی گەورە تاریکی قەبرە
حەز دەکەسی کەسێک پێت بڵێ بمرە
نە تیشکی ڕۆژە و نە کارەبایە
نە چرای شەحن، فانۆس، لامپایە

نە سۆبەی گەرمە بۆ زستانانت

نە کەسێک شەوێ دێتە میوانت

نەموبەریدە، تەبرید و پانکە

نە سپلیتێکە، نە ڕێگایەک ڕاکە

دینار و دۆلار وەری ناگرێ کەس

کە لە دنیادا بۆی بووی بە عەسعەس

مەگەر خوای گەورە و کردەوەکانت

قەبرت بکەنە باغی ژیانت

دەسا خوای گەورە تۆ و (خورخوڕەیی)

نەبینێ دۆزەخ، ئاگر و گڕەیی

ڕانیە ٢٠١٨/١٠/٢٧

١٧٣-بەڵێ کوردم

بەڵێ کوردم

بەڵام کورتم

کورتی قەدەر و خوایی نیم

کورتی دەستی دوژمنان و

گەز و مەتر و دنیایی نیم

گەر خۆم نەڵێم

هۆ دوژمنان

وا من لێرەم

بۆ ساروخ و کاتیووشانان

ئامادەی نیشانە و سێرەم

تۆ چۆزانی

نە فریشتەی، نە غەیب زانی

زۆر لەمێژە

کرمی ناوخۆ

لێمان بۆتە سن و کوللە و

مێشی ناو دۆ!؟

ڕاستە دوژمنان بەهێزن

شەو و ڕۆژ لە مەترێزن

بەڵام گەر نەبێ

ناپاکیێ

جاسووس نەبێ، بۆ پیاو چاکیێ

بۆچی منی قەت خێر نەدیو

هەر ڕۆژ

لە بەلای ستەمکاریێ

ئاگر و ئاسن، بۆم دەبارێ

بەناو مافی مرۆڤی

درۆزن

بۆ ماڵ و سامانمان دزن

ئەگەر ئەوان بە ویژدانن

مانای بەشەرییەت دەزانن

سەدان ساڵە

گوێیان کەڕە

دوکاندارن بۆ ئەم شەڕە

نابینن ئەم کوردستانە

ماڵ وێران و سەرگەردانە

چۆن وابووینە

گۆشتی خێرێ

هەر ئەو بۆ ئەوی دەنێرێ

بەڵام با هەموو بزانین

تا ناکۆک بین سەرگەردانین

تا پشتمان بە خوا

نەبەستین

بەرامبەر دوژمن

نەوەستین

وەلای نەنین

حیزبایەتی

بەڵێین نا

بۆ خزمایەتی

هەر نێچیری بێگانانین

خۆراکی تورکیا و ئێرانین

نەفرەت لەو کەسەی

خائینە

دژی گەلە و دژی دینە

لە قەفەزی بێگانەیە

کۆیلەی دینار و عانەیە

بۆ دوژمنان دەبێ بە پرد

دەبێتە جاسووس لەسەر گرد

ڕوو ڕەشی هەردوو دنیایە

خەجەڵەتی دادگای خوایە

ڕانیە - کاتی بۆردومانی کوردستانی باشوور لە لایەن دراوسێکانەوە.

١٧٤-بەرپرسیاری

کە لە هەر شوێنێک بوویە بەرپرسێ

خودا بناسە و لە خوا بترسێ

تۆ وانەزانی کە پیاو بڕاوە
بۆیە جەنابتان لێرە داناوە
بەڵکو بزانە کۆڵت گرانە
کە مافی خەڵکیت وا لەسەر شانە
مەسئول: ماناکەی کە لێپرسراوە
نەک ڕابواردن و گۆشت و پلاوە
ڕۆژێک لە هەولێر چوومە فەرمانگە
کچێک دانیشتبوو لەناو نووسینگە
شیعرێکی لە پشت سەری دانابوو
بەڕاستی وەک زێڕ و تەلا بوو
نەمزانی ووتەی کام کەڵە پیاوە
کە ئەم کچە لە پشت سەری داناوە
کورسی هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ
گەر باوەڕ ناکەی کوا ئەوەی دوێنێ.
ڕانیە ٢٠١٩/٣/١٠
١٧٥--سەرقاڵی
دەچم بۆ سەفەر بۆ کار و ئیشم
لەسەر سمێڵان دانانێم ڕیشم
سەرقاڵی دونیا هێند بەرێگاوە
میوان نەماوە لەبەر دەرگاوە
ڕۆژان ڕاکردن بە دوای پاروە نان
لە سەیر و فلیم شەوانی زستان
دەچییە هەر ماڵێک سەرقاڵ و گێژە
گوێت لە تۆ نییە، قسەت مەبێژە
تا تۆ هەڵدەستی ملی سوڕاوە

دڵت لای تۆ نییە و دەڵێ تەواوە
لە فەیسبووک و دۆبلاژی تورکی
لەشەت لای تۆیە و دڵ لە کەرکوکی
ئەم قوڕە سەختەی بۆمان گیراوە
لە هەموو لاوە دەورمان دراوە
دڵ مشەوێشە و لەشە فەوتاوە
علاج و چارە لای خودا ماوە
هەولێر ٢٠١٩/٣/١٢
(مشەوێش: سەرگەرم - سەرقاڵ)
١٧٦--ژانی گەل
توخوا ئەم گەلە زۆر بریندارە
هەناسە سارد و زۆرێش بێزارە
چەندەها ساڵە زوڵمی لێ دەکرێ
چاو بە فرمێسکە و لێوی بە بارە
کوڕی دەکوژرێ و لە زیندان دەکرێ
دوژمنی کوردیش گەلێک غەدارە
کوردیش لەمێژە دوژمن ناناسێ
بۆ سوپای دوژمن داردەست و دارە
هەر جارێک و دەبین بە پرد بۆ کەسێ
بێ ئەوەی بزانین، زاڵم و زۆردارە
سەردەمێک فارسە و، سەردەمێک عەرەب
سەردەمێک تورکە و هەر دەڵێی مارە
جارێک بە ناوی شۆڕشی شیوعیەت
بۆ هەستانەوەی چینی کرێکارە
جارێک بە ناوی سۆشیالیستییەوە

که گوایا خەڵک هەمووی بەشداره

دوایی درکاندیان که دیموکراتی

دەرمانی دەرد و هەژده عەیاره

دوایی بووه جەنگی نێوان دوو دەوڵەت

که خەڵکیان قڕ کرد تۆپ و تەیاره

خۆ شەڕی ناوخۆش ماڵ وێرانکەر بوو

کەس نەیدەزانی کەی بەهاره

خەڵکی وڵاتان دەژین بە شادی

ئازادی کوردیش... بِئْسَ القَراره

دزینی ماڵ و سامانی میللەت

دوارۆژی تاڵە و وەک شەوی تاره

هەر کەس غەدر کا لە گەلی هەژار

لە ڕۆژی دوایی جێگای ناو ناره

خودایە خۆ تۆ حاکمی دادگەری

ڕیسوایی زاڵم ئاخر بڕیاره

ڕانیە ٢٠١٩/٣/٩

١٧٧-برادەر

لە ژیانی دونیا برادەر زۆرن

هەندێکیان باشن و هەندێکیان بۆرن

هەندێکیان وەکو بێخۆرو نانن

بۆ هەموو کاتی پێویستی ژیانن

هەندێکیان وەکو دەرزی و دەرمانن

کاتی پێویستی بۆ ژان هەتوانن

هەندێک نەخۆشن، وەک شێرپەنجەتن

هەتا لێت دوور بێ ئارامی گیانن

هەندێکیان دۆستی دڵ و وێژدانن
هەندێکیان دۆستی پارە و گیرفانن
هەندێکیان دۆستی ئافرەتی جوانن
هەندێکیان دۆستی سەر سفرە و خوانن
هەندێکیان دۆستی دین و قورئانن
شێوەی بەشەرن، وەک فریشتانن
هەندێکیان کورەی بەر ئاگر دانن
هەندێکیان عەتری ژووری دوکانن.
ڕانیە ٢٠١٨/١١/١
١٧٨-پارەی بەهەدەر دراو
دیسان گێژاو و بەزمی سەری ساڵ
هاتووچۆی خەڵک و بەزمی کوڕ و کاڵ
مەسرەفی زۆر و بێ هودە و بەرهەم
پەیوەندی نییە بە کوردی پڕ خەم
کاتی سەری ساڵ کە شار دەشێوێ
چەندین سەیارە لە ڕێ دەکوێ
بە سەدان دەفتەر دۆلار دەڕێژن
چەندەها گەنجیش لە خاک دەنێژن
ئەو پارەی دەدرێ بە گڕ و بەنزین
یان سەرف دەکرێ بۆ کاری بێ دین
ئەو پارەی دەدرێ بە شووشە و گڵۆپ
لە سلێمانییەوە هەتاکو هیزۆپ
گەر بدرێ بە نان، بە بەرگ و بە ئاو
منداڵی هەژار دەیخاتە سەر چاو
بدرێ بە جادە و تاسەی هەڵکەندراو

بدرێ بە عاموود، بە سیمی قرتاو
بدرێ بەو پیاوەی خاوێن دەکا شار
ڕازاوەی دەکا وەک گوڵی بەهار
بدرێ بە گەنجێک ژنی پێ بێنێ
خێزانێکی پاک زوو دابمەزرێنێ
بدرێ بە کوڕ و بە کچی زانکۆ
هەتا خزمەتێک بکا بە من و تۆ
بدرێ بە منداڵی بێ باوک و ئەنفال
کە تەرمی باوکی خراوەتە چاڵ
بدرێ بە مزگەوت بۆ فێربوونی دین
کە دین هەوێنە بۆ بەرنامەی ژین
بدرێ بە مەکتەب، بە نەخۆشخانە
بدرێ بە دەرمان، ئەڵێن: نیمانە
بدرێ بە چەک و بە تەقەمەنی
هەتا کوردستان درێژ بێ تەمەنی
بدرێ بە دەفتەر بە کتێب و پەرتووک
بدرێ بە سیسەم بۆ زاوا و بۆ بووک
بدرێ بە دەزگای پزیشک و دکتۆر
هەتا نەمێنێ نەخۆشی و ناسۆر
بدرێ بە پێنووس، بدرێ قەڵەم
بدرێ بە کەشتی بدرێ بە بەڵەم
بەڵام کێ هەیە گوێمان لێ بگری
داوا و سکاڵا بۆ سەری ببری
بەرپرسی ئەمڕۆ سەرخۆشە و بێ هۆش
بۆیە نەماوە دڵێکی پڕ جۆش

شەوان سەرخۆشن، ڕۆژان بێ هۆشن
لەناو باخەکان، مەشروب دەنووشن
کەسێکیش نەبێ برین و ئازار
قەت باوەڕ ناکا لێی بکەی هاوار
(غەریب) با بەس بێ گڵەیی و ڕازت
چونکە نابیسن سۆز و ئاوازت
فەرمانگەی پاسپۆرتی سلێمانی ٢٠١٩/١/٣
١٧٩-بۆ برایانی پاک کەرەوەی شار
(ئێوە بەڕێزن)
پێگە و جێگاتان لەسەر چاوانە
شار و بازاڕمان بە ئێوە جوانە
کە ئەندازیاری پاک و خاوێنن
ستەم لە ئێوە گەلێک تاوانە
گەر ئێوە ڕۆژێک نەیەن بۆ ناو شار
کۆڵان بۆگەنە و دڵ هەراسانە
حەقی خۆیەتی کە مووچەی ئێوە
گەلێک زۆرتر بێ لەو پەرلەمانە
بەڕاستی شەرمە و شەرمەزاریە
خەڵک ڕێز نەگرێ لەو مووە سپیانە
چونکە فەرموودەی پێغەمبەرە کە
پاک و خاوێنی نیوەی ئیمانە
ئەوەی کە دەکرێ بە ئێوەی بەڕێز
شایەنی ڕێزە و قەدری گرانە
بەڕاستی دەبوو حکومەت و میللەت
دەستتان ماچ بکەن هێشتا هەرزانە

سەرتان بەڵندە وەک چیای قەندیل
خۆزگە بەو کەسەی برا و دۆستانە
نەدەبوو ئێوە بێ نەوت و نان بن
یاخود بلەرزن بەم زستانە
ئەرک و پیشەتان یەکجار پیرۆزە
کار و فەرمانتان قورس و گرانە
بۆیە پێغەمبەر کرێکاری دی
دەمی خستە ناو بەری دەستانە
فەرمووی ئەم دەستە زۆر لام بەڕێزە
خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرانە.
ڕانیە ٢٠١٩/١٢/٢
١٨٠-بۆ قورئان خوێنێکی ڕەش پێست
بە زگ برسی، بە چاو تێر
پەیامت بۆ خوا دەنێری
دەیسەلمێنی کەوا قورئان
دەرمانە بۆ ئازار و ژان
نیشانت دا ئەم پەیامە
هەتا قیامەت بەردەوامە
موسوڵمان تێر بێ، برسی بێ
لە ئاشتی، لەناو ترسی بێ
دەست لەم قورئانە بەر نادا
لە ژین یان لە گیان لادا
لە کاتی مووچە و مەعاشی
گۆشتی بگرن بە مەقاشی
خۆشیان بوێ رقیان لێ بێ

یان کونجی زیندانی جێ بێ
چونکە دەستووری ژیانە
بۆ بریناں وەک هەتوانە
سەربەرزی ژیانی دونیایە
پاسپۆرتی ناو ڕێگایە
ئەوەی هەڵگری قورئانە
میوانی خوا و فریشتانە
ڕانیە ٢٠١٩/١٢/١
١٨١ ــ ٢٧ ساڵە :
بیست و حەوت ساڵە دوو کارەبایە
حکومی و ئەهلی وەک ڕەشەبایە
بیست و حەوت ساڵە کارەبا کەمە
ئێمە کەوتووینە گێژی ئەم خەمە
لە شەو و ڕۆژان بە چەندەها جار
جۆزە هەڵدەوێ و هەر دێتەوە خوار
ئەمڕۆکە پێوەردێتە پێش ماڵت
دەیگری سەرو حاڵ و ئەحواڵت
بەیانی کابرای مۆلیدەی ئەهلی
لە دەرگات دەدا هەر بە زۆرە ملی
دوو پارە دەدەی بە بوون و نەبوون
باخەڵی بەتاڵ، بە دڵی زەبوون
دەبێ منداڵێک دەرس نەخوێنی
خەریک جۆزە بێ و دەستی هەڵێنێ
بەش نییە کە هەیە، ئەم ماسیحەیە
فریامان کەوتووە، وەک قادرمەیە

ئەمەیە حاڵەت وڵاتی بێ پلان
بەبێ بەرنامە و شێواو سەرگەردان
دڵسۆزێک نییە، دڵت داتەوە
خەم و خەفەتت لە بیر باتەوە
چونکە بەرپرسان بۆ خۆیان تێرن
بۆ خەڵکی خۆیان وەک نەرە شێرن
شەوێک کارەبای نەمێنێ بۆ خۆی
دەست بکوتێ لە دار، لە ویندۆ، لە دۆی
لێی توڕە ببن ژن و منداڵی
ئینجا دەزانی میللەت چێ حاڵی
بەڵام کەسانی سەرخۆش و بێ هۆش
کوا بۆ هەژاران دەبنە فەرامۆش
بۆ خۆی تێر نان و ئاو و خەوتنە
گەڕان و سوڕان، وڵات دیتنە
ئەو کەسەی ڕۆژو دەگری و دەچەمێ
دەزانێ حاڵی هەژاران کەمێ
کە ئەم بۆ ڕۆژێک وا هاتە لەرزین
جەرگ و هەناو و دڵی داتەپین
بۆیە کە یوسف کرا بە وەزیر
هاتنە سەر دەستی سەرباز و تووزیر
کەوتە بەردەستی خەزنە و دارای
ناز و نیعمەت و بەخششی خوایی
زۆر بە ڕۆژوو بوو دەیوت تا ماوم
دەبێ هەژاران بێنە بەرچاوم.
ڕانیە ٢٠١٩/١٠/١٠

١٨٢-دەستی ئاژاوە

ئاژاوە زۆر لەناو خێزانە
کە هەمووی فێڵ و فێڵی شەیتانە
چەند خەڵک هەیە دەژی بە شادی
بە دڵی خۆش و بە دڵی ئازادی
بە بەختەوەری بە دڵی ئارام
دەیهەوێ بگاتە هێوا و مەرام
لە لاش حەسودی یاخود نەزانی
دەیهەوێ دارێ لە بەردێ دانی
یان بێگانەیە یاخود نزیکە
موسوڵمانیش بێ هێشتا فەریکە
دەچێنێ تۆوی فیتنە و ئاژاوە
ئاسانە وەک خواردنی ئاوە
یان دراوسێیە یان خزمی باوکە
یاخود براژن، یا خوشک و دایکە
یان دژ بە یەکن هەم بووک و خەسوان
چەقۆ و شمشێران لە یەکتر دەسوون
هەردوو لا دەچنە ماڵی جادووگەر
دژی ڕێبازی خودا و پێغەمبەر
بە نووشتە و گشتەک بە سیحر و جادوو
ڕەش دەکەن دڵی ژن و پیاو هەردوو
لە دوایی دەچنە شەرع و مەحکەمە
لە جیاتی جارێک هەزار جار کەمە
جا بۆچی خۆمان نەبین دەستە ملان
بۆ نەفرەت نەکەین لە داوی شەیتان

خوداش دەفەرموو شەیتان دوو جۆرە
مرۆڤی خراپ و ئیبلیسی بۆرە
بە شەیتان بڵێ (أعوذ بالله)
لێت عاجز دەبێ و، دەبێ تەوەللا
بەش مرۆڤی خراپ درەنگ واز دێنێ
دەیهەوێ کەوا ملت بشکێنێ.
ڕانیە ٢٠١٩/١٢/١
١٨٣-لە بیرم نانچی
(لە کاتی بینینی وێنەیەکی باوکمدا فرمێسکم باراند و ووتم...)
گەردی دەرچووی لە ئەلبومی یادگاریم
بەڵام شەوان تۆ ببیە بێداریم
خۆ کەس نییە، بێتە جێگا و مەکانت
شان بداتە ئەرک و کۆڵی گرانەت
تۆ قەڵا بووی، تۆ باڵا بووی، قەندیلی
بۆ کاروانی زانستی من مەندیلی
تۆ بووی نیشانت دام، ڕێی ڕاستی دینم
نەبمە کۆیلەی کەس بە درێژی ژینم
هەموو جارێ دەتوت، قورئان ڕەوایە
بەردەوام بە، ئەمە ڕێگای خودایە
گرتوومە بەر بە شانازی وەسێتت
لە بەرچاومە ماندوو بوون و ئەزیەتت
شەرتە بڕۆم لەم ڕێگایە تا ماوم
لەناو گۆڕیش هەر ئەتۆیی هەردوو چاوم
ڕانیە ٢٠١٩/٨/٣٠
١٨٤-لە خزمەت گۆڕی پێغەمبەر

ئێستا كه مانگی هاتنه دنیاته
بۆ مرۆڤایەتی وەک و خەڵاته
پێش هاتنی تۆ دونیا تەلان بوو
خەڵکی سەر زەوی چەند سەرگەردان بوو
هەژاران بووبوون به كۆیله و بەنده
نەمابوو یاسای خودای بەخشنده
هەبوو بازاڕی بەنده فرۆشتن
وورگ زل بوون و ئێسک كرۆشتن
ئافرەت دەخراوه ناو چاڵ و زیندان
بێ بەش كرابوو له میرات و ژیان
زوڵم و ستەم و درۆ و فێڵ و فێڵ
ئاوی سازگاری كردبوو به لێڵ
مانایەک نەبوو، بۆ مان و ژیان
هەتا خوای گەوره، كردیه بەر گیان
ئەمڕۆ گشت خەڵکی چاوەڕێی تۆیه
له دەست عەلمانییەت، شین و ڕۆڕۆیه
هەموو چاوەڕێین پەیامەكەی تۆ
شەوی تاریكمان بكاته نیوەڕۆ
سعوودیه / مەدینەی مونەوەره - مزگەوتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، مانگی ٢٠١٩/١١.
١٨٥-سنووری دەستكرد
سایكس پیكۆ، میكرۆب و سیل و شێرپەنجەتن
تیغی بڕینی وەتەن و لەت كردنی خاكی كوردان
كوردستانێک یەک پارچه بوو، دابەشت كرد
له بوون به دەوڵەتی بونیش بێ بەشت كرد
بەشیتەوه هەر به شێوەی گۆشتی خێرێ

کورد بێ کەسە و هەموو کەسێ پێی دەوێرێ
چەند میللەت هەن بە زەکاتی کوردان نابن
بەش بۆچی کورد مەزلوم و بێ نەوابن
بەڵام چەندی دوژمنانمان ژیر و دانان
لە پلان و دژایەتی زۆر بەتوانان
بەش سوێند بە خوا تەنها ئەوان تاوانبارن
دژی مرۆڤن، دوژمنی خەڵکی هەژارن
سەدان گەلی وەک قەومی کورد و فەلەستین
چەند بێ نازن، بێ ئاوازن، بێ بەش لە ژین
کەچی ئەوان کۆبوونەوەی چەندین ساڵە
لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر هەواڵە
سەدان میللەت لەبەر چاویان بەرباد دەکرێ
ژن و منداڵ بە ئاشکرا لەناو دەبرێ
هەر لە عێراق، هەتا میانمار، هەتا ئەفغان
بڕۆ سوریا، بڕۆ یەمەن، بڕۆ چیچان
هەتا زاڵم تەواو دەکا زوڵم و زۆری
قەتل و عامی و ڕەشەکوژی و ڕەش و بۆری
گرنگ نییە کێ دەکوژرێ، کێ دەگیرێ
کێ ئیعدامە و دەخرێتە ناو بنی بیرێ
گرنگ وەیە سەرف بکرێ گوللە و باروت
وڵات وێران، دوا بکەوی، ببێ نابووت
جا هەر کاتێک کاریان نەما بە دیکتاتۆر
تیرۆریستە، دژی مرۆڤە، ئەوە گەل خۆر
دەڕووخێنن، دێتەپێنن، دەبێ بڕوا
زاڵمێکی دی، دێ بە دوایدا، جا لەمەودوا

بەش سوێند بە خوا هەر هەموویان یەک کارخانەن
بێچووە گورگن، بەچکە ڕێوین، هی یەک لانەن.
ڕانیە ٢٠١٩/٥/٢٠

١٨٦-من ویڵی تۆم
زۆر هەنگاوم نان بەرەو لای خەڵک
هیچیان وەکو تۆ نەیانبوو کەڵک
لە زۆر دەرگام دا بۆ چارە و هەتوان
هیچیان وەکو تۆ نەیانبوو دەرمان
زۆر گەورەی دنیام تاقی کردنەوە
بۆ بەختەوەری و گەڕ و بردنەوە
ئاوی زۆر کانییم خوارد و نۆشم کرد
تام و لەزەت لە هیچیان نەبرد
بەڵام کە هاتمە خزمەت گۆڕەکەت
دیم ڕەونەق و باڵا شۆڕەکەت
کە وەک میوە بۆمان دابەزی
لە خۆشیدا دڵ و لەش دەلەرزێ
زانیم ئەوەی من چەندەها ساڵە
کە بۆی دەگەڕێم، دڵیش عەوداڵە
وا دانیشتووە لەناو مەدینە
هەر موحەممەد و سەرۆری دینە
شاری مەدینە، مانگی ٢٠١٩/١٠

١٨٧-گەر بۆ من نەبێ
دەڵێن: نەوت هەیە و بەڵام نەمدیوە
دەڵێن: لەش لە سەرمانا تەزیوە

دەڵێن: ئەم نەوتە بۆ تەنگانەیە

بەڵام تەنها دوژمن خێری لێ دیوە

دەڵێن: ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە

بەڵام نەوتی مە هەر بۆ ئەو دیوە

دەڵێن: کورد هەر بە تەماشای دەوڵەتە

کەچی وا لە دەروونەوە بەزیوە

کورد حیزبایەتی دەکا، نەک کوردایەتی

بۆیە ئاوا لە قۆڕا چەقیوە

هەتا خاوەنی ئەو خەیاڵە بین

میوە لەناو بارماندا هەر گەنیوە

هەر شۆڕشی کوردە ئاوا لە دواوە

بان و سەر بان و دیواری هەموو تەپیوە

ئای داخەکەم بۆ ئەم هەموو قوربانییە

کەچی دوژمن بەرووبوومی دزیوە

ڕەنج و ماندووبوونی سەدان ساڵەمان

لە ژێرەوە کونی تی بۆت و تەقیوە

کە دوژمن دێ بۆ هەر پارچەی وڵاتم

نااڵێ کامە ناحەزە و کامەش دیم دیوە

بە ئاگر و ئاسن، وێرانەی دەکا

تەرمی کوردە لەسەر جادە ڕزیوە

ئەوەی کە خائین بە قەومی کوردە

حاشا لە چارەی گەڵای وەرێوە

هەتا ماوم لە بۆ کوردان دەنااڵم

بەڵام بۆ عیلاجیان زانا چەمیوە

چونکە ناپاکی یە میکرۆب و دەردە

کەچی زۆر کەس نان دێنیشی دڕیوە
بەشە (غەریب) لەوە زیاتر دەردە دڵ
ئەوە سیاسەتە و تاکتیکی تەنیوە
ڕانیە ٢٠١٩/١٢/١٤
١٨٨-پیاوی سووک
چی زەمانێکە هاتۆتە پێشمان
هەرچەندە قورس بێ نەمایە کێشمان
ماستاوچی و ناپاک ئەوەنە زۆرە
لەبەرچاو زلە و بەڵام زۆر بۆرە
هەر ڕۆژە لەسەر پەتێک وەستاوە
لە کوێوە بای بێ شەنێ هەڵداوە
وەک گوڵە بەرۆژە، قیبلەی دیار نییە
وەک داری بەڕوو لێو بە بار نییە
لە پێناوی پارە دەفرۆشی دینی
هەرێجی دەکا ئامانج و ژینی
پیاو چاک خائین و، خائین پیاو چاکە
کێ مەبدەئی بێ، پیاوی ناپاکە
کێ زمان لووس و قسە لێزان بێ
خەڵک هەڵدەیرێ و پیاوی شەیتان بێ
دەڵێن: زیرەک و پیاوی سەردەمە
لەو زەمانەدا نموونەی کەمە
ڕقم لە پارە و دینار هەستاوە
ڕۆژ ڕۆژی بەفر و ریا و ماستاوە
بەڵام ئەوانەی بەم جۆرە ژیاون
زۆر بە ڕیسوایی مردن و فەوتاون

لە دادگای خوداش چاو بەرەو ژێرن
سەریان شۆڕ بووە و زەوی دەژمێرن
بژی بە مێردی، بمرە بە مێردی
ئەگەر بەڕاستی نەتەوەی کوردی
ئەوانەی خائین بە خودا و خەڵکن
ڕوویان مەدەرێ، پیاوی بێ کەڵکن.
ڕانیە ٢٠١٩/٥/١٨
١٨٩-بۆ سەفا
پێت دەڵێن: سەفا واتا پاک و گەش
وەکو هاواری منداڵ بۆ باوەش
هاتووچۆی دایکێک لە تاوی منداڵ
کە لە تاوی ئاو، هەناوی بوو ڕەش
حەوت جار ڕایدەکرد لە نێوان دوو کێو
تا لە دیداری نەبێ بەبێ بەش
لە هەر سەرێکی کە چوار سەد مەترە
هات و چۆی دەکرد بەبێ غەڵ و غەش
ئەمەیە سۆز و عاتیفەی دایک
لە تاوی ڕۆڵەی، هەم بە ڕۆح و لەش
سعوودیە – شاری مەککە - لەسەر تەپەی سەفا/ ٢٠١٩/١٠/٥
١٩٠-هەدار و نەدار
لە وڵاتی نەوت و دینار و دۆلار و دینار
چەند سەرمایانە منداڵی هەژار
بە ملیۆن لیتر بڕوا بۆ دوژمن
بەش هەڵ بلەرزن وستاو کرێکار
لافاوی خوێنمان بۆیە هەڵدەبەست

هەتا نەمێنێ دوژمنی زۆردار
سەروەت و سامان کاتێک دەدزرێ
خاوەنی ماڵیش دەبێ قەرزدار
حەیفە خێر و بێر بڕوا بۆ دوژمن
میللەتی خۆشت ببن لێو بە بار
منداڵی خەڵکی زۆر قەڵەو بکەی
منداڵی خۆشت ببن شەرمەزار
بێگانە بەری بۆ لوتکەی بەرز
خۆشت دانیشی لە دامێنی خوار
هەزاران گەنجی خاک و وڵاتم
خوێنیان بەجێما بە دیوار و دار
نیەت و مەبەستیان خزمەتی گەل بوو
هەتا نیشتمان زوو ببێ ڕزگار
دوژمن دوژمنە و قەت نابێ بە دۆست
قەت باوەڕ نەکەی بە قسە و توفتار
سەدان وەک پێشەوا قازی
بە دەستی ئەوان کدران لە دار
کوردە بەسە ئێستا جاشی و جاسووسی
نابینی کەکۆ چۆن بووە گیرفتار
تا ڕاوی دەکا دانی دەداتی
کە قاڕقەی نەما با ببێ مردار
وا سەدان ساڵە خەنجەری ناوخۆ
دەدرێ لە دڵ و لە جەرگ و لە زار
(غەریب) با بەس بێ دەردی دڵ ئەم شەو
نەوەکو دوژمن ببێ خەبەردار

ڕانیە ٢٠١٨/١٢/٢٩

١٩١-هیوام خوێندنە

برسییەک چەندە حەزی لە نانە

تینوویەک چەندە بۆ ئاو حەیرانە

ڕێبوار چۆن شەیضای جێ و پشوودانە

بۆ خوێندن زیاتر دڵ چاوەڕوانە

ڕانیە ٢٠٢٠/٢/٢

١٩٢-کوێت پێشێ لەوێ دەدەن

مانگێک پێش ئێستا گەر وتار بێژی

نەیوتایە تورک بۆ خوێن دەڕێژی

مانگێک پێش ئێستا گەر چالاک وانی

نەهاتایە ناو خۆپیشاندانێ

مانگێک پێش ئێستا گەر گەنج و لاوی

نەهاتایە بەر سووری هەتاوی

دەیان ووت: ئەمە پیس و ناپاکە

میکرۆبی گەلە و سنی ناو خاکە

دەیان وت: تورکیا دوژمن بە کوردە

فەرقی پێ ناکا درشت یا ووردە

بەش ئێستا هاتنی تورک حەڵاڵە

خۆێ خانە خوێیە و خۆی خاوەن ماڵە

بە هەمان شێوە هاتنی فارس

بۆ سلێمانی کەس نابێ قەڵەس

باشە گەر ئەمە ئیهانە نییە

گۆرانی بێژی تورکم بۆ چییە

ئەمەش نەزانی و گێژی کوردانە

ئاهەتێ بگێڕی بەم چلەی زستانە

(بە بۆنەی ئەوەوە نووسیم کە تورکیا بۆردومانی کوردانی ڕۆژئاوای تەواو کرد و کچە گۆرانی بێژی تورک سیلکانیان هێنا بۆ هەولێر بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی ٢٠٢٠ ؟؟؟)

ڕانیە ٢٠١٩/١٢/١٢

١٩٣-مانەوەی زاڵم

لە پێناوی هەوا و مانەوەی زاڵم

دەبارێ تۆپ و بۆمبا و ناپاڵەم

لە پێناوی هێز و سامان و کورسی

بە هەزاران کەس ئاوارە و برسی

بە ملیۆنان کەس ئاوارە و بێ ژیان

وا هەڵدەلەرزن بە بەفر و باران

لە ژێر خێمەدا و بە قوڕ و چلپاو

بەبێ خۆراک و بەبێ نان و ئاو

بەبێ بەتانی و سەرین و دۆشەک

لە ژێر ڕاجیمە و هاوەن و فیشەک

باوک و کوڕ جیایە و لە یەک دابڕاو

دایکیش بۆ ڕۆڵەی بووە جەرگ سوتاو

خانوو ڕووخاو و ماڵ تاڵان کراو

خوشکی پشت شکاو قوڕ بە سەر کراو

وڵاتی زلهێز بێ دەنگ، کش و مات

دەنگیان لێ نایە بە چرکە و سەعات

توخوا دەسەڵات، بە زەبر و زەنگ بێ

بە ستەمکاری و بە لوولەی تفەنگ بێ

چی تامی هەیە و بۆچی گونجاوە

یاخوا ژێر خاک بێ ئەم دەم و چاوە

گەر بۆ خاک نەبێ و نەبێ بۆ خەڵک

چی سوودی هەیە و قازانج و کەڵک

ڕانیە ٢٠١٩/١٢/٧

١٩٤-ناگونجێ و نابێ

توخوا تۆ بڵێی ئەم بەرد و دارە

کە لە پشت سەرم دەڵێ بەهارە

توخوا تۆ بڵێی ئەم شاخە بەرزە

کە وەک گوڵ میخەک بۆم دەشت و ئەرزە

توخوا تۆ بڵێی ئەم دەشت و دەرە

لەسەری دەژیا چی گیان لەبەرە

توخوا تۆ بڵێی ئەم شاخ و داڵخە

ئەم گژ و گیایە، ئەم گوڵ و باخە

توخوا تۆ بڵێی ئەم ئۆکسجینە

ئۆکسیدی کاربۆن، یا نایترۆجینە

توخوا تۆ بڵێی ئەم دەست و پەنجە

کە دەنینۆکە و جێگای سەرەنجە

توخوا تۆ بڵێی ئەم قەد و باڵا

چەندە ڕێک و پێک دەڵێی شمشاڵە

توخوا تۆ بڵێی ئەم چاو و گوێیە

کە دەنگ و باسی من و تۆی پێیە

توخوا تۆ بڵێی ئەم دەم و زمانە

لە کەڵەی سەرو لەناو زارمانە

هەروا لە خۆوە دروست کرابی

بێ پەروەردگار بونیات نرابی

ئەرێ نازانم باسی چی بکەم

دەست و قەڵەمم بەرەو کوێ ببەم

هەر ئەوە ئەڵێم: خوایە تا ماوم

ئەمڕۆ فەرمانت وا لەسەر چاوم

من قەت ناتوانم سوپاست بکەم

سوجدە و کڕنووشی زۆرت بۆ ببەم

ڕانیە ٢٠١٩/١٢/٢٢

١٩٥-تۆ هەتوانی

ئەی پێغەمبەر

ئازیزەکەم دەوەرەوە سەری ساڵە

ئەم دنیایە بێ تەوجیهی تۆ بەتاڵە

هەتا ئاوا قەشە و پاپا تەگبیرکەر بن

ژن بێ ناز و، منداڵیش بەبێ پەدەر بن

دەبێ هەروا ئاوارەیی و دەربەدەری

جەرگ سووتان، پشت شکان و کوێرەوەری

ژووری زیندان، دەست بە کاربن قامچی و تەعزیب

ببنە خانە و ماڵ و شوێنی پیاوی غەریب

زۆر لەمێژە چاوەڕێتن، ڕووت و برسی

ئەمڕۆ هیچ کەس لە خەڵکی هەژار ناپرسی

زۆر لەمێژە چاوەڕێتن زوڵم لێکراو

بچنە سێبەر، ڕزگار بن لە سووری هەتاو

هەتا ڕێوی دادوەر بێ و بێتە چاودێر

دەبێ گۆشتی مریشکانیش بکرێتە خێر.

ڕانیە ٢٠١٩/١٢/٢٢

١٩٦--ئێمشەو

کۆتایی ساڵە و دانیشتووم ئێمشەو
لە بیری عومری ڕۆیشتووم ئێمشەو
بیرم کردەوە گەڵا ڕێزانە
وەرزی پایزە و خەزانە ئێمشەو
گەلێک خۆشحاڵین بە ساڵی تازە
نازانین سارده و بارانە ئێمشەو
وا هەڵدانەوەی پەڕەی تەمەنە و
لێک داپرانی یارانە ئێمشەو
شەکە ت کردن و بێ بەش کردنی
ڕۆح و ویژدان و جانانە ئێمشەو
ڕۆژی بێ وەفاو زمان لووسانە
پیاوی پاک نامۆ و پەنهانە ئێمشەو
ڕێگا هەڵدێرە و تەسک و باریکە
جادەش زۆر لووس و هەسانە ئێمشەو
هەرچەند دەگەڕێم بۆ عیلمی بەیان
زوبان کار ناکات داغانە ئێمشەو
خودا بنێرە، تۆ فریاد ڕەسی
وڵات بێ حەکیم، بێ شواتە ئێمشەو.
ڕانیە ۲۰۱۹/۱۲/۲۳

۱۹۷-درەختی تەمەن

(لە ژێر داریک وەستابووم کە هەموو گەڵاکانی زەرد بوو بوون بۆیە ئەم هۆنراوەم بۆ نووسی)
دەزانی ڕۆژێک چۆن بوو ئەم دارە
گەڵای سەوز بوو، دەتووت بەهارە
بە خۆی نەزانی پایزی داهات

ڕەنگی زەرد گەڕا دانیشت کش و مات
جا ئەگەر بەری دابی بە خەڵکی
بە خەڵکی دابی قازانج و کەڵکی
هیچ باکی نییە لە زەردی و پیری
بۆ دەوڵەمەند ژیا هەم بۆ فەقیری
ئەمەم بۆ تۆیە برای وشیارم
هەم لەگەڵ تۆمە خوشکی نازدارم
من و تۆش ئاوا گەنج و جوانین
دروست کراوی خوای میهرەبانین
داویەتی پیمان گەنجێتی و لاوی
فەرقی نەکردووە بە ژن و پیاوی
دەپێمان دەڵێ: ئێوە ووریابن
دڵسۆزی یەکتر مەردی خودا بن
کە ڕۆژێک دادێ زەرد هەڵگەڕاون
سیس و کز و لەووک، باخی بێ ئاون
بەش ئەگەر کاتی گەنجی و جوانی
وریای خۆت بووبی، زۆر بە لێزانی
سوودت هەبووبی بۆ خوداو خەڵک
چاکەت کردبی و سوود و بەکەڵک
پەشیمان نابێ لە کاتی پیری
گەر دەوڵەمەندی یاخود فەقیری.
ڕانیە ٢٠١٩/١٢/٢٩
١٩٨-چاوەڕوانی
(کاتێک وێنەی چوار منداڵم بینی کە لەسەر گۆڕی دایکیان وەستابوون نووسیم)
ئای جەرگ بڕە کۆچت دایە گیان

چۆن دەسووتێنێ جەرگ و دڵ و ژیان

هیچ کەس ناتوانێ پڕ کا جێگاکەت

ئاوەدان بکا ناو بارەگاکەت

کاتێک دێمەوە دایە لە بازاڕ

دیار نەبوونی تۆ چۆن دەمدای ئازار

کێ بێ لە ڕۆژدا کۆمان کاتەوە

کێ بەتانیمان پێ داداتەوە

دایە کێ مەمکێک بخاتە زارم

کێ کاتی گریان بێتە هاوارم

کێ بێ کە بم شوات کاتی چڵکن بووم

کێ جوانم بکات کاتی کولکن بووم

کێ ئامادەم کات بۆ قوتابخانە

کاتی دڵ تەنگیم کوێ بێ هێڵانە

لە کۆبوونەوەی باوکان و دایکان

کێ جەواب داتەوە بۆ من دایە گیان

خۆ چرای ژینم بێ تۆ خامۆشە

بە دیداری تۆ دڵ فەرامۆشە

خۆ بە مەرگی تۆ چرای کوژایەوە

پەردەی پەنجەرەم دادڕایەوە

ڕانیە ٢٠٢٠/٢/٨

١٩٩-بەس تۆبە

(بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ڤایرۆسی کۆرۆنا نووسیومە کە لە مانگی ٢ و ٣ ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوبووەوە لە جیهان و کوردستان)

گەلۆ بەش تۆبە چارە و هەتوانە

چونکە وەسێتی خوای میهرەبانە

چەندەها گەل و قەوم و نەتەوە
هۆی تێدا چوونیان تەنها عیصیانە
لە کۆن بڕوانە چەندە فەوتاون
کە باس و خواسیان لەناو قورئانە
سەردەمی ئێستاش نموونەی زۆرن
باو گێژەڵووکە و تۆف و زریانە
یان بومەلەرزە و ڕۆچوونی زەوی
لە زۆر وڵاتان لەبەر چاوانە
ئێستاش میکرۆب و قایرۆس و پەتا
کە هەڕەشەیان لەسەر جیهانە
خودایە نەمات گری بە هەڵەکانمان
بەردەوام ئینسان لەناو تاوانە
بەڵام باشترین مرۆڤی تاوانبار
ئەوەیە تۆبەی ناو و نیشانە
وەک پاسپۆرتە بۆ دونیا و قیامەت
بێ بوونی تۆبە ڕێگا گیرانە
بۆ پەڕینەوەش لە پردی سیرات
تۆبە پێناسەی ناو باخەڵانە
بیکەیتە هەویە و کارت و شوناسمان
بۆ ئەو ڕۆژەی کەوا سەخت و گرانە
ڕانیە – هەینی ٢٠٢٠/٣/١٣

٢٠٠-کۆتایی ساڵ

مەڵێن سەری ساڵ، بڵێن کۆتا ساڵ
چەند کەس کۆچی کرد لە گەورە و منداڵ
یەک ساڵی تەواو واتە دوازدە مانگ

چل و هەشت هەفتە کە تێیدرا بانگ

وا ڕۆیشت سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژان

زۆر کەس دەگۆڕا وەک گوڵە بەرۆژان

وا هەشت هەزار و شەش سەد و چلە

ژمارەی سەعات ڕۆیشتووە لەم خوڵە

پێنج سەد و هەژدە هەزار و چوار سەد

چرکە ڕۆیشتووە بە ژمارە و عەدەد

عومر هەر دەڕوا بە خێر و بە شەڕ

وەهای هێناوە کۆمەڵگای بەشەر

گەر تێیدا کرابێ نوێژ و هەم ڕۆژوو

زەکات و خێر و حەج و عومرە زوو

هەم ساڵەکە ڕۆیشت، هەم خەزن کراوە

لای پەروەردگار هەمووی نووسراوە

بەڵام گەر کەسێک غافڵ بێ، بێ خەم

هەر پێخەنبێ بە زار و بە دەم

ئەوروی نەدابێ لە فەرز و سوننەت

هیچ گوێی نەدابێ بە قەدرو قیمت

دەبێ بچێژی زۆر پەشیمانی

لە هەوڵێر ژیابێ یا لە سلێمانی

بەڵام ساڵێ نوێ دەیهەوێ قەرار

پەیمانی تازە بۆ پەروەردگار

دەبێ بیگۆڕی گێڕ و مەکینە

هەتا بیخەیەتە خزمەت ئەم دینە

ئێستا لە دونیا ببە پەشیمان

هەتا لە قیامەت نەبی سەرگەردان

ڕانیە ٢٠١٩/٢/٢٨

٢٠١-گەنجانی خنکاو

(بە بۆنەی خنکان و کۆچی دوایی پۆلە گەنجێکی کوردستانی باشوور کە لە ئاوی نێوان یۆنـان و ئیتالیادا خنکان و کۆچی دواییان کرد ٢٠٢٠/١/١٥)

خوای پەروەردگار لەناو قورئانا

باسی گەنج دەکا کە چرای ژیانە

أصحاب کە کۆمەڵێک گەنج بوون

خاوەنی وۆرە و هیمەت و ڕەنج بوون

هەروا هاتووە لەناو سوننەتا

گەنجی موسوڵمان زۆر بە قیمتە

گەنجانی کوردیش ئەمڕۆ ماڵ وێران

بێ کەس و غەریب لە ڕێی هەندەران

یەکێک دەکوژرێ، یەکێک دەگیرێ

یەکێک دەخنکێ، بۆ بنی بیرێ

توانا و وزەیان بۆ ئەوروپایە

گوایا کە ئەوی بەهەشتی خوایە

داخی گرانم بۆ ئەم سامانە

بۆ چۆڵ کردنی ئەم نیشتمانە

بۆ داتەپینی هێزی بەرگری

کێ بێ کە نازی وڵات هەڵگری

گۆشتی گەنجی کورد بۆ ناو دەریا یە

دەریاش زۆر قوڵە و ڕێگای بەغدایە

هۆ گەنجەکانی وڵاتی بێ شوانم

کەوتویتە ڕێگای مان و نەمانم

توخوا با بەس بێ ئەم کۆچە سەختە

دەریا بێ ئامان گەلێک ناوەختە
توخوا لە قینی گەندەڵی و دزی
لە دەستی مەدەن ڕێگای سەربەرزی
داوام لە خوایە ئەم پۆلە گەنجە
کە زۆریان بینی ئازار و ڕەنجە
خۆش بە لە گوناە و تاوانەکانیان
پێیان ببەخشە بەهەشتی جوانیان
ڕانیە ٢٠٢٠/١/١٥-

٢٠٢-زۆر لەمێژە (ئیسلام و کورد)
زۆر لەمێژە ئیسلام و کورد دەستەملاّنن
زۆر لەمێژە ڕووح و لاشەو خوێنی دڵانن
زۆر لەمێژە نان و ئاوی کانی سازن
زۆر لەمێژە بێچوو باڵندەو هێلانن
زۆر لەمێژە مزگەوت و دێ هاوتەمەنن
زۆر لەمێژە لە کەنیسەی پەشیمانن
زۆر لەمێژە حوجرەو ئەدەب هاوتەریبن
زۆر لەمێژە قەدو باڵاو سیمای جوانن
زۆر لەمێژە مێژوو قورئانمان ئاوێتەن
زۆر لەمێژە گوڵو میوەو سفرەی خوانن
زۆر لەمێژە گورڕو تینی و گەنج و لاون
زۆر لەمێژە پشتی پیرو حەیزەرانن
زۆر لەمێژە دەرمانی دەردو ساریژن

زۆر لەمێژە پزیشکێکی بەویژدانن
زۆر لەمێژە وەکو مامۆستاو شاگردێک
هەردوو دیوی دراوێکی قەدر گرانن
زۆر لەمێژە باوک و ڕۆڵەی خۆشەویستن
زۆر لەمێژە خاک و خەڵکی نیشتمانن
زۆر لەمێژە بولبولێکی ئاواز خۆش و
گوڵو گەڵاو دیمەنێکی بەهارانن
زۆر لەمێژە مێژووی چەندین ساڵەی کوردو
کەلەپورو کلتورەکەی کوردستانن
زۆر لەمێژە وەکو دوو هاوڕەمی بەریز
بێ یەک ناژین، نرخی یەکتری دەزانن
ئەگەر ئەمڕۆش کەسێک بێت و لێکیان بکات
هەردوو دەڵێن: بابە ئێوە سەرگەردانن
کەی دەگونجێ ئاو و ماسی بێ یەک بژین
ئەوکات ئێوە براوەن و شادومانن
کەی دەگونجێ مرۆژ بژیت بێ ئۆکسجین
ئەوکات ئێوە، خاوەن پرۆژەی جوانن
ڕانیە ٢٠-٧-٢٠١٩
٢٠٣-دەردی غەریبی
دەردی غەریبیم دیتووە، بۆیە دەدی غەریبان دەزانم
تاڵی و ترشیم زۆر چەشتووە، بۆیە هاوار ئەکەم پر بەزمانم
ژیانی گەنجیم بەڕێ کرد خۆشیم نەدی بەچاوانم
تەمەنی لاویم بەسەرچوو دوور لەخاک و نیشتمانم
بەڵام ناخۆشی و ئێش و ژان هەتا زۆربێ بەئیمانم
بێ باکم لەدەردەسەری چونکە خوایە پشتیوانم

چاک ئەزانم کە پێغەمبەر غەریبی دی بۆ قورئانم
بۆیە ئەگەر ڕێی ئەو بگرم ئەزانم ئەهلی ئیمانم
بەڵێن تازە ئەکەمەوە تا هەبم بەندەی ڕەحمانم
ڕاستە کەوا من غەریبم دوورم لەخۆشەویستانم
خوایە لێت ئەپاریزمەوە غەریبی ڕێگای قورئان بم
نەوەکو ڕەنجەڕۆی دونیاو بەدبەختی ڕۆژی پەسڵان بم
سەردەشت – گوندی بەڵاو
١٩٩٥
٢٠٤-مزگەوت
مزگەوت چەند شیرینە
جێگەی ئارامی و ژینە
دەڵێی نان و هەنگوینە
جێگای دینداری و دینە
مزگەوت ماڵی خواییە
جێگای دین و تەقواییە
ئاشتی و ئارامی تیاییە
جێ ی هەوڵ و تەقەڵاییە
جێی نوێژو جەماعەتە
جێگای دین و سیاسەتە
دوور بەڵاو موسیبەتە
زانستگای عەدالەتە
جێگای دەرس و تەفسیرە
شوێنی حەدیس و سیرە
جێگای فیکرو تەگبیرە
دژی درۆو تەزویرە

جێی ژن مارەکردنە
جێگای شەکراو خواردنە
جێگای هەژار دیتنە
دژی سستی و خەوتنە
ڕانیە ٨-٨-٢٠١٥

٢٠٥-هاوڕێ و برادەر
ئەوی لەژیندا پێی دەڵێن برادەر
بۆ تۆ ئارامی یە یان بژەو خەتەر
بۆ دین و دونیا کارت تێدەکات
هەوڵ و تەقەڵات بەفیڕۆ دەدات
سێ جۆر برادەر هەیە لەژیانا
چاکیان بناسەو باشیش بیزانە
جۆری یەکەمیان قەدری گرانە
تۆ بەبێی ناژی هەروەکو نانە
جۆری دووەمیان جار جار پێویستە
کاتی نەخۆشی وەکو دەرمانە
جۆری سێیەمیش پیس و نەگبەتە
میکرۆب و دەردە وەک سەرەتانە
ڕانیە ٢٠١٩/٢/٢٣
٢٠٦-کۆتایی ساڵ
لەعومرمان ڕۆیشت یەک ساڵی تەواو
سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژی هەتاو
چل و هەشت هەفتە گەڵا هەڵوەری
هەروەکو باران تەمەن دەوەری

شەوانی تاریک دەپێچرایەوە
ڕۆژانی ڕووناک نەگەڕایەوە
هەرچی کە کردمان لەم دوانزە مانگە
لەکاری ماڵێ یان لەفەرمانگە
هەمووی نووسراوە بووە بەمەلەف
تۆ دوات خستبێ یان بوبێ سەلەف
لەکۆمپیوتەری خوادا نووسراوە
تا ڕۆژی قیامەت بۆت هەڵگیراوە
ڕانیە ٣١-١٢-٢٠١٨
٢٠٧-سۆزی دایک
(بەبۆنەی دوور بوونم لەدایکم نووسیم)
هۆ دایە گیان چاک ئەزانم کە سۆزی تۆ لەبن نایە
لەڕێگایەکی وشکانی بۆ تینوێتیم وەک دەرییایە
لەوەختی سەرماو سۆڵەدا وەکو تیشکی ڕۆژێ وایە
لەکاتی شەوی تاریکدا ڕووناکاییە وەک چرایە
لەوڵاتی غەریبایەتی بۆمن کەس و پەناگایە
لەگەرمەی خەم و خەفەتدا هاوڕێیەکی بەوەفایە
لەبازاڕی گرانیدا وەکو زێڕو گەوهەر وایە
لەڕێگای نەشارەزایی بۆمن چاوساغی ڕێگایە
بەڵام چی بکەم؟ لەتاوی تۆ خەریکە کووری دایە
دەستی قەدەر دایبڕیوم بۆمن وەکو ئەژدیهایە
لە هەر لایەکی دونیابم بێ تۆ قەناعەتیم نایە
زۆر کەم نرخم لەڕاستی تۆ ئەو پێلاوەم لەپێتایە
گەر ئەپرسی لەحاڵی من دڵم وەکو مۆمێک وایە
ئەتوێتەوە لەتاوی تۆ بەهیچ جۆر کۆتایی نایە

جا سووێند ئەخۆم بەخوای گەورە ئەوەندەی لەتوانام دایە
تەنها خزمەتی تۆ بکەم، چونکە بەهەشت لەوەیدایە
سەردەشت – گوندی بەڵاو
١٩٩٥
٢٠٨-داواکاری منالێک
بەگچکەیی دەپێم بێژن
قورئان لەدڵمدا بنێژن
تا دوژمنان نەیان دزیوم
تا بەباڵی وان نەفڕیوم
تا ڕێگام لێ نەگۆڕاوە
تا باوەڕم نەدۆڕاوە
هەتا وەکو کاغەز پاکم
با بناسم خودای تاکم
بابناسم پێغەمبەرم
بۆ من بۆتە تاجی سەرم
باقیبڵەی ڕاستم بزانم
هەتا نەڵێم سەرگەردانم
بۆیە دەڵێم: بابە، دایە
توخوا کام ڕێگا ڕەوایە
نیشانم دەن، دەستم بگرن
هەتا لەدڵمدا نەمرن
ئۆباڵ بەئەستۆی ئێوەیە
کام ڕێگا خێری پێوەیە
با لەسەری بژیم بمرم
نەوەک ڕێگای خەراث بگرم

ڕانیە ٢٠١٩

٢٠٩-تەمەن هەورە

پەندی وەربگرە، کە تەمەن دەڕوا
بەهەموو دونیا، نایەتەوە دوا
تاکە چارەسەر تویژووی تۆبەیە
چونکە جەهەننەم وەکو سۆبەیە
ڕانیە ٢٠١٩/١١/١١

٢١٠-وەسیەتم بۆ ڕۆڵەکانم

ڕۆڵە وەسیەتت بۆ بکەم بەدڵ
بیکە بەئەڵقە تا دەچێتە ژێر گڵ
ڕوو لەخوداکەو خودا بناسە
کێ لەخوا دووربێ دیل و کەساسە
بگرە هەنگاو و ڕێگای پێغەمبەر
فەرموودەکانی بکە تاجی سەر
بچۆ ناو خەڵک لەنزیک و دوور
لەناو شاردابم یان لەسەر سنوور
پیاوی ئاشتی بەو دۆستی هەژاران
خۆت بەدوور بگرەو نەیە سەرزاران
ئەگەر دەتەوێ بژی بە مەردی
پێت شەرم نەبێ کەوا تۆ کوردی
بەڕەنجی شانت حەڵاڵ و زەڵاڵ
بەخێویان بکە تۆ ماڵ و منال
بۆ هیچ دوژمنێ نەبی بەجاسوس
نەبێە برادەری پیاوی بێ ناموس

نۆکەری نەکەی بۆ زاڵم و زۆردار
بۆ پیاوی خەراب نەبێتە تەرەفدار
بۆ خاتری هیچ کەس پیاوی نەکوژی
بەناحەق هەروا خوێنی نەڕێژی
نەبێتە پاسەوان بۆ پیاوی بێ دین
با سزات نەدا (رب العالمین)
گەندەڵی نەکەی، بەرتیل وەرنەگری
لەسەر ڕێبازی بێ دینی نەمری
نەبێتە برادەر لەگەڵ پیاو خەراث
گەرنا زوو ئەتبا بۆ قومار، شەراب
قەت دزی نەکەی تا نەچێتە زیندان
تا لەدەست نەدەی متمانەو ئیمان
هەتا ئەتوانی بچۆ بۆ مزگەوت
کاتێ ئەزانی وا فریات کەوت
بچۆ مەکتەب و دەرس بخوێنە
بەڕێی خۆت لەژێر خەڵکی دەربێنە
بەجێ نەمێنی لەکاروانی ژین
پێکەوە جوانە هەم دونیاو هەم دین
دەست بەتاڵ مەبە تا ماوی لەژیان
تا لەلای خەڵک نەبی چارە گران
قەرز زۆر مەکە چونکە قەرزدار
تینی بۆ دێن نایمێنێ قەرار
خۆت بەدوور بگرە لەگیرەو کێشە
بەقەد بەڕێی خۆت قاچت ڕاکێشە
بەکوردی و کورتی هەر چاکەکاربە

دۆستی هەژارو دژی زۆرداربە
ڕانیە ٢٠٢١/٩/٩

٢١١-کۆتایی ڕۆژی بەرێزم
لە تەمەنی گەنجێتیدا
هاتمەبەر دەرگاو ماڵەکەت
دێم و بۆت دەچەمێمەوە
لە سوژدەو لە بەرماڵەکەت
تا بزانن لاوەکانمان
بە گەنجی خۆشە دینداری
پایزو زستان بەڕێوە
لە دەستی نەدەی بەهاری.
٢٠٢٣/٩/٣

٢١٢-فەرمانی بە چاکە
دڵسۆزی بۆ دین، ئەرکی موسڵمان
کارکردن بۆ خوا و خزمەتی قورئان
ئیسلام باخێکە و پەژینی دەوێ
دەبێ ئاوی بدەی بە ڕۆژ و بە شەوێ
دەبێ بژاری کەی لە درک و داڵێ
دەبێ بپرسی هەر دەم هەواڵێ
دەبێ پەژینی بکەی بە جوانی
هەتا کۆوەکەی خەڵە و خەرمانێ
ئەمەش بە ئەمری بە چاکە دەبێ
لە ڕێی ئەم دینە زۆر پاکە دەبێ
وەڕێگات گرتن لە ڕێی ناڕەوا

لەسەر سوننەت و وتەی پێشەوا
چونکە خراپە زۆرە و بڵاوە
کاری ناشەرعی لەبەر هەتاوە
خراپەکاری وەک ئاگر وایە
بڵاو بۆتەوە و پڕی دونیایە
پێشی پێ نەگری دەگاتە ماڵت
وێرانی دەکا حاڵ و ئەحواڵت.
(٢٠٢٠/١/٢٤)
٢١٣-خودا ببینە
سزای کۆرۆنا
نەچی مەغرور بی بە چەک و سەرباز
بکوژی ژن و منداڵی بێ ناز
لە تۆ گەورەتر زاتی اللەیە
کە مشوور خۆری هەموو دونیایە
خوا مۆڵەت دەدا بە هەموو کەسێ
هەتا ئەو کاتەی کە لێی دەپرسی
چین گەورەترین هێزی دونیا بوو
جێی ئازاردانی خەڵکی خودا بوو
هەزارانی کوشت لە ئەهلی ئیمان
هەزارانی کرد وێڵ و سەرگەردان
شکاندی ئەبرووی ژنی موسڵمان
ئەبرووی تکاندن لە ژووری زیندان
ئەو هێزە گەورەی یاخی و مەغرور بوو
دژی قورئان و دەرچووی سنوور بوو
بە مێشوولەیەک وا هەمووی هەژاند

کردی به پەند و دنیای تێ گەیاند
هەمان ڕووداوی نەمرودی ستەمکار
دێتە بەر چاوی میللەتی هەژار
ئەویش کە دەیوت: خو منیش خودام
وەک ئێوە نیم و لە ئێوە جودام
هەتا بزانێ هەموو ستەمکارێ
کە خوا تووڕە بوو غەزەب دەبارێ
زیندانیان کردن، ملیۆن موسڵمان
خۆیان زیندانن لە ناو خانووەکان
قەدەغەیان کرد حیجاب و نیقاب
خۆیان نیقابن، بە ئیش و عەزاب
ئەوەیە حوکمی مارکس و لینین!
پڕۆژەی جوانی ماوو ستالین؟!!!
بۆیە وتراوە: کە بووی بە ئەمیر
زاتی پاکی خوا قەت نەکەی لە بیر.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٢/٢)
٢١٤-چارەسەری چییە
گەورە تەمەشایەکی ناو قورئانا
مێژووی میللەتان ڕوون و عەیانا
پێغەمبەرانی بە ڕێز و سەنگین
بە دەستی کافران زۆر کران غەمگین
بە شەو و بە ڕۆژ بە لەیل و نەهار
خەباتیان دەکرد بە درێژی ڕۆژگار
بەڵام کە هەندێ گەل و نەتەوە
لە دژیان وەستان بەو ڕۆژ و شەوێ

هەر یەک بە دەردێک تەفروتوونا بوون
تووشی ئازار و سزای خودا بوون
ئێستاش زۆر بووە گوناە و تاوان
کاری ناشەرعی و پیلانی شەیتان
کوشتن و بڕین و زینا و سوو خواردن
بووەتە بۆیری و بە چاک هەڵبژاردن
درۆ و فڕۆ فێڵ، چەواشە و ریا
دایان تکاند و نەیانهێشت حەیا
خۆ ئەم جیهانەش بێ خاوەن نابێ
ژیانی دنیاش بە تاوان نابێ
چۆن هەر دەوڵەتێک سنووری هەیە
هەوییە و پاسپۆرت حزووری هەیە
ناکرێ کە حیساب بۆ خودا نەکرێ
لە هەموو کاتێک پەنای پێ نەبرێ
بۆیە پێویستە هەمیشە و دەوام
بگرین ڕێبازی ئەو خەیرولئەنام
ئەمڕۆش لە کاتی دەردی کۆرۆنا
کافر و موسڵمان شین و ڕۆڕۆنە
تاکە چارەسەر پەنای اللەیە
سوننەت و ڕێگای ڕەسول اللەیە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٣/٩)

٢١٥مووی سپی

کاتی بینینی وێنەی پیرەپیاوێکی سەرو ڕیش سپی نووسیم:

قوربانی تاڵی ڕیشی سپیت بم
کە دەڵێی بەفرە و لە شاخ نیشتووە

كه دەڵێی گەنمی وەرزی هاوینە

بە زەبری تیشکی ڕۆژ پێگەیشتووە

ئەو مووە سپییەی تۆ لە دەم و چاوت

كە نەخشی خودای لەسەر ڕشتووە

كە خودا فەرمووی من شەرمی دەكەم

لەو مووە سپییەی كە تۆی پۆشتووە

بۆیە ڕێزی تۆ لەسەر چاوانە

لەو ڕۆژەی برا، برای كوشتووە.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٣/١٣)

٢١٦-ئەم نزاەم كردە شیعر

اللهم یا مقلب القلوب والأبصار، یا مدبر اللیل والنهار، یا محول الحال والأحوال، حول حالنا وحال جمیع المسلمین إلى أحسن الحال

خوایە خاوەنی دڵ و دەروونان

پەروەردگاری دەشت و بێروونان

ئەی ڕێكخەرەكەی گشت ڕۆژ و شەوان

خاوەن جوڵان و ناو پڕخەی خەوان

ئال و گۆڕكاری حاڵ و ئەحواڵان

حاڵمان چاك بكە لە خانو و ماڵان.

(كاتی نەخۆشی ڤایرۆسی كۆرۆنا - ڕانیە ٢٠٢٠/٣/١٥)

٢١٦-بۆ بەرپرسانی كورد لە بەغدا

دەڵێن: لە بەغدا خۆشی و سەیرانە

شەرابی خەست و هەنگوینی شانە

كوڕ ئەو كوڕەیە بگاتە ئەوێ

چونكە كوردستان پڕ لە قەیرانە.

(ڕانیە، مانگی ٢٠١٨/٩)

٢١٧-مەندیل

مەندیلی حازر و جبەی ئاماده

زۆر کەسی کرده خاوەن شەهاده.

(ڕانیه ٢٠١٨/٩/١٧)

٢١٨-دوو وێنه ٣٠ ساڵی بەینه

دوو وێنەی له یەکتر دوور

به ئەندازەی دووری سنوور

دوو تەمەنی له یەک جیاواز

یەکیان به ناز، یەکیان بێ ناز

له تەمەنێکی تێپەڕیوو

تەمەنێکی ئاوات نەدیوو

یەکیان مووی سپی، ئەوی تر ڕەش

لەبەر چاوان جوان و گەش

تەمەنه و ناگەڕێتەوه

لاپەڕه هەڵنادرێتەوه

بەڵام موو که بۆ خوا سپی بێ

گوناه و تاوانی نەدی بێ

خۆشه بۆ بەر قاپێ خوایی

سەر شۆڕ نەکەی به ڕیسوایي

پەند وەرگری لەو مووانه

بزانی قیامەت له پێشمانه.

(ڕانیه ٢٠١٨/٧/٣١)

٢١٩-جگەره کێشان

کاتی بینینی تەپڵەکەی جگەره نووسیم:

ئەمەی دەبینن تەپڵەکی تووتن

بۆ جەرگ و هەناو سەلکە بزووتن
جگەرە کێشان دوژمنی گیانە
پیاوی جگەرە خۆر ماڵی وێرانە
زۆر نارەوایە لە نەزەری دین
چونکە زەرەری زۆر هەیە بۆ ژین
ئەو لەشە جوانەی دراوە بە تۆ
بۆچی پڕ ببێ لە دووکەڵ و بۆن و سۆ
بۆ دادەرزێنی دڵ و سیپێڵاک
بۆچی دەکێشی جگەرەی ناپاک
بۆ بە فیڕۆ چی سەروەت و سامان
بۆ دەیسووتێنی پارە و ماڵی جوان
بۆ پڕ خڵتە بێ بۆڕی هەناسە
بۆ دروست ببێ لە قوڕگت تاسە
بۆچی ناخۆش بێ بۆنی دیوەخان
بۆچی پڕ نەبێ لە گوڵ و ڕەیحان
بۆ ماڵ و منداڵ ببن گرفتار
بۆچی بچێژن مەینەت و ئازار
ساڵانی پێشوو تووتن و جگەرە
خواردنی پیر بوو دژی جگەرە
بەڵێ بە داخەوە ئێستا گەنج و پیر
منداڵ و گەورە و پیاوی ڕووناکبیر
بە کۆمەڵ دەخۆن تووتن و نێرگەلە
لە ناو کافتریا، پڕ لە کوڕ و گەلە
خۆ ئەگەر بڵێی جگەرە حەرامە
دەڵێن زۆر مەلا وا بەردەوامە

خۆ ئەگەر بڵێی زەرەر و زیانە

دەڵێن: دکتۆریش وا لە پێشیانە

بەڵام خوا عەقڵ و چاوی داناوە

هەر شتێک پاک بێ ڕاست و تەواوە.

(ڕانیە ٢٠٢٠/١/٢٠)

٢٢٠-بۆ مامۆستایان

بۆ مامۆستای شەهیدم مامۆستا مەلا عوسمان یاخیانی کە ساڵی ١٩٨٦ بە دەستی ڕژێمی بەعس شەهید کرا، ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

چرۆی ناسک بووی زوویان وەراندی

میوەی تازە بووی زوویان تەکاندی

تۆ چرا و خۆر بووی بۆ دەوروبەرت

گەیشتیتە خزمەت گەورە و سەروەرت

میراتگرەکەی پێغەمبەری خوا

خێر و سەدەقەت هەر بۆ دێ لە دوا

کەسێک تۆی دیبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان

ناگۆڕێ وەک گوڵەبەڕۆژان

ئازیز زۆر دیارە شوێنی پەنجەکەت

ڕۆیشتنی جوان و لار و لەنجەکەت

بە لەشە دووری دڵم لە لاتە

ڕێگا و ڕێبازت بۆمان خەڵاتە

تەمەنت کورت و ڕێگات پڕ ڕێبوار

زۆرت هاتە پێش ئەشکەنجە و ئازار

ئەو چاوە کوێر بێ جاسوسی لێت کرد

ئەو دەستە بشکێ کە دەستی بۆت برد

مامۆستای خۆم و هەموو ناحیەکەم

بۆ گیانی پاکت دەبێ تەحیە کەم
کەسێک کە هەیبێ ئیمان و ویژدان
دەبێ دوعا بکا بۆ مەلا عوسمان
جێگات بەهەشت بێ بگەیتی فیردەوس
شاد ببیتەوە بە گشت قەوم و کەس.
(ڕانیە ٢٠١٩/٩/١)

٢٢١-خوایە هاوار
خوایە هاوارمان بگاتە لای تۆ
وا جیهان پڕ بوو لە هاوار و ڕۆڕۆ
دوریان خستەوە دینت لە دەوڵەت
قوڕیان بە سەر بوو حکوومەت و میللەت
ئەو دینەی کەوا ناردووتە بۆمان
بەرنامەی ژیانە بۆ هاتوو چۆمان
دونیا پڕ بووە لە زوڵم و ستەم
قەتڵ و عام دەکا زۆرینە هی کەم
دونیا پڕ بووە لە زوڵم و فەساد
دادگا پڕ بووە لە جەور و ناداد
بازاڕ پڕ بووە لە درۆ و چاو و ڕاو
ڕۆژ ڕۆژی پیاوی سووک و بە ماستاو
بەڵام کە دادێ نەخۆشی و پەتا
لێرە هاوارە هەتا ئەوروپا
هەتا لە خۆشین دژی ڕەوشتین
شەڕی وڵاتان دایم خوێن ڕشتن
لە بار و مەلها و دەریایان شەراب

ئیشی دەسپێرن بە پیاوی خراپ
کاتێک دەگەنە تین و تەنگانە
هاوارێ دەکەن بۆ خوای تاقانە
خوداش بەرنامەی جوانی داناوە
هەر کەس لێی لادات ژیانی فەوتاوە
هەر کەس لە کاتی خۆشی و فەرحانی
ملی کەچ نەکا بۆ خوای جیهانی
کاتی تەنگانە ناگاتە فریای
لێی وەرناگرێ هاوار و نزای.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٣/٢٠)
٢٢٢-کێ دڵسۆزە؟
زانایان توخوا هەڵ و هیمەتی
بۆم ڕۆژە سەختە، نرخی قیمەتی
ئێوە جێگر و میراتگری کێن
لە ناو میحراب و لە مینبەر لە جێن
هەر لە دایک بوون، هەتاکو مردن
زیندان، ئەشکەنجە، گیان بەخت کردن
خزمەتی خەڵک و خاک و نیشتمان
شیعر و ئەدەب و هونەر پیا هەڵدان
مێژوو دیوان و شیعر و هۆنراوە
لە ژووری حوجرە و مزگەوت دانراوە
ئێوە پزیشکی دڵ و دەروونن
شاریژ و دەوای دڵی زەبوونن
ئەوانەی ئەهلی گۆرانی و سەفان
بۆ ڕۆژی سەختی نەخۆشی و وەبان

میکرۆبی ڕەوشت، دزی باخەڵن
ڕۆژانی سەختیش، وون و دەغەڵن
دژی ژیان و دژی بەهارن
میکرۆبی گیا و گوڵ و گوڵزارن
بۆیە زانایان، دەرزی و دەرمانن
پۆشاکی لەش و تیشکی ویژدانن
بە دوعا و نزا و بە ئامۆژگاری
نیشانیان بدەن ڕێگای ڕزگاری
هیچ کەس وەک ئێوە نەبووە بۆ خەڵک
بە بێ بەرامبەر نەبووە کەڵک.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٤/٦)
٢٢٣-بۆ پێغەمبەر
کاتی هەبوونی نەخۆشی کۆرۆنا کە دەوری کەعبەی پیرۆز و ڕەوزەی پێغەمبەر چۆڵ بوو بوو.
ئازیزەکەم وانەزانی دەورت چۆڵە
ئەوەی دەیلێن لە دووڕەوە وەک دەهۆڵە
سەرکردەکان زۆر دەترسن دەوریان چۆڵ بێ
قەسر و کۆشکیان وێرانی بێ و بن هەڵۆڵ بێ
جەماوەریان لە برسانە و لە ترسانە
بەڵام بۆ تۆ خۆشەویستییە و لە عیشقانە
ئەگەر ئێستاش دوورین لە تۆ هەر لەشە
داپڕانمان لە تۆی ئازیز چەواشە
ملیارێک و هەشت سەد هەزار ڕێبواری تۆین
تۆ سەروەری و تۆ سەرداری و ئێمە پەڕوین
تۆ خۆراکی، تۆ هەناسەی بۆ جەستەمان
تۆ ئاوازی، تۆ هۆنراوەی بۆ بەستەمان

تێکەڵاوی لەگەڵ خوێن و جەرگ و دڵمان
تۆ ڕووناکی بۆ ناو ماڵ و بۆنی گوڵمان
هەر چرکەیەک بێتە پێشێ یەک هەناسە
دەگەینە لات بە تامەزرۆ و پڕ لە تاسە
تا ئەو ڕۆژەی دێینە خزمەت لە سەر کەوسەر
تۆ مامۆستا، تۆ پێشەوا، تۆ پێغەمبەر.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٣/٢٦)
٢٢٤-بەرەو ژیان
سِيرُوا فِي الْأَرْضِ
خودا دەفەرموێ... سِيرُوا فِي الْأَرْضِ
واتە: بگەڕێن بە سەر زەمیان
نەک بە تەنها بۆ گەشت و گوزار
بەڵکو بۆ ژیان و بۆ بەرگ و بۆ نان
وە بۆ فێر بوونی عیلم و زانیاری
چ لە زەوی بێ یاخود لە ئاسمان
سوپاس بۆ خودا گەشتەکەی ئێمە
بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر گیان
چونکە ئەم دینە ڕێگای پێ داوین
کە بچینە ناو مانگ و ئەستێران
خۆ عومر و تەمەن گەلێک بە نرخن
نابێ لە دەست چن بە سووک و هەرازان
با بۆ فێربوونی زانست و سەنعەت
بگەینە وڵاتی چین و هیندستان
وڵات بە عیلم بە پێش دەکەوێ
نەک بە گۆرانی و ڕەقص و خۆ بادان

زۆر جار ڕقمانە لە دوژمنی کورد
کەچی بۆ قاچیان دەبینە پلیکان
با ووریا بین و هۆشیار بینەوە
گەربمانەوێ سەرکەوین لە ژیان
زۆر گەلمان بینی دیل و ژێر دەستە
بە تەکنەلۆجیا گەیشتنە لووتکەکان.
(تورکیا – ئەستەنبوڵ ٢٠١٩/٨/٢٠)

٢٢٥-پێشەوا بوخاری
لە ئەستەنبوڵم بۆ گەشتی دینم
تا شارەزابم بەرنامەی ژینم
نۆ ڕۆژ گوێ گرتن لە وتەی ڕابەر
واتە: پێغەمبەر وەک تاجی سەر
باشترین پەرتووک لە دوای قورئانێ
کەسێک بیخوێنێ و ڕێزی بۆ دانی
کتێبی بوخاری نایاب و شیرین
کە بەرنامەیە بۆ دین و بۆ ژین
چونکە ناحەزان لە نزیک و دوور
دژی دەخوێنن، لە ناوخۆ و سنوور
ئەمیش چرایە و ناکوژێتەوە
هەڵمەتی دینە و نانیشێتەوە
ڕێبواری زۆرە ئەم ڕێگا خێرە
کە دەیپارێزن وەک بەچکە شێرە.
(تورکیا – ئەستەنبوڵ ٢٠١٩/٨/١٧)

٢٢٦-پۆشاکی کوردی
لە ئەستەنبوڵم بە جلی کوردی

جلێک پراوپڕ، سیفاتی مەردی
شانازی دەکەم بە کلتوری خۆم
هەتا ئەو ڕۆژەی بۆ ناو گۆڕ دەڕۆم
من نە ئینگلیزم، نە تورکمانم
بۆچی قیمەتی بەرگم نەزانم
نە عەرەبی دەشت، نە فارسی تاران
هیچی ناگاتە کوردییەکی جاران
کابرای ئینگلیزی، چاکەت و پانتۆڵ
لای گەورەترە لە دەنگی دەهۆڵ
پیاوی ئەفغانی، یان پاکستانی
تۆپێک قوماشی خستە سەر شانی
کابرای عەرەبی، عەقال و دشداشە
لێی داپڕێ و بۆی بووەتە شاشە
جا سیاسییەکانیان یاخود جەماوەر
هەردەم دەیپۆشن بۆ ناو دەشت و دەر
بۆ دەبێ منی کوردی بەش کراو
خێر لە خۆ نەدیو خاک داگیرکراو
بە شەرمی بزانم بەرگ و پۆشاکم
چۆن بێ دەوڵەت و بێ ئاڵا و خاکم
هەر لە پەرلەمان هەتا وەزیران
نابینی بەرگی کوردی هەژیران
هەر لە فەرمانگە تا قوتابخانە
لە کۆچە و بازاڕ هەتاکو لانە
زۆر کەم بووەتە پۆشاک و کلتوور
لە شار نەماوە، مەگەر گوندی دوور

تەنها بۆ ڕۆژی ژن ماره بڕین
یاخود نەورۆز و کەل و پەڵ کڕین
برام هەڵەیە، خوشکم فریوه
لە ئەم بەرگە جوانتر لە بەر کێت دیوه
شانازی بکە بە کلتوری خۆت
هەتا نەبینی دیلی و بەند و کۆت.
(تورکیا – ئەستەنبوڵ ٢٠١٩/٨/٢٣)
٢٢٧-بۆ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)
ڕاستە بچووک بووی زێڕیش بچووکە
دوای خۆت پەریزت کتێب و پەرتووکە
کاتی وەفاتت کێشت دابەزی
نەک لە ئاسمانن، بەس لە سەر ئەرزی
پەنجا کیلۆ بوو هەیکەل و باڵات
پەنجا و یەکیش بوو هەوڵ و تەقالَات
عیلم و زانیاری سومعە و کەرامەت
بۆ دنیاش باشە لە پێش قیامەت
یادت لە دڵان هەر زیندوو ماوە
چونکە ڕێزدار بووی لە لایەن خواوە
بە پێغەمبەریان وت: دوا بڕاو
ناوی پیرۆزی گەش بوو وەک هەتاو
{دەوران دەوڵەتت لە دەست ئەسێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ}.
(تورکیا - ئەستەنبوڵ ٢٠١٩/٨/٣٠)
٢٢٨-زینۆی وەرتی لە ڕانیە

لە ٢٠٢٠/٤/١٥ خەریک بوو شەڕی کوردکوژی لە نێوان یەکێتی و پارتی و پەکەکە ڕووبدات لە سەر لووتکە شاخی وەرتی (زینۆی وەرتی)

وای چەندە خۆشە، ئەم نیشتمانە

بەڵام بێ دڵسۆز، بێ پشتیوانە

ئەوەی دەبینن و وا لە بەر چاوە

فەزڵ و بەخششێ خوای میهرەبانە

لە هەر وڵاتێک سروشت ئاوا بێ

جێی ئاسودەیی و سەفرە و سەیرانە

بەڵام وڵاتی من لە دوای چەندین ساڵان

ئەڵغامی بەعس و کوردیش قرانە

لە دوای نەمانی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ

شەڕی ناوخۆ بوو، دەردی گرانە

وا چەند ساڵێکە پشوومان داوە

ڕێگای دێگەڵە سووک و ئاسانە

بە س وا خەریکە بە فیتی دوژمن

ڕێگای طیران و سنوور دانانە

لە نێوان زۆنی زەرد و سەوزدا

وا نەخۆش دەمرێ و دەوا گرانە

ئێستا خەریکە کە زینۆی وەرتی

بە ڕەواج دەبێ و جەنگ هەڵگیرسانە

نازانم تاکەی ئەم کوردە گێژە

تەفەنگ بە دەست و دار لە سەر شانە

وا سەدەیەکە دەوەنە ئاش و

دوژمن ئاشگێرە و کوردیش سەپانە

یا خوا ڕیسوا بێ ئەو کوڕە کوردەی

لە ناو سەنگەرێ دژی کوردانە
بە س هەتاکەی پێشمەرگەی هەژار
خۆت دەکوژرێ و شین و گریانە
ئەگەر بەرگری لە خاک و خەڵکە
بە هەر حاڵ چاکە و قەدرت گرانە
بەڵام کە کوردێک، کوردێک بکوژی
چەند خەیانەتە و ڕێگای شەیتانە
وا سەدان ساڵە کورد، کورد دەکوژی
کرمی ناوخۆیە و پیشەی کەوانە
سەرێک کە نەبێ عاقڵ و هۆشێ
وەک زرکە تاڵە و لە ناو چەمانە
دڵێک کە نەبێ جەزرەبە و جۆشێ
شووشەی بەتاڵە و لە ناو فنجانە
کورە دەبەستە دەردی ناپاکی
مەلا عەبدڵا... دەروون پڕ ژانە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٤/١٦)

٢٢٩-دەمانچە

کاتی بینینی دەمانچەی پۆلیسی نووسیم و وتم/ لە سەر زاری دەمانچەکە وتراوە
کاتی خۆی هاتم بۆ پارێزگاری
بتانپارێزم، لە لادی و شاری
بە منیان دەووت: سەودا و مامەڵە
بە تۆوە ناکرێ، بە ڕاست و هەڵە
بەڵام وا لە لای مزگەوتی گەورە
دێت و دەفڕۆشرێ بە کات و دەورە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٤/١١)

٢٣٠-مزگەوت

کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و داخستنی مزگەوتەکان نووسیم:

تەنها مزگەوت بوو، کە لە کوردستان
هەزاران زانا و دانای پێ گەیان
ئەو کاتەی نەبوو زانکۆ و پەیمانگا
مزگەوت بوو بوو بە جێی پەناگا
هەر مزگەوت بوو کە دروستی کرد
سەدان شاعیر و دەرس و پەندی کورد
تەنها مزگەوت بوو هێنایە کایە
ئەدیب، مێژوو نووس، بووبە مەئوایە
کاتی سیاسەت و شۆڕشی کوردی
مزگەوت دروست کران بە دار و بەردی
بوونە هێلانە و بنکەی پێشمەرگە
جێگای خەوتن و پلانی جەنگە
خەڵکی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین
ئاوەدانیان کرد مزگەوتی ڕەنگین
مزگەوت جێگای دین و دنیایە
مزگەوت جێگای نوێژ و تەقوایە
مزگەوت جێگای ژین و تەدبیرە
مزگەوت جێگای ڕێز و تەقدیرە
ئێستاش کۆرۆنا و پەتا و نەخۆشی
ئێمەی داپڕی لە دین و خۆشی
ئێستا زانیمان مزگەوت زەروورە
بەرەو قیامەت ڕێگامان دوورە
بۆیە پێشینان: دەڵێن قەدری مانگ

لە تاریکە شەو دیارە وەک بانگ
موسڵمان ماسییە و مزگەوتیش ئاوە
ماسی بە بێ ئاو دیارە خنکاوە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٤/٢٦)
٢٣١ ــ ٢٩ساڵە :
بیست و نۆ ساڵە بە بێ ژێرخانین
قەدری وڵات و خاکمان نازانین
بیست و نۆ ساڵە دژ و ناکۆکین
خەریکی شەڕ و دادڕی پەڕۆکین
بیست و نۆ ساڵە بێگانە پەرست
خۆ خەریک کردن بە کاری زۆر سست
بیست و نۆ ساڵە شایی و گۆرانی
ڕەقص و سەمایە و بەزمی شەیتانی
بیست و نۆ ساڵە بە بێ کارخانە
هەر بەرزمان کرد چەند باڵەخانە
بیست و نۆ ساڵە بە تەمای جیران
گەنجەمان بێ کارە و کەووتووە وەک پیران
بیست و نۆ ساڵە چاو لە دەستانین
چاوەڕێی خێر و دەستی جیرانین
بزن بۆ شەوێک خەمی خۆی دەخوا
تا لە بەر باران نەبێ بێ مەئوا
لە وڵاتی من، نەبوو خەم خۆرێ
فرمێسکی لە چاو، جار جار بژۆرێ
خۆ ئەگەر هەشبێ بێ دەسەڵاتە
چونکە مشەخۆر پاشای وڵاتە.

(ڕانیە ٢/٥/٢٠٢٠)

٢٣٢-شەوی بەڕێز:
ئەم مانگەی تێیداین وا ڕەمەزانە
لەیلة القدرە و خەلە و خەرمانە
إنا أنزلنا کە باسی دەکات
کە دابەزینی دین و قورئانە
دەڵێن کە شەوی بیست و حەوت بوو
کە گۆڕانکاری یاسای جیهانە
دوای شەش سەد ساڵ کەوا دابەزی
پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمانە
دە شەو دانیشتنی کۆتایی ڕەمەزان
پاداشتی هەشتا و سێ ساڵی ژیانە
حەیف و مەخابن مرۆڤ بخەوێ
یاخود بسوڕێ لەو شەقامانە
یاخود خەریکی کاری بێ سوود بێ
دام و دۆمینە لەو کۆڵانانە
کات وەک زێڕە قەدری بزانە
نرخ و قیمەتی گەلێک گرانە
خۆزگە بەو کەسەی نایدا لە دەستی
نرخی زێڕ لە لای زێڕینگرانە
ساڵانی پێشوو چۆن چۆن بە سەر چوون
ئەمیش وای لێ دێ و تەمەن ڕووخانە.
(ڕانیە ٢١ ڕەمەزانی ١٤٤١هـ - ٢٠٢٠/٥/١٤)
٢٣٣-سوژدە

که سەر دەکەمە سەر زەوی بۆ تۆ
لە لام بچووکە، بوونەوەر و مرۆ
کە سوژدە دەبەم، من تۆ دەدوێنم
هەردەم بەندەی تۆم لە هەر جێ و شوێنم
سەر نزم کردنم لە ئاستی بەرزت
وام زانی هی منە، ئاسمان و ئەرزت
کاتێک کە بۆ تۆ دێمە سەر زەوی
بۆ هیچ کەسی تر قەت نابم نەوی
کە تۆ بە پاشای جیهان دەزانم
لە لای غەیری تۆ زۆر هەراسانم
سوژدە بردنێک کە بۆ تۆ دەبری
تام و لەزەتی زۆری لێ دەکرێ
بە سوژدە بۆ تۆ ئازادی دادێ
کە مل کەچ نابێ، بۆ هیچ عیبادێ.
(ڕانیە ٢٢ ڕەمەزان ٢٠٢٠/٥/١٤)
٢٣٤-سووچی خۆمانە:
گڵەیی مەکەین لە تورک و عەرەب
کە لەگەڵ ئێمە دوورن لە نەسەب
چاوەڕێ مەکەین کەسی بێگانە
بۆتان دروست کا خانو و هێلانە
وا یەک سەدەیە دەمان خەوێنن
ڕەگ و ڕیشەمان لە بن دەردێنن
پێمان دەگێڕن دەوەنە ئاشێ
پێمان دەهارن هەموو باراشێ
بە دەستی یەکتر دەمان دەن بە کوشت

بۆ خوێنی خۆمان بە دەستی یەک ڕشت
ئەوان سەر گەرمین بەم کار و ئیشە
چۆن بۆیان بووەتە سەر قاڵی و پیشە
چی دەسەڵات و میری کوردی بوو
بۆ داروخانی کورد خۆی پردی بوو
لە هەر جێگایەک بووبێ ئومێدێک
ڕوون بووبێتەوە بەو نووڕە دیدێک
سەرەڕای ئەوەی دوژمن هەستاون
دۆستیش لە دژی بوون و وەستاون
هەر لە شێخ مەحمود، هەتاکو قازی
لە ناو گۆڕیشدا خوا لێیان ڕازی
جاسوسی ناوخۆ بوونە هاوکاریان
یارمەتیان داون و بوونە دەست باریان
بەڵام زۆر شەرمە مرۆڤ خۆ خۆر بێ
لە بەر چاو زل بێ و کەچی هەر بۆر بێ
{کەسێک کە هەیبێ زەڕەڕەیەک ناموووس
لە سەر خەڵکی خۆی نابێ بە جاسوس}.
(ڕانیە ٢٠١٩/٩/٣٠)
٢٣٥-خەوی شیرین
بۆ نالی کوڕم نووسیم کاتێک خەوتبوو:
بخەوە ڕۆڵە خەوی خێرت بێ
ئارامی و شادی لە جێی زێڕت بێ
خەو بەخششێکە لە لایەن خواوە
هەر کەسی نەبێ، ژیانی شێواوە
خەو ئاسودەییە بۆ مێشک و دەروون

وەک ئاو وایە بۆ دەشتی بێروون
ئەگەر بیکڕی بە پارە و سامان
نرخ گرانە و نایەتە کێشان
گەرت خەوت نەنی، ژیانت تاڵە
پشوودان و ژین بێ خەو مەحاڵە
یا خوا ئەو کەسەی خەو دەتوورێنێ
کە دایک و ڕۆڵە لێک دەتاوێنێ
بە تانک و تۆپی ماڵ دەروخێنێ
مرۆڤ لە خوێندا چۆن دەگۆزێنێ
بیکەی بە پەند و دەرس و زەمانە
بە هەنگوین بڵێ ئەمە سندانە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٥/٢٥)
٢٣٦-پشتی داچەماوو:

لە کاتی دیتنی پیرەپیاوێک:
هۆ مامە گیان، پیری ڕێگای درێژ و دوور
ماندوو و هیلاک بۆ پارویەک نان لە سەر سنوور
پشتی چەماو، ڕیشی سپی بە ساڵاچوو
بێ دەرەتان، دەستی لەرزۆک ڕێ بزربوو
سیاسی و دەوڵەت، کوڕ و کچت، هەتا گەنج بووی
تۆیان دەویست، خۆشەویست و خاوەن ڕەنج بووی
بە س کە پیر بووی، هەڵوەدای بووی بە تەنهایی
هەر کەس بۆ خۆی تۆیان جێهێشت بە جودایی
ئەمەی دەیکەی بۆ تۆ ناشێ بە بێ گومان
ڕێگا دەبڕێ تا کۆتایی، مان و نەمان.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٥/٢٦)

٢٣٧-بۆ خورخوڕە

زێدی باب و باپیر و لە دایک بوونم

خورخوڕە گوندی باب و باپیرم

خورخوڕە هەرگیز ناچی لە بیرم

هەر چەندە دووری و لە ناو شاخانی

تۆ قوتابخانەی بۆ بیر و ژیرم

من بە منداڵی لە تۆ دابڕام

زۆر تێرم نەخوارد لە ترێ و هەنجیرم

بەڵام هەمیشە قەرەزداری تۆم

کە خوێندەوارم، کە ڕۆشنبیرم

چونکە تۆ دایکی دووەمی منی

گەرت دەوڵەمەندم، یاخود فەقیرم

تۆ هێلانە بووی بۆ شۆڕشی کورد

من نەم دیت، من نە نەوەزیرم

هیچت بۆ نەکرا لە دوای ڕاپەڕین

نە ئاوی خۆش و نە جادەی قیرم

دڵ گران مەبە هەر تۆ ئاوا نیت

لە بیریان چووە پاشا و تووزیرم

لە خواوم داوایە هەر ئاوەدان بی

بە دینی خوا و ڕێگای بەشیرم.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٥/٢٩ - گوندی خورخوڕە دەکەوێتە دەڤەری جافایەتی بەری مەرگە و سەر بە ناحیەی بنگرد و قەزای ڕانیەیە.)

٢٣٨-بۆ ڕەش پێستێک

تاوانم چییە کە پێستم ڕەشە

منیش وەک تۆ دەروونم گەشە

منیش وەک تۆ مرۆڤم و بەشەر

بۆچی ژیانم کەوتووتە خەتەر

پێغەمبەر فەرمووی مرۆڤ برانە

بۆ ڕێگای ژیان وەک چرانە

بۆیە لە مێژووی ژیانی پێغەمبەر

جیاوازیان نەبوو بیلال و حەیدەر

بەڵام وا ئەمڕۆ لە ناو ئەمریکا

مرۆڤ دەکوژی وەک کەر و گا

نازانن ئەوان کە پێستیان ڕەشە

بەڵام دەروونیان چەند جوان و گەشە

تەنها ئیسلامە دینی هەمووانە

بۆ هەموو دەردان هەر ئەو دەرمانە

لە لای مرۆڤی لە خوا بێ خەبەر

نییە قیمەت و ئازادی بەشەر.

(بۆ پیاوێکی ڕەش پێست نووسیم کە پۆلیسێکی ئەمریکی لە بازاڕ قاچی خستە سەر ملی تا خنکانی - ڕانیە ٢٠٢٠/٥/٢٨)

٢٣٩-بانیگە و دوو هەوایە

کاتی بینینی دوو ئۆتۆمبێل نووسیم کە لە تەنیشت یەکتر دەڕۆیشتن یەکیان بۆ بووک و زاوا ڕازابووەوە و ئەوی تر تەرمێکی لە سەر بوو

بە چاوی سەرت وێنە ببینە

لە ماڵێک شایی، لە ماڵێک شینە

ئەم دوو وێنەیەی وا لە بەر چاوە

یەکیان بۆ بووک و زاوا ڕازاوە

ئەوی دووەمیان پاسێکە کەوا

جەنازەیەکی لە سەر دانراوە
یەکیان دڵخۆشە ڕۆژی زاوایی
ئەوی تر لە ناو تابووت ڕاکشاوە
یەکیان تازە ماڵێک دادەنێ
ئەوی تر ئەڕوا و ماڵی پێچاوە
یەکیان خەریک ژیانی دنیایە
ئەوی تر بار و بارگەی تێک ناوە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٥/٣١)
٢٤٠-پەیامێک بۆ دایک
بێنە ئەو مەمە و بیخە ناو دەمم
هەتا بزانی لە ڕاست تۆ کەمم
نۆ مانگ تۆ منت هەڵگرت بە سینگت
نەمابوو جوڵە و هاوار و دەنگت
کەسێک هەڵبگری دوو کیلۆ میوە
هەر چاوەڕوانە و چاوی لەو دیوە
داخوا کەی کەسێک بێت و ڕایبگرێ
خۆی و میوەکە، هەردوو هەڵبگرێ
بەڵام تۆ منت هەڵگرت چەند مانگان
هەتا بە گوێمدا، دادرا بانگان
بیست و چوار مانگان لە کۆڵت کردم
بۆ شوێنی دوورو نزیکت بردم
دوو ساڵی تەواو شیرت دا بە من
جەرگ و هەناوت بوون، ئەنجن ئەنجن
بە شەوی زستان هەتا بەیانی
بۆ ڕاژاندنم دەستت دەهانی

شەوانی هاوین کاتی ماندوو بوون
شەوەکان بۆ تۆ، بێ خەو بە سەر چوون
هەتا تەمەنم گەیشتە هەژدە ساڵ
خزمەتت کردم هەروەکو منداڵ
هەتاکو ڕاست و چەپی خۆم ناسی
تەنها تۆم جێهێشت زۆر بە کەساسی
لە جیات پێڵاوت بخەمە سەر سەرم
ئەمڕۆ فەرمانت بکەمە بەرم
هەستام تۆم جێهێشت لە ژێر زەمینێ
منیش بۆ شەیتان کەوتمە کەمینێ
خۆ ڕزگار بوونی دین و دنیایە
هەر لە ژێر قاچی تۆدایە دایە.
(ڕانیە ٢٠١٩/١٠/٢٣)
٢٤١-ئاو
خودا لە ئاوێ ئێمەی دروست کرد
هاتینە زەوی زۆر بە دەست و بڕد
خودا کە نارد لە ئاسمان ئاوێ
هەتا لابەرێ چڵک و ژەنگاوێ
بە ئاوی دەکرێ غوسڵ و دینداری
بە ئاو دەرۆێنرێ گیای بەهاری
بە ئاو دەگیرێ دەست نوێژ بۆ نوێژی
بە ئاو شین دەبێ نەمام دەنیژی
بە ئاو پاراوە سەر کوڕەی زەوی
بە ئاو جوان دەبێ بەڵند و نەوی
بە ئاو گەورە بوو، دار و دارستان

بە ئاو، ئاو دەدرێ داری قەبرستان

بە بێ ئاو ژیان گەلێک مەحاڵە

بە بێ ئاو جووتیار دەستی بەتاڵە

بەڵام دەبینین لە هەندێ وڵات

خوا ئاوی داوە هەروەکو خەڵات

کەچی دەیرێژن لە ڕێگاو کۆڵان

دەچێتە زێراب، بۆ ناو مەنهۆڵان

دەڕوا لە جادەو و لە سەر شەقامان

بە فیڕۆ دەچێ وەک داشی دامان

لە هەندێ شوێنیش نییە بۆ خواردن

نۆرەی بۆ دەگرن وەک پارە ژمارەن

سەرەی بۆ دەگرن تاکو بەرکەوێ

جاری واش هەیە دەگاتە شەوێ

خۆ قەدری مانگێک وا لە مانگە شەوو

ئەو کاتەی کە چاو تینوە بۆ خەوو

ئەم وێنەی لە بەر چاوت دانراوە

نۆرە گرتنە و بۆ سەرەی ئاوە.

(لە سەر وێنەیەک نووسیم کە لە وڵاتێکی ئەفریقی بە سەدان ئافرەت سەرەیان گرتبوو بۆ ئاو وەرگرتن - ڕانیە ٢٠٢٠/٦/١)

٢٤٢-خەجەڵەت بێ مافی مرۆڤ

لە کاتی بینینی سێ منداڵی ڕەش پێستی ڕووت و بێ پۆشاک دا نووسیم کە لە لای وێنەگرێک وەستابوون/

دوو هەزار و بیست ئەمە هەر مابی

خەجەڵەتی بەر بارەگای خوا بێ

لە دەشت و سەحرا بە وێنەی ئاژەڵ
لەش و عەورەتی بەر بە بەڕەڵا بێ
بێ بەش لە نان و لە خۆشی ژیان
توخوا تۆ بڵێی ئەمە ڕەوا بێ
ئەگەر بمایە پێشەوا عومەر
بە خوا نەیدەهێشت ئەو ئیشە وابێ
بە چەندین ملیار دۆلار و یۆرۆ
بێ سوود و قازانج بەر با درابی
بەڵام ڕەش پێست و هەژاری ئاوا
بەو گەرمایە لە بەر هەوا بی.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٦)
٢٤٣-جەرگم بۆت دەیشێ
کاتی بینینی منداڵێکی دەستگێڕ کە بە گەرما شتی دەفرۆشت نووسیم:
ڕۆڵە دەزانم دەردت گرانە
بەڵام دەرمانت زۆریش ئاسانە
دەبێ چەندانی وەک تۆی نازدار
لە سووری هەتاو ببن گرفتار
تۆ چاوەڕوانی بە دەست فرۆشی
بژیوی ژیانت ئاوا بنۆشی
نالێم بە هەزار بگرە بە ملیۆن
منداڵی وەک تۆ دەنوون بە بێ نوێن
چ لە لای ئێمە، چ لە لای جیهان
ژیانی ئێوە بووە هەراسان
چەندانی وەک تۆ بێ نان و خۆراک
برسی و تینون و بە بێ ئاوی پاک

لە و لایش تەمەشا پارە چۆن ڕژاوە

گۆرانی و سەما ئازاد کراوە

بە ناوی هونەر، بۆ ڕەقص و سەما

پارە دابینە بۆ ناو سینەما

بۆ یاری و وەرزش، بۆ خول و دەورە

سفرە ڕازاوە چەند خۆش و چەورە

یان سەفەرەکەی کاکی سیاسی

کە لەو وڵاتان هیچ کەس نایناسی

خواردنی ڕێگاو کرێی سەیارە

ئۆتێلی خۆش و ڤیزای تەیارە

هەزار جۆری تر پارە بە هەدەر

بە فیڕۆ دەچێ بۆ پیاوی لادەر

تۆی هەناسە سارد نیتە ئامانێ

کەسێک نییە جێگاو شوێنت بۆ دانی.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٥)

٢٤٤-جەللاد

بۆ جۆرج فلۆید

ڕژی (٢٠٢٠/٦/٢) پۆلیسێکی سپی پێستی ئەمریکی کە ئەژنۆی خستە سەر ملی ڕەش پێستێک تا خنکاندی و منیش نووسیم:

لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا

باسی دوو کەسان دەهێنێتە ئارا

یەکیان پیاوێکە بە دەستی قەمچی

بۆ گیانی خەڵکی چۆن بۆتە ڕاوچی

لە سەر شەقام و لە ژووری زیندان

ئەشکەنجە دەدا خەڵکی بێ تاوان

کەسی دووەمیش ئافرەتێک وایە

بەرگی لە بەرە و ڕووت و ڕیسوایە

بە ناو پۆشتەیە و بەرگی لە بەرە

بەڵام تا بڵێی بۆ گەنج خەتەرە

بەرگەکەی کورتە یا تەسک و تەنکە

یاخود هەڵزرێو نا شەرعی و تەنگە

جێگای ئەم دووانە ئاگر و نارە

شوێنی سزایە و شوێنی ئازارە.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢)

٢٤٥-ئەوەیە دادگەری و یەکسانی

کاتی بینینی نوێژی بە جەماعەت نووسیم کە سپی پێست و ڕەش پێست لە ناو مزگەوت لە تەنیشت یەکتر وەستابوون/

لەو کاتەوە خوا مرۆڤی هێنا

بۆ سەر ڕووی زەوی و لە ئێرەی دانا

ڕێزی لێ گرتن و بەرنامەی دانان

پێشوازی کردن بۆ دوو جیهانان

قافڵە و کاروان بوون بە دوو شێوە

یەکیان شەڕخوازە و یەک خێری پێوە

یەکەم شوێن کەوتووی ڕێگای بێ دینی

دووەم ڕێبازی ڕاستی و شیرینی

یەکەم سەر قافڵە زاڵم و ستەمکار

دووەم سەر قافڵە، خوا ناس و دیندار

سەر قافڵەی یەکەم لووت بە زۆ و بە فیز

گەڵا ڕێزان بوو، وەک گەڵای پایز

بێزی نەدەهات بێتە لای هەژار

حەقی نەدەدا بە چینی کرێکار

سەر قافڵەی دووەم خاکی و خۆشەویست

قازانج و خۆشی هەژاری دەویست

پێغەمبەران و پیاوچاکانی دین

وەک خەڵک دەژیان بە درێژایی ژین

پێغەمبەر فەرمووی: بە ئەبو جەهل

وەرە بۆ نوێژی ببە بە ئەهل

وتی: من بێمە ڕیزی جەماعەت

لەگەڵ کۆیلەکان بکەم قەناعەت

بۆیە دەبینی لای دەسەڵات دار

جێگا نەماوە بۆ پیاوی هەژار

هەر لە وەزارەت هەتا کەنیسە

پیاوی بێ کەس ڕەنگی هەر سیسە

لە دیوەخان و لای سەرمایەدار

دیسان گوێ ناگرن لە پیاوی نەدار

تاقە پشتیوان تەنها ئیسلامە

چەتر و سێبەری سەر خاس و عامە

مزگەوت جێگای ژنە و هەم پیاوە

جێگای پیرەمێرد، هەم جێگای لاوە

جێی بێ دەسەڵات، هەم دەسەڵاتدار

جێگای ڕەشۆکی و چینی خوێندەوار

جێی سپی پێست و، ڕەش پێست و سوورە

ئەگەر نزیکە یاخود لە دوورە

هەموو لە ئادەم، ئادەم لە گڵە

هەمووی خاوەنی، جەستەیەک و دڵە.

(ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢)

٢٤٦-ئیسلام و ئافرەت و ئەورووپا:

ئادەم و حەوا کە هاتنە زەوی
ئاوەدانیان کرد بەڵند و نەوی
وەکو باڵندە بە هەردوو باڵان
دەهاتن و دەچوون تا نەچنە چاڵان
جا پیاو و ئافرەت، هەردوو شان بە شان
کەوتنە خەبات و گرتنیان ڕێگای ژیان
گشت پێغەمبەران لە ژن بوون وەلەد
جێی شانازییە ژن هەتا ئەبەد
ژن دایک و خوشکە، یاخود هاوسەرە
ڕووناکی ماڵە و هەم تاجی سەرە
ژنی موسڵمان نیوەی ژیانە
لە ئیسلام لادا بەس ئیش و ژانە
تا موسڵمان بوو، نیوەی بەشەر بوو
لە ئیسلام لای دا ژیانی خەتەر بوو
بە ناوی ماف و ئازادی و هونەر
لە ڕێ لا یاندا قوڕیان کردە سەر
کردیان بە ریکلام کردن بە یاری
هەڵیان دان لە ڕێگای خۆشی و بەختیاری
هەتاکو گەنجە ئەبرووی دەبەن
ڕووتی دەکەن و فێری دەدەن
لە دینی خودا ئافرەت ڕێزدارە
بە گەنجی و پیری، گوڵی بەهارە

ژن خۆشەویستە و هەم سەحابەییە
لەگەڵ پیاواندا لە لای کەعبەییە
نیعمەتی دنیا ژن و ددانە
بێ ژن و ددان دنیا زیندانە.
(ڕانیە ٢٠٢٠/٦/١٢)

٢٤٧- ڕۆڵە بێنازی
ڕۆڵە تۆ کەوتووی لەسەر ڕێ و شەقام
خەولێکەوتنت بۆ پارووی نانە
دز و درۆزن ئەوەندە زۆر بووە
دوژمنی ژیان و گیرفان و گیانە
وەنەبێ، نەبێ، سامان و داهات
دینار و دۆلار وەک بارانە
بەڵام کە نەبێ داد و عەدالەت
گەنج و منداڵمان چەند سەرگەردانە
پیاو خۆی بکوژێ و ژنیش بسووتێ
لەتاوی دەرد و ئازار و ژانە
چەندەها خێزان هەڵوەشانەوە
خەم و خەفەتیان چەندە گرانە
بژێوی ئێوە و چەندەها خێزان
پارەی شەوێکی ستەمکارانە
بەدرێژی زەمان، بەپانی زەمین
عەدالەت نەبووە لە ئەم جیهانە
بێجگە لەو کاتەی کە پێغەمبەران
حوکمی دنیای کرد نموونەی جوانە

چوار خەلیفەکەش پەروەردەی ئەو بوون
مێژووی ژیانیان وەک ئەستێرەنە.
ڕانیە ٢٠٢٠/٦/١٦
٢٤٨-حەق و عەدالەت
هەر کاتێک نەبوو حەق و عەدالەت
دنیا سەربەخۆ دەبێتە قیامەت
دەستێک تێر و پڕ دەژی لە ناو شار
بە سەفتە دەدزرێ دینار و دۆلار
دەستێک بە بێناز دەژی لە ناو شاخ
هەر هەڵدەکێشێ ئۆف و ئاخ و داخ
دەوڵەتێک نەبێ حەق و دادوەری
دەبێ بێڕێوێ زوو قوڕ بەسەری
کەسێک نەزانێ بە حاڵی فەقیر
دڵی ڕەش بووبێ وەک نەوت و قیر
(گەر ئەسکەندەری شای جیهان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ)
تێبینی: دوو دێری کۆتایی هی موفتی پێنجوێنییە.
ڕانیە ٢٠٢٠/٦/١٦

٢٤٩--بۆ وێنەیەکی خۆم
تاکە وەسیەتم بۆ هاوڕێ و دۆستان
دوای ئەوەی منتان بردە گۆڕستان
داوام بۆ بکەن لە پەروەردگار
ڕزگارم بکا لە دۆزەخ و نار
بەڵام نەک تەنها جارێک لەسەر گۆڕ

منتان لەبیر بێ تا نەبین سەرشۆڕ

دوعا و نزاتان زۆر کاریگەرە

خۆشی ناو قەبر و دەشتی مەحشەرە.

ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٦

٢٥٠-سکالّا

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

خودا بەخشندەی هەردوو دنیایە

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سوپاس و ستایش هەر بۆ خودایە

الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سۆز و بەخشینی وەک چرایە

مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ

تەنها ئەو پادشای ڕۆژی جزایە

إِيَّاكَ نَعْبُدُ

پەرستنی ئەو ڕاست و ڕەوایە

وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ

داوای یارمەتیش لای ئەو سەفایە

اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ

ڕێگای ئاسوودەش دینی (الله) یە

صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ

ڕێی ئەو کەسانەی نیشان درایە

غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ

نەک ڕێی جولەکە و کوفر و بەلایە

وَلاَ الضَّالِّينَ

نەک ڕێی گاوِران شیرک و هاوتایە

آمین

لێمان وەربگرە دوعا و نزایە.

گوندی هەتەلی خۆشناوەتی ٢٠٢٠/٦/٧

٢٥١-بەرزی و بڵندی

التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ

بەرزی و بڵندی بۆ خوا

وَالصَّلَوَاتُ

شکۆ و گەورەیی هەروا

وَالطَّيِّبَاتُ

پاکی بێگەردی و عەولا

السَّلامُ عَلَيْكَ

سلاوت لێ بێ

أَيُّهَا النَّبِيُّ

ئەوەی پێغەمبەرە

وَرَحْمَةُ اللَّهِ

ڕەحمەت بۆ بێ هۆ تاجی سەرە

وَبَرَكَاتُهُ

برژێ بەسەرتا هەرچی گەوهەرە

السَّلامُ عَلَيْنَا

سلاو بۆ ئێمە لە دنیا و لە دین

وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ

بۆ بەندەی چاکیش بەدرێژی زەمین

أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ

شایەتی دەدەم پەرستراو نییە

بێجگە لە خودا

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ

شایەتی دەدەم هەر محەممەدە

سەرکردەی ڕەوا.

ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٩

٢٥٢-خۆزگە

خۆزگەمت بەو سەری بۆ تۆ سوژدەی برد

خۆزگەمت بەو عەقڵەی بۆ تۆ ئیشی کرد

خۆزگەمت بەو موودەی سپی بوو بۆ تۆ

خۆزگەمت بەو کەسەی بۆت هاتە ئەژنۆ

خۆزگەمت بەو کەسەی کە کەعبەتوڵڵا

ڕووگەی دڵی بوو، هەم ڕەسوڵەڵڵا

خۆزگەمت بەو کەسەی کە هاوەڵی چاک

بوونە هاودەمی، هەم دڵێکی پاک

خۆزگەمت بەو کەسەی کە خوداو خەڵک

لێی ڕازی دەبن و بە سوود و کەڵک

خۆزگەمت بەو کەسەی گۆڕی ڕوونکاکە

لە کاتی ژیاندا کردەوەی چاکە

خۆزگەمت بەو کەسەی لە ڕۆژی مەحشەر

ڕزگاری دەبێ لە ترس و خەتەر

خۆزگەمت بە هەموو ئەو ئاواتانە

ڕزگارت دەکەن ڕۆژی تەنگانە.

ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢٢

٢٥٣-چاولێکەری

لەسەر وێنەیەک نووسیم کە کابۆ و کراس و بلوزیان هەڵواسی بوو بە ناوی مۆدێرنەوە کە مرۆڤ شەرم دەکات بیانپۆشێ

من بەبیرم دێ کاتێک منداڵ بووین

ئەگەر درابوو بەرگ و پۆشاکمان

شەرممان دەکرد بچینە ماڵان

یاخود بچینە یاری منداڵان

بەڵام ئێستاکە بووە مۆدێرن

کراس و کابۆمان، وا بۆ دەنێرن

دەڵێی غەریبە و لە دوورە وڵات

گازیان لێ گرتووە سەگی لات و پات

مرۆڤ کە لای دا لە ڕێی خودایی

کەوتە دوای پیاوی سووک و دنیایی

ئاوا دەبێتە بەندەی مۆدێلات

ماڵی نامێنێ زوو دەبێتە لات

حەیفە کە مرۆڤ بەندەی دنیا بێ

ڕووی لە ئەوروپا و پشتی لە خودا بێ.

ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢٨

٢٥٤-کرم و هۆرە

هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانی باشوور - بۆ سەر کۆنەماسی

باوەڕ دەکەی ئەم هێرشە بە بێ پلان ئەنجامدرابێ

باوەڕ دەکەی کوردی هەژار، بە بێ موئامەرە کوژرابێ

تۆ دەڵێی تورک دوژمنە بۆ وا دوژمن بەم ژیانەیە

منیش دەڵێم: فارس و عەرەب دوژمنی ماڵ و لانەیە

سێگۆشەیە بێ جیاوازی هەرسێ دوژمنن بەم گەلە

بەڵام کوردیش زۆر نەزانن بۆیان هەڵکەوتووە ئەم هەڵە
هەر یەکێکمان بووینە کۆیلە بۆ دەوڵەتێکی دەوروبەر
لەپشتەوە بە ناپاکی لە یەک دەدەین تیر و خەنجەر
بۆ مانەوەی حزب و خزم، حاشامان لە کوردایەتی
بۆ پارووێەکی چەور و گەرم لە دەست دەدەین مەردایەتی
لە هەر شوێنێک بکوژرێ کورد، دەستی کوردێکی تێیایە
خوێنی کورد هەراج کراوە و لە بازاردا پڕ سەودایە
گلەیی ناکەم لە دوژمن، کرم و خۆرەکە و هۆرەی ناوخۆ
پەڵکێشی دوژمنان دەکەن بۆ پارە، دۆلار و یۆرۆ
نەفرەت لەوەی کە ناپاکە و لە قەفەسی بێگانەیە
دژی خاک و وڵاتی خۆی نۆکەری پارە و عانەیە.
ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢٧

٢٥٥-زۆر پێ نەزانین

ڕۆژێک تۆ چوویەتە عەیادەی دکتۆر
بە خۆشی خۆت و نەچووبی بە زۆر
سەرنجت دابێ لە وێنەکانی
کەوا دایاننناون لە تەنیشت شانی
هەیکەل و پەیکەر لە بالای ئینسان
لە بەری پێوە تا تووکی سەران
لە ناخی مرۆڤ لە سینگ و سینە
لەو مێشک و دڵ و لەو قوڕگ و بینە
لە جەرگ و دڵ و لە گورچیلە و سی
بۆ شەرم ناکەی لە خوا ناترسێ
لە چاو و دڵ و لە لووت و لە گوێ
لە لێو، لە ددان، لە زمان چۆن دەدوی

لە دەست و پەنجە و لە قۆڵ و لە شان
لە قاچ و قول و لە ئەژنۆ و لە ڕان
لە خوێن، لە دەمار، لە بۆن، لە دیتن
لە تام و لە لەزەت، لە هێزی بیستن
لە هەزارەها نیعمەت و بەخشین
سوپاست دەکەین ڕەب العالەمین.
ڕانیە ٢٠٢٠/٦/٢٣

٢٥٦-من دار بەڕووم:
دەبم ناسن، من دار بەڕووم
دژی گەندەڵی و دزی و دژی کەرەووم
بڕیار وابوو هەر لە خاکی کوردان برۆیەم
هەر بە زمانی ڕەسەنی وان بڵێم، بدوێم
کوردیش وتی: منیش بۆ تۆ هاوپەیمانم
لەگەڵ تۆدا بەجێ دەهێنم ئەرکی ژیانم
وام من سوورم لەسەر قەول و عەهد و پەیمان
بەڵێنم دا بە خوای خۆم و خاکی کوردان
لێرە نەبێ لە هیچ شوێنێک سەوز نابم
بەڵێنم دا لە زەوی تر تەوەللا بم
من ئاشنا بووم بە ئاوی کورد، بە خاکی کورد
نە لە برسان، نە لە ترسان، نەبووم بە پرد
بەڵام حەیفە لە ناو کوردان نەبڕا ناپاک
هەراجیان کرد، مێژوو، شەرەف، ئاین و خاک
وا دووبارە بەڵێن: تازە دەکەوەرەوە
جارێکی تر عەهد و پەیمان دەدەمەوە

تەنها و تەنها لە لای کوردان دەڕوێمەوە
ئەگەر بمبڕن، هەڵم قەنن هەر دێمەوە
خۆ ئەم کارەش تەنیا بە من دابین نابێ
کورد و بەڕوو دەبێ هەر دەم دەستە برا بێ.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/٧
٢٥٧-تامەزرۆی ماڵی خوام
تینوی چەندە تامەزرۆیە و حەزی لە ئاوە
برسی چەندە دەلەرزێ و ئەژنۆی شکاوە
ماندوو چەندە تامەزرۆی سێبەر و کانییە
من لەوە زیاتر بۆ ماڵەکەت جەرگم سوتاوە
منداڵێک چەندە دەگری و باوەشی دەوێ
ڕێبوارێک چەندە شێتە بۆ خەوی شەوی
ماسی چەندە حەز دەکا ئاوی بەرکەوێ
من زیاتر بە پەلەم بگەمە ئەوێ
مرۆڤ چەندە ئاتاجی ئۆکسیجنە
بریندار چەندە حەزی لە سارێژی برینە
تیشکی ڕۆژی بە هاوین چەند بە تینە
لە تاو ماڵەکەت دڵم ئاوا حەزینە.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/٨
٢٥٨-تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزەکان:
تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵە
قوتابی، خوێندکار هەمووی عەوداڵە
پرسیاری دنیا هەموو شاراوەن
پرسیار و وەڵام، زار و زاراوەن
مەگەر کەسانێک بە هێزی پارە

دزەیان پێ بکەن سەرمایەداره
بەڵام بەردەوام کوڕی هەژاران
نمرەیان باشه له لادێ و شاران
ئەم ئیمتیحانه له بۆ دنیایه
بۆ پاره و پۆست و پلەی جودایه
بەس بۆ قیامەتیش ئیمتیحان هەیه
قەبر و مەحشەر و چەند مەرحەلەیه
بەڵام دڵسۆزی شەخسی پێغەمبەر
که به پەڕۆشه بۆ هەموو بەشەر
پرسیارەکانی کردوون ئاشکرا
ئەویش به ویست و به ڕەزای خوا
له ناو قەبردا سێ پرسیار دەکرێن
یەکەم خوات کێیه به جوانی بدوێن
دووەم ئایینت چی بوو له زەوی
جوان وەڵام دەوه تا نەبی نەوی
سێیەم سەرکردەت کێ بوو لەم ژینه
کێ ڕابەرت بوو لەم سەر زەمینه
کاتی مەحشەریش چوار پرسیار باوه
که لێمان دەکرێ ژنه یان پیاوه
له عومر و تەمەن له چیت سەرف کرد
کاتێ گەنجیت له کوێ بەسەر برد
عیلم و زانیاری که خوا دایه به تۆ
چەند خزمەتت کرد به گۆی مرۆ
پاره و داراییت، سەروەت و سامان
چۆنت پەیدا کرد؟ له کوێت دا داچان

جا داواکارین لە زاتی ئەحەد
ئومێدمان بە تۆ یا زاتی سەمەد
سەرکەوتوومان کە لە دوو ئیمتیحان
هەم لە دنیایە و هەم لە ناو قەبران.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/١٢
٢٥٩-دین ژیرییە
بە شمشێری دار، بە عەقڵی بەتاڵ
ئەم دینە چۆتە ناو سێگۆشەی ماڵ
هەموو قورئانی خوا بخوێنینەوە
سوننەتی ئازیز بێینە شوێنیەوە
لە ناو قورئانا مزگەوت باسکراوە
پێغەمبەرێش زۆر هەوڵی بۆ داوە
بەڵام نەکراوە باسی خانەقا
یان باسی تەکێ و شوێنی بێ ئاگا
لە قورئان هەیە باسی زانایان
بەڵام نەهاتووە شێخی دانایان
لە دین دا هاتووە باسی موسوڵمان
بەڵام نەهاتووە دەروێشی نەزان
لە ئیسلام هەیە باسی شەریعەت
بەڵام نەیووتووە زیکری تەریقەت
با ئێمە هەموو بەندەی اللە بین
لەسەر ڕێبازی ڕەسول اللە بین
کۆتا هەناسە و لە دنیا دەرچوون
وەسیەتی فەرموو بۆ بەردەوام بوون
فەرمووی: لە دوای من قورئان و سوننەت

بکەنە تۆپشووی ڕێی ئیستیقامەت

ئەگەر بەرنەدەن ئەم دوو ڕێگایە

سەر بەرز دەبن لە دوو دنیایە

ئەوە کەی دینە دەرۆپشی هەژار

پێچەوسێنێتەوە و پێی بکەی بێکار.

ڕانیە ٢٠٢٠/٧/١٠

٢٦٠-بۆ پۆلێک زانای ئایینی

بۆ کۆچی دوایی ٤٥ مامۆستای ئایینی لە ماوەی ٧ مانگدا لە ساڵی ٢٠٢٠، مامۆستا عەبدوڵڵا هەتەلی و مامۆستا مەلا موسلیم شارەستێنی جاف و مامۆستا مەلا جەمیل حافز شاوەیسی و مامۆستا مەلا عومەر گەناوی و مامۆستا مەلا سلێمان پیرۆمەری و هەموو مامۆستایانی کۆچ کردووی میراتگری ڕاستەقینە

بۆ کامیان بگریم، بۆ کامیان بکۆڵم

بۆ کامیان قوڵپێ بدا ناو دڵم

بۆ کامیان برژێ فرمێسکی چاوم

بۆ کامیان بکۆڵی جەرگ و هەناوم

بۆ کامیان دانێم کەسێک لە شوێنتان

کێ وەکو ئێوە، ببەخشێ بۆنتان

مینبەری چۆڵتان، چۆن ئاوەدان کەم

میحرابەکانتان چۆن پڕ قورئان کەم

کێ بێ لە کاتی کۆبوونەوەکان

حەق بدرکێنێ و بێتە سەر چۆکان

کێ لەگەردنی بەرزی مناڕە

ئیسلام پەخش کا بە سەر ئەم شارە

کێ بێ بۆ کێشە و سڵح و دیوەخان

دوژمنایەتی بکاتە باخان

کێیە کە کچ و کوڕی ئەم شارە

پێیان لە بەر بکا قورئان بێ پارە
نازانم بە کۆڵ بگریم بۆ کێتان
بۆ شوێن و ڕێگاو مەقام و جێتان
بەڵام هیچ ناکرێ و ویستی اللە یە
زاناش لە شوێنی ڕەسول اللە یە
خوایە بۆ خاتری ناوی پیرۆزت
بۆ خاتری ڕەحم و بەزەیی و سۆزت
بەرزی کەرەوە پلەی ئەمانە
پێیان ببەخشە بەهەشتە جوانە
ئێمە و ئەوانیش کۆ بکەرەوە
پاداشتی خێرمان زۆر بدەرەوە.
٢٠٢٠/٧/١٧
٢٦١-نەگبەتییەکانی ئەوروپا
ڕاستە دنیاتان پڕ کرد لە نیعمەت
بەڵام ناردیشتان نەگبەتی و نیقمەت
دەبوو فڕۆکە بۆ سەفەر بوایە
نەک بۆ کوشتن و شەڕ و هەڕایە
لە دوو جەنگەکەی، جەنگی جیهانی
کە کردیان شەڕی نێر و بەرانی
شەست ملیۆن بەشەر بوونە قوربانی
لەبەر ئارەزوو جەهل و نەزانی
ئێستاش بەردەوام شەڕ و ئاژاوە
لە ناو وڵاتان وەک گێژاوە
بۆ بەرژەوەندی نەوت و ڕۆڵەیان
دەنێرن سوپای زۆر و زۆڵەیان

گرنگ ئەوەیە کە چی دەنیژرێ
گرنگ ئەوەیە کە کێ دەکوژرێ
پلان و کوشتار شەڕ و وێرانی
کودەتای ڕەش و برسی و قەیرانی
هەمووی بەرهەم و دیاری ئەوانە
کەوا دەنێرن بۆ ئەم گەلانە
هەر کاتێک نەما عەدل و دادوەری
با خەڵک بروا بۆ ژیانی قەبری
لە ٢٣ ساڵ ژیانی پێغەمبەر
کوژرا هەزار و هەستاو دوو نەفەر
بەڵام ئەمڕۆکە لە چاو تروکاندن
دەکەونە گۆڕێ چەند زاوا و بووکاندن
جیهانیان کردە دۆزەخی گەورە
چەندە ناخۆشە ئەم کات و دەورە
بە مافی مرۆڤ ناویان لێ ناون
گەرچی شیرازەی ژیان پچڕاون
لە هەر شوێن هەبێ زالم و ستەمکار
چاک پشتی دەگرن وەک چینی دیوار
لەگەڵ ناحەقین لە دژی حەقن
خاوەن ڕژێم و جەللاد و شەقن.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/١٧

٢٦٢-چەند ئامۆژگارییەک

بەیانیان تا سەعات نۆ، بۆ ماڵی هیچ کەس مەچۆ
نیوان عەسر و نیوەڕۆ، بۆ ماڵی هیچ کەس مەڕۆ
شەوان لە دوای سەعات ١٠، مەچۆ شەقام و جادە

لە کاتی سفرە و خوان، مەچۆ بۆ ماڵی جیران
کاتی جەماعەت و نوێژ، واز بێنە لە وت و وێژ
لە کاتی پاروو‌ی ناو زار، هیچ کەسێک مەکە بێزار
لە کاتی ئیمتیحانان، مەچۆ ماڵ و سەردانان.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/٣٠
٢٦٣-لێرە دابەزی وەحی
مەبەست ئەشکەوتی حەرایە لە (جبل الرحمة) لە مەککە
سەرچاوەی نوور/
لێرە دابەزی وەحی و ریسالەت
لێرە بنبڕ بوو کوفر و جەهالەت
لێرە محەممەد بوو بە پێغەمبەر
لێرە جار درا ئازادی بەشەر
لێرە ڕێکخرا داد و یەکسانی
لێرە وەرگیرا مافی ئینسانی
لێرە مەعلووم بوو قیمتەی بەشەر
لێرە وە نەبرا سوژدە بۆ حەجەر
کە قورئان لێرە هاتە خوارەوە
وەک میوەیەک وا بە دارەوە
بۆیە بێ دین و زالم و ستەمکار
خودا نەناس و بێ ویژدان، غەددار
کەوتنە سەنگەر و دژی ئەم دینە
ئەگەرچی پێغەمبەر پاک و ئەمینە
بەڵام سەرئەنجام ئیسلام سەرکەوت
خۆری ئازادی هات و دەرکەوت
خوایە ئێستاش وا چاوەڕوانین

بە بێ دینەکەت گشت سەرگەردانین
چۆن جۆمالت کرد قوڕەیش لە پیسی
ئێمەش پاک کەوە لە گشت نەگبەتی.
ڕانیە ٢٠٢٠/٨/٣

٢٦٤-داڕێک لەناو بەردێک ڕوابوو:
بیرێک بکەرەوە لە توانا و ویستی
بە هۆشێکی باش، نەک شێوەی سست
هەرچی بیەوێ، بووە و گونجاوە
هەموو شتی لە جێی خۆیدا داناوە
هەتا سەرنج بدەی لەم بوونەوەرە
خزمەتکردنی چینی بەشەرە
داری دەڕوێنێ لە ناو بەردانا
ئاوی دەڕێژێ لە ناو هەورانا
هەرچی بیەوێ بە بێ چەند و چۆن
ئامادە دەبێ لە سەر ڕووی گەردوون.
ڕانیە ٢٠٢٠/٧/٣١
٢٦٥-عاشووراپە
دەی خوشکەکەم، هۆ براکەم، بەیانی وا عاشووراپە
دنیایەکی زۆر سەرقاڵ و پڕ جەنجاڵ و پڕ سەودایە
شەهید بوونی بە ناحەقی ئیمام حسێن
کە شەمامە و ڕەیحانەکەی بن لووتی ڕەسول اللە یە
لە لای هەندێ خەڵک و تیرە قوڕ پێوانە و
شیر لێدانە و خوێناوی ناو کەربەلا یە
بەڵام لە لای ئەهلی سوننەت یادەوەرێ و

پەرستنی زاتی حەق و خوای تەنهایە

ڕۆژوو گرتن لەو ڕۆژەدا زۆر گەورەیە

لێخۆش بوونی هەڵە و گوناهی پڕ هەوایە

دەی خودایە تۆش بە لوتفت لێمان خۆش بە

ئێمەش دڵنیاین کە سۆزی تۆ بێ هاوتایە.

ڕانیە ١٠ محەڕەمی ١٤٤٢ک ٢٠٢٠/٨/٢٩

٢٦٦-چاوم کوێر بۆتان

کاتی بینینی چەند منداڵێکی هەژار کە لە ئێوارەیەکی زووەوە خەوتبوون چونکە وەرِز و بێزاربوون شتێک نەبوو لەگەڵی ژیر بن

ڕۆڵە دەزانم کە هێشتا زووە

بەم ئێوارەیە کەس نەخەوتووە

خۆ خەوی ئێوە، لە بەر بێزاری

لە بەر هەبوونی برسی و هەژاری

لە بەر نەبوونی سفرەی ڕازاوە

لە بەر تاریکی و چرای کوژاوە

لە بەر نەبوونی ژەمێکی تەواو

دەست نەکەوتنی گۆشتێک و پلاو

سەیر نەکردنی فلیم و یاری

گەمە و ژیر بوون و خۆشی و ئەتاری

لە بەر وەرِز بوون، لە بەر بێ جەوی

لە بەر نەبوونی میوەی پێش خەوی

لە بەر نەبوونی داد و دادگەری

هیوای هەژاران وەک پایز وەری

هەموو تاوانی پاشای ستەمکار

ئەم ژینە خۆشە بۆتە ئاگر و نار

ئەوەی کە بێدین دەیدا بە هەدەر

زیادە لە هەموو کۆمەڵگای بەشەر

ئەوەی کە شەوێک دەدرێ بە قومار

زیادە لە هەزار سەپانی کرێکار

ئەوەی کە شەوێک دەدرێ بە مەشروب

کافییە بۆ چەند گەڕەک و گرووپ

خوا هەڵینەگرێ ئەم زوڵم و زۆرە

کە دەکرێ لە بەر تیشکی ئەم خۆرە.

ڕانیە ٢٠٢٠/٨/١٨

٢٦٧-بۆ پیرێکی دەست گێڕ

پیاوێکی پیرم بینی تەمەنی ٨٠ ساڵ بوو پشتی چەمابوو تەختەیەکی لە ملی کردبوو بنیشتی سامی دەفرۆشت و جوتێک عەینەک لە چاوی

توخوا تۆ دەبێ ئاوا بێ ناز بی

توخوا تۆ دەبێ وابێ ئاواز بی

توخوا وڵاتێک پڕ بێ لە سامان

ئەتۆش بێ بەش بی لە ژیان و ئامان

توخوا وڵاتێک پڕ بێ لە نەوت

ئەتۆش بە پیری وا کوستت کەوت

کوا بۆیە دەبێ، ماندوو هێلاک بی

تۆ بۆیە دەبێ، لە شوێنی پاک بی

جا لە کوێ بێنم، پێشەوا عومەر

چارەسەرت کا، بە چاو و بە سەر

سەرکردە هەتا خۆی برسی نەبێ

دژی ڕابواردن و هەم کورسی نەبێ

نازانێ ئێش و ئازاری پیران

کوا ئاگای لێیە نالّەی فەقیران

گەورەیەک ڕۆژێک، لە ناو بێ هۆشان

شەوێش دانیشێ لە ناو سەرخۆشان

کوا ئاگاداڕە لە ژیانی خەڵک

بۆ پیرە پیاوێک کوا دەبێ کەڵک.

ڕانیە ٢٠٢٠/٨/١٣

٢٦٨-ژن چڕای مالّە

خۆشە کە جار جار بۆ خۆت خەفەر بی

هەم گەورەی مالّ و هەم کارەکەر بی

بۆیە خوا داینا، دوو ژن، دوو هاوسەر

لەسەر سوننەت و ڕێگای پێغەمبەر

ئەگەر یەکێکیان لە مالّێ دەرچوو

ئەوەکەی تریان فریات کەوێ زوو

ڕۆژێک خێزانم لە مالّ نەبوو خۆم چاییم لێنا و تێم کرد

ڕانیە ٢٠٢٠/٨/٣٠

٢٦٩-بۆ یووسف پێغەمبەر (سلّاوی خوای لەسەر)

کە تۆیان خستە بیرەوە ووتیان: نامێنێ هەواڵت

لە دەشتێکی چۆڵەوانی هیچ کەس ناپرسی ئەحواڵت

بێ خەبەرن تۆ هەڵبژاردەی بەزایە چۆنت مەحاڵت

ئەو خەیاڵەی بەندە دەیکا لە لای خوای گەورە بەتاڵە

پێغەمبەران چەپکە گوڵن، خوای گەورە کاری تێیانە

خونچە و دەرمان و ساڕێژن و میللەتێک چاوی تێیانە

لە بنی بیر، بوویە وەزیر، لە لای مرۆڤ خەون و دووڕە

بەڵام بە ویستی خوای گەورە هەموو دنیا بێ سنووڕە

کە شازن هات، بتجوڵێنێ حەوت دەرگای لە سەر داخستی

كه ويستى بتخەڵەتێنێ حەوت فەرشيشى بۆ ڕاخستى
بەڵام خودا ڕێگا نادا بەفرى سپى پەڵەدار بێ
نابێ چاو ساغ و سەركردە سومعەى بشكێ و لەكەدار بێ
چەندى كه خۆشت زۆر مەرد بووى، شانت نەدايه بەر تاوان
ڕاستە كه ئەو شازنى بوو، خۆ تۆش چوويه ڕيزى پياوان
خۆزگەمت به خۆت كه نەدۆڕاى، تۆمار كرا ئيش و كارت
هەتا دنيا كۆتايى دێ له قورئاندا جوان ڕەفتارت
له جيات بچێتە زبڵدانان، ناوت چۆته ناو قورئانان
وەكو كێوێک دامەزراو بووى، نەخليسكاى به پيلانان.
ڕانيه ٢٠٢٠/٨/٢٣
٢٧٠-پياو كوشتن:
مرۆڤ خەليفه و جێگرى خوايه
بۆ ئاوەدانى ژين و دنيايه
مرۆڤ قەڵات و بينای الله يه
سەرباز و جوندى ڕەسول الله يه
له وەختى كوشتن مرۆڤ به هەزار
بگره به مليۆن هەتاكو مليار
كوشتنى مرۆڤ بۆ خاترى دەوڵەت
له ڕۆژى دوايى دەبێ خەجەڵەت
يان كوشتنى مرۆڤ بۆ حيزبايەتى
يان به بێ تاوان بۆ خزمايەتى
يان به بڕيارى ڕيش سپى و عەشيرەت
به ناوى قەوم و خێڵى بەغيرەت
يان كوشتنى مرۆڤ بۆ پاره و سامان
هەر له دواى كوشتنى دەبێ پەشيمان

تەنها بۆ کەسێک دروستە ئەمە
خوێنی لێ ڕژتبێ بە گاڵتە و گەمە
یان بەرگری بکەی لە دین و لە ژین
بە گوێرەی یاسای ڕەب العالەمین
ئەگەر وانەبێ قەتڵ تاوانە
لە دنیا شوێنی قەبر و زیندانە
بۆ ڕۆژی دوایش ئاگر و سزایە
پاداشتی کاریش وەک خۆی جزایە.
ڕانیە ٢٠٢٠/٩/١٧

٢٧١-منداڵ

لە کاتی بینینی وێنەیەکی خۆم و محەمەدی کوڕم کە تەمەنی بوو بوو بە ٢٢ ساڵ لە بەریتانیا دەژیا
منداڵ خۆشییە و، منداڵ خەڵاتە
منداڵ دوا ڕۆژی گەل و وڵاتە
منداڵ بەخششی خوای میهرەبانە
بە بوونی منداڵ، ماڵ ئاوەدانە
منداڵی ساڵح بۆ دنیا و بۆ دین
تام و لەزەتە، لە ژیان و لە ژین
بۆ دوای مردنیش، خێر و ئیحسانە
قەبر و قیامەتیش، جێگای خەرمانە
خوایە ئەوانەی هەیانە منداڵ
ماڵیان پڕ بووە، دەنگی گاڵە و گاڵ
ئەوانەی نیانە، کەرەم کە پێیان
تا ئاوەدان بێ مەقام و جێیان.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٠/١٥

٢٧٢-دوای ٣ ڕۆژ

بۆ کۆچی دوایی حاجیا عائیشە دایکی مەلا حەمە سووری سەجن (کە دەکاتە ئامۆژنی باوکم و دایکم)

وا سێ ڕۆژە

دەرگای ماڵت قفڵ دراوە

ماڵت و حاڵت

وا داخراوە

کەسێک نییە

لە دەرگای ماڵی جیران دا

بڵێت: هەستن هەڵات هەتاو

کەسێک نییە

خەمی هەبێ

بۆ گەڕەک و بۆ هاتنی ئاو

لە حەفتا و چوار

تاکو ئەمڕۆ

کەوتیە گێژاو

پیاو مردن و کوڕ کوژران و

جەرگ سووتاو

بێ جێگایی

هەناسەی سارد

بەتەنیا ماو

حەوت جار چوویەتە

ماڵەکەی خوا و

ڕەوزەی ڕازاو

زۆر خاکی بووی

زۆر خەڵکی بووی

وەکو یەک بوون

لە بەر دیدەت

هەم بێگانە و دۆست و ناسیاو

بێوەژن بووی

بەڵام ڕوو سوور

خاوەن ئەبروو، ژنێکی تەواو

لات شیرین بوون موسوڵمانان

چ ژن، چ پیاو

مردنەکەت، ڕۆژی هەینی

دێتە بەرچاو

لە ناو گەڕەک بۆت دەگریان

هەم پیر و لاو

خوات لەگەڵ

یاخوا بگەی

بە خزمەت خوا و

شوێنی گونجاو.

ڕانیە ٢٠٢٠/١٠/١٢

٢٧٣-بۆ سووتانی دوو پەپوولە

بـۆ کـۆچی دوای دوو منـدالّی تەمەن دوو سـاڵان و سـێ سـاڵان نووسـیم کە دایکیـان هەڵیـدانە ڕووباری دیجلەوە و خنـکان

دایە بۆ واتکرد، بۆ منت خنکاند

بۆچی دوا ڕۆژی منت وا سووتاند
تاوانم چی بوو ئاخر من دایە
کێشەی تۆ و بابم بۆ من بەلایە
من خونچەیەک بووم پاک و بێ تاوان
وا منت خستە ڕووبار و ئاوان
ئەمەی تۆ کردت کاتی نەفامی
کە عەرەب ئەیکرد بە ئێش و زامی
زیندە بەچاڵی کچی وردیلە
گوناهمان نییە، بە قەد گەردیلە
بۆچی ببینە خۆراکی ماسی
خۆ من منداڵم هیچ کەس نامناسی
تۆ دەستت گرتم وامزانی دایە
دەمبەی بۆ بازاڕ بۆ ناو سەودایە
وامزانی بووک و جلم بۆ دەکڕی
وامزانی قوماش بە باڵام دەبڕی
نەمزانی من و کاکە بچکۆلە
ئاوا دەکوژی لەم چۆڵ و هۆلە
ئەوەی تۆ کردت، زۆر کەمە دایە
کوانی کە دایک وا بێ وەفایە
ئۆباڵی من و برای نازدارم
لە سەر تۆ و بابم، نەبوونە یاریم
دوژمن واناکا لەگەڵ دوژمنی
وا ناخنکێنێ کۆرپەی خرپن
حیسابی من و زیندە بەچاڵان
بابیەتە قیامەت لەگەڵ هەڤاڵان

یاخود ئەوانەی بە ناوی ئەنفال
بە دەستی بەعس کران زیندە بەچاڵ
خوایە بپرسی لە ئەم تاوانە
کە ئەمە کار و پیشەی شەیتانە.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٠/٢١

٢٧٤-خەتیب و مینبەر:
مینبەر و میحراب شوێنی پێغەمبەر
جێی دادپەروەری و ئازادی بەشەر
جێگای پەروەردە و ئاکار و گوفتار
جێی دامەزران و ڕەوشت و کردار
جێگای حەق بێژی و ستەم ڕووخاندن
جێگای زانیاری و جەهل تەپاندن
جێگای بەرگری لە چینی هەژار
جێگای دەم کوت و لێدانی زۆردار
بەڵام بەرپرسییە و کۆڵێکی گرانە
چۆن بانگەوازە و دژی شەیتانە
دەبێ نەیفرۆشی بە دنیا و دۆلار
نەبێ بە پیاوی زالم و زۆردار
بەس جوببەی پان و مەندیلی گەورە
نابێتە دەرمان بۆم دەرد و دەورە
خەتیبی خراپ لە ناو جەهەنەم
زمانی دەبڕن بێ ئەرزش و کەم
چونکە لە دنیا دینەکەی گۆڕا
بۆ پارە و سامان باوەڕی دۆڕا

لەم لاش خەتیبی بەڕێز و سەنگین
قەدری گرانە و لای خودا شیرین
ئەجر و پاداشتی لای خودایە
چۆن میراتگری ڕەسول اللە یە.
ڕانیە ٢٠٢٠/١١/٢٠
٢٧٥-قورئان دەستوورە
قورئان بخوێنە قورئان چرایە
قورئان دڵسۆزتر، لە باب و برایە
قورئان ئەو پەتی لایەکی لای تۆ
لایەکەی تری لە لای خودایە
هەر کەس لە ڕێگای قورئان لانەدا
ڕوو سووری دنیا و ڕۆژی جزایە
کەسی قورئان خوێن، خێری بۆ دەچێ
هەر چەن بەلاشە لە ناو قەبرایە
باوک و دایکەکەی سوودی دەبینن
تاجی ڕێزداریان لە سەر سەردایە
قورئان هەوێنە بۆ شیری دنیا
بە بێ قورئانێ تامی لێ نایە
قورئان سەر بەرزی و کەسایەتییە
بە بێ قورئانێ مرۆڤ ڕیسوایە
زۆر بوون ئەوانەی دژایەتییان کرد
بەڵام ڕوو ڕەشی زۆری لە دوایە
ئەگەر دەتوێ بە ڕووی سوور بمرێ
ڕوو لە قورئان کە ژیان لەوێدایە
خوایە هەر کەسێک دۆستی قورئانە

سەر بەرزی بکە تا لە ژیاندایە
لە ڕۆژی دوایش نەجاتی بدەی
کە کەس بۆ کەسی، چی لە دەس نایە
یاخوا هەر کەسێک دژی قورئانە
پۆتی بشکێنی هەتا هەتایە.
ڕانیە ٢٠٢٠/١١/١٦

٢٧٦-بۆ دەمکوژی؟
کوشتنی گەنجی خۆپیشاندەر
بە بۆنەی کوشتنی ١٠ گەنجی بێنازەوە نووسراوە لە ٢٠٢٠/١٢/١٠ لە سەیدسادق و چەمچەماڵ و کفری و کەلار و تەکیە و ڕانیە و قەڵادزێ و کۆیە کە بە ناحەق کوژران.
بۆچی دەمکوژی زالم و غەددار
بۆچی دەمکوژی پیاوی ستەمکار
خۆم من لە تاوی ئێش و ئازارم
هاتوومە جادده و لە خۆم بێزارم
دەرمانم دەوێ بۆ پیرە دایە
نازانێ باخەڵ چەندەی تێدایە
هەژدە ساڵ خوێندم بە کوێرەوەری
هەر ڕۆژ لە شوێنێک بە دەربەدەری
ویستم وەربگرم ڕەنج و ماندووبوون
کەچی نەمزانی سەرم تێدا چوون
ویستم وەرنەگرم پارە لە بابم
کە چەندین ساڵە دەبنە کەبابم
بەڵام پاداشت و ماندووبوونی من
لەشم بە خوێن و مێشکم بوو ئەنجن

نەمزانی بە دەست هاوزمانی خۆم
من دەکوژرێم و ئاوا ڕەنجەڕۆم
ئۆباڵی خوێن و مێشکی پڕ ژاوم
لە ئەستۆتان بێ گەرچی فەوتاوم.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١٠
٢٧٧-پێڵاوەکەت داکەنە:
بۆ ئەو کەسانەی کە پێڵاوەکانیان داناخەن و دەیخەنە سەر تەختەی بۆیاغچییەکانی پێڵاو!!؟؟
پێڵاو داکەنە بەس لووت بەرزی
دوای چەند ساڵێ تر دەچیە ناو ئەرزی
هەموو لە ئادەم، ئادەم لە تەڵە
دڵ ئەو دڵەیە، کە بۆ خوا دڵە
فیز و تەکەبوور ئیشی زالمانە
کوا خۆرەوشتی موسوڵمانانە
خاکی و خەڵکی بە، سادە و ساکاری
ڕۆژێک نامێنی، وەک گیای بەهاری
کە چەند جار دەڵێی اللە اکبر
نابێ روح زل بێ مرۆڤ و بەشەر.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١٥

٢٧٨-لەسەر زمانی مامە ڕیشە
گەر دەمزانی دەنگ دەگۆڕێ و
ڕەنگیش هەر ڕەنگی جارانە
گەر دەمزانی زستان سەختە و
کریوە و بەفر و بارانە
گەر دەمزانی جاش و خائین

برا گەورە و لە مەیدانە

گەر دەمزانی حیزبایەتییە و

کوردیش هەروا ماڵ وێرانە

گەر دەمزانی خوێن و خەبات

میوانی سەر زبڵدانە

گەر دەمزانی گوللەی گەرم

مەدالیای سنگی لاوانە

منیش کەپ و بێ دەنگ دەبووم

یان دەچوومە قومارخانە

بەڵام ووتیم با من بڕۆم

دوای من دەوڵەت کوردستانە

سەد حەیف و هەزار مخابن

لە خەو دیتم ئەو قەیرانە

لە خەوندا پێیان و وتم

سەردەمی ئاغا و سەپانە.

ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١٢

٢٧٩-بۆ وەفادارەکان

چۆن هاوەڵت بووم کاتی زیندوویی

ئاواش تۆم دەوێ کاتی مردوویی

ناکرێ تۆم بوێ بۆ جێگای نەرم

یان لە سەر سفرە بۆ پاروی گەرم

ناکرێ تۆم بوێ بۆ پارە و دینار

بەڵام جێت بێڵم کاتێک بووی هەژار

ناکرێ ماستاو کەم کاتێک بەرپرسی

لە دەورت بسووڕێم کە لە سەر کورسی

بەڵام کە کەوتی و سەردەمت نەما
بڵێم ناتناسم و تۆم لە لا کەمە
نەفرەت لە پیاو و ژنی بێ وەفا
کە بۆت دەبێتە ئازار و جەفا.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١٣
٢٨٠-کاتی بینینی بولبولێک نووسیم
کەسێک سەرنج دا لە ڕەنگ و شێوەت
تووشی شۆک دەبێ لەم جوانییەی پێوەت
بیر دەکاتەوە لە دروستکەری
لە بەری پێوە تا تووکی سەری
ئەم هەموو ڕەنگ و جوانی و نیگارە
نەخشە و دەستکردی پەروەردگارە.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١٣
٢٨١-لەسەر زمانی دایکێک
ڕۆڵە من بۆ تۆ زەحمەتم کێشا
بۆ تۆ ماندوو بوو بیر و ئەندێشە
ڕۆژ تا ئێوارە، شەو تا بەیانی
لێم حەرام بوو بوو لێفە و بەتانی
شەو دادەنیشتم لە تەنیشت لانکە
باوەشێنت بووم هەر وەکو پانکە
قەت نەدەخەوتم بە شەوی زستان
سەرمای لێی دەدام بە بەفر و باران
من هەڵم گرتی ماوەی نۆ مانگان
تا لەدایک بووی هاتە گوێت بانگان
بیست و چوار مانگیش من شیرم پێ دای

من ماندوو دەبووم تۆ لە ناو جێ دای
هەتا بیست ساڵی خزمەتم کردی
کچی خەڵکی هات زوو بۆ خۆی بردی
خزمەتم کردی زستان و هاوین
من و تۆ بۆ یەک وەک برۆ و چاوین
چاوەڕوانت بووم چاکەم دەیەوە
جارێ نا جارێ سەرم کەیەوە
مەگەر خوای گەورە لە من زیاتر
نەیەوێ کە تۆ بچیە ناو ئاگر
سۆزی من بۆ تۆ وەک دەریایە
چەندی هەڵێنجی کۆتایی نییە.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/١

٢٨٢-بۆ ڕەوزەی شەریف:
ڕۆحم قوربانی ڕەوزە و ماڵەکەت
سەرم سوژدە با لە بەرماڵەکەت
ببمە پاسەوان ڕەوزەی شەریفت
بێم گەسک بدەم جێگای زەریفت
شانازییە بۆ من لە دنیا و لە گۆڕ
هەر کەس دوات کەوێ نەگۆڕە و نەدۆڕ
ناڵێم: گشت ساڵێ، خۆزگە گشت ساتێ
بێمە خزمەتت و دەستم بتگاتێ.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/٥
٢٨٣-بۆ پشتیوان خورخورەیی کە گەنجێک بوو لە لوبنان مرد
لە دایک بووم

لە کوردستان

سەرم هەڵگرت

بەرەو لوبنان

بۆ پاروویەک نان

من نەمزانی

لە هەر جی بم

مەرگ و مردن

دەبنە میوان

بە غەریبی، بە بێ کەسی

وا هاتمە لات

هۆ خوایە گیان

تۆش ئەمر کە

ڕێزم بگرن

فریشتەکان

پێیان فەرموو

گەنجی کوردە

خێر نەدیوە

زۆر ماڵوێران

ڕزگارم بوو

لە سەختی ڕێ

لە ئاو خنکان

من نەمزانی

لە هەندەران

بەجێ دێڵم

خێزانێک و

دوو کۆرپەی جوان.
ڕانیە ٢٠٢٠/١٢/٢٧

٢٨٤-سەردانی گۆڕ

تۆ بە زیندوویی بکێشە نازم
هەتا نەمردووم ببە هاوڕازم
کە نەخۆش کەوتم وەرە دیدارِم
سەریەکم لێ بدە و وەرە هەوارم
هاوکاریم بکە بۆ نەخۆشخانە
بۆم پەیدا بکە دەرزی و دەرمانە
دەست بارم بگرە کاتی لێ قەومان
وەرە سەردانم بۆ ژووری زیندان
بگەرە فریام کاتی ئازارم
ببە کەفیلم کاتێک قەرزارم
یارمەتیم بدە کە ستەمم لێکرا
وەرە بەهانام کە مافم خووڕا
من دوای مردنم بۆ چیمە سەردان
دێی دادەنیشی لە سەر گۆڕستان
چلەم بۆ دەکەی بە شین و ڕۆڕۆ
خەڵک جەم دەکەی گەرمای نیوەڕۆ
کێلم بۆ دەکەی لە بەردی مەڕمەڕ
دژی بەرنامەی خوداو پێغەمبەر
شیعر دەنووسی لە سەر قەبرەکەم
بۆ لێم تووڕە بووی پێشی مەرگەکەم
نان دروست دەکەی لە دوای مردنم

نەهاتی کاتی خانوو کردنم
گوڵی پلاستیک دێنی بە دیاری
سۆزت بۆم نەبوو کاتی قەرزاری.
ڕانیە ٢٠٢١/١/٢٥

٢٨٥-بۆ فرۆشیاری سەر شەقام:
بۆ ژن و پیاوێک نووسراوە کە لە سەر شەقام شتیان دەفرۆشت
فرمێسکی تۆ و شەرەفی تۆ
دەبنە میسک و دەبنە شەوبۆ
ئارەقی تۆ و، سر بوونی تۆ
دانیشتنتان لە سەر ئەژنۆ
ڕوو سووری لای خەڵکی دنیا و
سەرفرازی ڕۆژی ڕۆڕۆ
بە دەست پاکی و بە قەناعەت
نەک موحتاج بن بۆ نان و دۆ
سەرتان بەرز، بە کەرامەت
وەکو هەڵگورد، وەکو بەمۆ.
ڕانیە ٢٠٢١/٢/٢
٢٨٦-هەڵوێست
کاتێک ئیبراهیم خرایە ئاگر
دەوریان دابوو مرۆڤ بارهەڵگر
خەڵک جەم بوو بوون لە هەموو ڕەنگێک
دەهاتە بن گوێ لە هەموو دەنگێک
لێی کۆبوونەوە لە زەوی و ئاسمان
لە گیانلەبەر و پۆلی باڵندان

داریان دەهێنا چینی بێ باوەڕ
دژی دەوەستان خەڵکی هەڵەوەر
هەرچی خێرخواز بوو فرمێسکی باراند
لە سەر لێوەکان خۆشی دە تاراند
پەڕەسێلکەیەک کە کەوتە گریان
لە چاوەکانی فرمێسک دەوەران
دەنووکی خستە ناو کانییە ئاوێ
بە گور و تین و زۆریشی بە تاوێ
وتیان: چی ئەکەی هۆ بەستەزمان
ئەو دڵۆپە ئاوە دەخەیتە بن زمان
وتی: ئەیکەمە سەر ئەو ئاگرە
ئەتکوژێنمەوە خۆم بۆ ڕاگرە
وتیان: ئەو ئاگرە چەند زەبەلاحە
داری دارستان، پووشی فەلاحە
چۆن بە دڵۆپێک ئاوی دەنووکت
دەکوژێتەوە کە لە بن پووکت
وتی: من نواندم هەڵوێستی بەرز
خودا دەیبینێ لە ئاسمان، ئەرز
وا بەجێم هێنا ئەرکی سەر شانم
بەرامبەر زاتی خوای میهرەبانم.
ڕانیە ٢٠٢١/٢/١
٢٨٧-بۆ ڕۆحی تۆ
لە ڕانیەوە تا مەدینە
برسیم بۆ دیداری گەرمت
حەز ئەکەم کە دەستم بدەم

لە دوو دەست و پەنجەی نەرمت
زۆر تامەزرۆم کە بشکێنم
تینوایەتی سەخت و تیرم
دێم دەکەوم لە بەر دەرگات
تۆ دەوڵەمەند، من فەقیرم
لە ناو هەموو ئەم جیهانە
من تەنها تۆم هەڵبژاردووە
دڵنیام کە ئەمینداری
بۆیە خۆم بە تۆ سپاردووە.
ڕانیە ٢٠٢١/١/٣١

٢٨٨-گەندەڵی

بە جوتێ کڵاش
دەکرێ بە فەڕاش
بە قاتێ بوزوو
دەبیە پلە دوو
بە گۆشتی ماسی
تۆ پیاوی خاسی
بە قەل و قازی
مەسئول لێت ڕازی
بە پێستێ پەنیر
تۆ جێگر وەزیر
بە هەزار گوێز
تۆ خاوەن ڕێز.
ڕانیە ٢٠٢١/١/٢٥

٢٨٩-درۆ دەکەن

دوو ڕوویی ئەوروپا
خۆیان خولقاندیان جەنگی جیهانی
بە سەرپەرشتی و خوگەی شەیتانی
بە سەدان ملیۆن مرۆڤیان کوشتووە
وەکو لافاو خوێنیان ڕشتووە
هەزاران وڵاتیان تەفروتوونا کرد
هیوا و ئاواتیان هەموو بە با برد
جەرگی ملیۆنان دایکانیان سووتاند
بە سەدان هەزار منداڵیان برژاند
هەزاران شار و گوندیان خاپوور کرد
نەوت و سامانیان گشت بە تاڵان برد
خانوویان ڕووخاند، خێمەیان هەڵدا
ئاواتی خەڵکیان بردە خەڵوەتگا
خوێندنیان فەوتاند، مێژوو داوەشا
بیر و ئەندێشە و خێزان هەڵوەشا
منداڵان کەوتوون لە قوڕ و چڵپاو
لە ژێر خێمەدا و زەڵکاو و لیتاد
کافر بێ ڕەحمە و زۆر بێ ویژدانە
لەسەر بەرنامە و نەخشەی شەیتانە
لایان گرنگ نییە لە کۆن و تازە
خۆیان دایدەنێن ویست و ئەندازە
بۆ بەرژەوەندی و بۆ نەوت و پارە
بۆردومان دەکەن، بە تۆپ، تەیارە
هەزاران ساڵە هەر چاو و ڕاوە
بە ناوی ئاشتی خەڵک فەوتاوە.

ڕانیە ٢٠٢١/١/٢٢

٢٩٠-خۆزگە

خۆزگە هەر کەسێک ناخی پیس دەبوو
وەک باخی بێ ئاو هەمیشە سیس دەبوو
خۆزگە هەر کەسێک کە دوو ڕوو دەبوو
ڕیسوای دوو دنیا و بێ ئەبڕوو دەبوو
خۆزگە هەر کەسێک دژی دین دەبوو
هەر لەم دنیایە بە بێ ژین دەبوو
خۆزگە هەر کەسێک ماستاوچی دەبوو
وەک گۆشتی ڕاوی بۆ ڕاوچی دەبوو
خۆزگە هەر کەسێک درۆزن دەبوو
ڕەنگ و ڕوخساری وەک بزن دەبوو.

ڕانیە ٢٠٢١/٢/١٤

٢٩١-داواکاری

داواکاریم لە دۆستان و ئازیزان و خۆشەویستانم دوای مردنم
گەر ڕۆژێک مردم توخوا ئازیزان
دوعام بۆ بکەن یاران، عەزیزان
نەچێ لە بیرتان ڕۆژێک من هەبووم
بەڵام و ئێستا لە دنیا دەرچووم
دەستم بڕاوە لە چاکە و ئیحسان
تاکە پەنامە خودای میهرەبان
بەڵام دڵنیام دوعا و نزاتان
بۆ من بە سوودە و وەرگرن جەزاتان
تاوانم زۆرە و بێ ئاگا و بێ هۆش
فەرمانی خودام زۆر کرد فەرامۆش

بەجێم نەهێنا ئەرکی سەر شانم

ئێستا دەزانم زۆرە تاوانم

داوام لێتانە هەم ژن و هەم پیاو

لە بیرم نەکەن، هەم پیر و هەم لاو.

ڕانیە ٢٠٢١/٢/١٥

٢٩٢-گەشامەوە

بەرواری ٢٠٢١/٢/١٢ دوو برای خۆشەویستم کاک هێمن دەربەندیخانی و کاک مەلا پشتیوان هەڵبجەیی هاتنە سەردانم بۆ ڕانیە ئەم هۆنراوەیەم نووسی

یاخوا بە خێر بێن نووری چاوانم

ئێوە خانە خوێ و منیش میوانم

هاتن و سەردان بۆ ڕەزای خوا بێ

دەبێ بەهەشتی خۆشی لە دوا بێ

گەر بۆ خاتری خوا کەست خۆش بوێ

دەبێ لەزەتی دینت بەرکەوێ.

ڕانیە ٢٠٢١/٢/١٢

٢٩٣-بەرگری لە ژنی کورد

(وەڵامێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن شەرمە ئافرەت لە چێشتخانە بێت)

یاخوا ریسوا بێ، شەرمەزاری شار

ئەوەی لەئاست تۆ دەکاتەوە زار

ئافرەتی کورد بوو شۆڕشی پێگەیاند

مامۆستاو زاناو دانای تێگەیاند

ژنی کورد لادێ و دێهاتی هەژاند

ژنی کورد ڕەزو باخی دامەزراند

ژنی کورد ئاژەڵی چۆن بەخێو دەکرد

گەنم و جەو و نانی چۆن دێناو دەبرد

پیاوی دەڵاواند، میوان نەواز بوو

بۆ کوڕو کچی جێی ڕازو نیاز بوو

بەحەیاو شەرم بەسام و هەیبەت

بەجل و بەرگی جوانی شەریعەت

بەکەسایەتی و بەقورس و سەنگین

لەسەر دینەکەی ڕەبالعالمین

نەک وەک ئێستا بوو کە شوشولە

نرخی دابەزی وەک کۆژەلە.

(ڕانیە 2021/2/12)

٢٩٤-خودا تەماشای ناوەڕۆک دەکا نەک ناو

(قال رسول الله –صلى الله عليه وسلم- إن الله ينظر إلى صوركم ولا إلى أجسامكم ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم)

خوا سەیر ناکات

بۆ وێنەو ڕوخسار

بەڵکو دەپێوێ

کردارو ڕەفتار

خوا سەیر ناکات

بۆ قەدو لەشە

کاری ڕیاییش

هەمووی بەلاشە

خوا سەیر دەکا

بۆ دل و دەروون

نەک بۆ دەشتێک

بێ بەر و بێ ڕوون.

(ڕانیە 2021/2/19)

٢٩٥-بۆ کاری خێرخوازی

هەتا بمێنێ ڕۆحمان لەلەشە

خێر خوازی لامان فری و بەلاشە

پاداشتمان ناوێ لەگچکەو گەورە

چونکە ئەم ژینە بەنۆرەو دەووڕە

قەبرو قیامەتیش زەخیرەی دەوێ

بەچاکەی ڕۆژێک و بەسوجدەی شەوێ

شانازی دەکەین کە خزمەتکارین

پردو ڕێبواری ڕێگای هەژارین.

(ڕانیە 2021/2/12)

٢٩٦-دەرگای تۆ دانەخرێ

دەرگای ڕەحمەتی خودا کراوە

بەشەو و بەڕۆژ وا لەبەر چاوە

گەر دەرگای پاشاو سەرۆک دادەخرێ

بەس دەرگای خودا پەنای پێ دەبڕێ

نا ئومێد نەبی بەگوناهو تاوان

دەڕوا بەتەوبەو فرمێسکی چاوان

وەک کەفی دەریاب گوناهت زۆر بێ

بەنهێنی بێ و یان لەبەر خۆر بێ

بەڕاست وەگەڕێی بۆ ڕێبازی دین

بەپاکیی بیگری دنیات و ژین

جا لێت خۆش دەبێ خوای پەروەردگار

رزگارت دەکا لەئازاری نار

شەو و ڕۆژ دەرگای خوا لەسەر پشتە
ڕێگای ئەم دینە تەختایی و دەشتە.
(ڕانیە 2021/2/8)
٢٩٧-عەرەق خواردنەوە
قەت عەرەق نەخۆی پیشەی شەیتانە
دیارە شەیتانیش خۆی ماڵ وێرانە
بەدەقی جوانی ئایەتی قورئان
پیاوی مەشروب خۆر زۆر سەرگەردانە
عەرەق خواردنەوە بەزمی قدیمەو
مۆدی بەسەر چووەو لەدێر زەمانە
گەورەترین شت خوا دای بەبەشەر
عەقڵ و ژیرییەو هۆش و ویژدانە
ئەم دونیا گەورەی بەڕێوە دەچێ
بەرهەمی عەقڵ و بیری ئاسمانە
جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ
عەقڵ و ژیرییەو دین و ئیمانە
زۆر جار کەسانی دڵ ڕەق و نەزان
زۆر ڕائەبوێرن بە ئەو شێتانە
دیارە ئەوانیش بێ دەسەڵاتن
لەدەستیان داوە، ئەو هۆشە جوانە
بەڵام خۆ کابرای ساغ و سەلامەت
خۆی گاڵتە جاری ناو منالانە
خۆی سەرخۆش ئەکاو پێی ڕائەبوێرن
شەو و ڕۆژ کەوتووی سەر جاددەکانە
هەم ژینی دەڕوا هەم دینی دەڕوا

ریسوای لای خوداو خەڵک و کۆڵانە

بێ ئیمان دەمرێ، یاخود دەکوژرێ

یاخود پیر دەبێ لەناو زیندانە.

(ڕانیە 2021/2/6)

٢٩٨-زیندانی ناحەق

(پێشکەشە بەگیانی پاکی ئەو مرۆڤە بێتاوانانەی کە بەناحەق لەزیندانەکاندا پیر بوون و مردن)

بۆچی دەمگری و ئازارم دەدەی

بۆچی دەمکوژی و ژێر خاکم دەکەی

بۆچی پیرببم لەناو زیندانا

بۆچی بێبەش بم لەخۆشی ژیانا

بۆ ماڵ و منالم چاوەڕوانم بێ

بۆ کەس و کارم سەرگەردانم بێ

بۆ دەبێ وەک تۆ بیربکەمەوە

بۆ دەبێ بچم بەدەم خەمەوە

بۆ دەبێ کاتی لاوی و جوانیم

هەر بڵێیم ئەمن دیل و زیندانیم

بۆچی شوێنی تۆ کۆشک و تەلار بێ

بۆچی بەشی من فەللاقەو دار بێ

بۆچی خەوی تۆ لەسەر سیسەم بێ

بۆ دەبێ ژووری من جەهەننەم بێ

بۆ منالی تۆ بچێتە سەیران

بۆ منالی من مات و ماڵ وێران

بۆ خێزانی تۆ لەپرخەی خەو بێ

بۆ خێزانی من دایم بێ جەو بێ

خۆ منیش وەک تۆ حەزم لەژیانە

حەزم لەپیاسەو خۆشی و گەڕانە
منیش وەک تۆ حەزم لەخەوێ
بۆ ئازارم دەنی لەم نیوە شەوێ
بۆچی سپی کەم مووی ڕەش لەزیندان
بۆچی لێم بدەن جەللادو بێویژدان
هەر چونکە وەک تۆ بیرناکەمەوە
شاهیدی ناحەق زۆر نادەمەوە
بۆیە دەفەرموێ: پێغەمبەر گیان
جەللاد نابینێ بەهەشت و ژیان.
(ڕانیە 2021/3/13)
٢٩٩-زانای خراپ
گەرت باری کتێب نرابێ لەکەر
وەکو درەختێ وایە بەبێ بەر
یان گەر زانا بێ و ئەرکی نەزانێ
جیاوازی چییە لەکەرو بەشەر.
(ڕانیە 2021/3/13)

٣٠٠گەش بینی
چەند گەندەڵ بێ و بێ سەروبەری
چەندی بچێژم من دەربەدەی
چەندی بێ ناز بێ خاک و وڵاتم
بەفیرۆ بروا ڕەنج و خەباتم
چەندی گێژاو بێ ڕێی دوورو درێژم
چەند لەپێشم بێ هەورازو لێژم
ڕۆژێک دەچێنم تۆوی دەست پاکی

دەبێ بێتە دەر لەخاکی چاکی

دەبێ وەحەسێ ڕۆڵەو ئەولادم

دەبێ ئازاد بێ گەل و نەژادم

ناکرێ شەست ملیۆن دیل و ژێر دەست بێ

دەبێ ڕۆژێک بێ تەواو سەربەست بێ

هەر کەس بۆ خاک و خەڵکی دڵسۆز بێ

دەبێ وەکۆ مۆم سوتاوی هۆز بێ.

(ڕانیە 2021/3/10)

٣٠١-کەناتوانن؟

(بۆ باپیرە گەورە سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی - ڕەحمەتی خوای لێ بێ)

هێندە بەرزی

سەر شۆڕەکان

چاک ناتبینن

هێند ڕووناکی

شەمشەمەکان

لێت بەقینن

هێندە ساردی

هاوین کەیفی

بە تۆ نایە

هێندە سافی

دز لەلای تۆ

بێ سەودایە

هێندە زانای

نەزان چاوی

پێت هەڵنایە

هێنده دانای

پیاوی حەکیم

پێت ئاشنایە

ناحەقیان نییە

پێت ئەوەڕن

سەگ بۆیە

لەبەر دەرگایە

گەر بەلەکی

ڕێبوار نەگرێ

شوێن و جێگای

سەر ڕێگایە.

(ڕانیە 2021/3/25)

٣٠٢-بۆ ڕەمەزان

یاخوا بەخێر بێی مانگی خودایی

مانگی تێکەڵاو، دوور لەتەنهایی

مانگی خوا ناسین زەخیرەو توێشو

مانگی تەراویح بەتەنیاو هەموو

مانگی خوێندنی قورئانی پیرۆز

مانگی دوعایان بەکوڵ و بەسۆز

مانگی شەو نوێژ لەبەری بەیان

مانگی زەکات و ڕەحم و بەزەییان

مانگی بژاری ناو دل و دەروون

مانگی تەوبەیەو دەرچوون لەزەبوون

مانگی هاوکاری و دەسبار بۆ گرتن

ڕۆژوو قەڵغانە بۆ کاتی مردن

مانگی وەرینی گوناهو تاوان
مانگی ڕشتنی فرمێسکی چاوان
مانگی کردنەوەی دەرگای بەهەشتان
مانگی داخستنی دۆزەخ لەگشتان
مانگی کەلەبچەی شەیتان و دوو ڕوو
مانگی وازهێنان لەخەراپەی خوو
هەر کەس نەیتگرێ زۆر پەشیمانە
لەدەست دەرچوونی ڕوکنی ئیمانە.
(ڕانیە 2021/4/13)
٣٠٣-بۆ مامۆستاکەم
(مامۆستا مەلا حسێن سۆفیانی - خودا بیپارێزێ)
لەدوای فەزلی خواو کەرەمی ئەوێ
قەرزداری تۆم بەڕۆژوو شەوێ
ئەگەر زەحمەتی ئێوە نەبوایە
سود مەند نەدەبووین ئا لەم دنیایە
مامۆستا وەک مۆم بۆت دەتوێتەوە
خۆی خەلاس دەبێ و تۆ بژیتەوە.
(ڕانیە 2021/5/15)
٣٠٤-دایڕانی باوکێک و چوار کچ
(بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکەوە نووسیم کە دوا خۆی چوار کچی جێهێشت)
وا ڕەمەزان ڕۆیشت جەژن هاتەوە
خۆشی لەئێمە دوور دەکاتەوە
ئێمە لەماڵ و بابە لەدەوام
چاوەڕێی جەژن بەخۆشی و بەتام
بابە چاوەڕێین بگەڕێتەوە

بێتە ماڵەوەو بحەسێتەوە
ڕۆژی پێش جەژن بچین بۆ بازاڕ
زەحمەت بکێشی و دووربی لەئازار
شتمان بۆ بکڕی و دڵمان بکەی خۆش
پێمان ببەخشی پشو فەرامۆش
نازانین بابە تۆ لەڕێگای دوور
بۆمان دێیتەوە بەرگی بەخوێن بەسوور
بابە کێ ئێمە ببا بۆ دوکان
بۆمان هەڵگرێ لەعابەو بوکان
بەڵام لەجیاتی خەندەو پێکەنین
فرمێسکی چاومان هاتووەتە وەرین
خەون و خەیاڵمان ڕۆی بەهەوادا
ئاواتەکانمان هەمووی بە بادا
لەجیات جەژنانە شین و ڕۆڕۆیە
دابڕانی ئێمە لەچاوی تۆیە
چرای ماڵی مە چۆن کوژایەوە
هیوای و ئاواتمان چۆن پوکایەوە
جەگیان سوتاندین هەتا هەتایە
تڵۆپی ماڵمان ڕووناکی نایە
بۆیە بابە گیان دەڵێین: خوا حافیز
لێمان دابڕای تۆی گیان و ئازیز.
(ڕانیە 2021/5/13)
٣٠٥-خوات لەگەڵ:
وا کۆتایی هات مانگی ڕەمەزان
مانگی تاعات و خوێندنی قورئان

مانگی تەراویح، مانگی شەو نوێژ

بەشەوی کورت و بەڕۆژی درێژ

مانگی بەخشین و سەدەقەو زەکات

مانگی پیاوەتی و غیرەت و نەجات

مانگی چەژنانەو خۆشی و تەبایی

مانگی ئیخلاس و مل کەچی خودایی

خوایە چی کردمان لەکاری چاکە

لەپەرستن و بەنیەتی پاکە

لێمان قبوڵ کە ڕەبالعالمین

بێتەوە ڕێمان لەڕۆژی یەقین

هەرچی کردوومان بە هەڵەو تاوان

نەبینینەوە بەهەردوو چاوان

خوا حافیزت بێ مانگی ئازیزم

لێمان ڕازی بێ و نەڵێی من زیزم.

(ڕانیە 2021/5/12)

٣-٦-نابەزم

(ئەم شیعرەم بۆ گەنجێک نووسی کە تەنها قاچێکی هەبوو لەسەر ئەو قاچە نوێژی تەراویحی ئەکردن)

کۆڵم پێ نادا نەبوونی ئەندام

بە سەدان هەزار نیعمەتت پێدام

گەر من عاشق بم، دەبێ بوێستم

نەک لەسەر قاچم، ڕێک لەسەر دەستم

کە من ڕێبووار بم، دەبێ نەسرەوم

بەماندوو بوونی ڕێگا نەکەوم

خەڵکان دەبینم عەشقی شەیتانە

ئەو دڵەی منیش شەیدای ڕەحمانە

چونکە لەم ژیانە پێت قەرزدارم

تۆ دەوڵەمەندی و منیش هەژارم

بۆیە هەتا خوێن بگەڕێ لەدڵ

تۆ دەپەرستم تا دێمە ژێر تڵ.

(ڕانیە - ڕەمەزان 2021/4/30)

٣٠٧-بۆ کۆچی گەنجانمان

ئازیزانم بۆ کوێ ئەڕۆن

نیشتمان چاوەڕێتانە

هەرچی ستەم لێکراو هەیە

هیوای و ئومێدی پێتانە

ئێوە تواناو هێزو وزەن

ئەم خاک و خەڵکە جێتانە

هەرچی دزو گەندەڵ هەیە

رقی دنیای وا لێتانە

مەڕۆن دڵم، ئێوەی گوڵم

هەستی ناسک هاوڕێتانە

ئێوەی بێ ناز، گیرفان بەتاڵ

ڕێی هەندەران لە ڕێتانتە

ڕێگای دوورو ژیری دەریا

زانکۆیەو خوێندنگاتانە

سەر هەڵگرتن، ئاوارە بوون

کودەتایە، لەدژتانە.

(ڕانیە 2021/6/3)

٣٠٨-بۆ ڕۆژای برسیەتی

(بـۆ ئەو ڕۆژانەی کە خەڵـک لەدوای دراسـەوە ئەڕۆیشـتن و گـوڵە گەنمەیـان کـۆ ئەکـردەوە لەکوردستانی باشوور)

لەبیرمان نەچن ڕۆژانی سەخت

بۆ هەندێک هەوراز بۆ هەندێک تەخت

ئەو هەموو نازو نیعمەتەی باوە

کە خودای گەورە بۆمەی داناوە

لەئاسمان باران، ڕزق دەباری

بێ جیاوازی، لە لادێ و شاری

لەزەوی خواردن و پێخۆر دەردێنی

بەهەزار ڕەنگ و جۆر دەی نەخشێنی

خودا دەیبەخشێ بەچاک و خراپ

تامی تێدەکا هەروەکو کەباب

بەڵام دەوڵەت و پیاوی ستەمکار

ئەم دونیا خۆشە پر دەکەن لەنار

ئەمە کەوێنەی کاتی نەبوونە

لەبەر چاوانە ئاشکراو ڕوونە.

(ڕانیە 2021/6/2)

٣٠٩-بۆ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەلی مەرگەیی:

زانا لەجێگای پێغەمبەرانە

زانا هەموو کات مەردی مەیدانە

زانا نازانێ پاڵدان و پشو

زانا خەمخۆرە بۆ زیندو و مردوو

ئەو ڕەژەی نەبوو زانکۆ و پەیمانگا

مەلا زانا بوون لەهەموو جێگا

مامۆستای زاناو داناو بەهەڵوێست

ناوەکەی جوانەو پڕاو پڕی پێست
کۆچی زانایەک کوستەو دەگەوێ
بۆ پلەی زانا کەس سەرناکەوێ
بەڵام زانایی باوەڕەو ڕەفتار
هەر وەکو میوەو سێبەرە بۆ دار.
(ڕانیە 2021/5/25)

٣١٠-بگەرە فریام
هەتاکو زیندووم بگەرە فریام
ئەتۆم بۆ چییە کاتێک کە تەنیام
گوڵی بۆنداری بێنە بۆ ماڵم
گوڵی پلاستیک چییە بۆ حاڵم.
(/5/202125)

٣١١-بۆ غەزەی فەلەستین
بەداخەوە لە فەلەستین
ژن و پیاو و بەچکە وەرین
کە جولەکەی پیس و نەگرێس
چەند دوژمنن، دڵ پڕ لەقین
لەکۆتایی ڕەمەزان و
لەشەوانی جەژنی شیرین
بۆمب و موشەک بەهەزاران
بەسەر خەڵکی غەزە تەقین
خانوو ڕووخان، ئاوارەیی
لێک داپران، جەرگ تەزین
شین و ڕۆڕۆ، لافاوی خوێن
ڕیزە فرمێسک، دڵی حەزین

لەم لاشەوە خەڵکی نەفام

دژی ئیسلام خۆشی دەربڕین

ئەهلی نوێژو ئەهلی مزگەوت

لایەنگری دوژمنی دین

دۆستی زالم، دۆستی کافەر

ڕاوەستاوە دژی موئمین

بەیک وشە گومڕا دەبێ و

خۆی دەخاتە ڕێی کافیرین

کێت خۆش بوێ لەم دنیادا

حەشرت دەکرێ لەگەڵ ئەوین

لەقیامەتیش دادت نادا

کردەوەکەت دێتە بینین

نەفرەت لەستەم، لەستەمکار

لەهەر زەمان، لەهەر زەمین.

(2021/5/20 - بۆ بۆردومانی غەززە نووسراوە کە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی 2021 بۆردومانکرا)

٣١٢-مردن و قەبرو ئەنجام

وای چەند گرانە مردن و قەبر

بەخۆشی ناچی، بەزۆری و جەبر

لەم دونیا ڕوونە بۆ قەبری تاریک

لەم پان و پووریيە بۆ ڕێگای باریک

لەم خانوو بەرەو کۆشک و تەلارە

بۆ ناو گۆڕێکی دووپشک و مارە

بەبێ باوک و دایک، بەبێ خوشک و برا

بەبێ کارەباو بێ ڕووناکی چرا

بەبێ دەسەڵات، بەبێ پاسەوان
بەبێ فڕۆفێڵ، بێ ماڵ و سامان
بێ پڕوانامە، بێ کتێبخانە
بەبێ مەکتەب و، بێ نەخۆشخانە
بەتاقی تەنیاو بەبێ حکومەت
دووری لە حزب و دووری لەحورمەت
ئەوەی کە هەیبێ قیمەت و دەور
عەقیدەی پاکەو دووڕە لەجەور
بەدوا کەوتنی خوداو پێغەمبەر
دوور کەوتنەوەیە لەدینی بەشەر
تەنها ڕازی بوون بەخوایەتی خوا
باوەڕهێنانێش بە ڕەسوڵ اللە
بەدوا کەوتنی ئیسلام و قورئان
بەدەستوری وان بەسەر بەری ژیان
پێغەمبەری خوا بکەیتی ڕابەر
بە تەنها ئەویش بکەی بەسەر وەر
بەڕاستی بیگری ڕێی دین و تەوبە
نەک بۆ هەموو کەس ببێ بەسۆبە
نەک هەر ڕۆژ بژی لەسەر ڕێگایەک
یەکلا نەبیەوە بۆ سەر جێگایەک
هەرچی کردووتە بەتەمەنی خۆت
هەروەکو سفرە دایدەنێن لەبۆت
پەنامان بدەی خودای میهرەبان
هەڵ نەخەڵەتێین بەفێڵی شەیتان.
(ڕانیە 2021/6/8)

٣١٣-بۆ زانای گەورەی کوردستان

(بۆ توێژەرەوەی قورئان، مامۆستا مەلا عوسمان)

بە سەدان و بەهەزاران – بەملیۆن و بەملیاران

وەک هەورو لێزمەی بەهاران – سلاوت لێ بێ وەک جاران

مێزەرت سپی و بێ گەرد بوو – لەگەڵ قورئان ڕەنگت زەرد بوو

میرات گری پێغەمبەر بووی – بۆ بێ دینان وەک خەنجەر بووی

بۆ شەو نوێژ بەخەبەر بووی – بۆ دین و دونیا ڕابەر بووی

سڵاوی خودای میهرەبان – بۆ سەر ڕۆحت بەبێ وچان

مامۆستای (حافظ القران) – شواني ڕابوونی کوردستان.

(ڕانیە 2021/6/16)

٣١٤-خوایە گیان

هەر چەنی هەمت بێ گوناهو تاوان

بۆم دەشواتەوە فرمێسکی چاوان

ئەو کاتەی دەرگای خەڵکی دادەخرێت

دەرگای سۆزی خوا پەنای پێ ئەبڕێت

گوناهەم وەک کەفی دەریابن

هێشتا ئەوەندەی سۆزی تۆ نابن

ئەو کاتەی خەڵکی دەچێتە خەوێ

دڵی شێتی من تەنها تۆی دەوێ

چۆن منال دەگری بۆ بابەو دایە

منیش بەبێ تۆ هەناسەم نایە

پێش لەدایک بوون تا هاتنە دونیا

تەنها تۆم دەوێ بەتاقی تەنیا

چی خودای ساختە وا لەم دنیایە

کانگای درۆن و چیان لەدەست نایە

کاتێک کە ئەڵێم (الله الصمد)

جێگای نیازم تۆی هەتاکو ئەبەد

تینوێتیم ئەشکێ و دەبم فەرامۆش

خۆشەویستی تۆ دەمکاتە سەرخۆش

گەیشتن بەلیقات بەچاوان دووڕە

بەڵام لەگەڵ دڵ وەک هاوسنووڕە.

(ڕانیە 2021/6/18)

٣١٥-بۆ کاک ئەحمەد سەردی هاوڕێی باوکم

(لەڕۆژی باوکاندا)

لەڕۆژانی سەخت نەک کاتی شادی

هاوڕێی باوکم بووی هەر بەتەنهایی

لەکاتی جەنگ و مان و نەماندا

لەشەڕە گوللەو ساتی فەوتاندا

پشتت بەرنەداو هاوسەنگەری بووی

لە نزیکەوە لەپشت سەری بووی

بەڕاست سەلماندت کوڕی تەنگانەی

برای دڵسۆز بووی نەوەک بێگانەی

بەڵام نەیتوانی چاکەت داتەوە

دەرگای حورمەتت بۆ بکاتەوە

نەخۆشی نەیهێشت بتگریتە باوەش

لەپشت سەری بێ لەجیاتی گوڵی گەش

گەر قبوڵم کەیت لەجیاتی بابم

هەتاکو مابم بۆت بەوەفا بم

لەبیرمان نابی پیاوەتی و وەفا

ئێش و ئازارو ناخۆشی و جەفا

داوام لەخوایە جەزات داتەوە
لەناو بەهەشت کۆتان کاتەوە.
(ڕانیە 2021/6/20)
٣١٦-کاتی دیتنی باڵندەیەک کە هێلانەیەکی ڕەنگین و سەرنج ڕاکێشی دروست کردبوو
کارو پڕۆژەت بەڵگۆ دەرێلە
کەسێک نەبینێ ریسواو زەلیلە
لەکام زانکۆیە تەخەروجت کرد
کام کۆمپانیایە بۆ تۆ بوو بە پرد
کام ئەندازیارە نەخشەی بۆ کێشا
کام وەزارەتە بناغەی بۆ دانا
کێ فێری کردی ڕستن و چنین
کێ چاو ساغت بوو بۆ کاتی بڕین
بێجگە لە نەخشەی خوای پەروەردگار
چاودێری کردی بە لەیل و نەهار
لە هەموو شتێک بەڵگەو نیشانە
ئاشکراو ڕوونە خوا خالقمانە.
(ڕانیە 2021/6/29)
٣١٧-پەندو عیبرەت
پەندی وەرگرە کاکی دنیایی
هۆگری دنیای دوور لەخودایی
ئەو هەموو پاشاو کاربەدەستانە
لەپێش تۆ ڕۆیشتن بەرەو جودایی
هەرچی تۆ دەیلێی لەنازو نیعمەت
لەبەر دەستیان بوو بەبێ کۆتایی
لەدەفتەر دۆلار، لەکۆشک و تەلار

لە سوپاو سەرباز، لەبێ ڕەزایی
لەباخ و باخات، لەخۆشی وڵات
لە گەشت و سەیران، لەنارەوایی
لەعەرەق مەشروب، لەئافرەتی ڕووت
لە ڕەقس و لەسەما لەبەرەڵایی
لەزۆڵم و ستەم لەخەڵک کوشتن
لەبێ ڕەوشتی، لەبێ حەیایی
لەدژی دین و لە کوفر کردن
لەبێ ئیمانی و لەدڵ ڕارایی
لە سێدارەدان، ئەشکەنجەو زیندان
بۆ موسوڵمان، لەهەموو لایی
لە ڕازی کردنی گاورو جولەکە
لە ڕۆژ هەڵات و لە ڕۆژ ئاوایی
بەڵام کە قەوماو ڕووخا دەسەڵات
فریا نەکەوت، هێزی فیدایی
دەبا عیبرەت بێ و پەندی لێ وەرگرین
تاوەکو ئەوان نەبین ریسوایی.
(ڕانیە 2021/6/27)
٣١٨-وەڵامێک بۆ ئەوانەی دژی حیجاب و باڵاپۆشین
ئەوەی پێی دەڵێی تونیە خۆڵی ڕەش
لە تۆ پیاوترە بەسەد هەزار بەش
ئەو نەگۆڕاوە، وە نەشدۆڕاوە
خاوەن مەبدەئەو دژی ماستاوە
ئەو بەردەوامە لەسەر کللتوری
وەک تۆ نەیفرۆشتووە دین و سنووری

ئەو داپۆشراوە وەکو ئینسانێ

بێ دەرپێ نییە وەکو حەیوانێ

ئەو تە سلیم نەبووە بە گاورو یەهود

دەستی نەدایە تاڵان و فەرهوود

ئەو موسوڵمانەو هەم کوردی ڕەسەن

وەک تۆ خائین نییە، دەغەڵ و دەبەن

تۆ هیوایەتتە، شەرەف نەبینێ

پیاو لەماڵی خۆی ژن بدۆڕێنێ

قوڕت بەسەری هەتاکو ماوی

ئەوە نابینی بەتێلەی چاوی

چەندە دار خورما دەڕوێ لەقەندیل

ئەوەندەش دەڕوا حیجاب و مەندیل.

(ڕانیە 2021/6/26)

٣١٩-پێشوازی

(کاتی هاتنی کاک هەردی ئەنوەر و کاک ئیدریس لەهەولێرەوە بۆ ڕانیە)

برا هاتنتان هەنگوینەو شەکراو

قسەو گفتارتان وەک گوڵی ئاودراو

بەڵام ڕۆیشتنتان بوو بەکڕێوە

وەکو بەرما تەزی ئەم لێوە.

(ڕانیە 2021/6/23)

٣٢٠-بەگەنجی

(سوپاس بۆ خوای گەورە لە تەمەنی 7 ساڵییەوە چوومە مزگەوت)

بەگەنجی باوەڕم پێ کرد

وتم: گەنجی کوردستانم

بەگەنجی کەوتمە شوێن ئیسلام

وتم: ئیسلامە دەرمانم

بەگەنجی قورئانم وەرگرت

باشترین پەیامی ژیانم

یوسف بەگەنجی پێگەیشت

وەسفی کرد خوای میهرەبانم

حەوت کەس لەسێبەری عەرشن

لەڕۆژی سەختی و پەسڵانم

یەکیان ئەو گەنجە جوانەیە

کە دەگرێ ڕێگای ئیمانم

زۆر گرنگە خۆ ڕاگرتن

بەرامبەر فێڵی شەیتانم

چونکە شەیتان هێرش دەکات

لەڕێی گوناهو تاوانم

هەر گەنجێک کە موسوڵمان بێ

ئەنجامی بەهەشتی جوانم

بەگەنجی ئاگام لەخۆم بێ

بەپیری هەر موسوڵمانم

گەر بەگەنجیش یاخی ببم

بەمردوویی بەستەزمانم

خودایە چی هەڵەی کردم

لەگەنجیدا پەشیمانم.

(ڕانیە 2021/7/9)

٣٢١--ڕانیە

ڕانیە شارەکەی هێزو ڕاپەڕین

بەڵام وا بۆتە جێگای هەڵپەڕین

شاری دڵگیرو نان و میوانی

چەندین ڕۆڵەی تۆ بوونە قوربانی

شاری دینداری و خۆڕەوشتی جوان

شاری مزگەوت و مینبەر و قورئان

شاری خو و خەد و گفت و لفتێ زۆر

لەگەڵ بێگانەو لەگەڵ خزمی بۆر

شاری بێ ئۆتێل، پڕ لەدیوەخان

دڵی خانە خوێ گەورە وەک باخان

بەڵام داخەکەم لەبەر بێ شوانی

لەبەر بەرپرسی زۆرو نەزانی

وا ڕەوە گەنجت سەری هەڵدەگرێ

ڕێگای مەترسی و مردن وەردەگرێ

ڕێی هات و نەهات دەگرێتە بەر

لەبەر گەندەڵی چۆڵ دەکا سەنگەر

ڕێگای غوربەت و کوژران و خنکان

لەگەڵ پۆلیس و جەندرمە جەنگان

ڕێگای ناو دەریای پان و پوور و زۆر

بەشەوان ڕۆیشتن دوور لەتیشکی خۆر

دووری لەخاک و لە دایەو بابە

کە جەرگ و دڵیان بۆ تۆ کەبابە

دووری لەخوشک و لەبراو لەکەس

مەگەر خوای گەورە بێتە فریاد ڕەس

لەفرۆکەخانە لەکاتی ڕۆیشتن

تا بەریتانیا ئەری نەگەیشتن

کۆڵانی دڵ و فرمێسکی چاوان

ئاخێ ناو قوڕگ و ناخ و هەناوان
وڵاتێک پڕ بێ لەکانزاو نەوت
بۆ ژیانی گەنجان وا پەکی کەوت
گەر باوکێک نەکا منالی دڵ خۆش
چۆن دوای مردنی بۆی دەبن پەڕۆش
ڕۆیشتنی گەنجان زەرەر و زیانە
وڵاتی بێ گەنج دایم وێرانە.
(ڕانیە 2021/7/7)
٣٢٢-چاوەزار
(بۆ ئەوانەی کە دەرچوون و نمرەی بەرزی منالەکانیان لە قەیس بووک بڵاو دەکەنەوە)
منالت دەرچوو شوکری خوداکە
خێر و سەدەقەی زۆری ڕەها کە
چونکە چاوەزار ڕاستەو حەقیقەت
بڵاوی مەکەو و تەرکی هەواکە
پێغەمبەر فەرمووی: چاو و حەسادەت
زۆر کاریگەرن و ڕوو لە اللە کە
چاو پیاوی دەبا بۆ ناو گۆڕستان
وشتریش دەباو کەوڵی بەباکە
گەر نازو نیعمەت خوا بەتۆیی بەخشی
با پەنهانی بێ و نەک ئاشکراکە
سورەتی فەلەق باسی چی ئەکات
خەراپەی خەڵکییەو تۆ تەماشاکە
بە دڵ بیخوێنەو سەرنجی بدە
خۆت بپارێزەو وریابە کاکە.
(ڕانیە 2021/7/4)

٣٢٣-گەورەیەک

گەورەیەک بۆ من نەیبێ ئازاری
خزمەتکاری بم لەلادێ و شاری
وەسف و سەنای کەم بەدەم و زاری
بەڵام زۆر تاڵ بێ وەک ژەهری ماری
یاخوا ئەو گەورە بەشی قران بێ
سەر لێشێواوی هەردوو جیهان بێ.
گەورەیەک لەشاخ بارو بێگار بێ
کۆڵێکی قورسی خەڵکی هەژار بێ
خەڵک لەدەستی هەر لێو بەبار بێ
لەشاخ دینارو لەشار دۆلار بێ
یاخوا ئەو گەورە ماڵی وێران بێ
بەهاری عومری گەڵا ڕێزان بێ.
گەورەیەک خەمی کەس و کاری بێ
لەبیری کۆشک و هەم تەلار بێ
لەدەستی میللەت کۆچ و بار بێ
جەرگ سوتان و بریندار بێ
یاخوا ئەو گەورە بەئێش و ژان بێ
دۆدی زۆر کەمی بەس سێرەنان بێ.
گەورەیەک هەر دەم پرخەی خەوی بێ
بۆ خاک و خەڵکی هەر خوێ کەوی بێ
بۆ خۆی بەرز بێ وڵات نەوی بێ
خەڵک غەمبار بێ و ئەویش جەوی بێ
یاخوا ئەو گەورە لەژێر خەمان بێ
پشو نەدات و دڵ بێ ئەمان بێ.

(ڕانیە 2021/7/1)

٣٢٤-شەڕو ئاژاوە

(پەیامێک بۆ ناکۆکی و جیابوونەوەی نێوان هاوسەران و دایک و باوکان)

بۆ شەڕی ئەکەن، هۆ بابەو دایە
باشە شەڕکردن، کام خۆشی تیایە
بۆ ژیان ناکەن بەخۆشی و شادی
بۆ نایدەن بەیەک هەوای ئازادی
بۆ ئارام ناگرن کاتی توڕەبوون
بۆچی بۆ شەیتان خۆ ئەکەن زەبوون
بۆ هەردوو نەڵێن: اعوذ بالله
لەفێڵی شەیتان پەنا بە الله
یان دەسنوێژ بگرن دژی هەڵچوونە
هێواش دەبنەوە ئاشکراو ڕوونە
ئارامتان ببێ و لەیەک ببورن
گەر هاوسەر نەبن خۆ خزمی دوورن
مەچن بۆ دادگاو مەچن بۆ سەنتەر
چارە وەرگرن لەخوداو پێغەمبەر
ئێوە بترازان، ئێمە بێنازین
ئێوە فەرماندەن، ئێمە سەربازین
با نەکەوینە دەستی زرێ دایک
کە دایک نەما ناشمێنێ باوک
با نەکەوینە کوچەو کۆڵانان
نەبینە پیاوی دزی و تاڵانان
بۆ خاتری خودا مەمانسوتێنن
لە خەم و خەفەت مەمان خنکێنن

باوەش کەنەوەو ببنە دەستەملّان

با لەناو مالّمان باربکا شەیتان

خۆزگە بەو مالّەی ئاشت و تەبایە

جێگای پەیرەوی بەرنامەی خوایە.

(ڕانیە 2021/7/13)

٣٢٥-قوربانی کردن

(پەیامێک بۆ ئیبراهیمی باپیرەمان - سلّاوی خوای لێ بێ)

بەقوربانی قوربانت بم

گەر قوربانی تۆ نەبوایە

کوا دەمتوانی قوربانی کەم

بەشدار ببم لەو سەودایە

گەر قوڵپی دڵی پڕ نوورت

نەهاتایە ڕێی موستەقیم

چۆن دەتوانی سەری ببریت و

وەیکوژێنی ئەو چرایە

گەر مل کەچی و ڕازی بوونی

ئیسماعیلێش نەیەتە پێش

چۆن لەئاسمان دا ئەبەزی و

دەهاتە خوار ئەو دەوایە

گەر دڵی پڕ نووری هاجەر

مل کەچ نەبێ بۆو قەدەرە

چۆن ڕێی دەدا لێک دابڕێن

ژن و مێردو ڕۆڵەو دایە

دیارە لەپێش گشت ئەمانە

ئیمتحانی خودایی بوو

دەنا چۆن ڕێگای بۆ دەچێ

کوڕ سەر برین لەم دنیایە

بەڵام وا تۆ فێرت کردین

مل کەچ بوون و قوربانیدان

بەختەوەری دنیای هەیەو

پاداشتی ڕۆژی جەزایە

دەسا خوایە داواکارین

لە دەرگای هەمیشە کراوەت

لەدونیادا بەندەی تۆبین

لەقیامەتیش بڵێین خوایە

بەقوربانی دینی تۆ بووین

کە سەرکەوتن و ڕزگار بوون

لە پابەندی شەریعەت و

ڕێبازی ڕەسول اللە یە.

(ڕانیە 2021/7/23)

٣٢٦-زانست

زانست گرنگە زانست چرایە

بۆ ڕۆژی سەختیش زانست برایە

زانست دروشمی پێغەمبەرانە

زانست ڕەڕەڕەوی هەموو جیهانە

زانست بێ ئیمان دەردو بەڵایە

بەئیمانەوە خەڵاتی خوایە

زانست بکرێتە ماستاو و ریایە

ڕووت دەبێتەوە لەبەشی خوایی

ئەمڕۆ شەهادەی بەبێ زانیاری

چۆن بوونە بەڵاو چۆن بوونە دیاری
ئەمڕۆ زانیاری بەبێ ئیمانە
بۆ بەختەوەری دەستەوەستانە
زانست بێ ئیمان شەلەو لەنگاوە
ئیمان بێ زانست کەسی بێ چاوە
نابینی جیهان چۆن بۆتە ستەم
بەجارێک پڕە لەتاریکی و تەم
خوایە پیمان دە زانست و ئیمان
کە هەردوکیان هەن لەدوو تۆپی قورئان.
(ڕانیە 2021/7/21)
٣٢٧-تاکەی ڕەنج کێشان
توخوا بابەس بێ ژان و ماندوو بوون
هەر کۆڵت کێشا بەدرێژی هەبوون
لەژێر مەینەتا پشتت چەماوە
بەڵام وائێستا بوویتە بەرماوە
هەتاکو توانیت ئارەقت ڕژاند
بەهێزی ئەژنۆت لەمپەرت پەڕاند
بەزەبری کۆڵت کوڕت پێ گەیاند
بەناو باوەشت کچت تێ گەیاند
بەڵام کە پیر بووی تەنیا مایەوە
وەک چەمی قۆچان چۆن چەمایەوە
بێ کەس و تەنیا لە کاوڵە خانوو
هەر لەخۆرایی پێت دەگرن بیانوو
دەتبەن بۆ شاران بۆ شوێنی پیران
خۆشیان پێ زاناو لەریزی ژیران

ئەتۆ بەتەنیا حەوتت بەخێو کرد

بەڵام بە حەوتان بۆت نەبوون بەپرد

نازانن دایک و باوک گەورەییە

بۆ ژیان خەباتن و وەکو سەورەییە

بۆیە هەر کەسێک قەدریان نەزانێ

با لە پیرخانە شوێن بۆخۆی دانی.

(ڕانیە 2021/7/29 - بۆ ئەو دایک و باوکە پیرانە نووسراوە کە بەتەنیا ئەژین)

٣٢٨-بێ وەفا

زۆرن ئەوانەی بۆ نیوەی ڕێگان

کاتی لێقەومان بێ ماڵ و جێگان

زۆرن ئەوانەی میوانی نانن

کاتی نەبوونی دوژمنی گیانن

زۆرن ئەوانەی بێوەفاو پەیمان

بەشەوێ پیاون و بەڕۆژێ شەیمان

زۆرن ئەوانەی دەرگا داخراون

فریوت دەدەن و فریو دراون

تاکە دەرگایەک بێتە سەر پشتان

دەرگای خودایە لێی دووڕە شەیتان.

(شەیما: ناوی ئافرەتە واتە: کەسانێک هەن شەوانە پیاون و ڕۆژانە ئافرەتن)

(ڕانیە 2021/8/5)

٣٢٩--لادێ

دەزانی تاکو لادێمان مابوو

دین و پیاوەتی چەندە ڕەوا بوو

بەزەیی و ویژدان ڕەوشت و ئاکار

بوو بوونە پایەی کەسی پایەدار

بۆ خانوو کردن، یان بۆ ڕەز کێڵان
هاوکارِت دەبوون بەپاچ و بێڵان
بۆ بووک گواستنەوە، یان بۆ شینگیرێ
منەتت نەبوو بەپیاوی خوێڕێ
هەموو وەکۆ تۆ دەیانگرت دەسبار
هاوکارِت دەبوون لەلادێ نەک شار
بۆ کشتوکاڵیش گەنمی خۆماڵی
کە لەسەر خەرمان جوانت دەماڵی
بەشی خۆت دەبوو هەم بەشی شاری
زۆرجار دەشت نارد بۆ خزمان دیاری
تریێ و هەنجیرو کۆخ و هەناران
دەیان کڕی خەڵکی هەبوو هەژاران
هەرچی میوەیەک کە دەخورا بەزار
تەڕی ئەم ساڵ بوو یان هی ساڵی پار
هەمووی داهات و بەرهەمی دێ بوو
داهاتی ناوخۆ بێ منەت لەجێ بوو
ئەگەر لەلادێ کەسێک بمرایە
دەبوو بەپرسە لەهەموو لایە
هەتاکو مانگێ نەدەشۆرا بەرگ
بۆ گیانی مردوو داغان دەبوو جەرگ
تەئخیریان دەکرد شایی و ژن هێنان
نەکۆ عاجز بێ دراوسێ و جیران
کە کەسێک دەڕۆیشت بۆ سەفەری دوور
جا نزیک بوایە بان لەسەر سنوور
ئەیوت: بەجیران ئەمانەتی تۆ

ماڵ و منالم نەبن ڕەنجەڕۆ
بەڵام ئەمڕۆکە دراوسێی خراپ
ناموست دەخوا وەک نان و کەباب
بۆیە کە نەما دێهات و لادێ
نامێنێ کاڵەک، تڕۆزی و بەهی
نامێنێ ڕەوشت، نامێنێ شەرم
نامێنێ خولق و خانەخوێی گەرم
بەڵام بزانن لەهەموو جیهان
لەدوو دەوڵەتان لادێکان نەمان
یەکەم لەعیراق، دوو لەئیسرائیل
یەکەمیان نەماو دووەم بێ زەلیل
دیارە مەبەستیان ئاشکراو ڕوونە
ئامانجیان یەکەو بێ چەندو چونە
بۆ کەمکردنەوەی دین و ڕەوشتە
بێ دین و ڕەوشت میللەت بێ پشتە
هەم بۆ ڕووخانی باری ئابووری
لەئۆردۆگایان چەندە مەجبووری
وەکو گووتراوە پیرو پێشینان
قەدری مانگە شەو کاتی دیار نەمان.
(ڕانیە 2021/8/4)
٣٣٠-بۆ پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب
قەسەم بەخوا نەبووە وەک تۆ
عەدالەت و داد پەروەر بێ
دووەم خەلیفەی ئیسلام و
ناوی پیرۆزی عومەر بێ

ژیانی خۆی و منالانی
وەک هەژارو دەربەدەر بێ
لەڕووی دەرەوە مرۆڤ و
لەناوەوە وەک گەوهەر بێ
بەخوڕەوشت فریشتە بێ و
بەزاهیری وەکو بەشەر بێ
دوای هەزار و چوارسەد ساڵیش
زمانی ناحەز وەک خەنجەر بێ
ئەوەی خراپ ناوت دێنێ
ژینی ژان و پڕ کەسەر بێ
ریسوای بەرچاوی ئوممەت و
خەجالەت باری مەحشەر بێ
ئاوارە بێ و سەرگەردان بێ و
لەگەڵ ئاژەڵ و بەقەر بێ
هەزارو یەک دەردمان هەیە
بۆ دژی تۆ وەک نەشتەر بێ
یان بەلەکی عوسمان دەگرن
دوو جار زاوای پێغەمبەر بێ
لەگۆڕیشدا لێت دەترسن
شمشێرت بۆیان کە تەر بێ
خوڕەوشتی جوانی عومەر
هەر قازانجەو کوا زەرەر بێ
شەمشەمە دژی ڕووناکی یەو
پێی ناخۆشە ڕۆژ لەدەر بێ
کونده پەپوو چۆڵ پەرستە

پێی خۆشە گوند لەسەفەر بێ.

(ڕانیە 2021/8/16)

٣٣١-توخوا بابەس بێ

توخوا بابەس بێ قەرارو بڕیار

توخوا بابەس بێ چەواشەی هەژار

توخوا بابەس بێ درۆو دەلە سە

توخوا بابەس بێ کۆڕو سمینار

توخوا بابەس بێ دزی و چاو و ڕاو

توخوا بابەس بێ تەنزوڵ، ماستاو

توخوا بابەس بێ دژایەتی کورد

توخوا بابەس بێ بۆ دوژمن جەنگاو

توخوا بابەس بێ شەڕی کورد کوژی

توخوا بابەس بێ براوەو دۆڕاو

توخوا بابەس بێ پەڵکێشی دوژمن

توخوا بابەس بێ ناوچەی داپراو

توخوا بابەس بێ ڕەزو باخ سوتان

توخوا بابەس بێ بەسوری هەتاو

توخوا بابەس بێ نسکۆو تێکشکان

توخوا بابەس بێ گەردنی هەڵبڕاو

توخوا بابەس بێ یەکتر شکاندن

توخوا بابەس بێ جاسوسی ناپیاو

توخوا با نەڕوا خەبات بەفیرۆ

توخوا بادوژمن نەیەتە بەرچاو

توخوا بابەس بێ حزب پەرستی و

بۆ نیشتمانمان هەڵبگرین هەنگاو

توخوا بابەس بێ بێگانە هێنان
بۆ سەر وڵات و شاخ و داخ و ئاو
توخوا بابەس بێ باوەڕ بەدوژمن
ڕووبارى خوێنمان ڕژا وەک لافاو
ئێمە هەموومان لەناو کەشتیەک داین
ئەگەر وەرگەڕێ گشت دەبین بناو
کوردە بەسیەتی گزی و خۆ خۆری
هەرکەس خائین بێ زوو ئەبێ بەدناو.
(ڕانیە 2021/8/25)
٣٣٢-پەیامێک بۆ ڕەسول الله
ناردم سەڵاوات پەیامی دوورم
هەتا بزانی بۆ تۆ مەجبوورم
هەموو شەوانی جومعەو جەماعات
لەگەڵ تۆ ئەکەم بۆ خودا تاعت
گەر خەڵکی هەبن بەدوای دنیاوە
من دڵەکەی خۆم بۆ تۆ داناوە
لێم قبوڵ بکە نامەی دوور وڵات
وەڵامەکەی تۆش دەبێتە خەڵات
من لەکوردستان، تۆ لەمەدینە
تۆ چاو ساغم بووی بۆ ڕێی ئەم دینە
زۆرم پێ سەیرە لەسەر دنیایە
کەسێک لەگەڵ تۆ نەبێ سەودایە
غیرەتی دەوێ دەرچێ لەم ژینە
باوەڕت نەبێ بەشای مەدینە.
(ڕانیە 2021/9/2)

٣٣٣-ژن و ژیان

خودا بوو ژیانی بەخشی بەمرۆڤ

دینیشی بۆ نارد تا نەچێژێ ئۆف

بە تەنیا ئادەم بێ دایک و بابە

بۆ نەوەکانی جەرگی کەبابە

عیساش بێ باوک هاتە دنیایە

وشترەکەی سالح بێ باب و دایە

لەدوای ئەمانە هەرچی بەشەرە

ئەگەر کافرە یان دوای سەر وەرە

هەموو سەرچاوەی بونیان یەکسانە

کە دایک و باوکە هۆکاری ژیانە

ئیسلام فەرمانی داوە بەئینسان

باوەڕی هەبێ بەخوای میهرەبان

گوێڕایەلیش بێ بۆو پێغەمبەرە

کەڕێ شوێنی ئەو وەکو گەوهەرە

لە دەیان، سەدان ئایەت و حەدیس

دایک و باوکەکان ئەکا بەڕەئیس

هەر کەس ڕێز نەگرێ لەدایەو بابە

بۆ ڕۆژی قیامەت سزای بەدواوە

هەر موسوڵمانە لەترسی خودا

بۆ دایک و باوکی دەبێ گیان فیدا

خەڵکی لاریێ بوو ئیلحاد و بێ دین

دایە پیرەیان لە خەڵوەت ئەژین

بەدرۆو دەلسەو فێڵ و چاووڕاو

لەسەر کەناڵان چۆن ئەکەن ماستاو

ئافرەت تا گەنجە سەمای پێ ئەکەن
هەزار هەسانی لەژێر پێ ئەدەن
زوو دایئەمالّن لەحەیاو شەرم
دەستی خۆیانی پێ ئەکەن گەرم
هەرچی میکیاج و ڕەنگی دنیایە
لەژنی هەڵدەسون کۆتایی نایە
کەچی جار جارە وەک مام ڕێوی
تەرازوی پێیەو قانون دەپێوی
فرمێسکی تیمساح دەڕێژن بۆ ژن
دین و ئەخلاقی چۆن دەکەن ئەنجن
چ وەکو تاک بن، یان وەکو دەوڵەت
کەرامەتی ژن دەکەن لەت و پەلت.
(ڕانیە 2021/9/2)
٣٣٤-خوڕ خوڕەی ئازیز
لە خوڕخوڕەی دووڕە جادەو دووڕە شار
لە خوڕخوڕەی بێ مەکتەب و خوێندەوار
لە خوڕخوڕەی تڕێ و هەنجیر و هەرمێ
لە خوڕخوڕەی هەوای فێنک نەک گەرمی
لە خوڕخوڕەی میوان دۆست و ئاوو نان
لە خوڕخوڕەی نان دەدەیی و میهرەبان
چۆن دەرکەوتن، چۆن سەرکەوتن زاناو ژیر
چەندین مەڵای عالەم و زاناو ڕۆشنبیر
مەلا پیرۆت، مەلا مەحمودی شەریف
مەلا عەزیز، مەلا خدری زۆر زەریف
مەلا خدری لەڕیشەی کوێخا عەزیز

مەلا عەولای مامە حەمەی نەبێ زیز

مەلا حامید کە کوڕی مەلا ئەحمەد

مەلا ئەحمەد مەحمود شوانەی بە ئەدەب

مەلا مەحمود مام سمایل دەنگی خۆش

هیچ زەمانێ لەگوێ نابێ فەرامۆش

مەلا برایمی مام بابەکری مامۆستام

مەلا سمایلی کە خەیاتەو هەم پوورزام

ئێستاش دەڕۆن لەڕێی ئەوان مەڵای گەنج

کە دەچێژن بۆ خواو خەڵک دەردو ڕەنج

بەردەوامەو ئەو کاروانە تا ئەبەد

چونکە هەقەو هەتا دەگەن بەمەقسەد

ڕێی خودایەو قەرەباڵغ و پڕ ڕێبوار

ناپسێتەوە بەسەدان و بەهەزار

خودایە تۆ بەلوتف و کەرەمی خۆت

لەوان خۆش بەو لەهەر کەس کەدێ لەبۆت

کە بێگومان ڕێگای حەقیش ڕێی دینە

لە قیامەتدا پڕ لەگوڵ و نەسیرینە

(غەریب) وادیە لەڕێدایە بەردەوام

هەتا دەگات، بەئاوات و بەمەرام.

(ڕانیە 2021/9/9)

٣٣٥-وەسیەتم بۆ ڕۆڵەکانم

ڕۆڵە وەسیەتت بۆ بکەم بەدڵ

بیکە بەئەڵقە تا دەچیە ژێر تڵ

ڕوو لەخوداکەو خودا بناسە

کێ لەخوا دووربێ دیل و کەساسە

بگرە هەنگاو و ڕێگای پێغەمبەر
فەرموودەکانی بکە تاجی سەر
بچۆ ناو خەڵک لەنزیک و دوور
لەناو شارابن یان لەسەر سنوور
پیاوی ئاشتی بەو دۆستی هەژاران
خۆت بەدوور بگرەو نەیە سەر زاران
ئەگەر دەتەوێ بژی بە مەردی
پێت شەرم نەبێ کەوا تۆ کوردی
بەڕەنجی شانت حەڵاڵ و زەڵاڵ
بەخێویان بکە تۆ ماڵ و منال
بۆ هیچ دوژمنێ نەبێ بەجاسوس
نەبیە برادەری پیاوی بێ ناموس
نوکەری نەکەی بۆ زالم و زۆردار
بۆ پیاوی خەراب نەبیە تەڕەفدار
بۆ خاتری هیچ کەس پیاوی نەکوژی
بەناحەق هەروا خوێنی نەڕێژی
نەبیە پاسەوان بۆ پیاوی بێ دین
با سزات نەدا (ڕەبالعالمین)
گەندەڵی نەکەی، بەرتیل وەرنەگری
لەسەر ڕێبازی بێ دینی نەمری
نەبیە برادەر لەگەڵ پیاو خەراپ
گەرنا زوو ئەتبا بۆ قومار، شەراپ
قەت دزی نەکەی تا نەچیە زیندان
تا لەدەست نەدەی متمانەو ئیمان
هەتا ئەتوانی بچۆ بۆ مزگەوت

کاتی ئەزانی وا فریات کەوت

بچۆ مەکتەب و دەرس بخوێنە

بەڕەی خۆت لەژێر خەڵکی دەرێینە

بەجێ نەمینێ لەکاروانی ژین

پێکەوە جوانە هەم دونیاو هەم دین

دەست بەتاڵ مەبە تا ماوی لەژیان

تا لەلای خەڵک نەبی چارە گران

قەرز زۆر مەکە چونکە قەرزدار

تینی بۆ دێنن نایمێنێ قەرار

خۆت بەدوور بگرە لەگێژەو کێشە

بەقەد بەڕەی خۆت قاچت ڕاکێشە

بەکوردی و کورتی هەر چاکەکاربە

دۆستی هەژارو دژی زۆرداربە.

(دوای شیعرێکی قانع نووسیم کە ئامۆژگاری وریای کوڕی ئەکات - ڕانیە 2021/9/9)

٣٣٦-عیشقی ڕاستەقینە

وتیان: ڕابیعە بۆ خوا ئەناسی

شەرمی لێ ئەکەی یاخود کەساسی

وتی: نە لەبەر بەهەشتی بەرین

وە نە لەترسی دۆزەخی بەتین

بەڵکو ئەیناسم، چۆن خۆشم ئەوێ

سوجدەی بۆ ئەبەم بەڕۆژوو شەوێ

ئەبێ عیشق بێ و تەمەزرۆو دیدار

هەتا ئەو کاتەی کە ئەگەی بەیار

خوایە بەدوور بین لەئاژرو لەنار

ژیانی قیامەتمان بۆ بکەی بە بەهار

وای چەندە خۆشە دیدار و لیقات
کاتێک کە ئەگەین بەڕۆژی میقات
هەر چەند نەبووینە چینی سابیقین
وە نەگەیشتینە زومرەی تابیعین
بەڵام خۆ ئەکرێ بچینە بەهەشت
تێیدا بسوڕێین، بیکەین، پیاسەو گەشت.
(ڕانیە 2021/9/12)

٣٧-دەنگ دان و هەڵبژاردن

پێویستە وڵات بڕوا بەڕێوە
دێم دەنگم دەدەم، هەروە بەپێوە
ناکرێ کۆمەڵگا بەبێ حکومەت
هەم ئیمام هەبێ و هەم هەبێ ئومەت
حوکمی جینشین زۆر ناتەواوە
کە کوڕ لەشوێنی باوکی دانراوە
چونکە مەرج نییە کوڕ وەکۆ باب بێ
بۆ گەلەکەی خۆی جەرگی کەباب بێ
ئەوەکەی تریان حوکمی دیکتاتۆر
خۆ دەسەپێنێ بەکوتەک و بەزۆر
هیچ کام لەم دوانە ناگەن بەمەرام
چۆن پێچەوانەن بەیاسای ئیسلام
جۆری سێ هەمیش کە ئێستا باوە
هەڵبژاردنە لەهەموو لاوە
ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ بەڕەوا
جوان دیاری بکرێ دەرمان و دەوا
هەر بەچوار ساڵان بکرێ ئال و گۆڕ

لەدووری خۆشە دەنگی مام دەهۆڵ
با عەقڵی تازەو کەسی ڕۆشنبیر
بێنە پێشەوەو بکرێن بە وەزیر
با ئاوەدان بێ وڵات و زەوی
دەبا نەمنێ بەڵندو نەوی
با دڵیان خۆش بێ گەنج و لاوەکان
رزگاریان بکەین لە کەلاوەکان
مەڵێ دەنگ نادەم دڵم ڕەنجاوە
ئەبێ بگۆڕین ئەم دەم و چاوە
اویش بوێستی و نەڕوا لەبەری
هەر بۆگەن ئەبێ تا تۆقی سەری
چونکە دەنگ دانت لەسەر حیسابە
بۆ ڕۆژی قیامەت نامەو کیتابە
ئەوەی تۆ دەیکەیت بەنوێنەری گەل
ئەبێ کار بکا کە بۆی هەڵکەوت هەڵ
خۆ ئەگەر هەیبێ پڕۆژەی بەسوود
چەند خێر و خۆشی بێنێتە وجود
تۆ بەشدار ئەبی لەخێر و چاکەی
بان چی بیەوێت لەو نیەتە پاکەی
بەڵام گەر بیکا کاری ناڕەوا
پێچەوانە بێ لەگەڵ شەرعی خوا
دیسان شەیکی لەگشت تاوانی
لەوەی دەیبینی و لەوەی نایزانی
وەرنە پێشەوە، هۆ ژن و پیاوان
وەرن دەنگ بدەن، هۆ گەنج و لاوان

کەسێک هەڵبژێرن بترسێ لەخوا

تادین و ژینتان نەڕواتە بەر با

{لەوەی بترسێ لەخوا ناترسێ

لەخوا نەترسێ لەکەس :

تڕێ}

(تێبینی: دوو دێڕی کۆتایی هی پیرەمێردە - خودا لێی خۆش بێ - ڕانیە 2021/9/11)

٣٣٨-ئەمن زانام

لە یادی (51) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستاندا نووسیم، کە من لەو بەرواردا بەرپرسی ناوچەی ڕانیەی یەکێتی زانایان بووم.

ئەمن زانام

بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەم

زۆر بەتوانام

پشودانم وەلا ناوە

شەو و ڕۆژان ئامادەم و

چرکەیەک نەچوومە دواوە

منیش وەک ڕابەرەکەم

وەک ڕابەرو سەروەرەکەم

خوا پەرست و خەڵک دۆستم

کەمتر خەم لە خۆم ئەخۆم و

خۆ نەویستم

تێکەڵاوی هەژارانم

پردی بازی هەنگاوی

دەردەدارانم

تا بۆم بکرێ چارەسەرو

هەتوانی گشت بیمارانم

چەند حەز ئەکەم
لەسەر مینبەر
حەقێ بچرِم
سەد ئەوەندە تەمەزرۆشم
کە فرمێسکی دەم و چاوی
منالێکی بێ باب بسڕم
زۆر لەمێژە وەعدم داوە
هەم بە گەل و هەم بە خواوە
ڕەشی ناکەم مێزەری سپی
دەبێ وەک بەفری قەندیل بێ
هەتا حوکمی خوا دەچەسپێ
نابێ بە من
لە کێدار بێ ئەم ئیسلامە
نابێ بە من دوا بکەوێ
ئەم پەیامە
ئەبێ بزانم
من لە جێی کێ ڕاوەستاوم
کێم کردۆتە خوێنی دڵ و
ڕووناکایی هەردوو چاوم
دەبێ بە ڕاست میراتگر بم
کۆپی جوانی هەڵسوکەوتی
پێغەمبەرم بم
نابێ بفرۆشم ئاینم
نابێ شەرمەزار بێ ژینم
دەبێ چرای

ناو مزگەوت و جەماوەر بم

دەبێ بۆیان

جێی شانازی و تاجی سەرم بم.

٣٣٩-ئاوا ماندووە

کاتێک بەری دەستی کرێکارێکم دیت بریندار بوو بوو پێستەکەی دامالابوو نووسیم:

بەڵێ خوشکم ئاوا ماندووە پیاوت، برات

هەتا ماڵت ئارام بێ و بێتە چرا ت

چۆن تەقیوە دەست و پەنجە و قۆڵ و شانی

چەن بە ئێشە دڵ و جەرگ و ناو ویژدانی

چۆن بەردەوام دەبارێنێ ئارەق ڕشتن

دەتوێتەوە هەوەکو مۆم نەک خۆ کوشتن

چۆن هەڵدەگری کۆڵی قورس و باری سەنگین

چۆن دێتە سوێ چۆزانەوە و گەرمە برین

تۆش دانیشتوی لەبەر سێبەر لەناو خانو

کە دێتەوە بۆ پێی ئەگری هەزار بیانوو

ویژدانت بێ شەریکی بە لەم ئازارە

پشوودا نادا، پشوودا نادا، تا ئێوارە

لە دەست مەدە بەئاسانی ماڵ و سامان

زیادەڕۆیی ناشەرعییە و خواستی شەیتان

زۆر لەمێژە عەرەب ئەڵێن الاقتصاد

نصف الحیاة ئاوەدانی و خیری بیلات

مام ناوەندبە لە مەسرەف و چوونە بازار

پیاوت ماندووە پەیدای ئەکات چۆن بەئازار

دەست بلاوی زۆر خراپە و خۆی تاوانە

ئێفلاس بوون و هەراج بوونی پێش چاوانە.

٣٤٠-گەلێک لەمێژە

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

وڵاتم تینووە و ئاودانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

وڵاتم برسییە و تێر نانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

وڵات وشکە و بارانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

وڵاتم گەندەڵە و وێژدانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

سیستەم بۆگەنە و قورئانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

پیاوی بەجەرگی مەیدانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

وڵات وێرانە و سەیرانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

کەسی دڵسۆز و ڕامانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

دڵ و تەگبیر و پلانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

کوردی ڕەسەن و جامانەی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

دەست بە دەستنوێژ و ئیمانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

بێداری و جولە و تەکانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

بەرەکەتی خوای ڕەحمانی ئەوی

گەلێک لەمێژە من هاوار ئەکەم

حەرەکەی چاکی یارانی ئەوی

خودا بنێرێ بە فەزل و بەخشین

میللەت نەخۆشە و هەتوانی ئەوی.

٣٤١-لەسەر سندوق بۆ ناو سندوق

لە کاتی بینینی وێنەیەک نووسیم کە قەبرێک و سندوقی هەڵبژاردن بەیەکەوە دانرابوون کە هەردووکیان سندوقن.

لە یەکەم ڕۆژی هاتنە دونیایە

خاوەنت هەیە کە زاتی خوایە

بەرنامەی پێدا بوو بۆ چارەسەری

هەتاکو دوور بی لە کوێرەوەری

بە ئەو پەنجەیەت شایەتمان دێنی

هەر بە ئەو پەنجەش تۆ دیسەلمێنی

کێ هەڵدەبژێری و ئەیکەی بە نوێنەر

تا بۆت دیاری کات هەموو خیر و شەڕ

چونکە تۆ ئەوت خستە سەر کورسی

تاوانی خۆتە کە لێت ناپرسی

کەسێک کە وەفای نەبێ بۆ اللە

چۆن ڕاستی ئەڵێ لەگەڵ کاک عەولا

وا خەڵکی بێ دین هاتووەتە مەیدان

چۆن خەڵەتیاوە بابای موسڵمان
فێڵی لێکراوە و بە خۆی نازانی
دەڵێ بیدعەیە و دوور لە قورئانی
ئەوەکەی تریش ئەڵێ بایکۆتە
بەڵام هەردووکیان هەر ڕەئی خۆتە
بۆ ئەوەی یەکەم مەلیک دانراوە
کوڕ بۆ جێی باوکی حازر کراوە
بۆ ئەوەی دووەم کاڵەی نەفامی
لە مێژە ستەم پڕ بووە لە جامی
لە سورەتی یاسین کە باس کراوە
زمان و پەنجە چۆن ناو نراوە
ئەم دوو ئەندامە شاهیدی ئەدەن
تا بۆ بەردەمی دادگای خوات ئەبەن
جا بۆ هەر کەسێک ببێ بە شاهید
بۆت هەڵدەگیرێ لای خودای مەجید
هەمووی ئەنێرن بۆ ناو قەبرو گۆر
یان سەرت بەرزە، یاخود سەرت شۆر.

٣٤٢-هەڵبژاردن

فیتوی بە کابرای بێ لێو مەسپێرە
بۆ بەغدا زمان نەزان مەفێرە
گەر ڕاست و دڵسۆز نەبێ لەگەڵت
خەم و مەراقی هەر زگی تێرە.

کورسی

حەز و ئارەزووی ناوبانگ و شۆرەت
کورسی، کڕیار و موشتەری زۆرەت

بۆ گەیشتن تۆ شەڕ و هەڕایە
بۆ تۆ کوڕ باوکی خۆی وەلا نایە
بە درێژی زەمان، بە پانی زەمین
لەسەرتۆ بۆ یەک دادەنێن کەمین
جەنگی جیهانی هەم یەک و هەم دوو
چۆن خەڵکیان خستە هاوار و ڕۆ ڕۆ
کورسی لەسەر تۆ ویژدان دارزی
هەر لەسەر تۆ بوو ڕەوشت دابەزی
درۆ و دەلەشە و دزی و فێڵ و فەڕ
هەر لەسەر تۆیە دەکوژرێ جەحێڵ
ئەم هەموو ڕیا و گشت چاو و ڕاوە
کە لەپێناوی تۆدا کراوە
کورسی و عەدالەت پێکەوە جوانن
نان و پێخۆری یەک سفرە و خوانن
بەڵام بەبێ دین گەر هەبێ کورسی
قازانجی نابێ بۆ پیاوی بڕسی
بە چاو ئەبینین لە هەموو جیهان
کورسی چۆن ماڵی خەڵکی کرد وێران
{کورسی هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ
گەر باوەڕ ناکەی کوا ئەوەی دوێنێ}
تێبینی: دوو دێری کۆتایی هی من نین و هی پیرەمێردن.
٣٤٣-بۆ دڵەکەم ڕەسول اللە
دڵم دەقرچێ لە تاوانت
فرمێسکم لە چاو دێتە خوار
دوورم لە تۆ بۆ ناگەم پێت

ئاخ هەڵدەکێشم بە هەزار

هەموو جیهان بۆتە شێرو

تۆش هەوێنی بۆ دەردەدار

هەر کەس نەگات بە دیدار ت

بار و بارگەی زۆر ئەبێ لار

بەڵام ئەکرێ لە دووڕەوە

بۆت بنێرم سڵاو و دیدار

ژیان سەراپاو قوڕگ وشکە

خۆ لیقای تۆ بۆتە ڕووبار

گەر لە دونیایش نەگەیشتم پێت

لە قیامەت نەبم شەرمەزار

بەڵام ئەمەش بە قسە نابێ

دەبێ بێتە کردە و ڕەفتار

کەسێک نەچێتە مەدینە

چۆن دەمێنێ سەبرو قەرار

کەسێک بگاتە مەدینە

چۆن دەمێنێ ئێش و ئازار

وا مانگی مەولود هاتەوە

خوایە بگەین بە لیقای یار.

٣٤٤-وەڵامێک بۆ فەڕەنسا

وا هەزار و چوار سەد ساڵە نەوەستاون

گەڕچی هەر هێش، ماڵ وێرانن، هەر فەوتاون

تۆ نازانی (انا نحن نزلنا الذکر)ە

بۆ پاراستنی قورئانە و وا هەر ماون
زۆری وەک تۆ سەریان دا لەم چیا سەختە
سەریان شکا و کاس و وڕبوون، چۆن تاساون
دڵنیابە تۆش و ئەویش، زۆر لەمێژە قین لە دڵن
گەڕچی ئیسلام وەک چیایە و نەلەخشاون
کەی بڕا تیشکی خۆری لەسەر زەوی
تا ئەو ڕۆژە ئێوەی ناحەز هەر بەدناون
کەی بڕا هەناسە و ئاو لەسەر زەوی
تا ئەو کاتە قورئان و دین وا هەر ماون
لەگەڵ ئیسلام ژێر و ژوور بوون
بە هەزاران ئاین و بیر
بەس دینی خوا سەقامگیرە و
هەر چەسپاون.

٣٤٥-پیرەژنی کۆڵبەر
سەرت سپی کرد لە ئێش و ئازار
پشتت چەمایەوە بە باری ڕۆژگار
دەستت لەرزۆک بوون بە ئیش و کاری
ڕەنجت دەکێشا هەتا ئێواری
خزمەتی پیاو و منداڵت ئەکرد
نان و پێخۆرت بۆ کێوی ئەبرد
هەردوو لات گرتن هەم ژن و هەم پیاو
کۆڵت دەکێشان لە سۆری هەتاو

خزمەتی مەڕ و مانگا و بزنانیش
نەک هەر هاوینێ، بگرە زستانیش
تا لە لادی بووی پلەنگ بووی و شێر
لە دەستت دەخورا چەندین خێر و بێر
ئێستا وا کەوتییە کەلاوەی شاران
بە تەنیا ماوی بە دوور لە یاران
دەبوو خزمەت و زەحمەت و ئێشت
بێتە بەرچاو و دایبنێن لە پێشت.

٣٤٦-بۆ محەمەدی کوڕم لە بەریتانیا
سڵاو گوڵم
گیان و دڵم
یادگاری من
بەرخی خرپن
کە تۆ دووری
ماڵ تاریکە
چەندی دەڕۆم
ڕێ باریکە
مەڕەنجە لێم
خۆشم ئەوی
گەشتی ڕۆژوو
چرای شەوی
ئازیزەکەم
چاوەڕوانتم
زوو وەرەوە

خەم و خەفەت

ئێش و ئازار

بیر بەرەوە

زۆر دەمێکە

شەقامەکان چاوەڕوانتن

زۆر دەمێکە

هاوڕێکانت سەرگەردانتن

زۆر دەمێکە

کێوی ڕەش چاوی لە ڕێیە

زۆر دەمێکە پەیامی دابڕانی پێیە.

٣٤٧-بۆ کورد و کوردستان

بۆ ماندوو بوونی یەک سەد ساڵەم ڕۆ

بۆ قرتاندنی سەدان ساڵەم ڕۆ

بۆ ڕووخاندنی گوند و شارم ڕۆ

بۆ ڕێبوارانی بارگە و بارم ڕۆ

بۆ ئەنفالانی ڕێی عەرعەرم ڕۆ

بۆ کیمیا بارانی وەکۆ مەڕم ڕۆ

بۆ خنکاوانی ناو هەڵەبجەم ڕۆ

بۆ گیراوانی دەست کەلەبچەم ڕۆ

بۆ بالیسان و بۆ گەرمیانم ڕۆ

بۆ شەهیدان و بۆ هەمیانم ڕۆ

بۆ ئارەق و خوێن ناو سەنگەرم ڕۆ

بۆ پیاوی ئازاو هەم خەنجەرم ڕۆ

بۆ ژنی شەهید بێوەژنم ڕۆ

بۆ ژیانی بەبێ ئۆخژنم ڕۆ

بۆ منداڵی بێ ناز بەبێ باوکم ڕۆ

بۆ باوەشەکەی بەبێ دایکم ڕۆ

بۆ ئاپڕوی تکاو کچ و ژنم ڕۆ

بۆ تەعدای ناموووس لای دوژمنم ڕۆ

بۆ سەدان داستانی چر و پڕم ڕۆ

بۆ مێشکی برژاو سەدان کوڕم ڕۆ

بۆ ڕەنجی سەپان سەر خەرمانم ڕۆ

بۆ نان و سفرە و دیوەخانم ڕۆ

بۆ قرچەی دڵ و هەناوانم ڕۆ

بۆ پاسەوانی دوو چاوانم ڕۆ

بۆ بەجێمانی وڵاتانم ڕۆ

بۆ لە دەست دانی خەڵاتانم ڕۆ

بۆ ڕەنجاندنی ئازیزانم ڕۆ

بۆ دڵ خۆش بوونی ناحەزانم ڕۆ

بۆ نەوت و داهات بۆ سامانم ڕۆ

بۆ خاڵی سنوور، بۆ تامانم ڕۆ

بۆ دانا و زانای ناو کوردانم ڕۆ

بۆ دەستی ناپاک وەک گورگانم ڕۆ

بۆ نغرۆ بوونی چەند گەنجانم ڕۆ

بۆ لە دەست دانی چەند ڕەنجانم ڕۆ

بۆ خاڵی سفر و بێ ئامانم ڕۆ

بۆ نائومێدی کوردستانم ڕۆ

خودایه هاوار بگەی فریامان
بۆ مێگەلەکەی بێ شوانم ڕۆ.

٣٤٨-منداڵ و مزگەوت
هەموو جێگایەک موڵکی تەنیایە
بەڵام خۆ مزگەوت ماڵی خودایە
خۆ خودای گەورە خودای هەمووانە
پەروەردگاری هەردوو جیهانە
ئیسلام سێبەرە بەبێ جیاوازی
هەر ئەو دینەشە خوا لێی ڕازی
چۆن ئاسمان سەقفە بۆ سەر دونیایە
قورئانیش ئاوا چار و شیفایە
ئەم دینە ماڵی گشت ژن و پیاوە
تاپۆ و تەملیکی گشت پیر و لاوە
مزگەوت جێگای هەبوو، هەژارە
هەروەکو جێگای بێ کەس کەس دارە
مزگەوت لانەی ساوا و منداڵە
جێی عیبادەتە جێی تڕۆتەقەڵە
هەروەکو تاپۆی لەسەر کەس نییە
شوێنی زانست و عیلمی شەرعییە
کەس نەرەنجێنی لە ناو مزگەوت
گەرنا ئەبینی چۆن کۆستت کەوت
بە ئامادەیی شەخسی پێغەمبەر
کەسێک میزی کرد پڕ شەرم و کەسەر
بەڵام ڕەحمەتەن لە عەالمینە

خێر و خۆشیەکەی بۆ سەر زەمینە
فەرمووی پێی مەبڕن بابیکا تەواو
دوایی دەیکەمە یەکەم شەکەر پیاو
کاتێک لێی بووەوە فەرمووی برا گیان
دەزانی مزگەوت بۆ کراوە بونیان
بۆ خوا پەرستی و خودا ناسینە
بۆ ڕوون کردنەوەی دین و ئاینە
جا تکاکارم برای موسڵمان
منداڵ دەرنەکەی نەیکەی نێگەران
چونکە نازانی کێ پاک و پیسە
منداڵ دەرکردن کاری ئیبلیسە
ئەو منداڵەیە کە ئەبێتە پیاو
مزگەوت ئەکاو بۆتە گەنج و لاو.

٣٤٩-لەسەر زمانی ڕێکخراوی پەیوەندی خێرخوازی وتراوە:
من پەیوەندم بەردەبازی هەژارانم
من دڵسۆزم، باخەڵەکەی گشت نەدارانم
من هەتوانم، سارێژی گشت بیمارانم
من لابەری فرمێسکی گشت نازدارانم.

٣٥٠-زۆر لەمێژە
زۆر لەمێژە
ڕێبواری ڕێم
دانا نیشم و
بەردەوام دێم.

زۆر لەمێژە

پیرە دونیا

ماندوم دەکا و

منیش بێ جێم.

زۆر لەمێژە

کە کاروان چیم

ئارەق دەڕێژێ

لە بەری پێم.

زۆر ئاوا بوون

زۆریش ڕۆیشتن

لە هاوڕێیان، لە خەڵکی دێم.

نەفس و شەیتان

هەوا و هەوەس

تامیان نەهێشت

چێشتی بێ خوێم.

قۆڕ بەسەرمان بۆم سەفەرە

شێتمان دەکا، عەقل تێکچوو

وەک خاوەن فێم

داخی گرانم، مەلەوان نیم

نزیک شەپۆل، وا لە دم زێم.

ڕێگاتا دووڕە و، تۆێشووی کەمە

دەشتی بێ ڕێژن

چەن وشک و دێم.

مەگەر خوا و

کردەوەی باش

بێنە فریام

منیش بدوێم.

بڵێم سوپاس، بۆ زاتی خوا

بانگی حەقە و دێتە بەر گوێم.

٣٥١-بۆ پێغەمبەری خوا

ئازیزەکەم

گوێم لێ بگرە

ناردم

قافڵەی سەڵاواتان.

جوابم دەوە تا مەدینە

گوڵ دەچێنم

لە ڕێگاتان.

تۆ خاکی بووی

تۆ خەڵکی بووی

لە چاو سەرکردەی

وڵاتان.

یاخوا هەر کەس

رقی لێتە

بێتە سەگی بەر دەرگاتان.

٣٥٢-بۆ کێوە ڕەشی ڕانیە

بە بۆنەی بەفر بارین لە شاخی کێوە ڕەش کە خۆی ڕەنگی ڕەشە و بە بەفر سپی بوو بوو نووسراوە:

وتم: کێوە ڕەش بۆ وا گۆڕاوی

تۆ جاران ڕەش بووی ئێستا ماستاوی

جاران وەک کل بووی ئێستا وا سپی

دیمەنت جوانە وا لەبەر چاوی

وتی: با بڵێم جواب و وەڵامم

بۆ کەسێک هەیبێ عەقڵ و دوو چاوی

من دوێنێ ڕەش بووم ئەمڕۆ وا سپیم

بەڵام هەر ڕەشە جەرگ و هەناوم

یەکەم: دەلیلە بۆ ویستی خودا

(کُنْ فَیَکُونْ) ئەمرێ تەواوی

ئەم ئاڵ و گۆڕە لە توانای ئەوە

نەک بە مرۆڤ و بە عەقڵی خاوی

دووەم: هەناوم بۆیە ڕەش بووە

لە داخی کورد و ماڵی سووتاوی

من پەناگا بووم بۆ شۆڕشگێڕان

بەس بە فێڕۆ چوو زام و زۆخاوێ

نەبووە میللەتێک سەد ساڵ خەبات کا

بەڵام ون ببێ ناوبانگ و ناوی

خوایە بنێری زوو فریاد ڕەسی

رزگارمان بکا لە تەنگە تاوی.

٣٥٣-ڕۆیی بە بادا؟!

ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە گیانی تێکۆشەری باوکم و هەموو خەباتگێڕانی پاک و دڵسۆزانی کوردستان:

بابە خەباتی هەزاری وەک تۆ
بە بادا ڕۆیشت و بوو بە ژیلەمۆ
قەرار وانەبوو خائین و ناپاک
هەر وەکو یەک بن خەو و بێ خەوی
قەرار وا نەبوو زالم و زۆردار
ببنە خاوەنی قەرار و بڕیار
بۆیە ئەوانەی کە چوونە شاخی
سینەیان پڕ بوو لە ئاخ و داخی
نەیان دەزانی کە زێڕ و گەوهەر
ڕەنج و ماندووبوون و قوربانی بەشەر
سەرمای شاخان و ڕێگای یەکجار دوور
هەوراز و نشێو نێوان دوو سنوور
دەبێتە فیدای ئارەق و تەلای
گۆرانی و سەما و خوار و خێچ و لار
بە ناوی خاک و گەل و نەتەوە
چۆن گەرمیان کردبوو ئەو هەواو جەوە
بەڵام مەخابن، هەزار ئۆف و ئاخ
طاکردی و حەواردێ پێنێرو پالاخ
ڕۆیی بە بادا خوێن و قوربانی
بار و بێگاری و ئازاری شانی
ئەگەر ئاوا بێ شۆڕش و خەبات

مەرگ خۆشترە لە ئاوی حەیات.

٣٥٤-وەفاداری:

بۆیە مرۆڤی کە وەفادار بێ
خاوەن بەڵێن و قسە و قەرار بێ
لە ناو قورئانا وەسیەت کراوە
بۆ وەفا نرخی گران دانراوە
بە شێوەی ئەمڕۆ واجب و فەرمان
بڕیاری داوە خوای میهرەبان
(أوفو بالعهد) لە سورەتی ئیسرا
(کان مسئولا) گەر تەئخیر کرا
بە هۆی بەڵێن و وەفاکەی تۆوە
زۆر کەس چاوەڕێن تا نیوەڕۆوە
پێغەمبەری خواش کردییە نیشانە
ڕاستی و بەڵێن و وەفا و متمانە
لە هەر کەس نەبێت وەکو دوو ڕووە
لە دونیا و قیامەت ئابڕووی چووە
خۆت بپارێزە لەم سیفەتانە
ئەمانە هەمووی ڕێگای شەیتانە
ئیشی موسڵمان ڕوون و ڕەوانە
ڕاست و دروستی و چاکە و ئیحسانە
خوایە پەنامان بۆ تۆ هێناوە
سەرمان بەرزکەی لە دوو دونیایە.

٣٥٥-دایکە و لانکە

دایە قوربانت شەو نەدەخەوتی

لە تەنیشت لانکە لای من دەخەوتی
بایکۆتت دەکرد جێی گەرم و نەرم
باسکت دەکردە سەرسینەی سەرم
بە سەرمای زستان دوور بووی لە سۆپە
منیش لە ڕاست تۆ هەزار جار تۆبە
بە شەوی پایز لانکەت ڕادەژاند
بە لایە لایە مێشکت ئەهەژاند
دەستت بۆم ببووە پێنووس و قەڵەم
لانکەش بۆم ببووە کەشتی و هەم بەلەم
من قەرزدارم بە لانکە و بە تۆ
با وەفادار بم و نەبم ڕەنجەڕۆ
دەستی تۆ بۆ من تفەنگ و شمشێر
لانکەکەش وەکو سەنگەر و سپێر
گەر لە بیرم چی هەم دایک و لانکە
با هەڵم واسن هەروەکو پانکە.

٣٥٦-قوربانی
کە هاتمە ژیان بە تاقی تەنیا
لە هەناوی دایک بۆ ژیانی دونیا
هێشم پێ نەبوو لە ماڵ و سامان
باخ و سەیارە و دینارى گیرفان
هەرچی کە هەمە لە زاتی خواوە
خەزێنەکەی ئەو ڕاست و تەواوە
گیان و ژیان و ئەولاد و ماڵم
بێداری و ژیری و فیکر و خەیاڵم

بوون و نەبوونی و ساغی و نەخۆشی
خەم و خەفەت و ئارامی و خۆشی
هەمووی لە لایەن پەروەردگارە
بڕیارەکانی جوان و نازدارە
مادام بە منی دا ئەو هەموو شتە
کە دونیا دەڵێی پارچە بەهەشتە
با منیش هەر دەم بێمە مەیدانێ
بیدەم بە خودا ماڵ و سامانێ
نەک ماڵی دونیا و سەروەت و پارە
نەوەکو خانوو کۆشک و سەیارە
ڕۆح و گیان و ژیان و مردنم
قوربانی خوا بێ کۆشش کردنەم
بادڵی بێ دین لە ئیش بکەوێ
چاوی نەچێتە ناو چێشتاو خەوێ.

٣٥٧-بۆ چرایەک

پێشکەشە بە گیانی پاکی مامۆستا مەلا خدر خۆرخوڕەیی، واتە مەلا خدری گەورە:

چرا گەشەکەی گوندی خۆرخوڕە
تۆ چۆن هەڵکەوتی لەو شوێنە چرە
نموونەی تەقوا و شەرم و زانیاری
بەندە چاکەکەی خوای جەببار ی
خاوەن هەڵوێست و چەسپاو و نەگۆڕ
خاوەن بڕیار و پتەو و نەدۆڕ
میراتگرەکەی ڕاستی پێغەمبەر
چرای خۆرخوڕە و هەموو دەوروبەر
کەسێک دەهاتە ماڵ و دیوانت

چاوی دیتبایە دوو چاوی جوانەت
ئاسودە دەبوو دڵ و وێژدانت
لە ئێوارەوە هەتا بەیانی
ئەرکی زانایان قورس و گرانە
هەر مەندیل نییە یاخود جامانە
ئێستاش دەبینی زانا چەند زۆرن
بەڵام داخەکەم گەلێکیان بۆرن
تۆ کە دابەزی لە ناحیەی بنگرد
بیرت کردەوە جوان و قوڵ و وورد
وتت: خاوەنی ئەم زەوییە کێ یە؟
ماڵی لە شارە یاخود لە دێیە؟
دەبێ حەڵاڵ کەم جێگاو مکانم؟
ئینجا نوێژ دەکەم بۆ خوای ڕەحمانم
کاتی وەفاتت ناحیەکەت هەژاند
لە هەموو چاوان فرمێسکت باراند
وەک ئەوە وابوو ببڕێ کارەبا
شەماڵ نەمێنێ و هەڵکا ڕەشەبا
قورئانم دەخوێند لەسەر جەنازەت
یاخوا پیرۆز بێ ئەو کفنە تازەت
یاخوا گۆرەکەت پڕ ببێ لە نوور
بۆت نزیک ببێ ڕێگای زۆر و دوور.

٣٥٨-چاوەڕوانی باوکم

بۆ منداڵێک هۆنیمەوە کە لە پێشی دەرگایەک وەستا بوو چاوەڕوانی باوکی دەکرد:

(بابە گیان چاوەڕوانم)
ڕاوەستاوم لە پێش دەرگا

چاوەڕوانم بۆ یەک نیگا

چاوەڕوانی هاتنی بابم

بۆ ویستی بابم کە بابم

منیش وەک منداڵی خەڵک

دەمەوێ کە هەمبێ کەڵک

دەمەوێ بژیم بە نازی

لێم بکەن بە ڕیز پێشوازی

دەمەوێ بێمە مەیدانێ

ببمە چەکوشی سەر سەندانێ

بەڵام هێشتا چاوەڕوانم

لە دووری بابم وێرانم

بەڵام بابم لە زیندانە

لە ژێر قەمچی و ئەشکەنجانە

یان لەشەی فڕێدراوە

خۆراکی ماسی ناو ئاوە

یاخود بە بێ سەر و شوێنە

بە بێ ڕاخەرو بێ نوێنە

هەتا ماوم بە بێ باوکم

ئازاری دەبینێ دایکم

خوشک و برام بە بێ نازن

ڕێبواری ڕێگای هەورازن

دایکم تا ئەبەد بێ پیاوە

هەناسە سارد، پشتی شکاوە

ڕۆژی جەژنان دڵ پڕ خەمم

وا هەست ئەکەم کە من کەمم

خوایە کێ ئاوای لێ کردم

بە ئەم ئێشی و دەردەی بردم

حاڵی وەکو حاڵی من بێ

جەرگ و هەناوی کون کون بن.

من دەزانم هەتیو باری

چەندە بەژانە ئازاری

بۆیە دەڵێم: بابە وامن چاوەڕوانم

کە بێیتە خەوی شەوانم

تا لە بەهەشت دێمە دیدار

دەڵێم: ئۆخەی گەیشتم بە یار.

٣٥٩-بۆ مامۆستا مەلا سەید برایم نیلۆچکەیی

لە قۆناغی سەرەتایی ژیـان و قوتابخـانەم لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هاوڕێکـانم مامۆستا زانستی فێر کردین و پەروەردەی کردین.

من شاهیدم لە هەشتاکان

لە سەردەمی بەعسی نەزان

بە شەو و ڕۆژ ماندوو نەناس

سەدان گەنجت پێ دەگەینان

مەجال نەبوو بە ڕۆژی ڕوون

لە شەوێدا نەتبوو وچان

لە ماڵەکەی ئیبن و ئەرقەم

بۆمان بوبووە شوێنی جێ ژوان

جوان لە بیرمە سورەتی سەجدەت

تەفسیر دەکرێ لە ناو قورئان

من منداڵ بووم فەرمانت کرد

بیخوێنە وەوە سیرەی گیانمان

ژیاننامەکەی پارە زانیت

کردە هەوێنی ژیانمان

لە ماڵی خواش لە خزمەت بووم

لە عەرەفەی گوڵی جوانمان

داواکارم لە خوای گەورە

لە بەهەشت ببێ میوانمان.

٣٦٠-پەرلەمانتار

پەرلەمان هەلە دەستت پێ بگا

دەوڵەمەند ئەبی بۆ هەموو ساتێ

عەرەبی نەزان چۆتە بەغدایە

لێکی جیا ناکا قوڵ و فۆلایە

لە کوردستانیش نەخوێندەوارە
گرنگ وەرگرتنی سەفتە دۆلارە
کە گەیشتی زوو واز لە حیزبت بێنە
دوستانی پێشووت هێشتا مەدۆینە.
٣٦١-تەمەن
چی بکەم لە توانەوەی تەمەن
وەکو سەهۆڵ دەتوێتەوە
بە هەموو خەڵکی سەر جیهان
چرکەیەک ناگەڕێتەوە
تەمەن فلیمە کە هات و ڕۆیشت
دووجار لێ نادرێتەوە
تەمەن کتێب و پەرتووکە
دووجار چاپ ناکرێتەوە
تەمەن سەرمایەی ژیانە
کە لە دەست چوو نایەتەوە
تەمەن گەوهەر و ئاڵتونە
کە ون بوو نادۆزرێتەوە.
دین نەدۆڕان و خۆ نەگۆڕان
توخوا ئەم ژیانە کوا ئەوە دێنێ
مرۆڤ دینەکەی بۆ بدۆڕێنێ
لە دەستی بدا ڕێز و کەرامەت
هاو شێوەکەی خۆی، بۆ وەچەوسێنێ؟!
بۆ دەبێ مرۆڤ بیر نەکاتەوە
پاشەڕۆژی خۆی لێک نەداتەوە
چی هەیە بەهێزتر بێ لە مردن

قەبر و قیامەتی بیر نەخاتەوە.

بۆ دەبێ مرۆڤ نەیێ بۆ ئەم دینە

باوەڕی نەبێ بە شای مەدینە

سەفەری قیامەت گەلێک گرانە

بەڵام بەهەشتێش گەلێک شیرینە.

خوایە ڕۆناک بێ کۆتایی ژیانمان

هاوڕێی قەبر بێ دین و ئیمانمان

ئەی چەند ناخۆشە بمری بێ باوەڕ

بەرگریکار بێ یاخوا قورئانمان.

٣٦٢-وەفاداری

بە بۆنەی سەردانی کردنی دایە سەبیحە خێزانی مام سەید عەبدولجەباری زەردە و کوڕەکانی کە سەردانیان کردم و خۆشحاڵیان کردم کە دۆستی خۆشەویستی خۆم و باوکم بوو لە بنەسڵاوە هاتنە ڕانیە.

یاخوا بەخێر بێن لە هەولێرەوە

هاتن بە کۆڵێک خیر و بێرەوە

یادگاریەکانی مامی کۆچکردوو

بە چاو ون بووە بە دڵ لام زیندوو

چاکە و پیاوەتی ئێوە دیارە

پاداشتتان لە لای پەروەردگارە

لە بیرتان ناکەم هەتاکو ماوم

ئێوە دڵینن بۆ هەردوو چاوم.

٣٦٣-بە یادی باوکم

لە ناو ئەم خانووە لەگەڵ تۆ ژیاوم

لە دونیا و قیامەت تۆی هەردوو چاوم

تۆ فێرت کردم قورئان بخوێنم

خودا بناسم و چاکه بچێنم
بۆ منت جێ هێشت چەند دۆست و ناسیاو
چاوم لە تۆ کرد تا ببم بە پیاو
داوام لە خوایە بچێتە بەهەشت
ببینی خۆشی و شادمانی و گەشت.
٣٦٤-دوو ڕوو گورگن و لە پێستی مەڕە
لە بیدایەتی سورەتی بەقەرە
کە دەنگ و باسی گشت خێر و شەڕە
سەرەتا باسی موسڵمان ئەکا
کە زۆر گرنگی جوانی پێ ئەدا
لە پێنج ئایەتان ئەوان دەناسینێ
پاداشتیان زۆرە و ئەوان نرخینێ
کە دوایی کە دێتە باسی کافران
هەمیشە ئەبن تا ئاخیر زەمان
لە دوو ئایەتان پێناسەیانە
دۆزەخ چاوەڕێ لە بۆسەیانە
دواتر کە باسی مونافیقانە
کە سێزدە ئایەت باسی ئەوانە
موسڵمان دیارە و ڕووون و ڕەوانە
خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرانە
کافریش دیارە وا لە مەدیدانە
دوژمنی هەموو موسڵمانانە
بەس ئەوەی کەوا دەردی گرانە
ئەو مونافیقەی وەکو شەیتانە
مونافیق واتە کەسێکی دوو ڕوو

به زاهیر باشه و به باتین بەدخوو
هەر لە قۆناغی شاری مەدینە
ئاژاوە چی بوون ئا ئەم بێدینە
ڕۆژێ دەهاتن بۆ لای پێغەمبەر
شەویش کافر بوون جولەکەی خەیبەر
وەکو گورگ بوون لە پێستی مەڕی
بە ئەسحابەکان وەک سەگ دەوەڕی
کێ لە سەرێ بێ لەگەڵ ئەوەیدان
جاسوسی ڕۆژێ یا لە شەویدان
بە ناوی ژیان خۆ دەگونجێنن
بەس خۆیان بژین خەڵکی دەمرێنن
بۆیە خوا فەرمووی هەرچی دوو ڕووە
لە قاتی خواروی دۆزەخ کەوتووە.
٢٦٥-کورد خۆی نییە
بۆ گلەیی دەکەی لە تورک و عەجەم
شەپۆل هەڵدەستن تۆش لە ناو بەلەم
ماوەی سەد ساڵە پەیمانی لۆزان
ئێمەی فرۆشتووە هەر وەکو مۆزان
لە دوور و نزیک دوژمنمان زۆرە
دەرس وەرناگری ئەم کوردە بۆرە
هەر چوار دەورەشمان تەڵبەند کراوە
لە ناو خواردنمان ژەهر ڕژاوە
دابەش کراوین وەکو گۆشتی خێر
خۆشمان نیمانە بەرەکەت و بێر
وا سەدەیەکە شەڕی ناو خۆیە

شین و وایوەیلا و هاوار ڕۆ ڕۆیە
لە هەموو دونیا گەلان ئاواتیان
سەروەری خاکە بۆتە خەڵاتیان
کە بویتە دەوڵەت ئەحەسێتەوە
گەر وشکیش کەن ئەبووژێتەوە
پارێزراو ئەبێ زەوی و ئاسمانت
دەستنیشان دەکرێ سنووری جوانەت
کە دەوڵەت هەبوو چەتری میللەتە
دەرمانخانەی گشت دەرد و عیللەتە
بەڵام کوردەکە حیزبی گەرەکە
دەوڵەت وەک شار و حیزب گەڕەکە
وەک قەومی موسا بچکۆلمان دەوێ
گەورەمان دۆڕاند بە ڕۆژ و شەوێ
هەتا بەو شێوە بچینە پێشێ
هەر کەس بۆ حیزبی خۆی ڕابکێشی
دەرو دراوسێ لێمان دەڕوانن
هەردەم بە کەم و سوکمان دەزانن
وەکو ئەو پیاوەی هەڕای لە ماڵە
لە لای جیرانان قاوغی بەتاڵە.
٣٦٦-فیدات بم
لە تەمەنی حەوت ساڵێدا کە قورئان بە گوێمدا درا
کە بانگ و قامەتم بیست و سەدای شەیتان خامۆشکرا
بڕیارم دا تاکو هەبم ئەم قورئانە پەیامم بێ
وەکو گوڵ و عەت و میسک بۆنی لووت و بەرامم بێ
هەموو ماڵ و منداڵ و ژین دەکەمة قوربانی دینم

ئەگەر قورئان دەستوورم بێ خاوەن کەرامەت و ژینم
خۆشەویستی جگەر گوشەم نابێتە ڕێگر و لەمپەر
دەستم دەگرم بە فەرموودە و بە سوننەت و ڕێی پێغەمبەر.
٣٦٧-وەرگێڕانی شیعری عەرەبی
شاعیری عەرەب دەڵێ:
إذا المرء لم يلبس ثياباً منة التُّقى
تقلَب عريانا وإن كان كاسياً
وخير لباس المرء طاعة ربّه
ولا خيرَ فيمن كان الله عاصياً.
منیش دەڵێم:
مرۆڤێک گەر لەبەر نەکا پۆشاکی تەقوا
بە ڕووت حیسابە چەن پۆشتە بێ
باشترین پۆشاکی مرۆڤ ملکەچی خوایە
خێر لە بێ دیندا نییە چەند گۆشتە بێ.
تیم وابوو ئاوا دەبێ
لە پێش ڕاپەڕین کادیر ئەیوەقاند
کە مێشک و گوێچکەی خەڵکی ئەبڕاند
گەر بێت و ڕۆژێک بێتە پێشەوە
ئەم کوردستانە ئازاد بێتەوە
ئاوەدان ئەکەین لادی ڕووخامان
بیر ئەبەینەوە ئێش و زۆخامان
خزمەتێک ئەکەین بەم کوردستانە
ئەیکەین بە گوڵ و مێرگ و ڕەیحانە
خەباتگێڕەکان ئەحەسێنەوە
نان بە دەرەکان ئەگەشێنەوە

منداڵی بێ باوک ئەبووژێتەوە
پاداشتی شەهید ئەگەڕێتەوە
بەڵام داخەکەم وا ئازاد کرا
ناوی حوکمەت و هەرێم دانرا
کەچی ڕێ نییە لەبەر پیاوی جاش
بێتەوە پێشەوە پیاوی چاک و باش
وەک بڵێی ئەوان خاوەن وڵاتن
دروشمی شۆڕش و ڕێگای خەباتن
هێندە سەربەستن لە کۆبوونەوە
دڵسۆز شەرم دەکات بێتەوە پێشەوە
دیارە زۆربەمان ڕەنجان کێشاوە
عومری جوانیمان لەسەر داناوە
بەس ناکرێ ئەوەی کە شۆڕشی کرد
بۆم کوردستانە بوو بە مێز و پرد
بخرێتە ڕیزی هەرە دواوە
هەر لەبەر ئەوەی دوور لە ماستاوە
ئەم خەڵکە بۆیە شۆڕشی نەکرد
خەڵە و خەرمانی ناپیاوێ لێی برد
بەڵام چی بکەین بێ سەر و بەرە
دڵسۆز لە ژێر و خائین لە سەرە.

٣٦٨-تەمەن

ئەی تەمەن چۆن دەڕۆی وەک هەوری بەهار
چۆن زەرد هەڵدەگەڕێ چەند گوڵ و گوڵزار
لە گەنجی مەستین و بە تێری پەستین
بە پیری لاواز و بێ توانا و سستین

تەمەن فلیمە و حیکایەت و خوان
وەک ئاش دەیهاڕێ عومری گەنج و جوان
بەس کەسێک شاد و ئارام و مورتا
کە عومری خێر بێ دوور بێ لە گوناح.

٣٦٩-شعریەک لەسەر زاری خوشکێکی حیجاب لەبەر...
زۆر لەمێژە وەعدم داوە
سەرپۆش دەنێم لەسەر سەرم
گوێڕایەڵ بم بۆ خوای گەورە و
نەخشە و ڕێگای پێغەمبەر
حیجاب ڕەمزە و نیشانەیە و
دروشمی خودا ناسینمە
لە باڵخ بوون تاکو قەبر
ئەیکەم بە پۆشاکی بەرم
جیاوازی ژنی موسڵمان
حیجاب و خودا پۆشینە
بۆچی ڕووت بم، بۆ سفور بم
بۆ نەڵێم من بە خەبەر بم
بۆچی ڕێگای خەدیجەخان
دایکە عائیشە نەگرمە بەر
کە دەلیلە بۆ قیامەتم و
چرایە بۆ ژینی قەبرم
حیجاب تاجە و شەهامەتە و
بۆ ژنی کوردی بەغیرەت
تۆ هەنگوینی شیرینت بێ

بۆ دەڵێی عاشقی ژەهرم
بەڵێنم بێ بە خوای گەورە و
محەمەدی نووری چاوم
دەست بەرنادەم لە حیجابم
هەر وەکو پلەنگ و بەورم.

٣٧٠-مزگەوت بێ وێنەیە
ئەگەر بگەڕێم حەوت قارەی دونیا
لای تۆ ئارامم بە تاقی تەنیا
خۆشی نەماوە لە شار و بازار
ئارامی نایە بە پارە و دۆلار
ئەو کاتە شادم دێمە مزگەوت
کاتێک ئاسودەم چاوم پێت کەوت
لە لای پاشایان لە لای ئەمیران
خۆت لە لا کەمە لە کن وەزیران
لە دیوەخان و کۆشکە بەرزەکان
کە بەرز کراون لەسەر ئەرزەکان
چەن هەستت ئەکرد کە تۆ داماوی
بەڵام لە مزگەوت کەسی تەواوی
لە مزگەوت فێربووی بەس خودا ناسین
سوجدە و ملکەچی و سورەتی یاسین
مزگەوت پێت ئەڵێ دایک و باوک کێن
لە خزمەتیان بیت تا بۆ قەبر دێن
مزگەوت پێت ئەڵێ برا و خوشک و کاک
دووربە لە خراپ، نزیک بە لە چاک

مزگەوت پێت ئەڵێ خزم و کەس و کار
یان دراوسێ بێ و پیاوێکی هەژار
مزگەوت پێت ئەڵێ مافی هەموو کەس
کاتی خۆی بیدە و با نەچی لە دەست
لە قەرز و میرات حەقی خوشک و برا
لە دونیا بیدە و نەگاتە جەزا
بەڵێ مزگەوت جێی چاکەکانە
جێی ڕەزامەندی خوای میهرەبانە
خۆزگە بەو کەسەی بە ڕاستی و ساغی
دەچێتە مزگەوت پڕ بە دەماغی
چونکە ناکرێ مزگەوت بە درۆ
هەر کەس وابکات دەبێ ڕەنجەڕۆ
خوای پەروەردگار چی لێ ون نابێ
گەر بە ڕۆژ بکرێ یا لە شەوا بێ.

٣٧١-بۆ محەمەدی جەرگم

وا چوار ساڵە چاوەڕوانتم گزەی جەرگم بۆ نادیاری
پایز و زستان چاوەڕێم، تۆ خونچە و گوڵی بەهاری
کەی زانیت ماسی بێ ئاو، ژیان سوراوە بێ هەوا
ئەو کاتە تۆ چاوەڕێ بە دڵم بۆت نەبێتە مەئوا.

محەمەدی جەرگم

٣٧٢-بێوەفایی

ئەمڕۆ نەماوە بەزەیی و وەفا
چونکە دوور کەوتوین لە ڕێی مستەفا
کێ بێ وەفا بێ بەرامبەر خەڵک

بۆ دین و دونیا نایمێنێ کەڵک.

٣٧٣-بانێکە و دوو هەوا

برام چۆن دەکرێ بان و دوو هەوا

ڕوو لە مەککە بێ و دڵ لە کەربەلا

گوڵە بەڕۆژە دووجار دەسووڕێ

جارێک ڕۆژهەڵات، جارێک ڕۆژئاوا

ئەم دینە ناکرێ بە هەوای نەفس

دەبێ ملکەچ بی بۆ ڕێی مستەفا

خۆت لە مزگەوت و ژن و کچت ڕووت

چۆن ئاوا دەبێ و کوچا مەرحەبا

شەو و تۆڕ بکەی شەوی بۆ اللە

ڕۆژیش ببیتە بەندەی مام عەولا

دەتوانی فێڵ کەیت لە هەموو جیهان

بەڵام فێڵ ناکرێ لە زاتی خوا

خۆت فریو مەدە بە قیل و بە قال

خۆت ڕزگار بکە بە دین و تەقوا.

٣٧٤-بەو حاڵە خوێندم

بَابە بەو حاڵە چوومە بەر خوێندن

هەموو بەیانیان پارەم لێ سەندن

تۆ ئارەقت ڕشتن لە پێناو منا

خۆ من ئەزانم جەرگت کون کونە

دەچوومە مەکتەب ماوەی شانزە ساڵ

زۆر جار برسی بووم باخەڵیش بەتاڵ

بە شەو و بە ڕۆژ بە سەرمای و گەرما

ئەتۆش ئەسوڕای بە دەوری سەرم
تۆ بە بەرگی شر، پێڵاوی دڕاو
بە گەرمای هاوین بە قرچە و قژاو
هەر بۆ ئەوەت بوو پەکم نەکەوێ
تا پیاوی نامەرد نەڵێ چیت ئەوی
زۆربەی ئەوانەی نمرەیان بەرزە
ڕۆڵەی هەژاران لەسەر ئەم ئەرزە
بەڵام خستیانەنە باری خوارەوە
کوڕی بەرپرسان لەسەر دارەوە
بەڵام مەرج بێ ئەگەر تەواو بووم
لە دژ وەزیفە و ئیش و کار ڕاوچووم
لە بیرم ناچێ ماندووبوونی تۆ
هەتا لە قیامەت نەبم ڕەنجەڕۆ
هەروەها ڕەنج و بێ خەوی دایکم
نانی ئامادە و بەرگ و پۆشاکم
ئەگەر دامەزرام بە مووچە و مەعاش
ئەیبەم بە ئێوە هەر وەکو پاراش
هەر چەن ئەزانم نابێ دامەزران
دەبێ ماندوو بم بە دەست و بە شان
یاخوا هەر کەسی سستەمی لێ کردم
بە هەناسەی سارد بەم دەردەی بردم
لە ڕۆژی قیامەت بچمە گەردەنی
حەقی لێ سەنم لە دوای مردنی
چۆن من باوکم زۆخاوم نۆشی
هەتاکو بژین بە کەیف و خۆشی.

٣٧٥-هەتا کەی

یا دیسانەوە قرانی کوردە

وا دیسانەوە سەد ئێشی و وردە

وا دیسانەوە ئاگر و ئاسن

چۆن ماڵی کوردیان دەرهێنا لە بن

هەر ڕۆژ لە لای و هەر ڕۆژ لە ماڵێ

لە مەرگی کوردان کە دێ هەواڵێ

ڕۆژی ئەنفال و ڕۆژی کیمیایی

ڕۆژی زیندان و ڕۆژی تەنیایی

لە هەموو جیهان خەبات چەند ساڵە

بەڵام لای کوردان تادێ هەر تاڵە

هەر لەو کاتەوە کورد دابەش کرا

خۆیی و سامان بە تاڵان برا

هەر لەو ڕۆژەوە هەتاکو ئەمڕۆ

لە بەر چاوانە وەکو نیوەڕۆ

بە هاوپەیمانی وڵاتانی زڵ

کوردیان دابەش کرد وەکو ئاوی شل

ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ زڵ هێزن

خاوەن ئەتۆم و نەووەی و نێزن

کە ئەمڕۆ بوونە خاوەنی جیهان

ژەهریان کردۆتە ناو ژیانی کوردان

ئەوەش کە ئەمڕۆ دەی کەن دراوسێ

لە گەورە و بچکۆ و منداڵ ناپرسی

نیوەی پلانی ئەو زالمانەیە

هەموویان بۆ کورد وەک بێگانەیە

نیوەکەی تری تاوانی کورده
بۆ دوژمنانی قادرەمە و پردە
هەتاکو میللەت نەبێتە برا
بۆ ڕێگای تاریک نەبن بە چرا
هەزار ساڵی تر بدەین قوربانی
تەمەنی نابێ هەتا بەیانی.
٣٧٦-خۆشەویستم
خۆشم دەوێی وەکو چاوم
وەکو جەرگ و ناو هەناوم
هەر کەس باوەڕت پێ بێنێ
زوو دەستی خۆی دەوەشێنێ
هەر کەس دوور بێ لە ڕێبازت
بێ بەش ئەبێ لە ئاوازت
خۆزگە بەوەی لێت نزیکە
ڕیسوا ئەوەی لێت تەریقە.
٣٧٧-دایکە گیان:
بە کام زمان وەسفت بکەم
کە لە ڕاستت زمان لالە
بە کام پێنووس بۆت بنووسم
کاغەز و دڵ بۆت عەوداڵە.
چۆن دەبێ من لە بیر بکەم
ڕەنج و ماندووی ڕۆژ و شەوت
چۆن لە بیرکەم شەو نەخوێنت
خۆزگە مەرگم پێشت کەوت.
لە دوای خودا کەسێک نییە

وەکو تۆ پر میهرەبان بێ
کەسێک نییە دوای ناوی خوا
دووەم شوکرانەی قورئان بێ.
سەلا لەوەی لە ناسینت بێ ئاگایە
ڕیزت ناگری و نازانی کێی
لە لای شەرمە و شەرم دەکات
کە بانگت کا بڵێ دایە.

۳۷۸-شانازی دەکەم
شانازی دەکەم بە هاتنە دونیات
بە پەرستنی خوای تاک و تەنیات
هەموو ڕژێمی، هەموو میللەتێ
هەموو تیرەیەک، هەموو میللەتێ
لە ڕۆژی هاتنی و مردنی گەورەی
ئاهەنگ دەگێڕێ و شین بۆ ئەو دەورەی
ئاڵا هەڵدەدا و یان دەینوێنێ
بۆ مردن دەیکا و یان دەشەکێنێ
بەس بۆ محەمەد ناشێ و حەرامە
کە ئەو لە هەمووان زیاتر بە تامە
دەڵێن بیدعەیە و کاری نەزانە
دروستکراوی دەستی ئینسانە
باشە قورئان و وتنی سەڵاوات
قەسیدەی خۆش و گەیشتن بە ئاوات
بۆچی خراپە و بۆچی حەرامە

كه باسكردنى خير الانامه

بەڵێ مەولودێک ناشەرعى بكرێ

ڕەواج بە وتەى ناپەسەند بدرێ

منيش زوو دەڵێم: زۆر نارەوايە

چۆن پێچەوانەى شەرعى خودايە

ڕوونكەرەوەى كاكى ئيستيراد

نێردەى خەليجى ياخود هى بەغداد.

٣٧٩-گوند و لادى

لادى شوێنەكەي پڕ حەيا و شەرم

لادى هێلانەى پڕ قسەى گەرم

لادى سەنتەرى باوەڕ و ئيمان

لادى سەرچاوەى بەزەيى و ويژدان

لادى مەركەزى سۆز و هاوكارى

لادى قەناعەتى شۆڕشى چەكدارى

لادى جێگاكەى هانا و هەروەز

لادى كارخانەى پياوى نێرەوەز

لادى مەكتەبى سێرە ژنى چاک

لادى هەوارگەى ڕاز و نيازى پاک

لادى پێشكەى سياسەت و خەبات

لادى ئومێدى ژيان و حەيات

لادى هيچ كاتى ناچى لە بيرم

لادى ئومێدى پياوى فەقيرم.

٣٨٠-ئەمە مێهادە بەڵام لە شێوەى ميعاد

گەر لێم گەڕێن شەيتانەكان

گوڵێکم لە باخچەی قورئان
ئەگەر هەلم بۆ برەخسێ
لە بەر ئەکەم سورەتی - الرحمن.
نەک بۆ خەڵات و یادگاری
بەڵکو بۆ عەقیدە و ئیمان
وەرە باوەش بکەرەوە
هۆ ژن و پیاو هۆ گەنجی جوان
دەبا کارێک ئەنجام بدەم
سوودی هەبێ بۆ دوو جیهان
جەوهەرە بۆ ژیانی دونیا و
زەخیرە بۆ ڕۆژی پەسڵان
توخوا ئەم ئیشە باشترە
یان گۆرانی و لەش و لاری دان
هەرچی ڕێگای کوفر هەیە
فریو دانە و هەڵخەڵەتان
هەتا گەنچی پێت هەڵ ئەڵێن
کە پیرش بووی دوژمنی گیان
گوناەانت بۆ جوان ئەکەن
دڵت پڕە لە ئێشی و ژان
تەنها ڕێگایەک سەربەزییە
ڕێگای خودا و پێغەمبەران.
٣٨١-یەک دڵ
خوا دای ڕشتووە لەش و پەیکەرت
دامەزراندووە شێوە و هەیکەلت
دوو گوێی چاندووە لە کەللەی سەرت

دوو چاو دەبینی گشت دەورو بەرەت
دوو کون لە لوتت بۆ بۆن کردنی
هەم بۆ هەناسە و هەوا بردنی
دوو لێو دایپۆشی دەم و ددانت
سەرنجی لێ بدە پڕ بە ویژدانت
دوو ڕیز ددان شووڕەن بۆ زمان
هەتا نەبێژی قسەی بەد، گومان
دوو دەستت هەیە کێو لە بن دێنی
سەرەپای هەموو ژیان دەشێوێنی
دوو قاچت هەیە بۆ ڕێگا و ڕۆیشتن
پێی دەڕۆی بۆ خوا هەم خۆ فرۆشتن
دوو ڕیز پەراسو لە ڕاست و لە چەپ
بۆت بەستراون وەکو ویل و کەپ
دوو سی ئیشی دەکەن لە ناو هەناوان
کە بەخشراون بە ژن و پیاوان
هەمووی دوو بە دوو بە یاسا و نیزام
تا ئادەمیزاد بگاتە ئاکام
بە تەنها دڵە کە یەک دانەیە
بۆ باوەڕ هێنان وەک هێلانەیە
ئیمان و کوفر نابن یەک دێگەر
خودا دای ناوە بە ئەمرو تەقدیر
خواش فەرموویەتی لە ناو قورئانا
دڵێک بۆ دوو شت نابێتە هێلانە
وَمَا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ
واتە: خوای گەورە قەت دانەناوە

دوو دڵ بۆ کەسێک ژنە یان پیاوە
ناکرێ خوات بێ و بشجب بۆ خورما
دەچێتە دۆزەخ جا نەڵێی گەرما
دڵ بۆ خودایە عەرشی ئەوینە
جێی خۆشەویستی خالقی ژینە.
٣٨٢-ئاخێک بۆ گەنجان
ئەی بە داخەوە بۆ ئەو گەنج و لاوە
وەی بە داخەوە بۆ ئەو ژن و پیاوە
وڵات چۆڵ بوون و سەر هەڵگرتنە
بەفر و باران بێ، یاخود هەتاوە
ئەو هەموو خەڵکەی گیان لە دەست ئەدا
چ بە هۆی شەپۆل، یاخود لافاوە
لە ڕێگای تورکیا، یاخود لە یۆنان
لە ڕێی ئیتالیا، یان فەڕەنساوە
وڵاتی خەڵکی ئاوەدان ئەکەین
وڵاتی خۆمان کاول و ڕووخاوە
نەما پاشەڕۆژ، نەما گەش بینی
هەموویان دایە دەم کا و باوە
نەما سیستەمی بەڕێوە بردن
نەما شایستە و وەلاندراوە
بۆیە گەیشتووینە ئەم ڕۆژە سەختە
چونکە قیامەتمان بە دونیا داوە.
٣٨٣-وەفاداریەک بۆ خێزانم
ئازیزەی دڵ وەکو باڵندە
دێمە ناو هێلانەی دڵت

وەکو هەنگیش هەڵدەسوڕێم
بۆ مژینی پەڕەی گوڵت.
باوەڕ ناکەم هیچ ئەوینێک
بگاتە هەستی هاوسەری
مەگەر عەشقی نیشتیمانم
کاتی دووری و دەربەدەری.
هاوسەر مەئوای ڕازەکان و
کلیلی نهێنی ژیانە
هاوسەر وەکو پۆشاک گرنگە
ئەمەش تەعبیری قورئانە.
هاوسەر شوێنی حەوانەوە و
حەسانەوەی مێشک و دڵە
هاوسەر سەنگەری یەکەمە و
دووەمیشمان قەبرو گڵە.
لە کاتی فەتحی مەککەدا
لە گەرمەی ئازار و ژان دا
دەچووە سەر گۆڕی خەدیجە و
دەیفەرموو بۆم هێزی گیانا.
ئێمەش لەسەر ڕێی تۆ دەڕۆین
ئافرەت لامان ڕیز گیراوە
ئەوەی دەڵێین: قسە نییە و
بەڵکو کردە و هەنگاوە.
٣٨٤-نیشتیمانی من
من خاوەنی ئەم خاکە بم
چیمە مولکی شام و چین

دەبێ خەڵکی لە دوور بڵێن
بۆ ئەم کوێستانە بچین
کوردستانم بۆ حەیاتە
پڕ لە خەزێنە و داهاتە
بەڵام هێلکەی بۆ خەڵکییە و
ڕیقنەکەی بۆ وڵاتە.
کوردستانم جێی سااڵحانە
مەنزڵگای پێغەمبەرانە
شوێنی پیاوی زانا و ژیر و
پڕ لە خەڵکی موسڵمانە.
بەڵام هەزاران ئۆف و ئاخ
داکوتراوە بە شاخ و داخ
دوژمن نەیتوانی بمگاتێ
دۆستەکەم بۆی بوو بە چەخماخ.
خەباتی زۆرم کردووە و
زۆر قۆناغیشم دیتووە
بەڵام کاتێک ئازادیم دێ
سەری پەنجەی خۆم گەستووە.
وەکو گەلان و نەتەوان
دەموێست بشکێنم سەرخەوان
نەمزانی ئاوام بە سەر دێ
ناپاکم وەک پیرە کەوان.
٣٨٥-وڵاتی وێران
بە دەیان سااڵ خزمەتم کردن
بۆ ئەشکەوت و شاخ نانم بۆ بردن

شەو و نیوە شەو میوانی ماڵ بوون

تێکدەری خەوی ژن و منداڵ بوون

پیاومان بە بار و بە سوغەر و زۆری

پێش خۆتان ئەدان لە ڕەش و بۆری

سەر سفرە پڕ بوو لە هێزی چەکدار

پێشوازی دەکران لە ماڵی هەژار

دامان بە ئێوە لێفە و بەتانی

بە خێومان کردن بە زەبری شانی

وتتان: شۆڕشە و قوربانی و خەبات

لە دوای شۆڕشیش چۆن بووین بە خەرات

بووبووە هۆتێلتان لادی و مزگەوت

بەڵام کە بوونە حوکمەت و دەوڵەت

خۆتان هەتانە ئاو و کارەبا

خانووی مۆدێرن و دوور لە ڕەشەبا

سەیارە و باخ و دینار و دۆلار

نەک بە هەزاران بگرە بە ملیار

هاوتان ماڵتان وەکو قەندیلە

دیکۆری خانوو دەڵێی مەندیلە

زستانان ماڵتان دەڵێی حەمامە

دەیخۆن کام خواردنەی گەلێک بە تامە

دەگەڕێن بۆ کام وڵاتەی خۆشە

ڕۆژان سەرخۆشن، شەوان بێهۆشە

سەیارەی ئێوە مۆدێل بااڵیە

بە ناوی کورد و لە ژێر ئااڵیە.

منداڵی ئێوە بە شەست و حەفتا

دەبن بە دکتۆر یاخود مامۆستا
ئێمەش نیمانە کارەبا و نەوت
گشت لە سەرما و خەومان لێ کەوت
ئەگەر ئازادی و سەربەستی وابێ
یاخوا ڕێگامان نیوەی بەغا بێ
ئاە و هەناسەی هەزاران بڕسی
لێتان بسێنێ بارەگا و کورسی
وڵاتێک نەبێ ئارامی دەروون
ڕۆژ بە ڕۆژ بمکا زەلیل و زەبوون
دەردەچووم دانیشتی لە ژووری خانوو
دای نە مەزرێنی بێبڕێ بیانوو
گەنجم بخنکێ لە دەریا و ئاوان
تۆش بۆی نەڕێژی فرمێسکی چاوان
ئاە و نوزەی من بگاتە لای خوا
لە تەختت بدا وەکو ڕەشەبا.
من بۆیە نەمکرد ئاوا بنالّم
بشکێنی دڵم، هەم قاچ و بالّم
بە داهاتی منە خەنی بوو دونیا
منیش مامەوە بە تاقی تەنیا
لە دوو هەزار و سالّی بیست و دوو
تازا بیهێنم قەفەڵ و پۆشو
ئەشلێن: وڵاتمان بەرەو پێش کەوتن
هەندێک دابەزین، هەندێک سەر کەوتن.
٣٨٦-وەفدی کوردی
کوڕە مەڕۆن بۆ بەغدایە

بە خوا هێشتان بە دەست نایە

هەر چوار دەورەمان ناحەزە و

وەکو گێژەی ڕەشە بایە

قەت دوژمن نابێ بە دۆست

ئەوە فلیمی سینەمایە

لەوەتەی کورد دروست بووە

هەر لە ناو جەنگ و هەڕایە

یان شەڕی دوژمنی کردووە

یان لە دەوەنی ئاشدایە

سەدەیەکی خەبات دەکات

دەست بە تاڵ و بێ دەسمایە

شار و گوندی تەخت بووە و

وەکو دەشتی کەربەلایە

لافاوێ خوێنی ڕشتووە و

بازاڕیشی بێ سەودایە

هەر ڕۆژ لە ماڵی دوژمنە

بۆ ناو خۆشی چەند ئازایە

هەتا لە ناوخۆ ناکۆک بێ

پەنج لێدراو و بێ ئاگایە.

٣٨٧-ڕەسەن و نارەسەن

ڕێوی لە کونی هەڵدەگەڕێتەوە

سەری پەنجەی خۆی دەگەزێتەوە

خەڵکی مەسیحی دەبنە موسڵمان

باوەشیان دەکەن بە دین و قورئان

چونکە دەگەڕان بە دوای سەرچاوێ

تا بخۆنەوە چەند قومە ئاوێ
چەند خواردبوویانەوە هەر سوێر و بێ تام
کە نەیدەبەخشی بە لەشە ئارام
تا دەستیان گەیشتە کانی ئاوی ئیسلام
زانیان وا گەیشتن بە هیوا و مەرام
تازا بە تازە زرێ موسڵمان
بانگەشە دەکەن بۆ ڕێگای شەیتان
بۆ ماڵی دونیا و بۆ پارە و دۆلار
دونیا و دواڕۆژ یان دەکەن شەرمەزار
بە ناوی ڕەگەز، بە ناوی سەر دەشت
لە سلێمانی، مەهاباد، سەردەشت
چونکە بەتاڵە و بێ بنەمایە
دوژمنایەتی دینی خودایە
کە پارە نەما و قاسە بوو بەتاڵ
وازی لێ دینن و دەچنەوە بۆ ماڵ
بەڵام دینەکەی خوای پەروەردگار
چەن تەمەن درێژە و گەیشتووەتە هەزار
دەڵێی قەندیلە و چۆن دامەزراوە
کە پشتی بەستووە بە زاتی خواوە.

٣٨٨-کوژانەوەی چرای ژیانم
من نەمزانی دوا مەنزڵت لە تارانە
من نەمزانی ئاخیر دیداری یارانە
من نەمزانی کە دوو قۆڵی سەفەر ئەکەین
لەو سەر تەنیم لە ژێر کڕێوە و بارانە

هەژدە سەعات من دانیشتم لەسەر تەرمت
لە ناو ئیسعاف لەگەڵ فرمێسک بارانە
تۆ باوک بووی، تۆ برا بووی، تۆ چرا بووی
بۆ جێت هێشتم لە ناو ئازاری جارانە
تۆ پێت وتم: ڕۆڵە بچۆرە مزگەوت
ڕێی دین بگرە، هەم بە لەیل و نەهارانە
هاوکارم بووی، دەستبارم بووی، کاتی خوێندن
لە کوردستان، یان سەردەمی ئاوارە
بیرم ناچێ کاتێک فەرمووت: تا بخوێنی
بۆت دەنێرم وەکو ئاوی ڕووبارانە
چی دەیزانم لە دوای خودا فەزڵی تۆیە
بۆ من گەشت بووی وەکو وەرزی بەهارانە
هەرچی ئەکەم لە خێر و چاکە و پیاوەتی
نەرزت تۆ بێ، من ئەژیم لە کەلارانە
خوایە داوام لە دەرگای ڕەحمەتی تۆیە
پێت شاد ببم لە بەهەشتی ئێوارانە.

٣٨٩-بۆ دۆستەکەی باوکم مام سەید جەباری زەردە
خودات لەگەڵ ئازیزەکەم
بە باوکم بڵێ سڵاوی
بڵێ وا هەردووکمان مردین
بە جێمان هێشتووە پیاوی
بڵێ بیست ساڵێ چاودێربووم
بۆ بۆم بوومە قەڵغان، کڵاوی

بەڵام ئێستا منیش جێم هێشت
دەکەویتە بەر سێڵاوی
هاتمە لات لە بنەسڵاوە
بۆنم دەکرد لە گوڵاوی
ماڵەکەی تۆ سێبەرم بوو
ئەیپاراستم لە هەتاوی
پیاوی دڵسۆز، دۆستایەتی
لە دەستمان دا لە ناکاوی
شوێنت خاڵی چووە لە دەستمان
پیاوێک لە جێی هەزار پیاوی
گەر باوکمت دی تێر دانیشن
باسی بکەن لە جێماوی
خودای گەورە لێتان خۆش بێ
بچنە بەهەشتی ڕازاوی.

٣٩٠-ڕانیە شایانە

ڕانیە دەروازەی ڕاپەڕینە
ڕانیە خەبات و گور و تینە
ڕانیە شۆڕش و وەرچەرخانە
ڕانیە کلیلی نیشتیمانە
ڕانیە بوو کە بەعسی ڕووخاند
ڕانیە بوو زۆرداری نەپاند
ڕانیە خاوەن دیوەخانە
ڕانیە بنکە و جێگای ژیانە
ڕانیە دەبوو کاشی بکرێ
فەرشی سووری بۆ ڕاخری.

٣٩١-بە ئازار بوو

ئەوەی کە ڕوویدا لە شاری کوردان

لان فەڵەستین وڵاتی مەردان

دوو بنەماڵە لە کت و پڕدا

پەرت و بڵاو بوون وەک تۆوی عەردان

خۆریان ئاوا بوو گەڵا هەڵوەری

لە وەرزی پایز بووە گەڵا ڕێزان

تاقی کردنەوەی قورس گران بوو

کە ڕاپەڕەکان خەڵکی بە ویژدان

پیاو بێ ژن بووە و ژن بێ پیاوە

باوک بۆ ڕۆڵەی جەرگی پڕ لە ژان

منداڵ بێ باوک و بێ دایک بووە

بێ ناز کەوتووە فرمێسک دەوەران

خوایە خۆش بێ لە مردووی دوو لا

شیفا بنێرە بۆ بریندارانی

ساردێژی بکە دڵی پڕ لە زام

بە نوری ئیمان بێنە هەتوانی.

٣٩٢-لە ڕانیەوە تا مەدینە

لە ڕانیەوە تا مەدینە

برسیم بۆ دیداری گەرمت

حەز ئەکەم کە دەستم بدەم

لە دوو دەست و پەنجەی نەرمت

زۆر تەمەزرۆم کە بشکێنم

تینوایەتی سەخت و تیرم

دێم دەکەوم لە بەر دەرگات

تۆ دەوڵەمەند، من فەقیرم

لە ناو هەموو ئەم جیهانە

من تەنیا تۆم هەڵبژاردووە

دڵنیام کە ئەمین داری

بۆیە خۆم بە تۆ سپاردووە.

٣٩٣-مۆدێرن

خۆشم نازانم کامەتان پیرن

کامە ئازادو کامە ئەسیرن

سۆبەی دارەکە مۆدێلی کۆنە

ئەو خۆماڵییە و دەسکردی خۆنە

سەردەمێک دار بوو وزەی گەرمانمان

ئەو دەیپاراستین لە با و سەرمانمان

بەڵام دواتر کە هات پێشکەوتن

وتیان: نەسرەوتن هەتا سەرکەوتن

سۆبەی نەوتەکە هاتە مەیدانێ

گەرمایی بە دیوەخانێ

دواتر وڵاتان بۆ پێشەوە چوون

میللەتی ئێمە هەتا دێ زەبوون

میللەت زەروورە بۆ ئاو و بۆ نان

هەتا درێژە بدا لە ژیان

ئاو و کارەبا پێویستی ژیانن

ئارام کەرەوەی دڵ و گیانن

بەڵام داخەکەم تازە بە تازە

مەشرووب و قومار بۆتە ئاوازە

گەنج و منداڵمان جگەرە کێشن

دەستیان نەکەوێ ئاخ هەڵدەکێشن
وەکو نەقیزە نێرگەلە باوە
چۆن دەوری داوین لە هەموو لاوە
بە وەش تێر نەبوون بۆ هەتیوبازی
بانگەشە دەکەن بۆ ڕەگەز بازی
لە لایەک ئەڵێن: زانست، پێشکەوتن
با شتی کۆنە دەربێنن لە بن
ئەم خراپە هەموو قەدیمن
کاتی دانانی ئەلف و بێ و جیمن
گەر بە قسەی وان بێ ئەبێ سۆبەی ڕەش
بێتەوە پێشێ پۆڵوی جوان و گەش.
٣٩٤-دڵسۆزی باوک
بابە دڵسۆزی دین و ویژدانم
بابە پەناگەی ئارامگەی ژیانم
قوربانی دەری ڕێگەی زۆر سەختم
تۆ نەبوویتایە زۆرجار دەکەوتم
تۆ خۆت فیدا کرد تا من بسڕەوم
دەبوویتە عەسێ تا من نەکەوم
هەرچی بۆت کرا بۆت دابین کردم
خۆزگە لە جیاتی تۆ ئەمن دەمردم
لە پێناوی من خەوت لێ زڕا
بە پۆشتەیی من تۆ بەرگت درا
هەرچی ئازاری شەو و ڕۆژ هەیە
تۆ ڕێگات پێ گرت دەستەو یەخە
ئاواتت دەخواست کۆستم نەکەوێ

منت دەپاراست بە ڕۆژ و شەوی
بەڵام ئەو کاتەی کە من گەورە بووم
لە خەم ڕەخسیم و لە دەستت دەرچووم
ئیسلام پێی گوت ئەو دایک و بابە
کە جەرگ و دڵیان بۆ تۆ کەبابە
ڕێزی لێ بگرە و بیانخە سەر سەرت
بۆ ژیانی خۆت زێڕین و گەوهەرن
لە لاش چەند کەسی بێ هۆش و نەفام
کە لایان دابوو نەییانبوو پەیام
دەهاتن و وتیان: باوک سالاری
عەقڵی قەدیمە و نەچی ژێر باری
کە باوکت پیر بوو وازی لێ بێنە
بیبە خەڵوەتگاو هەرگیز مەدۆێنە
بەڵام خوا عەقل و هۆشی پێداوم
وەک تاجی سەر من هەتاکو ماوم.
٣٩٥-خۆزگە
خۆزگە وڵاتم سەربەخۆ دەبوو
نان و پێخۆرم گەنم و جۆ دەبوو
خۆزگە سنوورم بۆ دیاری دەکرا
ماڵ و سامانم بە تاڵان نە دەبرا
خۆزگە دەبوومە خاوەنی ئاڵا
بۆ نیشتیمانم دەمبینی باڵا
بۆ زانایانم دەمبینی قیمت
جێ بە جێ دەبوو یاسای شەرعییەت
بۆ پیرەکانم دەگیرا ڕێزلێنان

خزمەتیان لە ماڵ و هێلان
بۆ گەنجەکانم ژیان دابین دەکرا
ماڵ و هاوسەریان زوو بۆ ڕێک دەخرا
بۆ خوێندکارانم دەڕەخسا هەلی
بە دەمیان بکەی وەک بێ چووی مەلی
بۆ منداڵانی بێ باوک و دایک
دەستەبەر بکەی چی لە توانایە
بۆ نەخۆشانی بە ئێش و ئازار
لێیان وەرنەگری دینار و دۆلار
کارەبام هەبێ بیست و چوار سەعات
لە جادەی خراپ زوو بمبێ نەجات
پاسپۆرتەکەم بۆ هەشتا وڵات
باوەڕ پێکراو بێ و ببێ بە خەڵات
دراوم بە هێز بێ و بە گور و تین بێ
بناغەی دەوڵەتم وەکو سەفین بێ
جیا بکرێنەوە پیاوی چاک و پاک
شار بە دەر بکرێن خائین و ناپاک
بە کورتی وڵات بێتە بەهەشتی
جوان و ڕازاوە وەکو سەردەشتی
هەموو سوودمەند بن لە خێر و بێرێ
نەوەکو بگرن لە یەکتر سێرێ
بەڵام داخەکەم کەی دێ ئاواتم
بە چاو ببینم خاک و وڵاتم
ئاڵای دادگەری زوو حەسانەوە
هەڵکەنێ ڕەگی زوو چەوسانەوە

بڵێم: سەد ئۆخەی گەیشتم بە هیوام
نە مردم گەیشتم بە خۆزگە و مەرام.
٣٩٦-پەتی سێدارە
پێشەوا عومەر لە مێژە وتی:
متی استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا
هەتا کەی خەڵکی دەکەنە بەندە
کە بە ئازادی لە دایک بوون و
بە ویست و ئەمری خودای بەخشندە.
بەڵام ئەم کوژن و لە دارم ئەدەن
چونکە وەکو وان بیر ناکەمەوە
بێ بەشم ئەکەن لە خۆشی ژیان
ئەبێ بگریم بە دەم خەمەوە.
کە بە ئازادی لە دایک بووم و
ڕێگای سەربەستیم هەڵبژاردووە
کەچی لە ژووری زیندانی تاریک
چۆڵ و باڵامیان چۆن قرتاندووە.
ژیان بێ ئازادی، بێ تام و بۆنە
تاریکە شەو و پڕ لە گێژاوە
هەندێک باڵادەست لە لای سەرەوە و
هەندێک خنکاوەی قوڕ و لیتاوە.
٣٩٧-قورسی (لا اله الا الله)
حەوت قارەی دونیا بخەیتە سەر یەک
قورسایی نابی وەکو ناوی تۆ
کەسێک ناوی تۆ نەچێتە ناخی
گشت دونیای هەبێ دەبێ ڕەنجەڕۆ

بە درێژی زەمان بە پانی زەمیین
بۆتە میسک و گوڵ، بۆتە عەتر و بۆ
خوێنە بۆ دڵ و خۆراکی مێشکە
هەر وەکو لەشە تینووی گەنم و جۆ
دروشمی هەموو پێغەمبەران بوو
تەوحیدی اللە بە تاک و بە کۆ
سەدو بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
دەیان وتەوە هێدی و لە سەرخۆ
گەورەترینی ناو زیکرەکان بوو
هەتوانە و سارێژ بۆ دڵی بۆن سۆ
تازا کەرەوەی ئیمان و دینە
کەسێک کە بڵێی، قەت ناکا ڕۆ ڕۆ
جیاوازی نێوان ئیمان و کوفرە
کەسێک بیەوێ دوور بێ لە بەدخۆ
کلیلی دەرگای چوونە بەهەشتە
کردەوەی دەوێ نەک قسەی بێ هۆ.
٣٩٨-گفتوگۆی نێوان من و نەمامێک
نێوان من و تۆ خاڵی هاوبەشە
ئاو و ئۆکسجین نەمامی گەشە
من دەیدەم بە تۆ کاربۆن چین بە چین
تۆش بیدە بە من هەوای ئۆکسجین
من و تۆ بۆ یەک وەک ماسی و ئاوین
ئاویەتە و تێکەڵ بەفرو ماستاوین
ئاوەدان ئەکەین ژینگە و ژیانمان
بە دار جوان ئەبێ گشت کوردستانمان

دەتوخوا وەرە بەستین پەیمانێ
دانیشین لەسەر یەک سفرە و خوانێ
چڵی تۆ ببێتە لانە و هێلانە
ببێتە پەناگای گشت ئەو مەلەمانە
دڵەکەی منیش ببێتە زەمینێ
لێی پەروەردە کەم دونیا هەم دینێ
تۆ نەسوتێنی پەڕی مەلەکان
منیش نەشکێنم لق و پەڵەکان
با بە هەردووکمان بێینە مەیدانێ
بونیادی بکەین وڵاتە جوانێ
دەبا واز بێنین لە خۆی خۆ خۆری
با وەلا بنێین ڕەشی یا بۆری
گەر سەربەخۆ بێ خاک و وڵاتم
دەڵێم سەد ئۆخەی گەیشتمە ئاواتم
بەڵام وێران بێ و داگیر کراو بێ
بەشی من و تۆ زیندان و زەلکاو بێ
ئەو کات هەردووکمان دەکەینە ڕۆ ڕۆ
هەردوو دەکەینە دۆڕاو و دەست خەڕۆ.

٣٩٩-ڕانیەی قارەمان

ڕانیە بوو کە وا بەعسی داتەپاند
ڕانیە بوو بانگی ئازادی گەیاند
ڕانیە بوو زوڵم و زۆری ڕامالی
ڕانیە بوو بەعسی خستە بەتاڵی
ڕانیە بوو کۆشکی زۆرداری لەرزاند
ڕانیە بوو مافی خەڵکی سەندەوە

ڕانیە بوو گرەوی هێزی بردەوە
ڕانیە کە جێگای ماڵ و میوانە
ڕانیە بێ ئۆتێل زۆر خانەدانە
ڕانیە کە چاوی ناترسێ لە نان
ڕانیە پڕیەتی سفرە و دیوەخان
ئەچی بۆ هەر شار لەم کوردستانە
بڵێی ڕانیەییم قەدرت گرانە
ڕانیە لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورە
قورئانی خوێند و گۆڕی ئەم دەورە
نابێ ڕێ بدەین ئەم شارە جوانە
ببێتە شوێنی ئەو بێ شەرمانە
مادام ناوی خوا درا بە شار
جێندەر و پیرەی هەر شەرمەزار.

٤٠٠-بۆ دوای مردن
حەوت لە دوای مردن دەگەن بە بەندە
کە بۆی دەنووسێ خودای بەخشندە
عەلیم و زانیاری یا لێدانی بیر
تا لە ناو قەبر نەبێتە ئەسیر
ڕووبار هەڵبەستێ، داریک بنێژێ
مزگەوت دروست کە، قورئان بێژێ
منداڵی چاکت لە دوای جێ مابێ
دوعات بۆ بکا و ملکەچی خوا بێ.
٤٠١- ئاخ
دەستنوێژم گرت

چوومه سەر تات

دەستەکانم بەرز کردوو

کەوتمە نزات.

وتم: خوایە منیش هەم و

شەست ملیۆن کەس

دێینە دەرگات.

وەکو هەموو گەلانی تر

مافی خۆمە

خاکم هەبێ،

خەڵکم هەبێ،

سنووورم بێ،

کردم خەبات.

فەرمووی: بەندەم

من بەخشندەم

بە تۆم داوە

کوردستان و

شاخ و داخی

بەرزە باڵات.

وەکو گەلان

پێتم داوە

ئاو و زەوی

دار و درەخت

غاز و نەوت

کۆڵێک خێرات.

بەڵام کە تۆ

بۆ خۆت نەبی

وەکو ئاردی

ناو درکان

دار دەستی

تورک و فارسان بی

وێران دەبێ شار و دێهات.

دار کرمی لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی

لە کاتی بینینی چەکوشێک نووسیم کە لەسەری بزمارێک درابوو.

وتم: بەو چەکوشە بۆ دات لە بزمار

بۆ سەر و مێشکت وا کرد بریندار

ئەی تۆ نازانی لە تیرەی خۆتە

وەک تۆ ئاسنە و هاوڕەنگ و بۆتە

نازانی کە تۆ پشتت دەشکێنی

کە ئەوت پساند خۆشت نامێنی

وەکو تیرەی کەو خائین، ناپاک

دوژمنی قەوم و خوشک و برا و کاک

وتی: ئەزانم پشتت شکاوە

بە هۆی ناپاکی ملم چەماوە

بەڵام پێم بڵێم: خەڵکی تر زۆرن

شەست ملیۆن کەسن بەڵام خۆ خۆرن

ماوەی سەد ساڵە شۆڕش ئەگێڕن

کەچی بێ بەرهەم چەن خەت و پێرن

زۆریش ئازان و زۆر قارەمانن

ناوشیان کوردە و لە کوردستانن

زۆریش ئیماندار، زۆر موسڵمانن

زۆریش خانەدان، زۆر بە میوانن
زانایان زۆرە و، زۆریش ڕۆشنبیر
بەڵام بۆ دوژمن کەوتۆتە زنجیر
چونکە ناکۆکن، چونکە بڵاون
بەرتەوازەن و هەردەم فەوتاون
زیاتر مەراقیان حیزب و گیرفانە
داخەکەم دەردیان گەلێک گرانە
ئەگەر مەبەستیان خاک و گەل بوایە
دەحەسێنەوە هەر لەم دونیایە
نەوەکانیشیان دەگەیشتنە مەرام
(غەریب) بابەس بێ باقی و السلام.
٤٠٢-شکۆی ئافرەت
ئافرەت وەک شێرە گەر خۆی بناسێ
گەر لە دین لادا ڕێوی کەساسێ
ئافرەت یان دایکە و سەرچاوەی ژینە
یاخود هاوسەر و نیوەکەی دینە
یاخود خوشکێکە پشت و پەنایە
یادگارییە بۆ تۆ لە جێگای دایکە
یاخود کچێکە وەکو گوڵیماڵە
بۆ خۆشی ماڵت نایە و شمشاڵە
گەر بگرێ ڕێگای ئیسلام و قورئان
شکۆدار دەبێ تا هەبێ لە ژیان
ڕێزی لێ دەگرن پیاوی پیاوانە
شەرمی لێ دەکەن خزم و بێگانە
بەڵام کە لادا لە ڕێبازی خوا

ئەگەر نەیمێنێ ئیمان و تەقوا
دەبێتە ئالەت، جێی گاڵتە جاری
پێی ڕادەبوێرن، لە ناو بازاری
دەڵێن: کە ڕووتی ئازادی ژنە!
بە خوا وانییە قاچی خرپنە
ئەگەر ئەم ڕووتییە زانست و ژیرە
بۆ پیاو بێ بەختە لە ئەم تەطبیرە
لە ناو مەدینەی شاری پێغەمبەر
جولەکە هەبوون دانیشتووی خەیبەر
ڕۆژی ئافرەتێ چوو بۆ دوکانی
دانیشتبوون لەوێ هەندی نەزانی
گۆشەی کراسی ئافرەتی هەژار
بەستبوویانەوە لە پەڵەکی دار
کاتێک ئافرەت ڕۆیشت لەشەی دەرکەوت
کراسی کەمێک بۆ سەر سەری کەوت
پێغەمبەری خوا دەرینان لە شار
تا حەیا و شەرەف نەیەتەوە خوار
بەڵام ژنەکەش خۆی ئیماندار بوو
دوژمنی پیاوی گەوج و لاسار بوو
بۆیە تا ئافرەت نەگەڕێتەوە
لەگەڵ ئەسڵی خۆی ئاشت نەبێتەوە
ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی دەبێتە زیندان
هەتاکو دەمری تا ناکا لە ژیان.

٤٠٣-خەزانە:

لای من خەزانە نەک خەزانی ژیان

بەڵکو خەزانی هێنانی قەیران
دەبێ چەن ژنی بێ پیاو و هاوسەر
یان چەن منداڵی ساوا و بێ پدەر
شەوان بلەرزن بێ سوتەمەنی
بە فیڕۆ بڕۆ عومر و تەمەنی
وڵات وێران بێ و پڕ نالّە و هاوار
بەڵام بەرپرسان بچنە یاری شار
گەورە ئەوەیە کاتی دەسەڵات
وڵات بکاتە بەهەشت و حەیات
تا دوای مردنی بهێنن ناوی
لە بەر چاوان بێ کار و هەنگاوی
بەڵام گەورەیەک پڕخەی خەوی بێ
بۆ دوژمنانیش پیشەی کەوی بێ
شێری ژووری بێ و ڕێوی دەرەوە
قەت فەرمووی مەکەن بۆ لای سەرەوە
سەرکردە ئەبێ وەکو عومەر بێ
سێبەری بێ بۆ مرۆڤ، بۆ پەڵەوەر بێ
کاتی مردنی خەڵک ڕۆ ڕۆی بێ
بۆ لە دەست چوونی هەر دەست خەڕۆ بێ.
شەدەم بۆ دەربەندی دەوێ
دەڵێن: جارێکیان کۆمەڵێک ڕێگر
کەمینیان دانا بۆ ڕەوێک هێستر
پیاوێک کە لەسەر پشتی وڵاخ بوو
پۆشتە و پەرداخ و زۆریش قۆچاغ بوو
بڕنەوی پێ بوو دەمانچە و خەنجەر

پڕی باخەڵێ لیرە هەم گەوهەر
کابرایان داگرت لە سواری وڵاخ
بە دەستی چەتان چۆن بوو بوو قاچاخ
ڕووتیان کردەوە لە پارە و سامان
هەموویان لێ سەند بێ ترس و ڕامان
چەتەیەک وتی: بە خاڵۆ چەکدار
بۆ تفەنگ لە شانت ناهێنیتە خوار
وەڵامی داوە کابرا ڕووت کراو
لە ژێری لێوی بە دەمی داخراو
وتی: دەمانچە و بڕنەو و خەنجەر
بۆ تەنگانەیە و بۆ ڕێگای خەتەر
وتیان: جا لەمە هەیە خەتەرتر
وا لێت دیسێنن تفەنگ و هێستر
بەڵام وا ئێمەش کەووینە زستان
ماڵەکان ساردن بە بێ ئاگر دان
نەوتمان ئەڕوا بۆ دوورو و نزیک
خۆشمان بێ بەشین وا لێی بووین تەریق.
دزی لێزان
جاران کە دزی دەکرا لە شاری
بە نهێنی بوو سوبح و ئێواری
یان بە تفەنگ بوو لە ڕێی کاروانچی
ئێستا بە قەڵەم بۆت دێتە خواری.

٤٠٤-خەیاڵ
خەیاڵ ئەکەم کۆچێک ئەکەم

بە بێ پارە و ماڵ و سامان
بەرگێکی ئەکەنە بەرم
بێ تەگەل و بە بێ گیرفان
ئەمخەنە ناو قەبرێکەوە
تەنگ و تەسک و تەڕ و شێدار
مەگەر خودا خۆشی بکات
گەرنا زوو لێی دەبم بێزار
گەر دەتوێ ڕۆناک ببێ
قەبری تاریک و سەر گیراو
سوجدە بەرە بۆ خوای گەورە
بە سەرمای و بە سۆری هەتاو.

٤٠٥-عومر و تەمەن
منیش دەزانم کە عومر و تەمەن
کۆتایی پێ دێ و بەرەو خەزانە
هەروەکو وەرز و درەختی دونیا
زەرد هەڵدەگەڕێ و گەڵا ڕێزانە
تەمەن وەک بەفرە زوو دەتوێتەوە
یان قازانج دەکا یاخود زیانە
خۆری هەموومان هەر ئاوا دەبێ
بڕیاری خوایە و سوننەتی ژیانە
تاکە چارەسەر ئەستغفراللە
دەست بەر دار بوونت لە گوناهەکانە.

حەج و عومرەی ڕاستەقینە

بە حەج و عومرە قەت نابێ ڕزگار

تا ملکەچ نەبێ بۆ پەروەردگار

تا مافی خەڵکی گشت نەدەیەوە

لە ڕۆژی قیامەت پاک نابیتەوە

کەسی وا هەیە ساڵی دوو سێ جار

دەچێتە عومرە هاوین و بەهار

ئاماده دەبێ لە ڕیزی مزگەوت

بەڵام بۆ پارە دەگرێ ڕێگای چەوت

پێش چوونە عومرە بۆ پارەی حەرام

زۆر ڕێیان دەگرێ بگاتە مەرام

موچە وەردەگری لە بۆش و بێ هۆ

شاهیدی دەدا بە ناحەق و درۆ

میراتی خوشکان دەخوا بە ستەم

ناترسێ لە خوا و لە ناو جەهەننەم

دەبێ پێش عومرەش هەر موسڵمان بێ

لەسەر ڕێبازی ڕاستی قورئان بێ

دەبێ دوای عومرەش پابەند بێ بە دین

تێکەڵاو نەکەی ژەهر بە هەنگوین

قەدیم ئەییانوت: هەر ئاوێک نەخوری

نابێ دەستنوێژ و نوێژی پێ بکرێ

بۆیە هەر پارەیەک نەبێ بۆ عومرە

نابێ بکرێتە خواردن و چەورە

دەبا بیگرین ڕێگای ئەم دینە

چونکە چرایە بۆ ناو ئەم ژینە.

٤٠٦-سوتاندنی قورئان

سوتانی قورئان کاغەز و پەڕە

لەناو دڵماندا هەمیشە تەڕە

ئەگەر سەد جاریش بسوتێ قورئان

زیاتر خۆش دەبێ لە لەش و لە گیان

ئێمەی موسڵمان هەڵوێستمان جوانە

هەموو کتێبەکانی هاتووی ئاسمانە

چرا و خەڵاتی خوای میهرەبانن

ڕێنمایی دڵ و ڕوونی چاوانن

باوەڕمان هەیە بە کتێبانی خوا

لە ئادەمەوە هەتا پێشەوا

پێکەوە ژیان لامان چەسپاوە

بۆچوونی ئێمە ڕاست و تەواوە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

شاری مەدینە - 2023/1/23

٤٠٧-هەوڵێکی نەزۆک

زۆر لەمێژە لارێ بووەکان پێت دەوەرن

لە ڕاستی تۆ کوێرن، لاڵن، هەمیشە کەرن

هەر لە سەردەمی مەککەوە تاکو ئەمڕۆ

لە پیلان دان بە شەوان و بە نیوەڕۆ

لە مەدینەش زۆر هەوڵیان دا دوو ڕووی نەگریس

بەڵام هیچ کات ڕیسەکەیان نەبوو بە گوریس

هەر لە حەڕا تاکو ئێستا بەردەوامن

خەیاڵ خاون، بەستەزمانن، چەن فامن

قورئانەکان دەسوتێنن لێرە و لەوێ

بۆ پارەیە، یان ناوبانگێکیان دەست کەوێ

ئەگەر ئەوان قورئانەکان بسوتێنن

یان لە جادە کۆببنەوە و بیاندڕێنن

وا لەملاوە هەزاران کەس لە ژن و پیاو

قورئان لەبەر، سینە پاکن لە پیر و لاو

باخەوانن ئاوی دەدەن باخی قورئان

دەبێ بڕۆێ تیشکی باوەڕ لە دڵ و گیان

چەندە خورما سەوز دەبێ لەناو قەندیل

چەندە ڕەشە لەبەرچاوان سپی مەندیل

هەر ئەوەندە ئێوەش دەگەن بە ئارەزوو

ڕووستان ڕەش بێ و شەرمەزاربن، بێ ئابڕوو.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

شاری مەککە - 2023/1/24

٤٠٨-موژدە پێدراوەکان

(العشرة المبشرة)

خۆزگەم بە خۆتان موژدە پێدراوان

پیاوانی ئازا و خاوەن هەناوان

کاتی ئیمتیحان لە قوتابخانە

لێبوردن هەبوو بۆ ئەو کەسانە

نومرە بەرز بوون لە پێش سەری ساڵ

مەعفو دەبوون و دەچوونە ماڵ

چونکە ڕەنجیان دا و پلە بالا بوون

گەردنیان بەرز وەک ئاڵا بوون

ئەو دە هاوڵەی دەوری پێغەمبەر

مستەگەر دەچنە سەر حەوزی کەوسەر
چونکە ئەوانیش دایان تەقەڵا
بۆیە وابووبوون بە بەرزی باڵا
ئەوان بۆ خودا بووبوون ساف و ساغ
چووبوونە پێشێ قۆناغ لە قۆناغ
خۆزگەم بە خۆتان چۆن حەسانەوە
سەفەرتان کردو گەڕانەوە
ئەوانیش ئەم بەڕێزانە بوون:
1- ئەبووبەکر سدیق
2- عومەر کوڕی خەتتاب
3- عوسمان کوڕی عەفان
4- عەلی کوڕی ئەبووتاڵیب
5- زوبەیری کوڕی عەوام
6- تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا
7- عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف
8- سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس
9- سەعیدی کوڕی زەید
10- ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح.
(خوا لێیان ڕازی بێ).
٤٠٩-گەڕانەوە لە عومرە
وا گەڕاینەوە لە زیارەتی ماڵ
یاخوا نەبینە پیاوی دەست بەتاڵ
سوجدەمان بۆت برد لە کەعبەی ئاڵا
چووینە دیدارێش لای ڕەسول وەڵڵا

نوێمان کردەوە بەڵێن و پەیمان

بە خودای گەورە و خاوەن میهرەبان

بەڵێنیشمان دا ڕاست بە پێغەمبەر

تەنها ڕێگای ئەو دەگرینە بەر

سڵاومان دەکرد لە کێوی ئوحود

کە شەهیدەکانیان هەبوو وجود

ئەو ئازیزانەی دوای فەزڵی خودا

بوونە ڕووناکی بۆ ڕێی ئیعتیدا

ئەمڕۆ کە ئێمە گرتومان ئەم دینە

بووینە شوێنکەوتەی پادشای مەدینە

تاکو بجوڵێ لەش و دڵمان

تاکو دەبینە میوانی گڵمان

دەڕۆین دوا بە دوای ئا ئەم کاروانە

چونکە شارێڕێی هەموو ژیانە

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ناو فڕۆکە (ئاسمانی نێوان شاری مەدینە و هەولێر) - 2023/1/29

٤١٠-بۆ کاک سولەیمان عەبدوڵڵا

(ناسراو بە کاک ئاشنا)

هەستن گەلۆ

وا شێرێک ڕۆیشت بەرەو بێشە

پر لە ئیمان، پر لە ئەدەب

پرە لە بیر و ئەندێشە.

قورئانێک بوو

زیندوو دەڕۆیشت بەسەر زەوی

زیانی نەبوو بۆ هیچ کەسێ

دوور لە ئازار و سەرئێشە.

خۆشەویستی لای خەڵک بوو

خۆشەویستی بێگانان بوو

خۆشەویستی خزم و خوێشە.

کەسێک ڕۆژێک ئاشنای بووبێ

چاک دەزانێ کە ناوەکەی

چەند بە کێشە.

کە مزگەوتی خێرخوازانی

شاری ڕانیە بۆت پەڵکێشە

چەندی بڵێم: لە چاکی تۆ

لە جوانی تۆ

هەر بە ئێشە.

یاخوا جێگات

لە فیردەوس بێ

کە شوێنێکە

پر لە چێژە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/2/18

٤١١-هەر بەندەی تۆم

کاتێک ئەم شیعرەم نووسی پیاوێکی دیکەم بینی کۆڵێک بە کۆڵەوە بوو لەسەر بەردێک (تاتە نوێژێک) نوێژی دەکرد.

تۆ دەپەرستم هاوین و زستان

لە پایزدا بێ یان بەهاری جوان

بەندەی تۆ دەبم لە هەموو شوێنێک

لەسەر شەقام بم، یان لە دارستان
لەناو شاردا بم، یان لە دەشت و دەر
لە گەرمیان بم، یاخود لە کوێستان
لە کرێکاری بم، یاخود لە زانکۆ
لەناو فڕۆکە، یان لە دەریای پان.
لە منداڵیمە، یان کاتی گەنجی
کاتێک پیر دەبم دەستم بە گۆچان
لەناو لانکەوە تا دەچمە ناو گۆڕ
ڕوو لە دەرگای تۆم خودای میهرەبان.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/2/20

٤١٢-شەڕیان پێ مەکە

ئەم شیعرەم بۆ ئەو کەسانە نووسی کە شەڕ بە سەگەکان و کەوەکان و کەڵەشێرەکان و باڵندەکان دەکەن.

شەڕیان پێ مەکەن ڕێ لێ گیراوە
لە فەرموودەدا نەهی لێ کراوە
شەڕە کەڵەشێر، شەڕی سەگ و کەو
بە ڕۆژێ بکرێ، یان تاریکی شەو
ئەو باڵندەیە یان ئەو گیاندارە
خوێنی لێ دەچۆڕێ و زۆر بە ئازارە
گوناهت دەگا کاکی ڕاوەکار

بۆچی گیانداران وا دەدەی ئازار
سەعدی دەفەرموێ: لەناو گوڵستان
کە دایڕشتووە بە شیعری زۆر جوان
"میازار موری کە دانەکشە
کە جان دار و جان شیرین خویش ئەست"
"مزن بر سر ناتوان دست زور
کە ڕۆژی دار ئەفتە بە پایش چو مور"
ئازاری مەدە مێرووی بەستەزمان
کە گیانی هەیە و خۆشی دەوێ گیان
نەدەی لەسەری بێ توانا دەستی زۆر
ڕۆژێک دەکەوی وەک مار و مۆر.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2022/2/18

٤١٣-ڕاپەڕین
بۆ لادانی زوڵم و ستەمە ڕاپەڕین
نەک بۆ ئای و ڕەش بەڵەک و هەڵپەڕین
بۆ هێنانی داد و خۆشی و مانەوە
بۆ لادانی ستەم و چەوسانەوە
بۆ پشوودان، بۆ ئارامی دانیشتن
نەک تاڵان و وێرانکاری و خۆکوشتن
بۆ شادبوونی گەنج بە ئاواتەکان
بۆ دەستە ملان بۆ نازی حەیاتەکان
بۆ ئاشتییە و بۆ گەشە و ئاوەدانی

بۆ خۆشییە و بۆ ئاسانی و هەرزانی
بۆ خزمەتی دایک و باوکی شەهیدان
بۆ بەزەیی و بۆ ڕەحم و سۆز و ویژدان
بۆ سارێژی بریندارى کیمیایی
بۆ هاتنەوەی داپڕاوی تەنیایی.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/2
٤١٤-قوربانت بم
بۆ پێغەمبەر
قوربانت بم ئازیزەکەم
چەندە ڕاست بووی لەگەڵ خەڵک
چەندە جوان بووی بە کاری چاک
چەن دوور بووی لە شتی بێ کەڵک.
...
چەند دڵسۆز بووی لەگەڵ خودا
چەند بێ منەت بووی لە دنیادا
چەن سەربەرز و بە عیززەت بووی
عەشق نەبووی لە هەوادا.
...
تۆ خۆت دەژیای وەک هەژاران
جودا نەبووی لە هەژاران
ژن و منداڵت سادە بوون
لێیان دەدرا بەفر و باران.
...
گەرت چەنگ و غەزا هەبوایە

دەبوو خۆشت لەگەڵ بوایە
خزمە نزیکەکانی خۆت
لە پێشەوە دادەنایە.
...
لەدوای کۆچ و وەفاتی خۆت
دوور و نزیک دەگریا بۆت
چونکە بە ڕاست دادپەروەر بووی
سەرکردە بووی نەک ڕوبۆت.
...
نەخۆش بووی وەک دەردەداران
دەگریای بۆ لەو بە باران
خۆشیت نەهات لە زۆرداران
چوویە ڕیزی قەرزداران.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/2/24
٤١٥-هاتەوە بەهار
ئەوا هاتەوە وەرزی بەهار
دەڕازێتەوە بە گوڵ و گوڵزار
بەڵگە و دەلیلە بۆ ڕۆژی دوایی
کە دەچینەوە بەر دادگای خوایی
ئەو ئەرزەی دیتت لە وەرزی زستان
کە داپۆشرابوو بە بەفری جوان
سەوز هەڵگەڕاو چۆن گەشایەوە
هەژار لە سەرمای چۆن حەسایەوە
عومر و تەمەنیش ئەگەر بە تەقوا

بە سەری بەری قەت نابێ ڕیسوا

هەروەکو بەهار دەبووژێتەوە

لەناو بەهەشتێ دەسوڕێتەوە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/2/28

٤١٦-کاممان ڕاستین؟

(ئەم شیعرەم بۆ ئەو خوشکانە نووسی کە لە 2023/3/3 لە سلێمانی بڕیاریان دا و باڵاپۆش بوون، 300 کەس بوون).

بەرەو هیدایەت من خەڵکی دێنم

لەناو گومڕایی دەر دێنم

لە پەرستنی مرۆڤ و بەشەر

بۆ پەرستنی خوای زانا و دادگەر

لە شوێن کەوتنی ڕێگای کوێرەڕێ

بۆ دواکەوتنی ئیسلامی شارێ

لە شوێن کەوتنی سەرکردەی نەفام

بەرەو هەنگاوی ڕابەری ئیسلام

لەناو ژیانی قەڵەمی و ڕاڕا

بۆ ژێر سێبەرەی پەیامەکەی خوا

لەگەڵ پۆشاکی دراو و زرێاو

بەرەو پۆشینی حیجابی تەواو

لە ڕێ لادانی بیری ڕەگەزی

بەرەو ڕێبازی دینی سەربەرزی

لە ڕێی جێندەر و ڕێبازی نامۆ

بەرەو ئیسلامی دینی سەربەخۆ

دەک پیرۆزتان بێ ئەم تاجە جوانە

کەوا نرخەکەی هەموو جیهانە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/23

٤١٧-ڕۆژی 8ی مارس

(هۆنراوەیەک لەسەر زاری خوشکان)

لە سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژ

ڕۆژێکتان بۆ من داناوە

بۆ نازانن من خەڵاتم

کە من دیاریم لە لای خواوە

...

بۆ نازانن من کارخانەم

بۆ وەچەی ژیان بەرهەمدارم

بۆ نازانن چەند گرنگم

نەخشی دەستی کردگارم

...

بۆ نازانن گەر من نەبم دەبڕێتەوە

وەچە و ڕەچ و ئاسەوارتان

بۆ نازانن گەر من نەبم

کێ هەڵدەگرێ سەد ئازارتان

...

بۆ نازانن کە من دایکم

چەند بەسۆز و میهرەبانم

بۆ نازانن کە من خوشکم

یان هاوسەرەم، چۆن کابانم.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/8

٤١٨-ڕێگاچارە

ڕێگاچارە هەر تەوبەیە

جەهەننەمیش وەک سۆبەیە

دەکرێ قەرەبوو بکەیتەوە

قەرزی کۆنە بدەیتەوە

هەستە لەدوای نیوەشەوێ

بزانە خوا چی لێت دەوێ.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/3

٤١٩-هاتمە ماڵەکەت

خۆزگەم بەو کاتە هاتمە ماڵەکەت

سەرم نزم کرد بۆ بەرماڵەکەت

لە هەموو ماڵێک غەریب و بێ کەس

لە هەموو شوێنێک هەر تۆی فریاد ڕەس.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/31

٤٢٠-بەرەو مینبەر

مادام هاتوومە سەر مینبەرەکەت

سەرم دەکەمە قوربان سەرەکەت

تۆ بە ئەمانەت بە منت داوە

تا بچمە خزمەتی دینی خوداوە

نابێ ببێتە جێی دین فرۆشتن

یان نان خواردن و ئێسک کرۆشتن

چونکە وتار بێژ ئەرکی گرانە

قورسایی دینی وا لەسەر شانە

دەبێ حەقبێژ بێ و زیرەک و وریا

پشت بەست بێ بە خوا بە تاقی تەنیا

نابێ بگۆڕی دین و عەقیدە

دینی خۆش بوێ هەروەکو دیدە

پاداشتی زۆر بانگەواز بۆ دین

چونکە هەر دینە چرا بوو بۆ ژین

لە کاتی ئیسرا و شەو ڕەوی سەر وەر

کاتی کە دەعوەت کرا پێغەمبەر

چاوێکی گێڕا بەناو جەهەننەم

هاتە بەرچاوی دڵسۆز و خاتەم

وتار بێژی دیت لێوی بڕابوو

کە لە دنیادا وتاری دابوو

بەڵام لەبەر وەی لای دابوو لە دین

ئەشکەنجەی دەدا ڕەببی عالەمین

خودایە (غەریب) لێت داواکارە

خەتیبی باش بێ نەک تێجارە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/10 (ڕۆژی هەینی)

٤٢١-بەرد و دڵ

(ئەم هۆنراوەیەم کاتێک نووسی کە لەسەر بەردێک دانیشتبووم لە شاخی قەرەسەرد نزیک دوکان)

ئەو بەردەی کەوا نیشتووم لەسەری

عەرەب پێی دەڵێن (صخر و حجر)

مادەی ڕەق و تەق بێ خوێن و بێ گیان

درۆستیکردووە خودای میهرەبان
ئەو هەموو شاخەی هەیە لە دنیا
لەوان دروست بووە بە تاقی تەنیا
قورئانی پیرۆز باسی بەرد دەکا
بە ئەندازەی خۆی نرخی پێ دەدا
یەکەم: قوڵە میخە بۆ پانی زەوی
هەتا نەکەوێ لە بڵندان نەوەی
دووەم: لە سوورەتی درێژی بەقەرە
باسی بەرد دەکا هەم خێر هەم شەڕە
دەیکا بە سێ بەش بەردی ڕەق و کەر
گەلێک ڕەق ترن دڵانی بەشەر
بەشی یەکەمیان بەردێکی جوانە
لێی دێتە دەرێ ڕووباری پانە
جۆری دووەمیان: بەردێک لەت دەبێ
ئاوی لێ دەردێ و کەرت کەرت دەبێ
جۆری سێیەمیان: لە ترسی خودا
لەت و پەتی دەبێ و خۆی لە دەست دەدا
بەردی خراپیش ئا ئەو بەردەیە
کراوە بە بت هەر لەو عەردەیە
جا خوا دەفەرمووێ: دڵی هەندێ کەس
لە بەرد ڕەقترە وەک پیسی نەفەس
دڵان ڕەق دەبن و ژەنگ و ژار دێنن
مەگەر یادی خوا وەیان تۆێنن
یادی خوا و مردن دڵ نەرم دەکا
یارمەتی بێ باوک بۆ بەرزی دەت بات

خودایە نەرم کە دڵ و دەروونمان
هیدایەتی دە نەفسی زەبوونمان
چۆن دادمان نادا ماڵ و منداڵمان
مەگەر دڵی پاک بگاتە حاڵمان.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/18
٤٢٢-سەرنجی بەهار
لە چواردەورمان سەرنجی بدەین
هەتا سوپاسی خوای گەورە بکەین
لەو هەموو گوڵ و گیا ڕەنگاوڕەنگە
با پەلە بکەین، چونکە درەنگە
لە سوور و لە شین، لە سەوز و لە زەرد
لەناو گڵ دەڕوێ یان لە تاتە بەرد
هەموو هاوینان دەبنە خاک و خۆڵ
لە بەهارانیش دەنیژن بە مۆڵ
با سەیران بکەین بۆ گەشت و بەهار
بە چاو ببینین چەند گوڵ و گوڵزار
هەتا ئارام بێ دەروون و دڵمان
چاو گەشاوە بێ بە ڕەنگی گوڵمان
با پێشێل نەکەین ژینگە و دەشت و دەر
دۆستی ژینگە بین وەک پێغەمبەر
درەخت نەبڕین پیس نەکەین دەشتێ
جوانە وڵاتمان بۆ پیاسە و گەشتێ
هەمووی بەڵگەیە و نیشانە و دەلیل
تاکەی بۆ نەفس و هەوا بینە دیل

بەڵگەیە لەسەر زیندووبوونەوە
بۆ دەشتی مەحشەر تێهەڵچوونەوە
با ماندوو نەبن ژینگە پارێزان
شت بڵاو نەکەین وەک گەڵا ڕێزان
کەل و پەلی خۆت جوان کۆکەرەوە
وەڵامی بەهار جوان بدەرەوە
هەر کەسە و ئەشیای خۆی کۆ کاتەوە
بۆناو سەبەتەی زبڵی باتەوە
ژینگە پاک دەبێ و ناشێوێ ژیانی
دە ڕۆشنبیر بە و دەبێ بیزانی
هەروەکو دەڵێ مامۆستا بێدار
یاخوا ڕازی بێ لێی پەروەردگار:
"هەریەک لە ئێمە دارێک بڕۆێنێ
لە جیاتی ئەوەی لقێک بشکێنێ
دەبینێ لەدوای چەند ساڵێکی دیکە
باخێکی گەورە بە بەرهەم دێنێ".
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/18
(تێبینی: چوار دێڕی کۆتایی هی مامۆستا بێدارە)
٤٢٣-ناخ
خوا سەیر ناکات
بۆ وێنە و ڕووخسار
بەڵکو دەپێوێ
گوفتار و کردار
خوا سەیر ناکا

بۆ قەد و لەش
کاری ڕیایی
هەمووی بەلاش
خوا سەیر دەکا
بۆ دڵ و دەروون
نەک بۆ دەشتێک
بێ بەر و بێ ڕوون.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - ڕەمەزانی 2023
٤٢٤-ڕەمەزان
میوانی شیرین کەم کەمە دیاری
هاوڕێی هاتنی وەرزی بەهاری
لە پێشوازیت داین بە درێژی تەمەن
چونکە خەڵاتی پەروەردگاری
چۆن ئاو پێویستە بۆ بووژانەوە
ئەتۆش بۆ دەروون چارە و تیماری
یازدە مانگی ساڵ گوناهان دەکەین
ئەتۆ سارێژی دڵەی بێماری
تۆ پاککەرەوەی چڵک و چەپەڵی
ئەتۆ هەتوانی چەند دەردەداری
فیت و بەرەکەت لەگەڵ تۆدا دێت
هاودەمی پاشێو و شیرین گوفتاری
فەرز و واجبی ڕووکنی چوارەم
کە موسڵمانێ چۆن لێی بێزاری؟
هێمای یەکەسان داد و بێ فەرقی

لای دەوڵەمەندی و هەم لای هەژاری
ئارامی بەخشی بۆ ناو کۆمەڵگا
ئاشتی کۆڵان و کۆچە و ناوشاری
سەدای مزگەوت و مینبەر و میحراب
دروشمی زمان و قوببە و منارى
خۆزگەم بۆ کەسێ دێتە پێشوازیت؟
بۆت ملکەچ دەبێ چاو و گوێ و زاری
هەر کەسێک بگرێ ڕۆژی ڕەمەزان
دەبێ ڕێکی کات وتە و ڕەفتاری
خودایە (غەریب) چاوەڕێی تۆیە
بە قیسمەتی بکە سەدەقەی جاری.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/20
٤٢٥-پێوەر
بە هیچ کەس مەڵێ کە پیاوی چاکە
هەتا نەبینی پەڕێزی پاکە
پێشینان دەڵێن: سێ شت پێوەرە
بەو سێ یە دیارە کامە سەروەرە
یان دراوسێت بێ و هەڵی سەنگێنە
یان لە سەفەرێ جوان تێی ڕامێنە
یان بە مامەڵە و سامان و پارە
تاقی کەرەوە چەندە غەرارە
کاتی تەماع و دینار و دۆلار
جیا دەبێتەوە پیاوچاک لە زۆردار
خزم و برادەر زۆر جار گۆڕاون

لە ئاستی پارە زۆریان دۆڕاون
دەڵێن لە مەعرەز باوک چۆتە پێش
فێڵی لێ کردووە ئەولادی سەرکێش
یان لە نووسینگە بۆ خانو و زەوی
خزم خزمی خۆی کردووە نەوی
چونکە بە نوێژ و بە ڕۆژووی سادە
جەوهەری دینیان هەموو بە با دا
یاخود ڕاکردن بۆ حەج و عومرە؟
لە دژی شەیتان نابێ بە سەورە
حەڵاڵ و حەرام مەرج و پێوەرە
کە نەیشپاریزێ دینی خەتەرە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/21 (ڕۆژی نەورۆز)
٤٢٦-شەونوێژ
زۆر هونەر نییە بە ڕۆژی ڕووناک
خۆم نیشان بدەم وەک پیاوی چاک
کاتێک بێدارم بە هۆش و خەبەر
کەس لە دوام نییە و نیمە هیچ خەتەر
گرنگ ئەوەیە لە نیوەی شەوێ
کاتێک کە چاوم دەچێتە خەوێ
کاتێک خۆش دەبێ لێفە و بەتانی
پڕخەی خەوم دێ تاکو بەیانی
بۆ وی ڕاست ببمەوە و بچمە سەر بەرماڵ
کەس پێم نەزانێ لە ژن و منداڵ
دەستنوێژ هەڵگرم بە ئاوی تەزیو

بەرامبەر شەیتان قەت نەبم بەزێو
لەسەر قاچانم وەستم بە پێوە
زۆر دامەزراو بم وەک ئەو کێوە
قورئان بخوێنم بە ڕێک و جوانی
جا ڕکوع بەڕەم نزم کەم شانی
دوایی بگەمە سوجدە و سەر زەوی
سەری بڵندم بۆ خوا کەم نەوی
لەناو سوجدەدا زیکر بخوێنم
زوخاوی ناو دڵ هەموو دەربێنم
بەرماڵم تەڕ بێ بە فرمێسکی چاو
وێزە وێزی بێ ناو جەرگ و هەناو
ئینجا بزانە شەونوێژی شەوێ
دەبێتە قەڵغان شەیتان دەکەوێ
چونکە لە ڕیا دوورە و بێگەردە
بۆ دین و دنیا دەرمانی دەردە
خودایە (غەریب) زۆر گوناهبارە
گیرۆدەی ڕیا و نەفسی غەرارە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/3/29
٤٢٧-ڕەزیل مەبە
ڕۆژ بە ڕۆژوو بە و جۆش دامەمێنە
هەتا دەتوانی قورئان بخوێنە
هەڵ و فرسەتە ئەم مانگە جوانە
مانگی هاتنی دین و قورئانە
بە کۆمەڵ بیکە نوێژ و جەماعەت

زۆر خۆت ماندوو كه به دین و تاعەت
شەوان نەیخەوێنێ نوێژی تەراویح
بۆ فلیم و ئەڵقه و بەرنامەی قەبیح
لەدەست نەدەی هەستانی پارشێو
خەو بۆت نەبێته عەزیا و دەعبا و خێو
ئێواران كه چوو بۆ بازاڕی شار
ئاگات له خۆ بێ كەس نەدەی ئازار
كه دەكرێ میوه و شیرنی و باقلاوه
له بیرت نەچێ هەژار داماوه
له جیاتی یەک كیلۆ دوو كیلۆ بێنه
پاداشتی گەوره له خوا بستێنه
ڕۆژانی جومعه كه مریشک دەكڕی
پێش ئەوەی له دوكان كه سەری ببڕی
بڵێ: وەیستا گیان بیكه دوو دانه
دراوسێم هەیه و دەردی گرانه
بەو خێر و بێرەت قەت نابێ هەژار
بەڵێنی داوه خوای پەروەردگار
به خۆت نازانی مانگ تەواو دەبێ
خێر و سەدەقەش بۆ لای خوا دەچێ
وەری دەگریەوه له ڕۆژی پەسڵان
ئەو ڕۆژەی پره له نالّه و گریان
خودایه (غەریب)یش داواكاره لێت
دڵی نەرم بێ و نەفسی نەبێ شێت.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیه - 2023/3/26

٤٢٨-بۆ دوو پایەکەی مزگەوتی خێرخوازان

(ڕزگار و دڵدار)

لە ڕاستم ڕزگار، لە چەشم دڵدار

لێیان ڕازی بێ خوای پەروەردگار

دڵسۆز، مشوورخۆر، بۆ کاری مزگەوت

یاخوا نەبینن هیچ ئێش و ئازار

مەردان نابەزن بێ پسانەوە

وێنەیان زۆرە، بە درێژی ڕۆژگار

خودایە هەر کەسێک حەزی لە خێرە

لە دنیادا و قیامەت تۆ بیکە ڕزگار.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/13

٤٢٩-دایە گیان

ئەگەر قەدری تۆ نەزانم - بوون و نەبوونم یەکسانە

دوای ویست و ئیرادەی خودا - دایک کارخانەی ژیانە

خودا هێزی دروست بوونەوەم - پێغەمبەریش مانای مانە

دوای ئەو دوو زاتە ئازیزە - دایک و باوک وەک گیانە

دەک فیدای تۆزی ڕێگات بم - خۆ سۆزی تۆ بۆم ئەمانە

بوونی تۆ لە ژیانی منda - وەک گڵێنەی چاوانە

دەڵێن: زۆر کەس سۆزی هەیە - بەڵام دایک میهرەبانە

سوپاسی خوا و دایک و باوک - باسی ئایەتی قورئانە

خودایە لە دایکم خۆش بێ - بچێ بۆ باخی جینانە

ئای چەندە بۆ من ماندووبووی - دایک قەڵاتی مەردانە

سەربەرزی دونیا و دواڕۆژ بی

ناوت لەگەڵ سەروەرانە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

قەزای دوکان - 2023/3/13

٤٣٠-من مزگەوتم

(کاتی هێرش کردنە سەر مزگەوتێک لە شەنگال نووسراوە)

ئای چەند سەهوی

مام ئەبرەهە

هات بە گژما

خۆی ڕانەگرت

فیلی هێنا

لە جیاتی شۆفڵ

خۆیان نەگرت.

بە هەزاران

ئەبو جەهل و

ئەبو لەهەب.

چوون بە گژما

زۆر بێ ئەدەب.

لە تازەشدا

بە هەزاران

دیکتاتۆری

کەللە ڕەقی

کەللە شەقی

خۆ داسەپێن

بە ت، ئێن، ت و

نووکی شۆفڵ

ملیان لێم نا

خستبوویانە کار

هەزار سەبەب.

دایان دەخست

دەرگاکانم

لولیان دەدا

فەرشەکانم.

سوتاندیان

قورئانەکانم.

من مامەوە و

ئەوانیشم نارد

بۆ حەتهەب.

بە کوێرایی

چاوەکانیان

لە دایک بوون

لەناو مندا

بە هەزاران

مامۆستای ژیر

بانگخوازی بیر

کچ و کوڕی

زۆر ڕۆشنبیر

لە لاو و پیر

تا پەیدا کەن

توێشو و کەسەب.

خەڵکی دێنە

پەروەردەی من

تا تێ بگەن

تا پێ بگەن

ئازا بژین

نەبنە کۆیلەی

پاره و پاروو

هەم من مەسەد.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/4/28

بۆ دژانی ئیسلام

نەوەک جارێک

نەوەک جارێک

سەد هەزار جار

هەڵپە بکەی، بکەی هاوار

ئێڵێنجت بێ، بڕشێتەوە

دژی دینی پەروەردگار.

دینەکەی خوا

هەر دەمێنێ و

تۆش شەرمەزار.

...

نەوەک جارێک

سەد هەزار جار

ژەهر ڕووکەی، بیپرژێنی

بیکەیتە ناو

کونی دیوار.

کەم نابێ و دانابەزی

نرخ و سەنگی

پێغەمبەری

ڕاست و سەردار.

نەوەک جارێک

سەد هەزار جار

ڕەخنە بگری

لە خورماکە و

ئاوی زەمزەم

هەر بەر دەگرێ

دار خورماکە و

هەڵدەقوڵێ

شوێنی قاچی

ئیسماعیل و دایکی نازدار.

...

زۆری وەک تۆ

ئەسپەیان تاو دا و

هاتنە مەیدان.

بەڵام بوونە

جێی پرسیار و

پەندی ڕۆژگار.

...

کەسانێک هەن

تاکو گەنجن

لارێ دەبن

که پیریش بوون

تەوبە دەکەن

دەبنە ڕێبوار.

هێی واش هەیە

تا پیر دەبێ

گێلتر دەبێ

تازە دەیکا

شتی نابەجێ و

قسەی بازاڕ.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

حاجیاوا - 2023/4/26

٤٣١-شێواوە

پێغەمبەر فەرمووی نیشانەی قیامەت

دەڕوا و نامێنێ چاکی و نەجابات

پیاوی ڕاست بە درۆ دێتە ژماردن

پیاوی درۆزن دێتە هەڵبژاردن

پیاوی پاک ناوی لێ دەنرێ خائین

پیاوی خائینیش پێی دەڵێن: ئەمین

پیاوی بە توانا پەراوێز دەخرێ

پیاوی پەڕەپوتیش سوجدەی بۆ دەبڕێ

کێ هەبوو باخ و قێلا و دۆلاری

ناوی دەچێتە سەر پەلی داری

کێ هەبوو نان و سینی و کەبابی

دەبێتە ڕیش سپی و گەورە و ئەربابی

کێ هەبوو پاروە نانێکی گەرم

یاخود سیسەم و دۆشەکی نەرم

ئەو کەسایەتییە و ڕیش سپی و پایەدار

ئەگەر نەیبووبێ بناغە و دیوار

هەموو کارەکان دەرچوون لە پێوەر

چونکە لایاندا لە ڕێی پێغەمبەر.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/4/23

٤٣٢-بۆ دوعا خان

(ئەو خانمەی یەزیدییەکان کە موسڵمان بوو، بەڵام بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بە بەرد و بلۆک سەری پان کرایەوە و شەهید بوو).

ئەی خوشکەکەم/

ستەم لێکراو:

بەرد بارانی سۆری هەتاو

لەناو خوێنی خۆدا گەوزاو.

ئیمانداری تازە هاتوو

بە ناحەقیش تیرۆر کراو.

ڕێبوارەکەی ڕێی خەدیجە و

سومەییەکەی هەڵواسراو.

سەربەرزەکەی دیوانی خوا و

لە قاپێ خوادا وەرگیراو.

ڕزگار بووەکەی دەشتی مەحشەر

بە بەرد و بە تێڵا کوژراو.

بە بەرچاوی هەموو دونیا

بریندار و غەدر لێکراو

نە ڕێکخراوی ئافرەتان و

نە مافی مرۆڤ نەبوو هەنگاو.

لەبەر ئەوەی موسڵمان بووی

هاتی بەرەو ئاو و کانی،

ئین شائەڵڵا

دەبی تێر ئاو.

دەڵێن: ئازادی بیر و ڕا

لە ڕاستی تۆ بوو بە گێژاو

ڕاستە مردی

ستەم بردی

بەڵام لای خوا

عەبدی تەواو.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/16

٤٣٣-بۆ پێشەوا قازی/

دەتوانی ون کەیت ڕووخسار و ڕەنگم

بەڵام کڵ نابێ ئاواز و دەنگم

ئەگەر بمبڕی لە ڕەگ و ڕیشە

سەر هەڵدانەوەم بووە بە پیشە

مادام فیدا بووم بۆ گەل و وڵات

دڵنیام هەر دەبێ قوربانی و خەتاب

سەرکردە ڕاست بێ و بێتە گیان فیدا

ناوی ون نابێ لای خەڵک و خودا.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/3/31

(لە یادی لە سێدارەدانی پێشەوادا).

٤٣٤-دەردی کورد

لە دەست وڵاتی بێ شوانم، سەرم بکەم بە کام لایە
ڕۆژێک تاران، یەک ئەنقەرە، ڕۆژێک بڕۆم بۆ بەغدایە
چیم کەمترە لە میللەتان، غەیری ناکۆکی و تەفرەقە
گرمی ناوخۆ و ناتەبایی، هەموو ڕەنجەم چوو بە زایە
گەر بە ژمارە یان مێژوو بێ یان ڕووبەری نیشتیمانم
لە زۆر وڵاتان زۆرترم بەڵام بۆچی دەنگم نایە
گەر بە زانای ئایینی بێ یاخود ئەدیب و ڕۆشنبیر
دەبوو پلەم زۆر بالا بێ و بەختەوەر بم لەم جێگایە
گەر بە شۆڕش و خەبات بێ لە مەیدانی فیداکاری
دەبوو زۆر لە گەشەدا بم ناوم هەبێ لە دنیایە
گەر بە خوێن و قوربانی بێ بناغە و دیواری ژینم
دەبوو قێلای هەور بڕێم وەک لوتکەی چیای بوایە.
گەر بە ئازایەتی و هێز بێ نەمانی زوڵمی زاڵمان
دەبوو داد و عەدالەتیش لای من ڕەگی داکوتایە
بەڵام ئەوەندەی لێی تێبگەم لە دواکەوتنی گەلی خۆم
لە دوو خاڵاندا ئەیبینم کە بۆمان بوونە بەڵایە.
بێجگە لەوەی دوژمنانمان گەلێک دڵ ڕەق و نەگریسن
بەڵام ناکۆکی ناوخۆمان چەندین ساڵە پرکەڵایە.
دووەم دانانی نەشیاوە لە شوێنی کەسێکی شیاو
یاخوا کەس وەک کورد نەبێ، بێ خاک و ناو و ئاڵایە
قسەی دڵی خۆمم کرد و دەڕۆم بەرەو کۆتایی ژین
هەرچەند هەندێ کەس پێم دەڵێن: خۆزگە و خەیاڵی بەر بایە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/5

٤٣٥-ڕۆژانی برسیەتی؟

کوردی باشووری نەچێ لە بیرت
باوک و باپیەر و ڕۆڵەی ئەسیرت
ماوەی سەد ساڵە ستەم لێکراوی
لە وڵاتی خۆتا پەراوێز خراوی
هەر لەو ڕۆژەوە بەعس هاتە پێش
بۆ تۆ پەیدا بوو ئازار و سەرئێش
ڕووخانی ماڵ و گوند و شارەکان
ژیانی ژێر خێمە و ناو ئاوارەکان
بەناو ئەنفال و بۆمبی کیمیایی
ژووری زیندان و شوێنی تەنیایی
کوژرانی کوڕ و کچ و برای چاک
سوتانی باخ و بەرو بوومی پاک
هاتنی گرانی و بێ نان و ئاوی
سوتان، کرۆژان، لەبەر هەتاوی
گوڵ چنینەوە لە دوا دەڕاسە
وڵات پر بوو لەم باس و خواسە
دوایی خوای گەورە دەرگای کردەوە
خەم و خەفەتی لە بیر بردەوە
هەرزانی هات و ماڵ پر لە ئاشتی
کوردستان بوو بوو بە هیوا و کەشتی
دەبێ لە بیر بێ ئەم ڕۆژە سەختە
کە ژیان بێ تام بوو هەروەکو تەختە.
ئەگەر ببینە شوکرانە بژیو
لای خودای گەورەش دەبینە دڵیر

بەڵام خوا نەکا بیرمان بچێتەوە
جارێکی تریش بۆمان دێتەوە.
خودایە نەبینین وڵات بە ترسی
نەخەوینەوە بە زگی برسی.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/17

٤٣٦-لە ناخمدا
هەڵم گرتووە لە ناخمدا هەزار
خەم و ئێش و ئازار.
لە ناعەدالەتی ژیان
جەرگم کون بوو زۆر بریندار.
زێڕ و فافۆن بە نرخێکە و
وەکو یەکە داد و غەردار.
گەمژە گەیشتە لوتکەی چیا و
دانا کەوتووە لە بن دیوار.
ئای لە داروووخانی ڕەوشت
وای لە هێزی سوڵتە و زۆردار.
پێوەر بە پۆست و پارەیە
نەک بە ژیری و پیاوی نازدار.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/15
٤٣٧-بۆ عەشقی ڕەسوڵڵا
برسێک چۆن بۆ نان ئەژنۆی شکاوە

تینوویێک چۆن بۆ ئاو شل بووە و تاساوە
ڕێبوار چۆن بۆ ڕێگای عاشقە هەنگاوە
من زیاتر لەوان تۆم لەبەرچاوە.
...
-باوکێک چۆن بۆ کوڕ پشتی شکاوە
دایکێک چۆن لە ژیان جەرگی سوتاوە
عاشق بۆ مەعشوق چۆن داگیرساوە
من جەرگم بۆ تۆ زیاتر برژاوە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/14
٤٣٨-تەوحید ئەساسە
ناوی پیرۆزی سوورەتی ئیخلاصە
مانای بزانە و چییە و چ باسە
سەرەتا دەڵێی: "اللَّهُ أَحَدٌ"
بنکەی تەوحیدە و بناغە و ئەساسە.
ساغ بوونەوەیە بۆ خودا بە چاکی
خۆ ڕزگارکردن لە بتی کاسە
کاتێک کە دەڵێی: "اللَّهُ الصَّمَدُ"
خوا جێی ئومێدە و هەر ئەویش خاسە.
بێ منەت لە ئێمە و ئێمە منەتبار
ڕووی لێ وەربگێڕی ترسە و حەساسە.
دەڵێی: "لَمْ يَلِدْ" کەسی لێ نەبووە
ئای چەن بە تامە و دوور لە وەسواسە
"وَلَمْ يُولَدْ"یشی لە کەسیش نەبووە
نە خوشکی هەیە و نە برای عەببەسە

"وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ"یش

هاوشێوەی نییە و موشریک کەساسە

خودایە هاوارە دووربین لە شیرک

بۆ ڕۆحی ئیمان وەک قەناسە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - گوندی تیتۆکە

دۆستی خائین

زۆرن ئەوانەی نەیاری ژیانن

کاتی تەنگانە دوژمنی گیانن

هەندێک کەس دۆستن لە کاتی خۆشی

بەڵام لە ڕاستی دۆستی سەر نانن.

...

هەندێک کەس دۆستن تا کاتی ترسان

تۆیان خۆش دەوێ بۆ خاتری پرسان

بەڵام کە گەیشتنە ئامانجی خۆیان

تۆ بەجێ دێڵن لە کاتی برسان.

...

هەندێک دێنە لات بە ڕوو دەتناسن

کاتی لێقەومان بۆ تۆ کەساسن

ئەگەر گرۆڵەت بچێتە لێژی

بۆ پاشەڕۆژت وەک قەناسە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/5/20

٤٣٩-جیاوازی نێوان سەفەری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و سەفەری ئێمە لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە

سەفەرەکەی تۆ بە تاریکی شەو
ئەو کاتەی کە چاو شەیدایە بۆ خەو
سەفەرەکەی تۆ نەهێنی و قاچاغ
بە پێ ڕۆیشتن و بە سواری وڵاغ
سەفەرەکەی تۆ بە "ئەمر و قەبز"
هەم فەرمانی خوا بە شێوەی فەرز
سەفەرەکەی تۆ بە گەرمای هاوین
کە گەرم دەبێ و بە هێز و بە تین
سەفەرەکەی تۆ بە تین و بڕسان
لە کەمینی ڕێگا و ئازار و ترسان
سەفەرەکەی تۆ بە نەعلی دراو
دوژمن بەدواوە و بە پارە کڕاو
سەفەرەکەی تۆ هەشت ڕۆژی تەواو
لە کەمی نان و هەم لە کەمی ئاو
سەفەری ئێمە
سەفەری ئێمەش بە ڕۆژی ڕووناک
بە خۆشی و شادی و بێ منەت و بێ باک
سەفەری ئێمە ئاشکرا و ڕوونە
بە سواری پاس و گەشتی دەروونە
سەفەری ئێمە بە پاسپۆرتە
بە بێ کێشەیە و بە بێ ڕیپۆرتە
سەفەری ئێمە بە فێنکی و تەبرید
بە حەزی خۆمان فرۆشتن و خەرید
سەفەری ئێمە ماوەی حەوت سەعات
لە ڕێگای تەخت پاس دەڕوا قەپات

سەفەری ئێمە بە تێر و پری
هەموو شت هەبوو بێ کەم و کۆری
خودا پاداشتی خێرمان داتەوە
بە دیداری تۆ شادمان کاتەوە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/20
٤٤٠-بەهەشت و دۆزەخ
دەورە دراوە دۆزەخ بە شەهوەت
بە ماڵ و سامان بە پلە و شوهرەت
بە کوفر و شیرک و بە گوناە و تاوان
بە پیاو کوشتن و دانانی داوان
بە سوود و ڕیبا و بە زینا و پیسی
بە سارد و سری و بێ هێزی و سیسی
بە حەرام خۆری و بە چاو و ڕاوی
بە گومانی بەد لەناو هەناوی
بە عارەق خۆری و گۆرانی و سەما
بە قومار بازی و پارەی بێ بنەما
ڕازاوەتەوە دۆزەخ بەمانە
بە هەزارەها گوناهی زەمانە.
...
دەورە دراوە بەهەشت بە زەحمەت
بە داواکاری و کاری بە ڕەحمەت
بە باوەڕ هێنان بە خودا و پێغەمبەر
خۆ حازر کردن بۆ دەشتی مەحشەر
بە جێهێنانی پێنج فەرزی نوێژان

بە ڕۆژوو گرتن لەگەڵ دەستنوێژان

بە زەکات دان و حەجی وەرگیراو

بە تەسلیم بوون و ملکەچی تەواو

بە شەو و نوێژ و خوێندنی قورئان

بە دوور کەوتنەوە لە ڕێگای شەیتان

بە گرتنە بەری تەنها ڕێی ئیسلام

هەتا بگەیەتە ئاوات و مەرام

بە کوردی و کورتی دۆزەخ ئاسانە

بە خۆ چوونە بەهەشت نرخی گرانە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/5/24

٤٤١-گفتوگۆی نێوان گوڵ و دڵ

دڵ:

من سەنتەری خواناسینم

جێی خۆشەویستی و ئەوینم

جێگا و ڕێگای پەرستنم

گوناە و تاوان نەویستنم

جێگای ئیمان و باوەڕم

شوێن تۆوی خێر و بەفەرم

هێلانەی پێغەمبەرانم

ئاشنای ساڵح و پیاوچاکانم

ئاراستەی ڕووگەی قیبلەمە

مەحەمەدیش وەک دیدەمە.

...

گوڵ:

ئەی دڵ من لە تۆ جوانترم

پێم مەڵێ من گرانترم

من سەرچاوەی بۆنی خۆشم

بۆ دڵداران بە پەڕۆشم

ڕەمزی عەشق و ئەوینداریم

هێما و نیشانەی دڵداریم

بۆ ڕۆژی ڤالانتاینم

من نزیک و ئۆنلاینم

ئەی دڵ وەرە سەر مەنهەجم

من لە چاو تۆ گەلێک گەنجتر.

...

دڵ: گوڵە ئەتۆ وەک سووراو

هەرماوەیەک گەنج و لاوی

دوای چەند مانگێک پڕۆکاوی

سیسی بەر سۆری هەتاوی

وانەزانی هەتا ماوی

تۆ بۆ دڵداری خولقاوی

بەڵکو تۆ دروستکراوی

گەر گەردن گەچ بێ تەواوی

لە ڕێی خوا لادەی فەوتاوی

پاشەڕۆژی زبڵ و زەڵکاوی.

...

گوڵ:

دڵە ئەتۆش زۆر وریایی

پابەندی بەرنامەی خوایی

لە بێدینان تەوەڵڵایی

بۆ فەرزەکان بە ئەدایی

بۆ عەشقی خودا شەیدایی

نیوەشەوان بە ئاگایی

دۆستی هەژار و گەدایی

بۆ زیکر و ئەوراد مەئوان

بۆ عیبادەت موبتەلایی

بۆ قیامەتت بە سەودایی.

...

گوڵ و دڵ:

دە با بەس بێ خۆ هەڵکێشان

دە با بچینە ناو دەرۆێشان

بە عیرفان نەک زەڕق و کێشان

بگرین بە کوڵ و پەریشان

با وێڵ کەین ڕێگای سەرکێشان

سوجدە بەرین لەگەڵ خوێشان

دوور بین لە سزای بە ئێشان

تۆشو پر کەین بە کۆڵ کێشان

وەکو هەنگوین بین بۆ مێشان

بۆ بەهەشتێ بێ زەحمەت کێشان.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/5/25

٤٤٢-من و دار

(ئەم شیعرە گفتوگۆی نێوان من و دارێکە کە پشتم پێوە دابوو).

وەکو ئەم دارە منیش تۆوێک بووم

هاتمە سەر دنیا و بە باڵا دا چووم
ئەو بوو بە شەتڵ و منیش کۆرپە
سوپاسی خوام کرد بۆم هات ئەم هەڵپە
ئەم بوو بە نەمام منیش بووم بە لاو
هەردوو وەک یەک سوتاین بە هەتاو
ئەم بوو بە دار و منیش بۆ پیری
هەردوو کەوتووینە داوی ئەسیری
ئەم بەردەوامتر لە باڵا و سەمەن
منیش قەزەم و لە کورتی تەمەن
ئەم دەسوتێ و دەبێتەوە خۆڵ
منیش دەنهێژرێم لە شیو و لە دۆڵ
ئەم کۆتایی دێ بە توانەوە - منیش وا دەڕۆم بۆ هەستانەوە
ئەم ڕزگاری بوو لە ئێش و ئازار - منیش بۆ بەردەم خوای پەروەردگار.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/5/28
٤٤٣-کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو
(بەرەو پەرلەمان)
نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردن
لە وەکیل گرتن، لە نوێنەر ناردن
کاری پەرلەمان قورس و گرانە
ئەگەر بە ڕاست بێ ئەرکی سەرشانە
کۆمەڵێک نوێنەر لە جیاتی جەماوەر
دەبێ گەرم بن هەروەک سەماوەر
دەبێ دڵسۆز بن کەسی بە ئیمان
دوور بکەونەوە لە ڕێگای شەیتان

دەبێ دەست پاک بن، دڵ و داوێن پاک

بۆ ئەو میللەتە ببنە کوڕی چاک

دەبێ سەنگین بن، خۆ ڕەوشت بەرز

سادە و خاکین بن، نەک لوت بەرز

دەبێ نوێژ خوێن بن، دەستیان بە قورئان

دڵسۆزی خاک بن، زۆریش بە ویژدان

دەبێ پێشکەش کەن کار و پرۆژە

یەک ڕوو بن، نەبنە گوڵەبەڕۆژە

دەبێ وریابن، هەم بە جۆش و خرۆش

نەک شەوێ سەرخۆش، بە ڕۆژی بێ هۆش

دەبێ زانا بن، خاوەن شەهادە

ڕەنجی دەنگدەران نەدەن بە با دا

پەرلەمانتار نابێ بێدین بێ

دۆستی دڕک و داڵ، دژی ئەسرین بێ

میللەت پێویستە چاو بکاتەوە

پەردەی سەر دڵی لا بداتەوە

کەسێک هەڵبژێرێ بۆ دنیا و بۆ دین

شایستە و باش بێ بۆ پرۆژەی ژین

کەسێک کە هەیبێ شەرم لە خوا

چۆن بۆ بەندەکان دەبێتە مەئوا

ناگونجی گەلێک ئەهلی ئیمان بێ

بەڵام نوێنەری پیاوی شەیتان بێ

خەڵک هەڵبژاردن زۆر ئەمانەتە

ئیشی دنیایە و باری قیامەتە

ئەو کەسەی کە تۆ هەڵی دەبژێری

دین و دنیای خۆت بە ئەو ئەسپێری
لە خێر و شەڕی تۆ بەشداری
چونکە هاوبەشی پرۆژە و کاری
(مامە پیرەمێرد) جوانی فەرمووە
قسەی لە شوێنی خۆیدا کردووە:
{لە وەی بترسی لە خوا ناترسی
لە خوا نەترسی لە کەس ناترسی}.
(ئەو دوو دێڕەی کۆتایی هی پیرەمێردە).
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/6/3
٤٤٤-ژن و ژیان و ژان
ئیسلام کاتێک هات، بە تۆی وت دایە
تۆ پشکت نیوەی ناو کۆمەڵگایە
یاخود تۆ خوشکی بۆ برای ئازیز
تۆ پشت و پەنای پلەت باڵایە
یاخود تۆ کچی بۆ باوک و دایک
کێ خزمەتت کات ڕێزی لای خوایە
یاخود هاوسەری، هاوسەنگی پیاوی
گەر ئەتۆ نەبی ماڵ کاوڵگایە.
تۆ سوورەتێکی لەناو قورئانا
کێ ڕێزت نەگرێ زۆر بێ بەهایە
ئەتۆ مامۆستای ماڵ و منداڵی
مێشک و دەروونت وەک پەیمانگایە
لە پێشی ئیسلامدا ئەتۆ کۆیلە بووی
بەڵام دوای ئیسلام ناوت ئاڵایە.

زیندەبەچاڵ بووی کاتی جاهیلی
بێ ماڵ و میرات ڕەنجت بە بایا
بەڵام قورئان هات تۆی هەڵسانەوە
وتی مەکانت وەک لوتکەی چیایە
کەچی کە دوور بووی لە بەرنامەی خوا
ورد ورد دابەزی بوویتە کاڵایە
ئەوروپا تۆی برد بە ناوی هونەر
تۆش زوو خەڵەتای وات زانی وایە
نەتزانی هەمووی چاڵ و زەڵکاوە
هەر ڕەقس و سەما و ناو کافتریایە
نەبووی بە پیاو و ئافرەت نەماوی
لە دوو دینان بووی ئای لەو بەڵایە
بێ پیاو، بێ منداڵ، چۆن سەرگەردان بووی
فێڵیان لێ کردی وای لەو هەرایە
نرخت دابەزی کاتێک بێ دین بووی
سەروەری مرۆڤ لە ئیماندایە
ئافرەت گەر چاک بێ ناز و نیعمەتە
باشترین دیاری زاتی خوایە
پێش گیان دەرچوون وەسیەتی فەرموو
ڕاسپاردە و قەولی ڕەسوڵڵایە
فەرمووی وریابن لە نوێژەکانتان
چونکە پەیوەندی بەندە وەڵڵایە
دواتر وریابن لە ژنەکانتان
چونکە ناسکن و لە خەتەردایە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/5

٤٤٥-کورسی و دەسەڵات

کورسی و دەسەڵات باش بەکار بێنێ

ڕەزامەندی خوا بەدەست دەهێنی

بە دادپەروەری خۆشی دێتە گۆڕ

بە زوڵم و ستەم گریان هۆرە هۆر

هەناسەی گەرم و خۆزگەی پر هیوا

بە دادپەروەری دێتە بەر دەرگا

ئاشتی و هەرزانی و فیت و بەرەکەت

بە دادپەروەری دێتە حەرەکەت

منداڵ و ژنی پیر و پیرە پیاو

بە دادپەروەری دەبنەوە بە لاو

خەڵک هەر هەمووی دەگا بە ئاوات

گەر دادپەروەری بکرێتە خەڵات

بێ دادپەروەری مافەکان دەڕۆن

ماسییە گەورەکان بچکۆلەکان دەخۆن

ڕەحمەت لەو کەسەی جوانی هۆناوە

کە لە پشت سەری خۆیا داینـاوە

{کورسی هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ

گەر باوەڕ ناکەی کوا ئەوەی دوێنێ}

(تێبینی: دوو دێڕی کۆتایی هی من نییە).

٤٤٦-من لادێم

هەتا من هەبووم، دین و دینداری

شوێنی هەروەز، چاکە و هاوکاری

خانوو کردن و ژن و ژنخوازی

کێڵانی باخ و ڕەز و داخواز

بەڕێکردنی پرسە و ماتەمین

هاوبەشی یەک بووین لە شایی و لە شین

پشتی یەکتر بووین وەک گۆشت و خوێن

وتەمان جوان بوو، دوور بووین لە جوێن

١- قسەمان خۆش بوو بە ساغی و پاکی

خوشک و برا بووین بە نیەتی چاکی

هەتا تەبا بووین، بەرەکەتدار بوو

ژین و ژیانمان وەک بەهار بوو

گەر مردمایە کەسێک لەناومان

بۆی دادەچڵەکی جەرگ و هەناومان

جل نەدەشۆراو، نەبوو ڕیش تاشین

بۆ خەمی یەکتر ئاش و بەردەشین

کەس نەیدەزانی کێ تازیەبارە

یاخود کام ماڵە دڵ بریندارە

هەموو بووبووینە یەک لەش و ئەندام

لەگەڵ ئازاردا نەدەما ئارام

هەتا لادێ بوو، خۆشی و ئیسراحەت

پیاوەتی دنیا و چاوەڕێی قیامەت.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/11

٤٤٧-گەنجی و تەمەنی تواویم

قەدرم نەزانی لە دەستم چوو

تاقی گەنجی و کاتی لاویم

قەدری سێبەرەم نەزانی

وەک سوتاوی بەر هەتاویم

وا بەرەو مەرگ دەڕۆم و

موحتاجی چەن مەتر جاویم

تەمەن و کاتم بە سەرچوو

خەریکی خەیاڵ و پلاویم

تا نابینایەک نەبینم

من نازانم قەدری چاویم

هەتا بێ قاچێک نەبینم

نازانم قەدری هەنگاویم

هەتاکو پیرێک نەبینم

من نازانم قەدری خاویم

هۆ گەنجەکان بە خەبەر بن

مەڵێن: بۆ تاوانان حاویم

خۆزگە گەنجی وەتە گەڕایەوە

بۆی وەردگێرم ڕێی فەوتاویم.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/16

٤٤٨-فیکر

ئەم شیعرەم بۆ درەختێک نووسی کە لەناو بەردێکی گەورە ڕوابوو لە کورکوری گوندی کانیتوو لە دەڤەری مەرگە

گەر قودرەتی قادر نەبێ

چۆن تۆ دەڕوێی لەم ناو بەردە

هەمووی بەردی ڕەق و تەقە

نە زەویە، نە خاک و عەردە

گەورەترین بەڵگە و دەلیل

بۆ خوای پاک و بێگەردە

باشترین وانە و عیبرەتیش

بۆ مرۆڤی دەرس و پەندە

بیرکردنەوە لە بوونەوەر

پیشەی مرۆڤی مەرد و ڕەندە

ئەو کەسەی کە خودا دەناسی

ڕۆژی قیامەت سەر بڵندە

ماڵ وێرانیش ئەو کەسەیە

کە بێ باوەڕ و دەبەندە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/16

٤٤٩-جوتیار

وەرە و برۆ لە دنیادا

چارە هەر کۆچ و ڕۆیشتنە

ئەگەر پەڕێزت پاک نەبێ

هەر پەنجەی خۆ کرۆشتنە

دنیا کێڵگە و زەوی و زارە

جێگای ئەشیا فرۆشتنە

مرۆڤیش تێیدا جوتیارە

هەر شوێنی تۆ و هاویشتنە

جووتیاری باش هەوڵ دەدا و

لەسەر خەرمانێ نیشتنە

جوتیاری تەمەڵ و دەغەڵ

ڕەنجی بە با و خۆ کوشتنە

دەکرێ سەپانی پوشێ بێ و

ئاوی بێنە و دەست شوشتنە

ئەگەر خودا نەیهێنێتە

هەر ڕەشەبا و لێ نیشتنە

خودایە دەست بەتاڵ نەبین

بۆ بەهەشت هیوام گەیشتنە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/18

٤٥٠-بەس ڕاجیایی

ئەم شیعرەم نووسی بە بۆنەی ئەم دەم و دەم و یەکتر شکاندنەی کە هەندێک بانگخواز و خەڵکانی تر بە یەکتر دەکەن

دواییین پەیامی خوای میهرەبان

دابەزی بۆمان، قورئانە، قورئان

ئاخرین دینیش کە هاتە زەوی

تەنها ئیسلامە کە نابێ نەوی

کۆتایی کەسیش کە بووە پێغەمبەر

هەر محەممەد و هەر ئەویش سەروەر

من نە سەلەفیم، نە بوومە سۆفی

نە بوومە دەرویش، قەت ناکەم ئۆفی

نە ماتوریدیم، نابمە ئەشعەری

بۆ خوا دەچەمێم بە تۆقی سەری

ڕێگای حەنەفی، یاخود شافعی

مەکەنە دین و دینی واقیعی

پێشەوا مالیک، یا ئیمام ئەحمەد

هەموویان باجن بۆ سەر تا ئەبەد

ئەمانە هەموو شەرعن بۆ ئیسلام

هەتاکو ئێمە بگەیەنە مەرام
هیچ کام لەمانە ڕا پەرست نەبوون
لە ڕای بەرامبەر قەتیش پەست نەبوون
ئەوەی لای ئەوان ڕاست و ڕەوانە
قورئان و سوننەت گلێنەی چاوانە
شافعی ئەیووت: ئەگەر قسەی من
دژی سوننەت بوو بیکەن سەروبن
مالیکیش کە چوو بۆ گۆڕی پێغەمبەر
وتی: بەس ئەتۆی کە نیتە کەسەر
ئەم پەرت و بڵاویە هاتۆتە ناو مان
پیلانی کوفرە و کۆڵی هەناومان
بۆ دووبەرەکی و لاوازی بوونە
بۆیە موسڵمان ئاوا زەبوونە
کوفر وا دنیای کردە سەروبن
وا موسڵمانان بوون ئەنجن، ئەنجن
خێر و سامانی وڵاتانی برد
وڵاتەکەی خۆی پێ ئاوەدان کرد
موسڵمان کوژراو یا دەربەدەرە
یا لە زیندانە ژیانی خەتەرە
تازە موسڵمان شەڕی مەزهەبە
ئەمەی کە ڕاستە و کوانی ئەدەبە
هەموومان نەڵێین: قورئان دەستوورە
لە سوورەتی حەج لە نزیک نوورە
خوای گەورە ناوی بۆمان داناوە
کە هەر ئەو ناوەش ڕاست و تەواوە

بڵێ: {هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ}
ناوتان موسڵمانە بزانن یەقین.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/6/20
٤٥١-دۆستی ناپاک
ڕاست بە لەگەڵم، بێ فێڵ و غەش بە
با دڵت سپی بێ نەوەک دڵ ڕەش بە
بە ناوی دۆستی مەیە بن پێلم
مەبە دوژمنم، کوانی من دێلم
بە ناوی دوژمن تۆ پێم ناوێری
بەڵام بە دۆستی بۆ من وەک شێری
متمانەم پێتە، پشتم بەستووە پێت
تۆ لە دواوەی و منیش لە پێش ڕێت
دار کرمی لە خۆی نەبێ ناکەوێ
بە ڕەشەبایان درەخت ناخەوێ
ئاسن بە ئاسن کە دەکرێ نەرم
بەس نەرم نابێ تا نەکرێ گەرم
بۆیە دوژمنی مەرد و ئاشکرا
زۆر پیرۆزترە لە خوێری برا
دوژمن لە پێشڕا ورگت هەڵدەدڕێ
دۆستیش لە دواوە جەرگت بۆ دەبڕێ
چەندین برادەر لە ڕێی ناپاکی
هاوڕێکەی خۆیان خستە ژێر خاکی
هەتا دیوەخان خۆش و گەرم بوو
فەرش و قەنەفە جوان و نەرم بوو

هەر جمەی دەهات لە خەڵکی بێ خێر
نەڕەیان دەهات وەک نەڕەی شێر
بەڵام کە کەوت و نەما گوندووورە
لە دەورت نەمان ئەو خزمە بۆرە
زۆر بوون ئەوانەی دۆستی سەر نان بوون
کاتی تەنگانە دوژمنی گیان بوون
لە خۆیان دابوو بۆیاغی جوانی
لەناو سینەشدا سیفەت شەیتانی.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/6/25
٤٥٢-ئەی حەجی پیرۆز من بە هیواتم
خۆزگەم بەوانەی بوونە میوانت
گەیشتنە بەر قاپی ماڵەکەی جوانت
بە کۆڵێک گوناە و بە ژەنگ و ژاری
تۆ دەوڵەمەندو ئەوان هەژاری
تۆ خاوەن بەخشش ئەوان تاوانبار
هاوار و هانا بۆ پەروەردگار
ڕەحمەتی سپی بۆ دڵی ڕەش بوو
ئاخ و حەسرەتیش بۆ ئەوەی لە دەست چوو
سەر نزم ببی بۆ سوجدە بردن
بەردی عەرەفات، کحل لە چاو کردن
فرمێسکی چاوان بڕێژمە سەریان
ئیحرامی سپی بکەمە بەریان
بپارێمەوە بە ئاە و نوزە
بڵا لێمەوە زۆر بە کرۆزە

با دەری بێنم بەشەکەی شەیتان
با بیشۆمەوە بە ئاوی ئیمان
با کە هاتمەوە لە حەج و عومرە
لە بیرم نەچێ ئەم هەڵ و دەورە
نەبمەوە پیاوی زوڵم و عەلمانیەت
نەکەومە ناوی خۆم و ئەنانەت
دەست نەکەمەوە بە حەرام خواردن
یاخود بکەومە گێژی ڕابواردن
تەگبیران نەکەم بۆ چاو و ڕاوی
لەبەر سێبەرێ یاخود هەتاوی
بە ڕاستی ببمە {عِبادُ الرَّحْمن}
نەکۆ ئەم حەجە نەبێتە دەرمان.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/6/27

٤٥٣-جەژن و ئارامی
جەژن پیرۆز بێ لە گەل و هۆزم
قوربان، ڕەمەزان، بە دڵ و سۆزم
دڵان ساف دەبن نامێنن بە قین
دەبنە ملکەچی ڕەببی عالەمین
زۆر لە مرۆڤەکان دژ و ناکۆکن
بۆ فێڵی شەیتان چۆن لەسەر چۆکن
بەڵام لە کاتی جەژن و سەر قەبران
دڵ نەرم دەبن، دەبینن دەوران
بۆیە پێش ئەوەی بچینە ناو گۆڕ

شۆڕمان کەینەوە و بمان کەنۆ شۆڕ
با دڵمان پاک کەین بڕۆین بە سافی
سودت پێ نادا خۆشناوی جافی
گەردی دەبیستین زۆر دایک و ڕۆڵە
بەرامبەر یەکتر دڵیان کڵۆڵە
کوڕی وا هەیە بە چەندین جەژن
دایکی نابینی بە قەراری ژن
دوایی کە دەمری دایکی داماوی
فرمێسک بە درۆ دەڕژێ لە چاوی
بەڵام پێویستە کاتێک زیندووە
خزمەتی بکەی کە نەمر دووە
جەژن فرسەتە بۆ دڵ بێداران
ڕەحمەتە وەک هەوری بەهاران.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/6/29

٤٥٤-قورئان سوتاندن

(ئەم شیعرەم بەرامبەر ئەو گەنجە عێراقییە نووسی کە لە ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزدا لە وڵاتی سوید قورئانی سوتاند لە بەرواری 2023/6/28).

سەرت دای لە بەرد خۆت و دەوڵەتت
یاخوا نەمێنێ هێز و قوتت
عەمیل و نۆکەر، چڵکاو خۆری پیس
کۆیلە و ژێر دەستە، شاگردی ئیبلیس

بۆ ڕەزای شەیتان، یان چەند دۆلارێک
لای خواوە غەزەب بۆ تۆ دەبارێ
یان بۆ ئیقامە و کاسە لێسی خۆت
جاش و وڵاتان چۆن ڕۆ دەکەن بۆت
دڵت خۆش نەبێ تازە نییە کارت
لە دەست خۆت نییە ڕێشمە و هەوسارت
بە سەدان هەزار خائینی وەک تۆ
پیلانیان دارشت بەڵام ڕەنجە ڕۆ
لە ئەبو جەهل تا دەگاتە تۆ
قوڕتان بە سەر بوو، ڕەنجتان بە فیرۆ
عەفلەق و یەهود، ماڕکس و لینین
هەزاران زوڵمی وەک ستالین
دایان لە بوار و کەوتنە گێژاوی
تاقیان کردەوە هەور و هەساوی
قورئان پەیامی کۆتایی خوایە
زامنی مانەوەی بە دەست ئەڵلایە
چەن ماسی توانی بژی بە بێ ئاو
چەند ماست بە بێ ئاو دەبێتە ماستاو
چەن ژیان دەگونجێ بە بێ ئۆکسجین
چۆن هەوا زامنە بۆ ئارامی ژین
قورئانیش ئاوا گەرەنتی بوونە
بە بێ قورئانی مرۆڤ زەبوونە
بە هەموو ئاوی سەر ڕووی دنیایە
وەکو قورئانی تەسکینی نایە
تۆش دڵنیابە کاکی بێ باوەڕ

کاروان دەڕوات و بەدوایدا سەگ وەڕ
تا بیسوتێنن قورئانی پیرۆز
زیاتر دەروونمان دەگرێ گڕ و سۆز
چەندە دار خورما دەڕوێ لە قەندیل
چەندە ڕەش دەبێ بەفری سپی و مەندیل
هەر هێندەش قورئان زەرەر دەهێنێ
هەتا دوو چاوی ئێوە دەردێنێ.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/6/29
٤٥٥-بۆ پێغەمبەر
سڵاوی خودای لەسەر
زۆر لەمێژە عەشقی تۆم و
تامەزرۆشم بۆ دیدار
هەوڵ دەدەم بێمە خزمەت
کە ببینم یەک نیگارت.
...
ئەی ئەو کەسەی بوویتە چرا
بۆ بەرەمی نابینایان
ئەوەندە دڵسۆزی ڕۆڵەی
زۆر زیاتر لە دڵی دایان.
...
لەدوای خودا بوویتە هۆکار
بۆ ڕزگاربوون لە گومڕایی
تا سەربەرز بین، ئاسوودە بین
لە حیسابی ڕۆژی دوایی.

...

هەرچی سەرکردەی دنیایە

دەوڵەمەند و خۆشگوزارن

بە وتەی خۆیان یەکسانن

بەڵام جیاواز لەگەڵ یاران.

...

تاکو دەژین، ڕادەبوێرن

پر بوون لە دینار و دۆلار

تەنها تۆ بووی کە یەکسان بووی

لەگەڵ خەڵکی برسی و هەژار.

...

لەدوای خۆشت بەجێت نەهێشت

بە ملیۆن و بە ملیارێک

خەڵک لە خوار نەکەوتووە و

تۆش نەچوویە سەر چڵی دارێک.

...

بۆیە ڕوونە مردن و ژیانت

بە ڕاستی کە تۆ سەرداری

سەرکردەکان وەک پایزن و

تۆ وەرزی جوانی بەهاری.

...

وا ئەمڕۆکەش ملیارێک و

هەشت سەد ملیۆن موسڵمانن

ڕێبواری ڕێن، بەردەوامن

بەدوای تۆوەن، تا دەتوانن.

...

کێ وەک ناحەز سەیرت دەکات

دڵ نەخۆش و بریندارە

بەر بەرەکەی خۆی دەپێوێ - عەشقی بێدین و زۆردارە.

...

نەبووە و نابێ لە مێژوودا

زاتێکی وەک تۆ کەم وێنە

هەر کەس دانت پێدا نانێ

بێگومان دەکا وڕێنە.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/7/2

٤٥٦-ئاوا پێگەیشتم:

(لە سەر زاری "هەنار خان" نووسیم کە یەکەمی سەر ئاستی هەرێم بوو لە بەشی وێژەیی، خوای گەورە بە ئاواتەکانی بگەیەنێ).

ئاوا خوێندم دوازدە ساڵان

با ڕەنجەم نەچێ بە تاڵان

باوکم ڕەنجی بۆ کێشاوم

دایکم نانی بۆ داناوم

منیش چەشم شەونوخونی

بە هەژاری و بە نەبوون

بە بێ حاڵ و بە بێ ماڵی

دایم بە گیرفان بە تاڵی

کە ژوورم بۆ نەڕازاوە

دیوارێشم گەچ نەکراوە

سەقفی سەرم جەمەلۆنە

چینقۆ و کارتۆن و نایلۆنە

بۆ زستانی سارد و سەرە

بۆ هاوینی گەرما و گڕە

بەو حاڵەش دوو ڕاستیم سەلمان

یەک هەژاری، دووەم ئیمان

وەڵامە بۆ ئەو کەسانە

کە دەڵێن: پارە دەرمانە

خۆ من توانیم بە نەداری

لە کۆمەڵگای کوردەواری

نومرەی بەرز بەدەست بێنم

وجوودی خۆم بسەلمێنم

خاڵی دووەم داپۆشراوم

بۆ بڕیاری خوا وەستاوم

دیسان وەڵامم دایەوە

بۆ ئەو کەسەی دەمی کرایەوە

کە دەڵێن: ڕێگرە حیجاب

یاخود پەچە و عەبا و نیقاب

بۆ ئەوانیش من سەلماندم

کە بە دۆڵمە یان دەتگواندم.

لە کۆتایی ئەم پەیامە

دوو شت ئاوات و هیوامە

خوا دوورم کا لە چاوەزار

نەبینم مەینەت و ئازار

دووەم نۆرەم مەسوتێنن

خەباتی من مەفەوتێنن

کوڕی بەرپرسێکی تەمەڵ

مەکە نە یەکەمی و مە تەڵ

یان کوڕی پیاوێکی زەنگین

لە بەرچاوان مەکە شیرین

لێم گەڕێن بە مافم شاد بم

ئاسوودە بن دایکم، بابم

ئەگەر بمکەن هەناسە سارد - لە دنیادا ببن بە ڕەباد

ئاە و ناڵەی زۆری وەک من - لە قیامەتی ببن ئەنجن.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/7/4

٤٥٧-پەند و ئامۆژگاری

کە ژنت هێنا با خانەدان بێ

نەوەک دوژمنی ماڵ و میوان بێ

کە خانووت دەکرد جیران بناسە

چونکە پێش خانو جیران ئەساسە

کە کچت بە شوو دا بیدە بە پیاوێ

پشگت لێ نەکا هەر بە هەڵاوێ

هەتا دەتوانی مەکە قەرز و قۆڵ

ناوت دەزرێ وەک دەنگی دەهۆڵ

لە ماڵی تۆدا با نەکرێ غەیبەت

لە لای غەیبەتکار ناتمێنێ هەیبەت

لەگەڵ پیاوی سووک مەبە بە هاودەم

بە فێڵی شەیتان دەرکرا ئادەم

بە هێز و قووەت هەرگیز مەنازە

ڕۆژێک دێ کە تۆش دەبی جەنازە

بە پارە و سامان مەکە لەنجە و لار

زۆر بەجێ ماوە دینار و دۆلار

بە قسەی هیچ کەس نەکوژی پیاوان

قەت مەسوتێنە جەرگ و هەناوان

قەت ماڵی خەڵکی نەخۆی بە ناحەق

ڕۆژێک دێ دەچیە گۆڕی ڕەق و تەق.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/7/5

٤٥٨-ئێرە ئوحودە

(تەپۆڵکەی ئوحود ئەو شوێنەی کە حەفتا هاوەڵی تێدا شەهید بوو).

ئێرە ئوحودە شوێنی شێرانە

حەفتا سەحابە لێرە میوانە

ئەوانە بوونە بەردی بناغە

زێڕی ئەسڵ بوون نەوەکو باغە

بە ئەو بەردانە خوێنیان چۆڕاوە

گیانیان لە پێناوی خوادا داناوە

دونیایی نەبوون بۆ قیامەت ڕۆیشتن

غەیبەتیان نەکرد ئێسک کرۆشتن

جەنازەکانیان نە گەڕایەوە
لافیتە بۆیان نەنووسرایەوە
بۆیان نەکرایە مووچەی شەهیدان
نەخرانە لیست و قائیمەی زیندان
کەم ئەندامیشیان بۆ دابین نەبوو
بەڵام لە عیززەت هیچیان کەم نەبوو
ناوی نەچوبووە لیستی بن دیوار
وەریان نەگرتبوو دینار و دۆلار
نەیاندیتەوە ماڵ و منداڵیان
مەگەر لە قیامەت ببینن حاڵیان
ئامانجیان تەنها ڕەزای خودا بوو
بۆیە شەیتانیش لێیان ئاوا بوو
دوای فەزڵی خودا و هەوڵی پێغەمبەر
خوێنی ئەوانە بۆمان بووە سێبەر
خودایە پاداشتیان زۆر بدەیتەوە
پلە و مەقامیان بەرز کەیتەوە
وەکو بۆ ئێمە بووبوونە چرا
فریامان کەوتن وەک باوک و برا.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/7/7

٤٥٩-بەڵێ ماندووم
(ئەم بابەتەم نووسی لە کاتێکا کە کرێکاریم دەکردو زۆر ماندوو بووم)
ڕەو ڕەوەی گەڕی دنیایە
لە هێز و بازووی کرێکار دایە

چی باڵەخانە و بینایەی بەرزە
بە دەست و پەنجەی ئەوی دانراوە
ئیش دابەش دەبێ بە سەر دوو جۆردا
خاوەن ئیشەکە و فەعڵە و وەستایە
دەبێ خاوەن ئیش ویژدانی هەبێ
زوڵمیان لێ نەکا لەبەر ئەو خوایە
ئەوەندەی توانی ڕێزیان لێ بگرێ و
نەڵێ: من کۆیلەم لە ژێر دەستایە
کە ئێوارەش هات پێش خۆر ئاوابوون
پارە و حەقی خۆی نەخاتە دوایە
ڕەنگە ئەو پیاوەش پارەی پێ نەبێ
با میوە بکڕێ بۆ بابە و دایە
منداڵی چاو گەش وا چاوەڕوانە
داخۆ بابە گیان چی لە دەستایە
پێغەمبەر فەرمووی کرێیەکەی بدە
پێش ئەوەی عارەق بێتە کۆتایی
کاکی کرێکار تۆش بیرت نەچێ
کۆمەڵێک ئەرکت لە ئەستۆدایە
یەکەم پێویستە کە زۆر دڵسۆز بی
خودا چاودێرە و زۆر بە ئاگایە
ئەو کەل و پەلەی لە بەردەستتدایە
گشت ئەمانەتە و نەچێ بە زایە
خاوەن ماڵ دیار بێ یاخود لێت دوور بێ
دەغەڵی نەکەی بکە تەقەڵایە
شت خەسار نەکەی بە فیرۆیی نەدەی

چونکه خاوەن ماڵ بۆ تۆی داناوە
ئەگەر لە ماڵێک ئیشت بۆ کردن
چاوان نەگێڕی چونکە بەڵایە
هەرچی ئافرەتی ئەو ماڵە هەیە
ڕێزیان پێویستە و نرخیان باڵایە
وەک دایک و خوشک تەماشایان بکە
کە داوێن پاک بێ بۆ تۆ قەڵایە
ئەگەر بە چاکی و بە پاکی بیکەی
جەزا و پاداشتت لە لای ئەڵڵایە
کار و کاسپی حەڵاڵ و زەڵاڵ
وەک سەدەقەیە ڕۆژی جەزایە
بۆیە وتراوە: کە دەستی ماندوو
لەسەر زگی تێرە و وەک ئاڵایە.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/7/8
٤٦٠-محەممەد بۆ هەمووانە
خودا کردەوە حەوت دەرگای ئاسمان
ناردی بۆ ئێمە گشت پێغەمبەران
لە یەکەم نێردراو هەتا کۆتایی
هەموویان هاتن زۆر بە تەبایی
سەرچاویان یەک بوو، جودا بوو ڕووبار
نەدەتساوە بە سەدان هەزار
هەموو برا بوون، ئایینیان یەک بوو
ڕەوشت و خوویان زۆر جوان و ڕێک بوو
تەنها جیاوازی هەبێ لە ناویان

کات و سەردەم و شێوەی هەناویان
پێغەمبەرانی پێشووتر هاتن
بۆ گرووی مرۆ مایەی نەجاتن
بەڵام ئەوانە بۆ کات و ساتێ
ماندوو نەبوون و کردیان خەباتێ
کەچی کۆتایی و ڕەسولی سەروەر
کە لە چل ساڵی بوو بە پێغەمبەر
بە درێژی زەمان، بە پانی زەوی
بووبووە نوێنەری ڕەببی عالەمین
بۆ تێکڕای خەڵکی بە بێ جیاوازی
تەنها بۆ ئەوەی خوا لێی بێ ڕازی
بۆ هەموو جیهان بە هەموو ڕەنگێ
بۆ هەموو بەشەر لە هەموو دەنگێ
هەرچەندە قوڕەیش قەدریان نەزانی
کۆڵی زۆر قورسیان خستە سەر شانی
ئەو باکی نەبوو بە گەنجی و پیری
هەمیشە دەدوا بە جوان و ژیری
وەکو ئاسمان بوو بۆ هەمووان سێبەر
خەمی هەمووانی خستبووە سەر سەروەر
وەکو تیشک بوو بۆ هەموو دڵان
وەکو ئاویش بوو بۆ هەموو گوڵان.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/7/9

٤٦١-شێری پیر

(ئەم شیعرەم لەسەر شێرێک نووسی کە بە گەنجی ستەمکار بوو بە پیری لاواز ببوو پەراسوەکانی دەرکەوتبوون!)

زۆربەی ئەوانەی دەسەڵاتدارن

وەکو ئەم شێرە زاڵم و زۆردارن

هەتاکو گەنجن دەست ناپارێزن

دوژمنی خەڵکی برسی و هەژارن

هەتاکو خاوەن پارە و سامانن

ئەهلی شەڕاب و زینا و قومارن

کە پیریش دەبن بێ دەسەڵاتن

بە خودا و خەڵکی زۆر قەرزدارن.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/7/11

قالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمْ) : {إِنَّ الله كُرِهَ لَكُمْ ثَلاثاً: 1- قِيلَ و قال. 2- وَ إِضاعَة المال. 3- وَ كَثْرَة السُّوال. }

٤٦٢-خوای گەورە سێ شتی بۆ ئێوە پێ ناخۆشە

لەسەر زمان و دەمی پێغەمبەر

سێ شت پەسەند نین بۆ گرووی بەشەر

دەفەرمووێ: خودا لە لای ناخۆشە

کە خوا بۆ مرۆڤ زۆر بە پەڕۆشە

یەکەم: ئەوەیە وتیان و دەڵێن

گرنگی نادەن بە وەعد و بەڵێن

مەرج نییە هەرچی کە وترا وابێ

جێگای متمانە و ڕەزای خودا بێ

زۆر قسه هەیه پووچ و بوختانه
بۆ ڕۆژی قیامەت کۆڵی سەر شانه
تا دڵنیا نەبی قەت مەکه باوەڕ
بۆ وتەی خراپ خۆت بکه لاڵ و کەر
ئەوەی دووەمیان: ماڵ به هەدەر دان
بێ فەرمانی خوا و بۆ ڕەزای شەیتان
نابێ له دەست چی پاره به فیرۆ
تا له دنیایه نەکەوی ڕۆ ڕۆ
پێویسته پارەی بدەی به شتی باش
نەوەک تێکەڵاو وەک دەوەنه ئاش
پێویسته بدرێ به شتی چاک و پاک
بۆ خۆشی خۆت و بۆ خەڵک و بۆ خاک
ئەوانەی ماڵیان بەخشی بۆ خێرێ
ناویان گەورەیه وەک ناوی شێرێ
بۆیه نەهی کرد ماڵ نەکرێ ئیسراف
بیده به هەژار، بیکه به تەواف
ئەوەی سێیەمیان: پرسیاری زۆره
بەڵام بێ سودی و هەر زۆره و بۆره
پرسیاری زۆره و کردەوەی کەمه
بێ کات و سات و بێ دەم و ژەمه
وەکو که قورئان دەگێڕێتەوه
بەنو ئیسرائیل دەسوڕێتەوه.
تینیان بۆ موسا هێنابۆ پرسیار
ئازاریان دەدا له لەیل و نەهار
بۆیه خوای گەوره ناپەسەنده لای

پرسیاری زۆر و کردەوەی بەر بای
دەبێ موسڵمان وریا بێ و زیرەک
خاوەن ژیری بێ و نەبێتە پیرەک.
مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی
ڕانیە - 2023/7/15

٤٦٤-با بۆت بە پەڕۆش بن
بۆنت خۆش بێ وەک گوڵ بە
بۆ باخی ژیان خوێن و دڵ بە
جێگای ڕەزامەندی خوا بە
دەست کراوە و دڵاوا بە
لەناو گەڕەک شوێنت دیار بێ
ڕووخسارت وەرزی بەهار بێ
خۆشەویستی دەوروبەر بە
دڵسۆز بە وەک گەوهەر بە
هەتا زیندووی قەدر گران بە
بۆ هەژاران وەک نان بە
کێ ئیشی پێت بوو لامەدە
لە پرسیاران سەر با مەدە
چەند خۆشە کە ڕۆژێک مردی
مردوو شۆر دەستی بۆ بردی
ئەهلی شار و خزم و ناسیاو
بڕێژن بۆت فرمێسکی چاو
یان کە دانیشتن لە ماڵان
بپرسن لێت حاڵ و باڵان

هەزار ڕەحمەتت بۆ بنێرن

بە ئەڵڵای گەورەت بسپێرن.

مەلا عەبدوڵڵا خورخورەیی

ڕانیە - 2023/7/17فەرموون، ئەمەش سەرجەم هۆنراوەکان بە ڕێنووسی ڕێکی سۆرانی و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنوێنییەکانتان:

٤٦٥-ستەم لێکراوم

ئای لەو زوڵمەی لە من کرا

وای چۆن ژیانم بە با درا

لە ترسی کوشتن و مردن

وا سەری خۆمان هەڵگرتن

لە ترسی بۆمبارانێ

لە هێرش و بۆردومانێ

ماڵمان هێنا بەرەو عێراق

تا ڕزگارمان بێ لە مەراق

هەتا نەشکێ پشتی باوکم

تا نەسوتێ جەرگی دایکم

خاک و خەڵکم بەجێ هێشتن

ئیشم بوو بەبنیەشت فرۆشتن

دابڕام لە هاوڕێ و برادەر

ئاوارە بووم و دەربەدەر

لێم پەیدا بووبێ بێویژدانی

ڕۆحی دەرهێنام لە گیانی

منی ئاوارە و بێ کەس

کەس بۆم نەبوو فریادڕەس

ویستم کەوا گەورە ببم

فێری ژیان و دەورە ببم

بۆ ڕۆژێک بگەڕێینەوە

بڕیارمان دابوو بێینەوە

ئەگەر ئاوارە چوونەوە

بەبێ من ئەودیو بوونەوە

من بەجێ مام لە غەریبی

فریام نەکەوت تەبیبی

لە شاری ڕانیەی خانەدان

منی کوشت بە نوکی چەقوان

بە دەم و نوکی مشاران

بڕیانمەوە وەکو داران

من بێبەش بووم لە دنیایە

چوومە بەردەم دادگای خوایە

بڕینی من ناڕێتەوە

هەمیشە هەر دەکوڵێتەوە

توخوا خەڵکی ڕانیەی بەهێز

لە باوک و دایکم بگرن ڕێز

من ئەمڕۆ بێ نیشتیمانم

وا هەڵوەری چرۆی ژیانم.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/7/20

٦٥-خودا چی دەوێت

قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم): {إِنَّ اللهَ كُرِهَ لَكُمْ ثَلاثاً...}

{إِنَّ اللهَ لا يَنْظُر إلى صُوَرِكُم، وَلا إلى أجْسامِكُمْ، ولكِن يَنْظُر إلى قُلُوبِكُم وأَعْمالِكُم}

خوای گەورە سەیری دەم و چاو ناکا

کامیان ناشیرنە و کامیان جوانە

وە سەیری قەد و باڵاکان ناکا

کامیان کورتە و کام لە ئاسمانە

چونکە ئەمانە بەدەستی خۆت نین

کامیان هەڵبژێری و کامیان ئاسانە

بەڵکو تەماشای دڵ و کار دەکات

کە بە ئارەزوو ویستی ئینسانە

زۆریش مەنازە بەو پەڕۆ و پاڵەی

لە خۆی دالێنی یان لەسەر شانە

جبە و مەندیل، شاڵ و کەشیدە

دایان هێناوە دەور و زەمانە

بە ناو و ناوبانگ مەنازی هەرگیز

خوشکی بەڕێزم برای ژیرانە

کەس لە کەسی تر گەورەتر نییە

پێوەری بەرزی تەقوا و ئیمانە

زۆر کەس دەنازی بە ناو و شوهرەت

سوێند بەخوا هەمووی بۆ زبڵدانە

خۆ جیاکردنەوە و نەفسی زل و پیس

بۆ ڕۆژی قیامەت کۆڵی گرانە

پاکمان بکەیتەوە خوای میهرەبان

بۆ ئەو سەفەرەی وا لەبەرەمانە.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/7/22

٤٦٦-کوا ڕابردوو؟

خەباتمان کرد رەنجیان کێشا

هاتە ڕێمان جەور و جەفا

تەمەنی گەنجیمان بەسەر برد

چەندەها ساڵمان بەڕێ کرد

بەخشیمان ماڵ و ڕۆح و گیان

لەپێناو خوداو نیشتیمان

دەستەیەک باش، دەستەیەک خراپ

جەرگی دایکان بوو بە کەباب

بەڵام لەدوای ڕزگاربوونێ

کە سارێژ بوون دەرد و بریندێ

دەبێ هەبێ وەفا و پاداشتت

نابێ ببێتە مێژوو یاداشتت

هەزارانمان لەدار دران

سەدان گوللە باران کران

لەژێر ئەشکەنجە و زیندانان

خەویان نەبوو لە بەیانان

بەڵام هەزار داد و ئەسەف

پاک و پیس ڕاوەستان لە سەف

هەزاران خێزانی هەژار

بۆیان هێنان پێخۆر و بار

خزمەتیان کردن ڕۆژ و شەو

هەندێک بۆ دوژمن بوون بەکەو

بەڵام ون بوون لەبەر چاوان
ناخرێنە ناو ڕیزی پیاوان
هیچ کەس ناپرسی لە حاڵیان
کەس سەر ناکا بەناو ماڵیان
ئیشیان بە ئەمان نەماوە
خستوویانننە ڕیزی دواوە
شۆربای دەستی پیرە دایان
بار و بارگەی سەر چیایان
دەبوو ڕۆژگاریان بێتەوە
خەباتیان بیر نەچێتەوە
سەد حەیف و هەزار مخابن
خۆشیان کردووە دڵی دوژمن
چونکە بەخوا نەیانتوانی
ئاوەدان کەن نیشتیمانی.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/7/23
٤٦٧-فیشەک و جگەرە
هەردوو کوشندەن فیشەک و جگەرە
ئەمەیان بۆ سینە و ئەمەیان بۆ جگەرە
بەهەدەردانی ماڵ و گیانن
خەڵک بەدەستیان زۆر سەرگەردانن
بەکارنەهێنی تفەنگ و فیشەک
بۆ حەقێ نەبێ زۆر دەبێ دڵ تەنگ
منداڵ و گەنجیش دووربن لە پاکەت
تا بەختەوەر بن و بکەن ئیسراحەت

هەرچی خراپە لێی دوورکەوە

لە کاری چاکە نزیک بەرەوە

بەدەستی خۆتان خۆ مەسووتێنن

جەرگ و هەناوی خۆتان مەڕێژن

ئەگەر دیندار بی و بەپێی فەرموودە

تفەنگ ڕامەگرە بەڕووی کەس دیدە

بەگوێرەی ئایەت لە سوڕەی ئیسرا

جگەرە حەرامە و باخەڵت درا

جگەرە ئیسرافە و ماڵ بەهەدەردان

لاشەت تێک ئەچێ و پیلانی شەیتان

زۆر بەداخەوە ئێستا گەنج و پیر

جگەرە ئەکێشن، نەزان، ڕۆشنبیر

منداڵ ئەیکێشێ و پێی گرفتاری

بۆ پاشەڕۆژی جگەرە غەدداری.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/7/31

٤٦٨-گوڵی ساوا

مەرگت بەئێشە گوڵەکەم

وەکو تەزووی کارەبایە

بەڵام ڕازین و ملەکەچین

چونکە فەرمانی اللە یە

مردنێکی سەربەرزی یە و

لەگەڵ کۆمەڵێک هیوایە

پەڕۆشی و فرمێسکی خەڵک

نیشانەی باشی و وەفایە

چرۆی ناسکت چۆن هەڵوەری

ئەویش بە ویستی خودایە

سەبر و ئارامگری باوکت

بەهێزی دین و تەقوایە

کۆچی گەنجان زۆر بەئێشە

کاروانی حەق و ڕەوایە

جەرگ سووتان، منداڵ مردن

تەجروبەی ڕەسوڵ اللە یە

داپڕانت لەم کاتەدا

بۆ باوک و دایکت جەزایە

لە دنیادا لێک داپران

سوننەتی ژیان هەر وایە

داواکارم لە خوای گەورە

کە خاوەنی دوو دنیایە

لە قیامەتی بە یەک شاد بن

کە ئەو جەنەت المأوی یە.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2021/8/12

٤٦٨- لەسەر نیعمەتەکانی خوا)

خوای گەورە ئەفەرموێ: {و آتاکُمْ مِنْ کُلِّ ما سَأَلْتموهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمتَ اللهِ لا تُحصُوها}

تۆ خۆت فەرمووتە پێتان ئەبەخشم - چی داواتان کرد لە ناز و نیعمەت

سوپاسی خوا بکەن قەدرێ بزانن - ناشکری مەکەین مەیەکەن بە نیقمەت

لەو بەهەشتەدا هەزاران ڕووبار - پێتاندراوە بە ڕێز و حورمەت

بە هەزارەها باخچە و لالەزار - لە ئاوی ساز کە نییەتی عیللەت

چەندین ڕووباری بێ نموونە - کانی و جوانی و فەریز و حەدیقەت

تامی ناگۆڕێ و بۆنی ناگۆڕێ - لێی بخۆوە و بێ بۆڵە و میننەت
ڕووباری تێدا شەرابی صافە - سەرخۆشت ناکات بە تام و لەززەت
ڕووباری تێدا هەنگوینی ڕاستی - دووڕە لە شەکر و لە شەکەر و لە زیللەت
بێجگە لەمانەش گەنجی و پیر نەبوون - هەتا هەتایە ساغی و بێ عیللەت
ماندوو نەبوون و هەر حەسانەوە - هەبوونی مەردی و شەهامە و عیززەت
لە هەموان خۆشتر بینینی خودا - بە قوربانی بێ گەوهەر و لیرەت
خودایە (غەریب) چاوەڕێی تۆیە - بێبەشی نەکەی لەم ئەمیرەت.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/7/27
٤٦٩-بۆ ئازادبوونی مامۆستا (عەلی باپیر)
هەی مامۆستا
گەوهەرێک بووی
لەژێر دەریا
زۆر کەس ئەیووت:
نایەتەوە
بۆ سەر دونیا
بەڵام قەدەر
زۆر جیاوازە
لە بیر و ڕا
تۆ تەنیا نیت
ڕەگ و ڕیشەی دار و دەرەخت
وا لەگەڵتا
وەحی خوداو
ڕای جەماوەر
لەناو دڵتا

تۆ گونجاوی

لەگەڵ بۆچوونی

قورئانا

تاوانێکی زۆر گەورەیە

کە تۆ بژی

لە زیندانا

تەمەنی کورت و پیرۆزت

شەرەفی لێ دادەچۆڕێ

کە دەبینین

سیمای پاکت

دڵمان بۆ لای تۆ دەگۆڕێ

مەگەر پەپووک

کێ هەیە کە تۆی

خۆش نەوێ

بەو پەیامەی لەلای تۆیە

کێ هەیە دڵی

نەسرووێ

زۆر دەمێک بوو

یووسفی کوردان

لە زیندان بوو

بەڵام لەجێی دوو هاوڕێ

هاودەمی وەی

بە س قورئان بوو

تۆ نوێنەری یووسفی میسری

بۆ کوردستان

تۆ سەلماندت

کەوا ئیمان

زۆر بەهێزترە

لە زیندان.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2005/4/30

٤٧٠-پەروەردەی منداڵ

خوای پەروەردگار خودای هەمووانە

خودای گیاندار و بێ گیانەکانە

خۆی نەناساندووە رب المسلمین

خۆی ناساندووە رب العالمین

چۆن بۆ خۆی خوایە بۆ هەموو جیهان

ئاوا دەیبەخشێ منداڵی زۆر جوان

منداڵ نیعمەتە و ئەمانەتە زۆر

بە پوختی و پاکی نەوەک زۆر و بۆر

منداڵ لەدایک ئەبێ بە پاکی - پەروەردەی دەوێ بە ساغی و چاکی

لەسەر فیترەتی ئیسلام دێتە بوون - تا دایک و باوکی ئەیکەنە زەبوون

کە دێتە دونیا خۆی موسڵمانە - لەسەر ڕێبازی پاکی ئیمانە

دایک و باوکەکەی ئەیکەنە یەهود - بیر و باوەڕی دەکەنە فەرهود

یاخود دەیەکەنە گاورو سەرشێواو - گومڕای دەکەن و لایدەدەن تەواو

یاخود دەیەکەنە ئاگرپەرستی - بۆ ڕێگای ڕاستی نامێنێ هەستی

بۆیە گرنگە دایک و بابی ژیر - منداڵ وێڵ نەکەن بۆی بکەن تەدبیر

بۆیە بەرپرسن لە دنیا و قیامەت - تاکو نەگەزن پەنجەی نەدامەت.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/7/29

٤٧١-سەرەتا و کۆتایی مرۆڤ

خوای گەورە ئەفەرمویّت: {مِنْها خلقناکم وفیها نُعیدکُمْ ومِنْها نُخرجکُمْ تارةً أخْری}

ئەم ئایەتەی وا لەبەر چاوتانە

خەڵات و دیاری خوای میهرەبانە

دیاری دەکات و ڕوون دەکاتەوە

مرۆڤ لەم ژیانە لە ئیمتیحانە

لە خاک دروست بوون، دەچنەوە ناوی

دێنەوە دەری و چەندە گرانە

لە خاک دروست بووی دوو مانای هەیە

فێربە و وەربگرە و باشیش بیزانە

یەکەم ئەوەیە گشت لە ئادەمین

ئادەمیش لە قوڕ و لەسەر زەویانە

خوا دروستی کرد لە قوڕ و لە خاک

حەوای بۆ دروستکرد هاوسەری ژیانە

کەواتە ئەسڵی هەموومان وایە

دەچینەوە سەر بابە گەورانە

شێوازی دووەم: ئەوەیە کەوا

مرۆڤ لە ئاوی دایک و باوکانە

ئاو لەناو خوێنە و خوێنیش لە خواردن

خواردنیش لە گڵە و پان و فراوانە

کەواتە ئەسڵی هەموومان خاکە

خاکیش سەرچاوە و بوونی مانمانە

دواین کە دەمرین دەچینە ناوی

دواین مەنزڵگای دوای دنیامانە

بۆ جاری سێیەم: لەدوای گۆڕستان

لێی دێینەوە دەر بۆ مەحشەرمانە
کە ڕامان دەگرن لە دەشتی مەحشەر
جێگای پرسیار و دادگاییمانە
لێ پێچینەوە و لێ پرسینەوە
دەست پێ دەکات و ڕووون و عەیانە
نە فێڵ و فەڕ و نە خۆ دزینەوە
سوودت پێ نادات و لەبەر چاوانە
چاکە و خراپە، گەورە و وردیلە
دێتەوە پێشێ و لەبەر دەممانە
نە قسە دەیخوات، نە پشتیوانی
سەڵاو لەو کەسەی ماڵی وێرانە
قۆناغی یەکەم: لە خاک دروستکراوی
وەکو ئەو ئاوی پشتی پیاوانە
قۆناغی دووەم: دەچیتە ناوی
وەکو مانەوەی ناو منداڵدانە
قۆناغی سێیەم: کە دێیتە دەری
وەکو مەحشەر و ڕۆژی مەیدانە
خودایە (غەریب) تاوانی زۆرە
دووری بکەو لەو ئێش و ژانە.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/7/26
٤٧٢-تاوان و تەوبە
خوای گەورە ئەفەرمووێت: {أفلا يتوبون إِلَى اللهِ ويَسْتَغْفِرونَه واللهُ غَفُورٌ رَحيمٌ}
بێجگە لەوانەی کە پێغەمبەرن
لە دنیا و قیامەت گەورە و ڕابەرن

خەڵکی تر گوناە دەوریان داون
کە ڕزێنەری جەرگ و هەناون
دەڵێن جاریەک یەحیا پێغەمبەر
چاوی دەکەوێ بە شەیتانی شەڕ
پرسیاری لێکرد ئەو خەڵکە چۆنن
کە دێنە بەردەست چ تام و بۆنن
جوابی دایەوە شەیتانی ئیبلیس
چۆن خۆی دۆڕاوە و کەووتووە موفلیس
جۆری یەکەمیان: پێغەمبەرانن
پێیان ناوێرم وەکو کێوەکانن
جۆری دووەمیان: کەم فام و کاڵن
لەبەر دەستمدا وەکو منداڵن
بۆ کوێم حەز لێ بێ ئەیافڕێنم
کام تەڵەم بوێ ئەیا تەقێنم
جۆری سێیەم: پشتیان شکاندم
ئازارم ئەدەن مێشکیان تەقاندم
ئەویش ئەوانەن ئەیا سووڕێنم
بۆ گوناە و تاوان ئەیاجووڵێنم
هەتا ئەیا بەم بەرەو جەهەننەم
دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا هەر دەم
بۆیە پێویستە ئێمەی موسڵمان
بگەڕێینەوە لای خوای میهرەبان
خودایە (غەریب)یش وا دێتەوە لات
بۆ بێبکەرەوە ڕەحمەت و دەرگات.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/7/27

٤٧٣-ئامانجی ڕوون

وا هەزار و چوار سەد ساڵە

لەو مینبەرە دەچڕێنم

داوای دادگەری و داد دەکەم

ستەمکاری دەلەرزێنم

پەیامی من بۆ ڕاستی یە و

بۆ ئاشتی یە و ئاوەدانی

بۆ گوزەران، بۆ خۆشبەختی

بۆ بێخەمی، بۆ هەرزانی

بۆ دروست بوونی خانەوادە و

ژن و مێرد و بەختەوەری

بۆ دڵخۆشی، بۆ پێکەنین

بۆ دوور بوون لە دەردەسەری

بۆ هێنانی وەچەی ساڵح و

پیاوی دواڕۆژ بۆ ئەم گەلە

بۆ خەم خواردن لە ئازادی و

لەدەست نەدانی ئەم هەلە

بۆ دەوڵەت و بۆ کیان و

بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی

بەداخەوە زۆرجار هات و

بە ئاسانی لەدەست ڕۆیی

هەر لەکاتی مەلیک مەحموود

یان مەهاباد کاتی قازی

خەیانەتکار ناپاکیان کرد

بۆ وەی دوژمن لێیان ڕازی
گەر ببارێ ئاگر و ئاسن
وەکو باران لەسەر سەرمان
یان وەکو لافاو پێش خۆی بدا
جەماوەر و دەوروبەرمان
بۆ هەمووانە بێ جیاوازی
ترس و لەرز و لێو بەباری
وا نەزانی من پیادەم و
تۆش ڕزگار بووی چونکە سواری
هەر هەموومان بە یەکەوە
لە کەشتیەک داین یەک چارەنووس
یەک مێژووە ڕابردوومان
داهاتوومان بە یەک پێنووس
توخوا بەسە هۆ گەلی من
خەیانەت و درۆ کردن
دژی گەل و خەڵکی خۆت و
دۆستی زالم و سوجدە بردن
گەر سەرکەوین بۆ هەمووانە
بەرووبووم و قازانج و سوود
گەر ژێر کەوین هەر هەموومان
بە یەکەوە دەبین نابوود
بۆ نایەن لە نەتەوان
لە وڵاتان لەناو گەلان
تەنها ئێمەین ناتەباببین و
یەکتری دەخۆین وەکو مەلان

جا هەر کەسێک مەیلی هەبێ

بۆ لای زالم و زۆرداری

ڕۆژێک دادێ خۆی دەبینێ

هەڵواسراوە لەسەر داری.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/8/6

٤٧٤-لاواندنەوەیەک بۆ کاکە محەمەد عەلی جوامێر- چنارنەیی

لە دەربەندی ڕانیە خنکام

بۆ هیچ کەس نەگەیشتە فریام

سوتا جەرگی دایک و بابم

چۆن ڕێکخرا گشت ئەسبابم

نەمخوارد نانی نیوەڕۆیە

دایکم بۆم کەوتە ڕۆ ڕۆیە

خەوتم بە گەدەی بەتاڵی

بەجێم هێشتن ماڵ و حاڵی

نەمزانی کۆتا دیدارە

دابڕانی من و یارە

ماچم نەکرد دەستی بابم

جەرگی دایکم بووە کەبابم

منیش خنکام لەو جێگایە

گەنجی هەولێری تێدایە

ئەو خاوەنی ماڵ و منداڵ

منیش بە تەنیا و دەست بەتاڵ

نەگەیشتمە ئاواتەکانم

دام نەنابۆوە بناغەی ژیانم

چرۆی ناسکم وا هەڵوەری
چەندە ژیام بە دەردەسەری
من و هاوڕێ گەنجەکانم
خورا بەری ڕەنجەکانم
هەزاران ئاوات و هەستم
هیچیان نەهاتنە بەردەستم
قووتی کەسانێکی وەکو من
خواردوویانە بەرخی خرپن
ئێمەی گەنجانیش بێکارین
بەبێ دینار و دۆلارین
دەست بەتاڵ و سەرگەردانین
مافخورا و ماڵ وێرانین
هەموو سەرمان لێ شێواوە
وا کەوتووینە ناو دەریاوە
هەندێک لە ئاوی خۆمانە
هەندێک لە دەریای بێگانە
لەدەستمان دا گیانی شیرین
بووینە خۆراکی چەند دۆلفین
وەسیەت دەکەم بۆ هاوەڵان
مەسووتێنن جەرگ و دڵان
بەبێ پرسی باب و دایان
مەچنە هیچ شوێن و سەودایان
منیش ئەڵێم: محەمەد گیان
تۆ میوانی خوای میهرەبان
سوپاس بۆ خوا کە نوێژکەر بووی

لەسەر ڕێگای پێغەمبەر بووی
مادام بە ئاویش خنکاوی
شەهیدی ڕێگای تەواوی
دڵت خۆش بێ لەم جیهانە
ناوی تۆ لەبەر دڵانە
سەد و سی و سێ ملیۆن بەشەر
ناویان لێنرا وەکو پێغەمبەر
خوای گەورە داباڕێنێ
سێبووری زۆر داپڕێژێنێ
بۆ سەر دڵی باب و دایە
تا ڕۆژی دادگا و لیقایە.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/8/8
٤٧٥-تەڵە
بۆ دنیا و قیامەت تەڵە دانراوە
دانی دەرێژێ و وەرە بەملاوە
تەڵەی دنیایەش هاوڕێی خراپە
زاق و بریقە و ریا و ماستاوە
وەکو باڵندە تا ڕاوت ئەکەن
لەپێناو کەمێک زۆرت داناوە
تەڵەی قیامەتیش شەیتان و نەفسە
تاوان لە پێتە کە چۆن ڕازاوە
تەماعی زۆر و هەڵپەی پارەیە
کەوا کەمینی بۆ تۆ داناوە
کاتێک ڕاوچیەکان دێن ڕاوت دەکەن

تۆش وە دەزانی سفرە ڕاخراوە

کاتێک دۆنوکت بوو بە تەڵەوە

ڕزگارت نابێ، نە دان، نە ئاوە

عەزیز وریابە لەم ڕەنگە زۆرە

لەو هەموو ڕەنگە یەکیان تەواوە

ئەویش ئایین و بەرنامەی خوایە

کە خودای گەورە بۆ تۆی ڕوونواوە

ئەوەی مردووە، لەدەستی چووە

ئێستا دەزانێ کە خەڵەتاوە

دنیا شیرینە وەکو هەنگوینە

زۆر سارد و خۆشە وەکو بەفراوە

بۆ خاتری هیچ کەس خراپە نەکەی

ڕۆژێک ئەزانی چۆن لێت قەوماوە

خۆزگە بەوانەی ڕێگای ڕاست ئەگرن

کە بۆ بەهەشتی هەنگاوی ناوە

ئەوانەی بەدوای شەیتان ئەکەون

دین و ئیمانیان لە گۆڕێ ناوە

خودایە (غەریب) دێتە دەرگای تۆ

کێ دوور بێ لە تۆ هەڕەج کراوە.

مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی

ڕانیە – 2023/8/12

٤٧٦-تافی لاوی

چەند قۆناغێک هەن بۆ عومر و تەمەن

بۆ ئەو چەند ڕۆژە و ئەو ساڵە کەمەن

قۆناغی یەکەم ناو منداڵدانە

بۆ هاتنه دونیا هێڵانەی ژیانه
دواتر دابەزین له دایک بوونه
چاو هەڵاتن و ورد ورد زل بوونه
ئینجا منداڵی و قۆناغی گەشه
کەم کەم زیاد ئەبێ و ئەچی بۆ نەشه
دوایی لاوی یه و تەمەنی گەنجی
کۆکردنەوەیه بۆ بەر و ڕەنچی
دواتر قۆناغی تری ماڵداری
دڵت پێی خۆشه وەکو بەهاری
کۆتا قۆناغیش کاتی پیری یه
چەن بێ توانایی وەکو ئەسیری یه
بەڵام گرنگتر له هەموو کاتان
خۆشەویستتره له هەموو ساتان
قۆناغی گەنجی یه و جوان و ڕازاوه
ئومێدیان پێ یه له هەموو لاوه
کۆمەڵێ گەنج بوون یارانی ئەشکەوت
لەپێناو خوادا دروستیان کرد ڕەوت
حەوت کەس ئەخرێنه عەرشی خوداوه
یەکیان گەنجێکه دینی تەواوه
له لای خوای گەوره گەنج خۆشەویسته
له لای شەیتانیش ئومێد و ویسته
زۆربەی ئەوانەی دەوری پێغەمبەر
گەنج و لاوان بوون له بەدر و خەیبەر
بۆیه ئەمریکا و ئەوروپا و یەهود
بۆ چینی گەنجان کەوتوونه فەرهود

گەنجان ئەکەنە نەیار و جاسوس
بۆ لەدەست دانی وڵات و ناموووس
گەنجان ئەبەنە ناو ڕەقس و سەما
کاتێک ئەزانن کە دینیان نەما
گەنجان ئەبەنە ئارەق و شەراب
تێکەڵاو ئەبن بە کاری خراپ
گەنجان ئەبەنە ناو نادی و قومار
تا پارەی بڕوا بە سەفتە و هەزار
چونکە ئەزانن کە دینی نەما
بۆ پۆست و پارە زۆر ئەکا سەما
کەسێک بەڕاست چاک و دیندار بێ
دۆست و هاوەڵی پەروەردگار بێ
خەیانەت ناکا لە خاک و وڵات
ئەگەر فری ێ دەن لە کێو و قەڵات
نموونەش زۆرە قازی و نەورەسی
سەعیدی پیران ڕەفزی کرد کورسی
بۆیە وڵاتێک گەنجی وشیار بێ
دۆستی نیشتیمان دژی نەیار بێ
سنوور پارێز بێ و ببێتە قەڵغان
چەکی بەرگری بکاتە سەرشان
هەرگیز داگیرکەر ناگا بە ئاوات
زێڕ و گەوهەری وڵاتی نابات
ئەمەش بەوەیە دڵخۆش کەیت گەنجت
تا لەدەست نەچێ دەستکەوت و ڕەنجت
خزمەتی بکەی بە ماڵ و بە گیان

تا لای شیرین بێ خاک و نیشتیمان
ماڵی بۆ دانی ژنی بۆ بێنی
بەختەوەری کەیت زوو دایمەزرێنی
ڕۆشنبیری کەیت بیکەی پیشەوەر
ئەوکات بزانە چۆن ئەگری سەنگەر
بێبەشی نەکەی لە خێر و بێرێ
دەبینی زۆر زوو دەبێتە شێرێ
با سەر هەڵنەگرێ و نەبێ دەربەدەر
بۆ داهاتووی کورد نەبێ خەنجەر
بەڵام بخوێنێ و دای نە مەزرێنی
هیوای و ئاواتی لەبن دەر بێنی
چۆن چاوەڕوانی ببێتە دڵسۆز
بەرگری بکا لە قەوم و لە هۆز
بۆیە لە ڕۆژی گەنجانی عەزیز
داوام لە خوایە هەرگیز نەبن زیز
توند دەستتان بگرن بە دین و دونیا
چونکە هیچ کامیان نابن بە تەنیا.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/8/13

٤٧٧-وای لە مردن
کە بەهاری تەمەن دادی
سەوز و دڵگیر، گەش و جوانە

بەدوای ئەویش هاوینێک دێ
کە کاتی خەڵە و خەرمانە
ئینجا نۆرەی پایزێکە
خەزانە و گەڵا ڕێزانە
دواتریش زستانێک دادی
بەفر و کرێوە و با و بارانە
ئەم چوار وەرزی بۆ ئینسانی
پەند و عیبرەت و ڕامانە
دوای بەسەر چوونی ئەمانەش
ڕۆح دەرچوون و گیان کێشانە
کاتێک لەسەر تاتە شووری
بێ گیان کەوتووی لەو مەیدانە
ئەڵقەی پەنجەت پێ دەردێنن
یادگاری خەنەبەندانە
گواری گوێچکەت بەجێ بێڵە
ماڵی قەڵبە بۆ و جیهانە
پۆشاکێکت لە بەر دەکەن
بێ جزدان و بێ گیرفانە
نە دینار و نە دۆلار و
نە سەرباز و پاسەوانە
تەنها کردەوەی چاکەی ە و
تەقوا و ئیحسان و ئیمانە
هەزار خۆزگە بەو مرۆڤەی
پەڕێز و پاکە لەو ژیانە
هەموو خانو و کۆشکەکەی تۆ

دوو مەتر درێژ، مەترێک پانە
دێنە ناو ماڵ و باخەڵت
لە مار و لە دووپشکە
بەبێ دەسەڵات و جوڵە
دەست ناجووڵێ لە ترسانە
زمان چڵ و لەکارکەوتوو
نە غەیبەت و نە بوختانە
ئەو پێیەی کە پێی ئەڕۆیشتی
پارچە پارچە و بێ تەکانە
چاو و بڕۆ و دەم و لێوت
پوکانەوە و ترازانە
هەموو لاشە و پەیکەری تۆ
کۆمەڵێک پارچە ئێسقانە
خودایە بێیتە فریامان
ڕۆژی قیامەت زۆر گرانە
(غەریب) هاوار لە تۆ دەکا
کە بێکەس و پشتیوانە.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/8/10

٤٧٨-پێشکەشە بە شاپەری خان شاگوڵی قورئان
شا پەری یەکەی تەمەن دە ساڵ
خاوەن عەقڵ و فام و کەماڵ
بەو تەمەنە کەمەی هەڵتە

بویتە خاوەن سوجدە و بەرمال
بەبێ مایکیاج، بەبێ دەرمان
بویتە خاوەن سیما و جەماڵ
بەهۆی قورئانی مەونەوە
بویتە مانشێت، بویتە هەواڵ
بەڵام زیندوو، چابووک، وەریا
نەک بەستەزمان، نەکو خەواڵ
نەک دەنگێکی زۆر ناخۆش
شێرە دەنگی شیرین و زوڵاڵ
با باوک و دایکت دڵخۆش بن
با لێ بدەن لە شەقەی باڵ
چۆن وەکو یەکەن ڕەقس و سەما
باڵاپۆشی و گەردەن وەکو خاڵ
ئافرەت دیل و کۆیلە ببوو
بەبێ ماف و زیندەبەچاڵ
وا ئەمڕۆکەش لە کوردستان دێ
بای خۆش و فێنکی شەماڵ
هەوری دین و دینداری یە
دێتە سەرمان گەواڵ گەواڵ
سوپاس بۆ خوا کاروانی دین
کاروانچی یەتی گەورە و منداڵ
ژن و پیاو، کوڕ و کچە
دەفرن بەرەو لوتکە و شاباڵ
خۆزگە بەوەی دانا بڕێ
دواناکەوێ و دەڕوا تیژ باڵ

ماڵ وێران و سەرگەردانیش
ئەو کەسەیە کەوتۆتە چاڵ
سەد ئافەرین شا پەری یەکەی
ڕاپەڕین و قەندیل، ئاڵ.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ڕانیە – 2023/8/25

٤٧٨-لە یادی ١٩ ساڵەی کۆچتدا
(/8/200429 – /8/202329)
١٩ ساڵە چۆن چۆڵ بووە
ماڵ و حاڵ و چاو و دڵم
چۆن بۆنی خۆش لێم بڕاوە
تۆ عەتر بووی، تۆ بووی گوڵم
تۆ درەخت بووی، تۆ سێبەر بووی
من بوڵبوڵ بووم، بێ تۆ سڵم
تۆ ئاوێکی زۆر سازگار بووی
منیش زەوی و خاک و گڵم
لە شۆڕش و کوردایەتی
تۆ پێشەنگ بووی، تۆی سەرچڵم
لەناو تیرە و عەشیرەتدا
تۆ باخدار و تۆ شاگوڵم
شوێنت خاڵی عەزیزەکەم
هەتا مابم بۆت بە کوڵم.
مەلا عەبدوڵڵا خوڕخوڕەیی
ساڵڕۆژی کۆچی دوایی باوکی ئازیزم

/8/202329

دیوانی غوربەت تەواو بوو سوپاس بۆ خوا .



لەم دیوانەدا :

- **دەنگێک لە قووڵایی زەمان و لەناوناخی مەینەتیەکانی میللەتێکی ستەمدیدەوە .**
- **"دیوانی غوربەت"، گەشتێکی شیعرییە بەناو ٣٥ ساڵ تەمەنی شاعیر و زانای پایەبەرز، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خۆرخۆرەیی.**
- **لەم بەرهەمەدا، خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەستی تێکەڵ دەبێت؛ لە نزا و وێردی شەوانەوە تا دەگاتە ئازاری نیشتمان و غوربەتی مرۆڤ.**
- **ئەم دیوانە، مێژووی نووسراوی دڵێکی پڕ لە ئیمان و هەستە کە لە ئاگر و ئاو و خاکەوە تێپەڕیوە.**
- **غەریب خۆرخۆرەیی، بە زمانێکی پاراو و ناوەڕۆکێکی پڕ لە ئەزموون، دەیەوێت بەشێک لەو غوربەتە قوڵەی ناخی خۆی لەگەڵ خوێنەردا بەش بکات.**
- **دیوانی غوربەت؛ تەنیا شیعر نییە، بەڵکو دەفتەری ژیانێکی پڕ لە ڕێز و ڕەنجە.**

(بەشێک لە هەڵسەنگاندنی موحەممەد عەزیز لۆتەری بۆ دیوانی غوربەت)